

لە بیرەوەریەکانم

١٩٦٥ - ١٩٧٠

بەرگی سێیەم

ستۆکهۆلم ١٩٨٨

بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانم

١٩٦٥ — ١٩٧٠

"کەریمی حیسامی"

بەرکولیکــــــی پێویســـــــت

بە پێویستم نەدەزانی بۆ ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم پێشەکی بنووسم، بـــەلام چەند بیرو تێ بینییەك هانیان دام کە ئەم خالانەی خوارەوە روون کەمەوە.

١ـ لەم بەشەی بیرەوەری یەکانم دا ، باسی قۆناخێکی گرینگی جولانـــــەوەی رزگاریخوازی کوردستانی ئیران و خەباتی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەوری کەسانی تیکۆشەرو ئاسایی هاتۆتە گۆرێ. رەنگە لەم راپەرین و تێکۆشان و هەلس و کەوتەدا زۆر کەس دەوری گرینگ و لەبارو یا نالەباریان بووبێ راستەو خۆ یا لە لاوە پێوەندیان هەبووبێ بە رووداوەکانەوەو من لێ یان ئاگادار نەبم.

هەر وەك لە سەرەتای بیرەوەرییەکانم دا باسم کردوە ، من تەنیا باسی ئـــەو رووداوانە دەکەم کە راستەو خۆ پێوەندیان بە خۆمەوە هەبووەو دەستم تێ یاندابوە و ئاگاداریان بووم و بە نووسراوە یا لە نیزیکەوە سەروکارم لەگەلیان هەبوە. جا ئەگەر کەسێك ، برادەریك بۆ روون کردنەوەی پتری خەباتی ئەم قوناخەو ئـــەم رووداوانە ئاگاداری پتری هەبێ و بۆم بنووسێ و بە پێویست بزانی تۆمار بکرێن ئەوە گەلێك سوپاسی دەکەم ئەگەر بە نووسراوە بۆم بنێری . بێگومان لەبەشەکانی داهاتوی بیرەوەرییەکانم دا دەیان نووسمەوە.

٢ـ لە بەر ئەوەی لە کتیبی **کاروانێك لە شەهیدەکانی کوردستانی ئیران** دا باسی زۆربەی شەهیدەکانی ئەم قوناخە کراوە ، ئیتر دووپاتە کردنەوەی ناوی ئـــــەو شەهیدانەم پێ زیادی بوو.

٣- وەك لە دەقی ئەم بەشەدا دەر دەكەوێ ، وێڕای شاد بوون بە دیداری هاورێیانم پاش دە ساڵ دووری ، گەڕانەوەم بۆ عیراق و سەفەرەكانم و شەهید بوونی هاورێیانی خۆشەویست و دامركانەوەی راپەرینی چەكدارانە ، هەموویان بۆ من پڕ بوون لە مەترسی و لە نارەحەتی و لە خەم و پەژارە . بەم بۆنەوە سوپاسی هاوسەری بەرێز و خۆشەویستم دەكەم كە بۆ گەرانەوەی نێو برادەران و درێژە پێ دانی خەبات و هاتوو چۆ هاتدەرم بوەو سەبارەت بە گەرانەوەی من بۆ لای برادەران و بۆ نێو كۆری تێكۆشان ، خەم و پەژارەی تەنیایی و مەترسی لەبەین چوونی من و نان برێن و ئاوارەیی گرتۆتە ئەستۆ و بە ژیانێكی پڕ لەترس و نیگەرانییەوە منداڵەكانی عاملاندوەو نەی هێشتوە زمانی زگماكی خۆیان لەبیر بكەن .

٤- بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو هاورێیانە بكەم كە بە ناردنی نامە و حەبەرو بە راگرتنی پێوەندی ، كاتی خۆی لە رووداوەكان ئاگاداریان كردوم و چەند گۆشەیەكیان لە لاپەرەی مێژوی خەباتی گەلەكەمان روون كردۆتەوە كە وا لە بیرەوەرییەكانی من دا رەنگیان داوەتەوە .

٥- هەر وەها سوپاسی كاك ناسری ئیبراهیمی دەكەم كە لە ئامادە كردنی ئەم بیرەوەرییانەدا زەحمەتی زۆری كێشاوەو یاریدەی داوم .

هەروەها سوپاسی ئەو هاورێیانەش دەكەم كە بۆ راستكردنەوەی هەڵەكان و پێ داچونەوە زەحمەتیان كیشاوەو لە زۆر بارەوە یارمەتیان داوم .

" كەریمی حیسامی "

بەرەو چارەنووسی تازە

وەك لەبەرگی دووەم دا باسکرا ، پاش وەرگرتنی دیپلوم لە زانستگا ، ئامادەیی خۆم نیشان دا کە بچم لە رادیوی پەیکی ئیران کار بکەم ·

رۆژی ١٥ ی مانگی ئوتی ١٩٦٤ ، خیزانم و منداڵەکانم لە پراك بەجێ هێشت و بەرەو شوێنی کاری تازەم سواری فرۆکە بووم · لە فرۆکەخانە کاك حەسەنی قزلجی و کاك حەمیدی سەفەری چاوەروانم بوون · ئەودەم رێبەرایەتی حیزبی تودە لە کاك عەلی گەلاویژ تووڕە ببوو و بردبوویانەوە باکۆ· کاك حەسەن پیرو نەخۆش بەتەنیا مابۆوە· بە چوونی من لە رادە بەدەر شاد بوو·

منیش کە جارێ هەر بە سەڵت و رەبەن لەوێ بووم ، پاش تەواو بوونی کار لەگەڵ کاك حەسەن دادەنیشتین ، نان و چێشت و خواردنەوەیکمان ساز دەکرد و قسە خۆش و بەتام و چێژەکانی کاك حەسەنیشمان دەکردە ئاوێنە و سەد ئەوەندە دانیشتنەکەی خۆش دەکردین ·

لەبەر نەبوونی خانوو لە جێ کاری تازەم ، ناچار منداڵەکانم لە پراك مابوونەوە · کاتی سەفەرم دەکرد ، خاچی سووری چیکوسلواکی بەڵێنی دا ،هەتا منداڵەکانم دەگوێزمەوە و دەیان بەمە لای خۆم ، مەعاشی زانستگایان هەر بداتێ · دیارە لە لایەن حیزبی کومونیستی چیکوسلواکیەوە بە خاچی سوور گوترابوو·

دوو مانگ پاش سەفەری من · نوێنەری حیزبی تودە لە پراك وەك پیاوان چوو بوو بە خاچی سووری گوتبوو" کەریمی حسامی لەو شوێنەی کاری لێ دەکا ، مەعاشی باش وەر دەگرێ ، دەتوانێ بۆ منداڵەکانی بنێرێ · پێویست ناکا ئێوە

لێرە بیاندەنێ • کابرا بۆ ئەوە کە منداڵەکانم زوو برۆن و خانووەکەی منــــی بدەنێ ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەجێ گەیاند بوو !

خاچی سوور لە سەر قسەی نوێنەری حیزبی برا ، مەعاشی منداڵەکانی منــی بریبوو •

دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ نووسیم و ڕووداوەکەی بۆ باس کرد بـــووم• نووسیبووی : " یان زوو منداڵەکان بەرە لای خۆت ، یان هەتا درنگ نــەبــوە ، وەرەوە دوکتوراکەت بخوێنە ، با کاتی زانستگا بە خۆڕایی نەڕوا "•

لەم بەینەدا کە من بۆ خانوو حەولم دەدا ، منداڵەکانم لە پراك بێ پـــارە مابوونەوە • نەمدەتوانی پارەیان بۆ بنێرم • دوکتور جەمیل شەرەف وەك پیاوان چوو بوو دووهەزار کرۆنی دابوو بە منداڵەکان و تۆزی فەرحانی پەیدا ببوو•

ئاخرەکەی مەسەلەی خانوو عیلاج کرا • خانویەکی چۆل و ڕەق و تەقیان پـــێ نشان دام کاك حەمیدی سەفەری کە بەرپرسی رادیو و نوێنەری حیزبی تودە بـــوو گـــوتـــی :

تۆ بچۆ منداڵەکانت بێنە ، تا دەگەڕێیەوە من مەسەلەی ئەسباب و موبیل و کەل و پەلی ماڵی جێ بە جێ دەکەم• گەڕامەوە بۆ سوفیا ، چوومە سەر خاچـــی سوور و گلەییم کرد • گوتیان نوێنەری حیزبی خۆتان هاتوە گوتوویە کەریـــم مەعاشی هەیە •

ئێمە بە هیوای ئەوەی کە حەمیدی سەفەری موبل و کەل و پەلی ماڵمان بـــۆ ئامادە دەکا • هەرچی هەمان بوو دامان بە خاچی سووری چیکوسلواکیا • پیـــاو هەق بێژێ ، ئەوانیش ٥ هەزار کرۆنیان داینێ •

پارەی دوکتور جەمیل شەرەفمان بە سوپاسەوە دایەوە و ١٩٦٤/١٢/٢ بە قەتار بەرەو شوێنی تازە کەوتینە رێ •

برادەرانی چیك لیـــە پاسێ یان بۆ ساز کردبووین و گوتیان ڤیـــــــزای مەجارستانی ناوێ نیوە شەو گەیشتینە سنووری مەجارستان بێ ڤیزا • پولیســی مەجارستان وەك پیاوان دایان بەزاندین • شەو ، سارد ، چۆل و هۆل • جانتـــا و شرەو برەمان لە قەتار دا ڕۆیشت و ئێمەش ماینەوە• لای بەیانی ماشێنێـــــك

پەیدا بوو ، سواری کردین بۆ براتیسلاوا . لەگەل فەرمانبەرێکی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی سلۆڤاکی لە مەدرەسەی حیزب بووین . راست چووین لە مالی ئەو ، وەژوور کەوتین . کابرا واقی ورما . بەلام زۆر پیاوانە وەك کوردێکی نان بدە ، بەخیراتنێکی گەرم و قاولتییەکی باش و پاشان لیسی پاسی کانی بردە قونسولخانەی مەجارستان ، ڤیزای وەرگرت و هەتا لای ئێوارێ میوانداری و ئێوارێ سواری قەتاری کردین و کەوتینە رێ . بۆ رۆژی دوایی گەیشتینە سوفیا .

کاتێك دەچینە خانوو ، سێ ژووری چۆل ، چوار کورسی رەق و تەق و دوو قەرەویلەی مندالان و هیچی تر . بە جارێ لە سەفەر و لە کارو لە هەمووشت پەشیمان بوومەوە . بەتایبەت کە لە پراك مالێکی گەلێك خۆش و پر فەرش و موبلی جوان و ژیانێکی باشمان هەبوو . جا وەرە ئەو جار هەموو رۆژی خۆ لەبەر پرتەی بۆلەی خیزانم راگرە . سەرەرای ئەوەش ، کاتێك چووین جانتایان وەرگرینەوە . یەك دوو بلوز و کراسی خیزانم دزرابوون . سەری جانتایان کردبۆوە و دەریان کێشابوونە دەرێ .

یەك دوو جار بە رفیق سەفەری - م دەگوت : " موبل و کەل و پەلی مالمان بۆ وەربگرێ ، دەیگوت : " داوام کردوە ، جواب نادەنەوە " .

رۆژێك بە ناچاری چوومە لای بەرپرسی پێوەندی لە گەل حیزبی تودەی ئێران لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولغاریا . بەخیرهاتنی کردم ، تۆزێ باسی وەزعی کوردمان کرد . وەزعی مال و مندالەکانی پرسی .

گوتم : زۆر خەراپین . بەتایبەت من لە پراك ژیانی پراکم هەبوە ، لێرە لە ژووری رەق و تەق داین . مات بوو . گوتی : " چۆن موبل و فەرش و کەل و پەلی مالیان بۆ نەهێناون ؟ دەمێکە گوتوومە " .

بانگی بەرپرسی بەشی مالی کرد و گوتی : " هەر ئێستا لە گەل هاورێ حەسامی بچوو ، بزانە چی یان دەوێ بیکرە و بیبە مالیان .

کابرا رەگەلم کەوت و هەرچی بۆ مالێکی سێ ژووری و چوار کەس پێویست بوو ، کریمان و بووین بە ئاوەدانی . رۆژی دوایی کاك حەسەن هات و کە چاوی

به ماڵی فەرش کراو و موبلە کەوت ، واقی ورما و گوتی : " ئەمە چیە ؟
نەقلە کەم بۆ گێراوە . گوتی : " یاش باشت کردوە ، ئەو کابرایە پێمی نەگوتوون .

لەو سەرو بەندەدا کە تازە گەیشتبوومە بولغارستان ، نامەی یەکێك لە برادەرانم پێگەیشت لە گەڵ بەیاننامەیەك بە ناوی " کومیتەی ساخ کەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان " . بە داخەوە بەیاننامەکە لای کاك حەسەنی قزلجی مابەوە و دەستم نەکەوتەوە .

ئەو برادەرانەی حیزبی دیموکرات کە لە عیراق مابوونەوە ، ناکۆکی یان کەوتبوە نێو و نەیانتوانیبوو پێکەوە هاوکاری بکەن . چەند کەس لە برادەران بە ناوی : کاك هاشمی اقل الطلاب ناسراو بە قادر شەریف ، کاك حەسەنی رستگار ، کاك مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی . کاك سەعید کویستانی ، کاك حوسێنی مەدەنی " لە بەیاننامەیەك دا لاریێ و لادانی عەولای ئیسحاقی ناسراو بە احمد توفیق یان روون کردبووە . بەلام پاش بەیاننامەکە داروودەستەی ئەحمد توفیق بە پشتیوانی کاربەدەستانی شورشی کوردستانی عیراق کەوتبوونە راونان و چەك کردن و بەند کردنی ئەو برادەرانە و تووشی کێشە و چەرمەسەری یان کردبوون.

من لە سەفەری تازە و کاری تازە تەنیا بەوەندە دلخۆش بووم کە لە رادیوی پەیکی ئیران دا بتوانم تا رادەیەك دەنگ و باسی شەر لە کوردستانی عیراق بلاو بکەمەوە و جنایەت و تاوانی رێژیمە خوێن مژەکان لەقاو بدەم . لەسەر وەزعی ئیران و کوردستانی ئیران دەنگوو باسی گەیشتوو بلاو بکەمەوە .
بەلام لە دەستەی نووسەرانی رادیوش دا زۆرجار تووشی ناکۆکی و دم بە دەم دەبووم . زۆر لە ئەوان دژی ئەوە بوون کە خاریج لە بەرنامەی گشتی رادیۆ ،باسی کوردستان بکەین . کاك حەسەنی قزلجی لەو بارەوە داخ لە دڵ بوو ، هەر پێشی دەخواردەوە . منیش بەو شەرتە چووبووم لە رادیۆ کار بکەم کە هەرچی بیزانم و بینووسم لە سەر وەزعی کوردستان بلاوی بکەمەوە . چەند جار لەو بارەوە نامەم بۆ بۆرۆی سیاسی حیزبی تودە نووسی . ١٩٦٥/٥/١٠ ئیحسان تەبەری کە

ئەو دەم بەر پرسی تەبلیغاتی حیزبی تودە بوو ، هاتە رادیۆ • من لە کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران دا باسەکەم هەڵگیرساند و داوام لە تەبەری کرد ئەرکی بەشی کوردی رادیۆی پەیکی ئیران روون بکاتەوە •

ـ ئیحسان تەبەری وەك ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی تەبلیغات گوتی :

" بەرنامەی کوردی رادیۆی پەیکی ئیران دوو ئەرکی لەسەر شانە :

١ـ ئەرکی سەرەکی بەرنامەی کوردی ، یارمەتی بە بە جوولانەوەی گشتی ئیران و کوردستانی ئیران بە تایبەتی •

٢ـ یارمەتیە بە جولانەوەی گشتی کورد و کوردەکانی عیراق بەتایبەتی •

بەو بریارەی تەبەری ئێمە دەستمان کرایەوە و ئیتر هەرچی لەسەر مەسەلەی کورد و دەنگ و باسی کوردستان وەگیرمان کەوتبایە بلاومان دەکردەوە " •

لە کوردستانەوە دەنگ و باسی کەم دەگەیشتن • جار و بار یەکی دوو کەس بە ئادرسی رادیو پەیکی ئیران نامەیان دەنووسی • دەنگ و باسی کوردستانیان دەنارد و رادیو بلاوی دەکردنەوە •

یەك لەو کەسانە بە ریك و پێکی نامەی دەنارد و بە کوردی و بە خەتی لاتینی دەینووسی و هەر جارە لە شاریکەوە دەیخستە پوست بە ناوی " پێکۆڵ " ئیمزای دەکرد • هەموو جاریش بە ناو سلاوی منی دەگەیاند ، هاوکارانی رادیو پێ یان سەیر بوو • کابرا چۆن من دەناسی • بەلێ لە ناو و نیشانی ئەو برادەر ە بێ خەبەر بووم • سالی ١٩٧٩ کاتیك پاش ٢٢ سال گەرامەوە بۆ کوردستان، رۆژیك لە گەل یەك دوو هاورێ لە مەهاباد دەچووم ە کتیب فروشی ئاغای موفەقی کاتیك لەوێ هاتمە دەر ، یەکیك هات و سلاوی کرد و بە گەرمی دەستی لەناو دەستم ناو گوتی " پێکۆل " سلاوت عەرز دەکا •

من وەبیرم هاتەوە کە " پێکۆل " کێ بوە • بە گەرمی چاك و خۆشیم لەگەل کرد و لیك جیا بووینەوە • پاشان هاوریکانی لەگەلم بوون گوتیان پێمان ناخۆش بوو لە سەر شەقام لەگەل ئەو کابرایە راوەستای و قسەت لەگەل کرد •

ـ بۆ چی • ئەوەش کوردیکە • من نایناسم • هاتوە سلاو دەکا ، جوابی نەدەمەوە ؟ چۆن شتی وا دەبێ ؟

ـ ئاخر ئەوە هاتوو چۆی ساواکی دەکرد ۰
بۆم دەرکەوت کە رەش بێنی جۆرێك لە نێو خەڵك دا بلاو بۆتەوە کە هەرکەس جارێك بۆ ساواك چووبێ یا بە زۆری بردبیان بۆ ئیدارەی ساواك خەڵك بە خراپیان زانیوە ۰ دیارە ساواکیش بە ئانقەست خەڵکی بردوە بۆ ئیدارە یان یەکێکی بانگ کردوە لەگەڵ ئەفسەریك لە شەقام هاتوو چۆی پێ بکا ۰ بەم جورە خەڵکی لە یەکتر دڕ دۆنگ و بەدگومان کردوە ۰
ئەو برادەرەی کە پێ یان وابوو هاتوو چۆی ساواکی کردوە خزمەتی زۆری بە رادیوی پەیکی ئیران دەکرد ، دەنگ و باس و نامەی زۆری بۆ دەنارد بین کە هێشتا نووسراوەکانی لە لای من راگیراون و نیشتمانپەروەری ئەو برادەرە دەردەخەن ۰
ئێستاش کە ئەم یادداشتانە دەنووسم و کور دستان لە ژێر چەکمەی پاسدارانی ئیسلام دا پشوی لێ براوە ، ئەو برادەرە نامەو دەنگ و باسم بۆ دەنێری و نیشتمانپەروەری خۆی درێژە پێ دەدا ۰

رۆژ نـامـەی کـوردسـتـان لـە ئـورووپـا

لە ژێر تەئسیری شۆرشی کوردستانی عیراق ڕێبەرایەتی حیزبی تـــودەش کەوتە بیرکردنەوەی مەسەلەی کور د ٠ لە لایەك دەیبینی کە مەسەلەی کورد لـــە کوردستانی عیراق دەنگی داوەتەوە٠ حیزبی کومونیستی عیراق نەك هەر بە قسەو بە تئوری ، بەڵکو بە کردەوە بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد شان بەشانـــی هیزە دیموکراتیەکانی کوردستان خەبات دەکا ٠ لە ئیرانیش دەنگ و باســـی راپەرین و تەقە لە کوردستان بلاو دەبوونەوە ٠ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە سەرەرای ئەوەش لە ئاست مەسەلەی نەتەوایەتی بریاری لێ براوی نەبوو٠ هەموو هـــەول تەقەلایان هەر ئەوە بوو کە بە هۆی کاك عەلی گەلاوێژو کاك رەحیمی قازی کـــە هەر دووکیان ئەندامی فرقەی دیموکراتی ئازربایجان بوون. وە بە هۆی دوکتـــور قاسملو و کاك حەسەنی قزلجی و من ، یەکیتی ریکخراوەیی حیزبی تـــودەو حیزبی دیموکراتی کوردستان دابین بکەن٠ هەر بە قسە لە ئورووپاوە حیزبــــی دیموکرات وەك فرقەی ئازربایجان بکەن بە ریکخراوی حیزبی تودەی ئیران لـــە کوردستان٠ لایان وا بوو بە دەر کردنی ئاگاداریەك مەسەلەی یەکیتـــــی دوو حیزب تەواو دەبێ و دەبڕیتەوە ٠

یەك دوو جار دووکتور قاسملو کاك حەسەنی قزلجی و منی یان کۆ کردەوەو کاك عەلی گەلاوێژیان لە سوڤیەتەوە هێنا و ئاخرەکەی هاتینە سەر ئەوە کـــە رۆژنامەیەکی کوردی دەرکەین ٠ لە پێشدا لە سەر ناوی رۆژنامەکەی ناکۆکــــی هەبوو ٠ ئەوان دەیان گوت : ناوی رۆژنامەکە " مەردوم بی بە کوردی " ٠ ئێمە دەمان گوت بە ناوی " کوردستان بێ " ئەوان دەیان گوت رۆژنامەکـــە

" بلاو کەرەوەی حیزبی تودەی ئیران " بێ ئێمە دەمان گوت : " بلاو کەرەوەی بیر و باوەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ " پاش باسێکی زۆر هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە بە ناوی کوردستان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە بلاو بکرێتەوە ،دوکتور قاسملو بە سەر نووسەری ڕۆژنامەو کاك عەلی گەلاوێژو کاك حەسەنی قزلجی و بەندە بە دەستەی نووسەران دیاری کران . لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو ڕێبەرایەتی حیزبی تودە ڕەفیق ئەردەشیری ئاوانسیانی دانابوو بە بەرپرسی سیاسی ڕۆژنامەکەی ، کە نە یەك وشەی کوردی دەزانی نە حەوسەلەی ئەوەی هەبوو بزانی چێ تێدا نووسراوە !

ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕێ بەندانی ١٩٦٥ تا خاکەلێوەی ١٩٧٠ بیست و شەش ژمارەی لێ بلاو کرایەوە . من و کاك حەسەن زۆربەی وتارەکانمان دەنووسی . دوکتور قاسملو وتاری دەنووسی دەمینارد و لە باری زمانەوە کاك حەسەن ڕێك و پێکی دەکرد . من وتارەکانم ماشین دەکردو دەمان نارد بۆ چاپ کاك محەممەدی موهتەدی کە تازە لە سەر حیسابی حیزبی تودە هاتبوو لە پراك بخوێنی لە باری نووسین و بلاو کردنەوە یاریدەی دوکتور قاسملووی دەدا و ڕۆژنامەکە بلاو دەبۆوە . لام وایە دوکتور مارف خەزنەداریش یەك دوو جار مەقالەی بۆ ڕۆژنامەی کوردستان دەنارد .

ڕاستە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بە یارمەتی دانی بلاو بوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان یارمەتیەکی زۆری بە هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد دەکرد . لە ڕۆژنامەکەدا لە هەموو باریکەوە جولانەوەی کورد باس دەکرا . لە گەل دەستەی نووسەرانی کوردستان لە سەر وەزعی کورد و زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان قسەمان دەکردو بریاریان دەدا ، بەلام بە داخەوە بریارەکان لە سەر کاغەز دەمانەوە . بریار درابوو هەر سێ مانگ جارێك بۆ ڕۆژی سیاسی حیزبی تودە لەگەل دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کۆ ببێتەوە . بەلام جاری وا دەبوو شەش مانگیش کۆ بوونەوەکە نەدەکرا . بێ جێ نابێ لەو بارەوە هێندی بەشی نامەیەکی دوکتور قاسملو بێنمەوە کە بۆ منی نووسیبوو . دووکتور قاسملو وەك سەر نووسەری ڕۆژنامە کاری بلاو کردنەوەشی وە ئەستوی

خۆ گرتبوو. دیاره لەبەر کاری زۆر جارو بار بلاو بوونەوەی رۆژنامەکە وەدرنگی دەکەوت . من نامەیەکم بوو نووسیبو لەویدا گوتبووم : وادیارە رۆژنامەکــــەت داخستوە. لە وەلامدا دوکتور قاسملو بۆی نووسیبومەوە :

" دقی رێنووس و رێزمانی دوکتور قاسملوە کە بە بێ گۆران بلاوی دەکەمەوە "

" ... بابێمە سەر رۆژنامەکە . لە پێشدا دەبێ بلەم کە رۆژنامەکە توقیـــــف نەکراوە . بەلام بەراستی وەزعیکی زۆر نالەبارو ناخۆشیان پێك هیناوە. جاری مەسەلەی کۆبوونەوەکە کە قەرار بو لە مانگی دیسامبری سالی ١٩٦٦ تەشکیل بێ هەتا ئێستا وەپاش کەوتوە. ئێستاش مەعلوم نیە چون دەبێ . من زۆرم پێ سەیرە کە ئەوانە ناتوانن پاش سێ مانگ تەقەللا سێ کەس لە شورەوی بێننە دەرێ !

قەرار ئەوە بو ٢٥ ی مانگ لە پراك کۆبونەوەکە پێك بێ . بەلام لە شــــورەوی را خەبەر هات کە نابێ . چیکەکانیش کوتیان هەتا سێ مانگ ایمکانیان هەیـــە. طبریش خەبەری ناردبو کە سێ مانگ ناتوانێ رابوەستێ چونکە دەچێ بو مرخصی رادمەنیشیش قەرار نەبو بێ بۆ کۆبونەوەکە . من دیتم ئەو هەموو زەحمەتــــــە خەریکە بە خۆرایی دەروا. کوتم با پاش سێ مانگ لە ئالمان تەشکیل بێ .

ئێستاش قەرارە ئەگەر جێ بە جێ بو تا ١٥ ی مانگی گەلاوێژ لە ئالمان تەشکیل بێ . ئەگەریش نەبو لە پاش ١٥ای مانگ ئەردەشیر دەچێتە مرخصی. دەکەوێتـــە مانگی سپتامبر ! بە نەزەری من بۆ ئەوانە مەسەلەی کوردو هەروەها رۆژنامـــەی کوردستان وەك شتەکی زۆر دەرەجە چوارو پێنجە ! بێجگە لەوە وەزعی رۆژنامەکە زۆر شپرزە بوە. وەزعی ئێرە ئەمنی زۆر ناراحەت کردوە ! فکری لێ بکەوە کـــە هەتا ئێستاش تصمیماتی کوبونەوەی صوفیا مان نەدیوە . لای گرنگ تـــــــری مەسەلەش ئەوەیە کە بەراستی من زیدی ئەوەم کە رۆژنامە هەر بەم جورە بێ ناو و نیشان بلاو بێ . لە هەموو لایەکیش هەر بە ناسیونالیست و منحرف مان دەزانن " بە تایبەتی من " ! جا دەلەم با کوبونەوەکە ساز بێ ئەو شتانە حەل کەین. ئینجا نکام ئەوەیە باسی ئەوشتانە هەتا کوبونەوەکە دەگەلیان مەکە ! "

وەك لە نامەی دوکتور قاسملوش دەردەکەوێ ، بەراستی رێبەرایەتی حیزبی توده لە سەر بریاردان و هەنگاو هاویشتن بۆ بە گژ راچوونی مەسەلەی کــــــورد

داماببوو • نەیدەتوانی ساغ ببێتەوەو بریاری لێ بداو بدا • تەنیا خەریکی ئەوە بوو کە بە هۆی ئەم چەند کوردە ئاوارەی لێ قەوماو ، کە بە قەولی یەکێك لە تێکۆشەرانی جولانەوەی کومونیستی ببون بە " کومونیستی نانی " مەسەلەی حیزبی دیموکرات چارەسەر بکاو بیکا بە ڕێکخراوی هەریمی حیزبی تودەی ئێران •

دەگەڵ ئەو هەوڵ و بیر کردنەوەیە قەیدی نەدەکرد ئەگەر بە کردەوەش هێندێ هەنگاوی ئەوتۆیان هاویشتبا ، کە کوردەکانی دلنیا کردبا و بۆ لای خۆی ڕاکێشا-بان • ئێمە هیچ خۆ ئەو چەند کوردەی لە یەکیتی سوڤیەتی بوون و سالهای سال لەگەڵ فرقەی ئازربایجان هاوکاریان کردبوو باشیان دەناسین ، بەلام پیوەندی ئەوانیش لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە پێوەندیکی ساغ و ڕفیقانە نەبوو • چاو خشاندنێك بە نامەی ئەو برادەرانە کە بۆ منیان نووسیوە پێوە-ندی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لەگەڵ ئەو برادەرانە بە جوانی نیشان دەدا • بێ جێ نابێ چەند نامەیەکی ئەو برادەرانە لێرەدا بخەمە بەر چاو •

نامەی کاك رەحیمی قازی تەئریخی ۱۹۶۲/۹/۱۲

پاش چاك و خۆشی برایانە دەنووسی :

" روستاو بوقراتی قەدەرێك بوو لێرە بوون • روستا پرسیاری کرد کە بیستومانە ئەتۆ بە پێچەوانەی یەکیتی حیزبەکانی • ئەوە ڕاستە ؟ لە وەلام دا گوتم :ئەمن بە پێچەوانەی یەکیتی ڕاستەقینەو پتەو و برایانەی حیزبەکان نیم • بۆخۆتان ئاگادارن کە بۆ ڕێك کەوتنی یەکیتی فرقەو تودە ڕۆلێکی گەورەم کایە کرد •

بەلام ئەمن بە پێچەوانەی شێوەو چەشنی تێکوشینی سەروکایەتی حیزبم • وەلەسەر ئەو باوەڕەم کە چەشنی تێکوشینی سەروکایەتی حیزب لە تەواوی ڕووەکان ئەبێ لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕدرێت • وە هەر وەها لێم نووسین کە داخرانی ڕۆژنامەی " کوردستان " لە پاش ۱۵ سال دەرچوون لە لایەن تودەوە یەکێك لە سەهوەکانی هەرە گەورەیە کە تودە لە کاتی دوور لە نیشتمان توشی بوە • وە نیشتمانپەروەرا-نی کورد نارازی ئەکات (۱)

---

(۱) کوردستان - مەبەست ئەو ڕۆژنامەیە کە لە باکو لە لاپەریکی ڕۆژنامەی ئازربایجانی بلاو دەکرایەوە•

کاکە گیان ، ئەو قسانە فایدەی نیە ، با خۆمان بەوانەوە ماندوو نەکەین- وە خەریکی خوێندن و تێکۆشین و خۆمان بین • چونکە هەر وەك لە کوردەواریدا ئەڵێن : " هەتا ئەو بایە لەو کونەوە بێت هەروا ئەبێت ..." •

هێندی برگەی نامەی دووهەمی کاك رەحیمی قازی

تەئریخی : ١٩٦٢/٨/١٠

کاك رەحیم پاش ساخ و سلامەتی قسەی جوان و شیرین لە بارەی بزوتنەوەی گەلی کوردەوە نووسیبوی :

" کاکە ، لە چونایەتیّ نیو نەتەوەکانی ئەمروکەی جیهاندا مەسەلەی کورد لە هەموو مەسەلەیەك تیکەل پیکەلّ ترو چەتون ترو عاستەم ترە• جا لەبەر ئەمە مارکسیستەکانی کورد(ئەمە قسەی تۆیە) لە چونایەتیەکی زۆر سەخت و نالە- بار دا هەلکەوتوون • لە سەر یەك بیرو رای من ئەمەیە کە لە حەلی ئێستا دا ح لە ئیران و ج لە عیراق و تورکیا بزوتنەوەی گەلی کورد نابیّ لە بزوتنەوەی گەلاتی تری نیو ئەم ولاتانە جیا بیّت • هەم بە گویرەی دروشمی وە هەم بە گویرەی سەروکایەتی کردنی • بۆ ئەمەش بە بیّ شك سیاسەت و تاکتیکی دروستی حیزبە مارکسیستەکان شەرتیکی بنچینەیی یە • (بە داخەوە جاری تا ئێستا حیزبەکەی خۆمان لەم ریگەیە زۆر دوورەو ناشیەوی خۆی نیزیك کاتەوە)•

هێندی بەشی نامەیکی تری کاك رەحیمی قازی

تەئریخی :١٩٦٢/١٢/١٥

کاك رەحیم نامەیکی جوان و تەواو سابلاخی یانەی بۆ نوسیبوم و لە بارەی مەسەلەی کوردی ئیرانەوە دە لێ :

" کاکە گیان ، ئەو دوو مانگەی کە لە نەخۆشخانە بووم ماوەی ئەمەم هەبوو کە بریك زۆرتر و هێندێك قولتر لەمەر کارو باری خۆمان و چارەنووسی گەلەکەمان لە چاخی ئێستا دا بیر بکەمەوە• جا هاتمە سەر ئەمە کە بە تێکرایی نامەیکی دوور و دریژو پوختەو هەموو لایەنی بۆ ناوەندی هینەکەی خۆمان بنووسین•

(مەبەستى حيزبى تودەيە) وە رووبەكيشى بۆ ناوەندە گەورەكە بنيرين.
بە كورتى ناوەرۆكى ئەم نامەيە بەم جۆرە بێت : گرنگى چلۆنايەتى نيشتمانە ـ كەمان لە رووى ئابورى و سياسى و كومەلايەتىيەوە لە زروفى ئەمرۆكەدا .
پيويست بوونى پەرە پێ دانى رێكخراوەكانى سياسى لەوى بە شيوەيەكى تازە . چونايەتى ئەمروكەى وە لە بوونى هيچ جورە هۆيەكى تەبليغاتى لە لايەن خۆمان و ناوچەى سوسياليزمەوە . پەرە سەندنى تەبليغاتى هەموو لايەكى دوژمن بۆ هەلە كردنى گەلەكەمان لە ريگەى خەباتى بەرى و جێ . سياسەتى كوميتەى ناوەندى هينەكەى خۆمان لە سەر مەسەلەى كورد ، كەم و كورتيەكانيان ، هەلەو بەسەر چوونەكانيان ، دووانى بەك يەكى ئێمە مانان لەگەڵ سەرۆكەكان لەسەر ئەم مەبەستە . وادەو گفت و دلسوزيەكانيان لە قسە بەو لاوە ج تەبووە ، تا ئيستا هيچيان نەكردوە . پەيكى ئيران بە كوردى نەبوونى لەمە باشترە .
پيشنيارەكانى ئێمە : بەر لە هەموو شتيك كۆبوونەوەيەكى هەموو لايەكيمان بۆ پيك بينن . هەڵمان بدەنێ بە كوردى بنووسين و چاپى بكەين . ئەگەر پيويستە شتيكى لەسەر زياد بكرى بينووسە . نووسراوەكە بە زمانى كوردى و فارسى و روسى ئەبيت . پيويستە هەموومان ئيمزاى بكەين . يانى ئێمەو ئيوەو هينەكانى پەيك . براكەم لەبەر ئەوەى كە تو و كاك رەحمان ليك جو ناكەمەوە ئيتر ناوەرۆكى ئەم نامەيە بۆ وى نانووسم ... " .

نامەى كاك عەلى گەلاوێژ   تەئريخى : ١٩٦٢/٩/٨

كاك عەلى گەلاويژ لە ولامى نامەيەكى مندا ئەو نامەيەى بۆ نووسيبوم كە لەبارى زمان و رێنوس و ريزمانەوە بە بێ دەس ليدان بلاوى دەكەمەوە :
" ... براى بەريز ئەوانەى نوسيبوت هەموى دروست بو درويان لەگەل كردين ويستيان بەفريومان بەرن، بەلام ئيمە فريمان نەخوارد . بە قەولى مشهور : خدا لە سلطان محمود گەورەترە . هيوادارم خەباتى پياوانەى ميلتى كورد بالاخرە بەم بىخەبەرانە حالى بكات كە لە گوى گادا نوستون و چاو لەحقيقت نوقاندن ناتوانى صدمە بە كوردان بكەينى . بەلكو مالى ئەو كەسە ويران ئەكات

که چاوی نوقاندوەو گوی خوی ئاخنیوە • ئیمه که دەلین گەلەکانی ایران بـــرای
بیکن و طالعیان به یبکەوه مربوطه له روی دروزنی و ریاکاریەوه ئەم قسەیــه
نالین • بەلکو لەسەر پایەی مسلك و عقیدە یبك ئەم بیرە هاتوتە وجود • بـــەلام
بعضه حرکات و رفتار و اطواریك ئەم یەکیتی یە شل ئەکاتەوەو تاو و تـــەوژم و
حرارتی یبکەتی گەلانی ئیران سارد ئەکاتەوە که البته زور جیگای تاســـــف و
داخه • کاتیك له جیاتی نوینەرانی واقعی گەل چەند کەسیکی لەگەل بی خەبـەر
خویان وەپیش خەن و به نوینەربی گەل دەست بو کردەوەی نادروست دریژ کـــەن،
خو به خو گەلەکانی تر بو خاطری حق وعدالت مجبور ئەبن یا له شویـــــــــن
نوینەرانی واقعی گەل بگرین و بیاندوزنەوە ، یا ئەگەر ئەم کارەیان بو نەکـــرا
حیسابی خویان به روشنی ببینن و بزانن لە گەل ح کەسانیك سەرو کاریان هەیە •

نـامـەی کـاك رەحیمـی قـازی تـەئریـخی : ١٩٦٢/٥/٣٠

کاك رەحیم له نامەیەکی دوور و دریژ دا پاش باسی کونفرانسی فرقـــــەی
دیموکرات و ناخوشیان لە گەل حیزبی تودە دەنووسی :

" •••• جا ئیستا یانی له پاش ئەو بەزم و هەرایە بێ شك من بۆ لای ئیـــــوه
نابەن • وە به تەواوی هێزی خۆیانەوە هەوڵ ئەدەن من لە کارو باری تێکوشینـــــی
رۆژانه ومدوور بخەن • بەلام وەرن وەك پیاوان لیك هەڵ نەبڕێین و بێ پرس و رای
یەکتر دەست بۆ هیچ کارێك درێژ نەکەین • با وریا بین وە نەهێلین ناکۆکـــی و
ناتەبایی‌مان بخەنە نێو • یانی ئەبێ کارێکی وابکەین کە لە حیسابمان بهێنن و
هەست بەمە بکەن کە ئێمە یەکین و بە بێ یەکتر قاملە لە ئاو رۆ ناکەین •
جا ئێستا بۆخۆتان ، یانی تۆرکاك رەحمان بیرێك لەسەر ئەم وتانەی من بکەنەوە
خۆ شوکر هەموومان لە ناحیەی سیاسیەوە شای ئیران بێ لغاو ئاو ئەدەین و هیچ
هەوجێ بەوە ناکات یەکتر نەسیحەت بکەین• بەلام شتێك هەیە : ئەویش ئەمەیــە
کە هەمووماں لە بەرامبەر دەستەیەك هەلکەوتوین کە سیاسەتەکەیان لەســــــەر
مەسەلەی گەلەکەمان دروست نیە ••• " •

کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان

پاش ئەوەی کە دوو بەرەکی لە نێوان ئەندامانی حیزبی دیموکرات کە لە کوردستانی عیراق بوون پەیدا دەبێ ، ئەو برادەرانەی لەگەڵ ئەحمەد توفیق لە ژێر سێبەری شورشی کوردستانی عیراق دا مابوونەوە لە سەرماوەزی ١٩٦٤ لە سونێ ناوچەی پشدەر کونگرەی حیزب دەبەستن ٠ دیارە هێندیك لە ئەندامانی حیزب لەو برادەرانەی کە لەگەڵ سیاسەتی ئەحمەد توفیق یەك نەبوون وەك مەلا رەسولی پێشنماز حەمەدەمینی سراجی ، سمایلی شەریف زادە ،حەسەنی رەستگار ویستویانە بچن لە کونگرەدا بەشدار بن ٠ بەلام ئەحمەد توفیق چەکداری لەسەر رێ داناون و نەی هێشتوە بەشداری بکەن٠

هاوینی سالی ١٩٦٥ چەند کەس لە برادەرانی حیزبی لە کوردستانی عیراقەوە بریارەکانی دووهەمین کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بۆ ناردم٠ هەر لەو سەرو بەندەش دا دوکتور رادمەنیش بریارەکانی کونگرەی لە حەوت لاپەرەی ماشین کراو دا بۆ ناردبووم داوای کردبوو بۆیان بکەم بە فارسی دیارە تەواوی ئەو حەوت لاپەرە ناکرێ لێرەدا بی یان هێنمەوەو جێ یان پێ بگرم٠ بەلام دیسان هێندی بەشی بریارەکان لێرەدا دێنمەوە ٠

دەستپێکی کونگرە ئاوایە :

" دووهەمین کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناو لوتکە چیاکانی زاگروس ، بە ژێر بەفرو باران و بۆرانەوە بە رێزی تەقەی ٢١ گوللەو رەشاش بە یادی ئەو هەڤالە سەربەرزو تێکوشەرانەی کە لە ناو رەشە چاڵی بەندیخانەکانی

"حکومەتی تاران" دان ، سکوتی ناو دۆڵ و شیوەکانی شکاند ... لە پاش خوێندنەوەی سورەتی فتح (انا فتحنا لک ...) لە لایەن هەڤاڵێکی نوێنەر ، سورودی خەباتی نەتەوەی کورد " ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان" لە لایەن پۆلێك نوێنەری کونگرە خوێندرایەوە . کونگرە لە ژێر درۆشمی " یەکیتی ، خەبات ، سەربەخۆیی دیموکراتی" لە پێناوی خەبات و ئازادی و رزگاری کورد و کوردستان ئەو ریزە مەبەست و بریارانەی خوارەوەی دا .

١- کونگرە بە بریاری گشتی تەئیدی راپورتی کومیتەی ناوەندی کرد .

٢- بە دەنگی گشتی تەئیدی شەشەمین کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بریارانی ئەو کونگرەی کرد .

٣- بریاری لەسەر تەئیدی سیاسەت و هەلویستی کورج و هەلسورانی بەرێوەبەرانی پێشوی حیزبی دا بۆ پشت گیری لە شورشی کوردستانی گەرمین.

٤- نوێنەران بە گشتی سوپاس و تەقدیری ناوەندو بەرێوەبەرانی حیزبی کرد بۆ دەوری دڵسوزی و هەلسوریان بە یارمەتی مادی و مەعنەوی و گیانی بە شورش لە کوردستانی گەرمین.

٥- کونگرە ئەو ریزە بریارانەی خوارەوەی لە مەر جاسوس و خائینەکان و دەستەبەندی و حیزب سازەکانی گوێرە شێوێن و ناحەزی ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرکرد .

الف - کونگرە بەیانی برواری ١٣٤٣/٧/١٢ ی حیزبی تەئید کرد کە لە ناو ئەو بەیانەدا لە ژێر عینوانی " لا دان و سەر شیواوی چەند خۆ پەرستی نـا جوان میر بە ناوی کومیتەی ساخ کەرەوە" دەستە بەندیەکانی دژی حیزبمانی تێدا ناو براوە مەحکوم کران . وە حوکمی خائینی دا بەرامبەر بە زۆربەی هەلسورو بگێرەکانی ئەو تاقم و دەستانە .وەچەند کەسی لەوانە بە جاسوس و بە کرێ گیراو ناسین .

ب - ....

لە بەندی " ب " دا بریاریکی درۆ و بوختان و بی شەرمانە دژی دوکتورقاسملو دراوە کە بۆیە نابێ لاپەری بیرەوەریەکانی پێ رەش کەمەوە .

لە بەندی ٩ ی بریارەکەدا گوترابوو : " کونگرە تورەیی و نارەزایی دەربری بەرامبەر بە هەلوێستی کوردروشانەی (مەکتەبی سیاسی پیشوو) دەرکراو برایم ئەحمەد و دارو دەستەکەی) بۆ ناحەزی کردن لەگەڵ کادرە تێکوشەرەکانی حیزبمان لە سەر داوای دەزگای جاسوسی حکومەتی تاران (ساواك) و پەیمانی سەنتو بە هوێ جاسوسانی ناسراو وەك سەرهەنگ عیسی پەژمان ، سەرهەنگ مەنصور پور ، سەرهەنگ مدرسی و عباسی ئارام و هاتوو چۆی ناوبراوان بۆ ماوەت و گردە رەش و ئیساوێ و مالومە ... "

لە بەندی ١٤ ی بریارەکانی کونگرەی دوو دا گوتراوە : " لە سەر مەسەلەو گێرو گرفتی ئەرزو ئاغا و رەعیەت کونگرە داوا لە گەلی کوردو بە تایبەتی خەلکی لادێکان و وەرزێران دەکا کە بە خەباتی یەك گرتوو هەموو ئەرزی نیشتمان و کوردستان رزگار کەین و شورشی ئەرزی نەتەوایەتی لە ژێر دروشمی یەکیتی ، خەبات ، سەر بەخۆی و دیموکراتی بکەینە یەك . ئەو دەم بە پێ بریاری کونگرەو مادەی سی و نوهەمی پروگرام کە دەنووسیت : " حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو باوەرەیە کە زەوی و زارو کشت و کاڵ ، دار و دەوەن و ئاوەکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردەو مافی رەنیێو هێنان و دابە - شینی ئەرز تایبەتی لە مافە تایبەتی یە هەر گرنگەکانی حکومەتی دیموکراتیکی کوردە کە بە هوێ بەرێوە بەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدی دیت . ئەو کاتەیە کە حاکمیەتی نەتەوایەتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شیوەیەکی دادپەروەرانە ئەرزو ئاو و زەوی و زارو دارستان بەش دەکات و بە و پێ یە مەسەلەی گێر و گرفتی ئەرز جێ بەجێ کەین " .

تەواوی خوێندنەوەی بەیاننامەی دووهەمین کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێشەوا قازی محەمەد بە " کەم فامی سیاسی کومەلایەتی " تاوانبار دەکا ئەوندە بێ سەرو پێ یە مروف دلی بە حالی کورد دەسووتێ کە جارو بار چارە نووسی میللەتیك دەکەوێتە دەست کێ و چی بەسەر دێ !

دیـان لـه گـەل بـرادەرانـی تـوده

هەرچەند ریبەرایەتی حیزبی توده دەرەتانی ئەومیان پیك هینابوو كه ئێمە چەند برادەریكی كورد لە ئوروپا روژنامەی كوردستان بە زمانی كوردی بلاو بكەینەوه و لە نووسین و بلاو كردنەوەی مەتلەبەكاندا سەر بە خو بووین، بەلام دیسان بێ بریاری لەسەر مەسەلەی كوردو هەنگاو نەهاویشتن بەرەو هێنانە گوری ئەو مەسەلە لە چاپەمەنیەكانی حیزبی توده دا ئێمەی نارەحەت دەكرد و هەمیشە گلەیی و گازەندمان هەبوو ٠

كاك حەسەنی قزلجی زور جار دەیگوت : " زورم پێ سەیره برادەرانی توده ئێستا نه حكومەتیان بە دەستەو نه سفرەیان بو كورد راخستوه ٠ بە قسە دەتوانن خەلكی كورد بو لای خو رابكێشن ، بە داخەوه ئەویش ناكەن ٠"

لەسەر ئەو مەسەلەیه من هەمیشە لەگەل ریبەرانی حیزبی توده لە دەم بەدەمەو نووسیندا بووم، ئەم نامەیه كه بە فارسی نووسیومەو دەقی نووسراوەكەش هەر بە فارسی لێرەدا دێنمەوه ، نمونەیەكی بچوكی دەم بە دەمەو رەخنەی دوستاتەی منه لە سەر وەزعی كورد و كوردستان ٠

" بوروی كمیته مركزی حزب توده ایران ٠

رفقای محترم ضمن تقدیم عرض سلام لازم دانستم یادآوری زیر را بعرض برسانم چنانكه اطلاع دارید شماره بهمن ماه روزنامه مردم با موفقیت چاپ و منتشر گردید ٠ از اصلاحات شاه گرفته تا ویتنام و هاوانا ، و شهید شدن كلهر

دانشجو صفحات روزنامه مردم را مزين نموده‌اند . ولی از يادبود بيستمين سال دوم بهمن ماه ۱۳۲۵ جنبش دمكراتيك كردستان خبری نبود .

جای بسی تاسف است از آرامش و خليل ملكی گرفته تا بورژوازی ملی و غير ملی ، سوسياليست و روحانی و حزب ملل اسلامی اسم و مقام آنها و دفاع از ايشان در مطبوعات و برنامه‌های حزب توده ايران بطور بارز مشهود است . از گونگو و آنگولا آمريكای لاتين گرفته تا پاكستان و عدن و عمان و بحرين در روزنامه مردم مورد تفسير قرار ميگرند ، ولی از جنبش دمكراتيك خلق كرد در ايران كه بارها مورد تائيد خود حزب قرار گرفته و به بخشی از جنبش ضد امپرياليستی خلقهای ايران از آن ياد كرده‌ايد اسمی برده نمی‌شود . نمی توان اين پديده را تصادفی دانست زيرا موقعی كه شعار درود به خلق كرد از شعارهای فرقه دمكرات آزربايجان بمناسبت بيست سالگی به دستور رهبری حزب حزف ميشود ، معلوم است يادبود جنبش دمكراتيك خلق كرد ديگر برای رهبری حزب مطرح نخواهد بود .

يا اينكه در تقويم بهمن ماه روزنامه مردم از يورش به دانشگاه گرفته تا كشته شدن يك دانش آموز و تولد يك شاعر گنجانده ميشود ولی دوم بهمن ماه ۱۳۲۵ كردستان اقلا" بعنوان يك واقعه هم در ايران بحساب نمی آورند .

بعقيده من روز دوم بهمن ماه كردستان اگر برای تهيه كنندگان تقويم روزنامه مردم باندازه‌ء يورش بدانشگاه در تاريخ مبارزات ضد امپرياليستی خلقهای ايران اهميت نداشته است و به عنوان يك روز تاريخی شايسته يادبود يا درج در تقويم روزنامه مردم تصور نشده است، در نزد آزاديخواهان ايران و بويژه در نظر خلق كرد يك روز پر افتخار تاريخی تلقی ميشود و الهام دهنده‌ء مبارزه ضد امپرياليستی خلق كرد بشمار ميرود .

اجرای اين سياست تا چه اندازه برازنده‌ء يك حزب ماركسيست لينينيستی و به وحدت عمل و همكاری نيروهای آزاديخواه و ضد امپرياليستی خلقهای ايران كمك ميكند ، آينده قضاوت خواهد كرد .

باتقديم احترام : حسامی ۱۹۶٦/۳/۱۲

نامەی شەهید سولەیمانی موعینی

دەنگ و باسی هەراو راپەرین لە کوردستانی ئیران دەگەیشتە ئوروپا ۰ پاش بستنی کونگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو ئەندامانی حیزب دا ناکوکی پەیدا دەبێ ۰ شەهید سولەیمان ـ ی موعینی لەگەڵ دەستەیەکی چەکدار وەك کادری ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەگەرێتەوە بۆ کوردستانی ئیران و بە چەکەوە لە کوردستان دەسورێتەوە و تێ دەکوشی هەر لەو کاتەدا رۆژنامەیەکیش بە ناوی " رۆژ ئورگانی لقی سێ حیزبی دیموکرات " بە رۆنیو بلاو دەکاتەوە ۰ برادەرانی لە کوردستان بوون سێ ژمارەیان بۆ من ناردبوو ۰ لە نێوەروکی رۆژنامەکە لە نامەی کاك سولەیمانەوە دەر دەکەوێ کە سولەیمانی موعینی کاتیکی لە کوردستانی ئیران بووە هیچ پێوەندی لەگەڵ ئەحمەد توفیق و دارو دەستەکەی نەماوەو سیاسەتیکی سەر بەخۆی گرتۆتە پێش ۰

کاك حەمەدەمینی سراجی و شەهید سمایلی شەریف زادە و سالاری حەیدەری و چەند لە برادەرانی تر کە بالی چەپی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون لەو کاتەدا لە کوردستانی عیراق لە ناوچەی پشتدەر دەمێننەوە، بەلام لەگەڵ ئەحمەد توفیق نێوانیان نابێ ۰

زستانی سالی ۱۹٦٦ بە هۆی برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراقەوە نامەیەکم بۆ هات ۰ لە پێچانەوەو ژاکان و چلکنیەوە دیار بوو ئەو نامەیە لە دوورەوە هاتوەو ماوەیەکی زۆر لە ریگا دا بووە ۰ نامەکەم کردەوە خەت و ئیمزای شەهید سولەیمانی موعینی م ناسی ۰ ماوەیەك لە خۆشیان حەبەسام چاوم روون بۆوە ، مات بووم ۰ کاك حەسەنی قزلجی کە لە لام دانیشتبوو پرسی:

ـ ئەوە چێ یە ؟ بۆ وا مات بووی ؟ لەکوێوە هاتوە ؟
ـ نامەی سولەیمانی موعینی یە ٠
ـ بە خوای کاریکی باشی کردوە ٠ ئا تۆخوا بزانە ج دەنووسێ ، لە چـی دان، باس و خەبەریان چێ یە ؟
ـ نامەکەم کردەوەو دەستم کرد بە خوێندنەوەی ٠ ئێستاش لێرەدا دەقی نامەکـە بە بێ دەست لێدان و دەسکاری رێنوس و رێزمان بە ئەمانەتەوە دەینوسمەوە ٠

نامەی شەهید سولەیمان ـ ی موعینی

" نەسرەوتن تا سەرکەوتن ٠
بۆ هاوڕێیلە میژینە و خۆشەویستم کاك کەریمی حیسامی ، ویرای سلاویکـی براپانەو ئاگرین هیوادارم ساغ و سەربەرز بێ بۆ تیکوشان لە ریگای ئازاد ی گەلی هەژارو چەوساوەمان دا ٠ برا گیان نامەوی بە ریگای دیپلوماسی گـەل فریوانەدا بدویم ٠ تەنیا بەشیوەی کوردەواری پەتی و بە زمانیکی برایانـەو خومانی دەمەوی توزیك بدویم ئەویش نە بەو مانایەی تو تورە بکەم بەلکە تەنیا بە نامەیەکی برایانەو گالتەو گەپی ناو خویی دابنی کە کاتی خوی لە تاران دامان نابوو٠ بەو روژانە کە هەستان و بزوتنەوە سەرخوشی کردبوین ئارامما ن لی برابوو هەر دەچوینە پیش بە بی تورمز بەرەو دوژمن لیدانمان دەخـواردٚ سەرمان دەتاشرا پیوی هەمووشتمان لە خو دابوو تی نەدەوەستاین بە بی لـی‌ـ پرسینەوە لغاوی خومان دابوە دەستی سواری بی انصاف کە بی بەراورد بەسەر هەمو پاردەو پەرژینیك دا مەیدانیان پیکەوە دەپیچا ٠ جارجار تو بەسەرمـان دا دەهاتی کە بچین ئەو هەشتاتمەنە دراوەی کە خانمی ئاسوری بە نـاوی کری خانو لە ئیمەی گل دابووە وەری گرینەوە ، خانمی زار شرو دەم دراو بـو قازانجی خوی چی بەسەر دیناین و تو چون دەبەزیو راد دەگرد ٠
پەردە گورا دنیایەکی رەش و تاریك شەوە زەنگیکی سامناك و ترسێنەریـان پیشان داین بویان ساز کردین ، بویان دروست کردین بە دەستی خویان لەو زەلەو گومیان هاویشتین ٠ لە جیاتی بمانهیننەوە دەر پییان دەگوتین سەرتان بـە

دەرەوەیە جوانتر خوتان قوم بکەن و لە زەلی نەمان دا نقوم بن دنیای مستی گری گریمان ورەی شیرانەیان پی نەهیشتین جیهانی چیروکی فیستیوالی تویان کردە دنیایەکی شین و گابور و بە سەر دادانی قولی و وەلی کەوتینە ژیر کاولاشی زبر و سەر گویلکان • لە سابلاخ خومان گرتەوە • سەرمان لی سوور مابو نەمان دەزانی چ بکەین • پیمان وابوو دیسان هەر دەبی مستمان گری کەین و ناو- چاوانمان تیك بنین ئیتر کارمان تەواوە وەختایەك لەو کاتەدا تو بە نەقل و نەزیلان سەرگەرمت کردبووین لە مالە خانمە خانمی بۆ هەر قسەیەك چیروکیکت دینا وەو مەسەلەیەکی کوردەوارید دەخستە بەر چاومان قاقامان بەری رۆژی دەگرت خەبەرمان بو هات چل داخ یان بە مەحمودی خسرەوی‌یەوە ناوە لە سەر بەیانیکی کە بلاومان کردبووە • ئەو جار زانیمان قولی (١) ئەو قولی یە نەماوە دەبوایە هەر ئەودەم خومان ساخ کردباوە کە بابە هەیاران ئەو هەلتوز داتوزەی ئیمە وەك داعبای ناو قەفەس وایە • بلام هەر تی نەگەیشتین ئەمما دەترساین • ترس بە جوریك ، ئاگات لی بوو بە چ شەویك راپەرین و هەلاتین کە تو چەکدارمان بوی• بازوکەی تانك شکین تەوەر داسیکت پی بوو کە گورگە نەمانخوا • بەفری بەسری- مان بەو شەوە بری • لە قاوەخانەی ساردو سر دا سەرمان کردەوە• بەیانی وەك ئیسکی موکان بەفرمان دەبری و بە حال خومان گەیاندە قەرەبلاخ • مەبەستم ئەوەیە ئەوانەت لە بیر ماوە یان بلیم نانی جوتیاری قەرە بلاخ لە ئورووپا رەشت کاتەوەو ژیانی پر لە چەرمەسەری وان خواگیرت کا کە خوت لەخوشی و کەیف هاویشت و مەیدانت چول کرد• پیت وابوو ژن و مندالت بژین لە گەل و نەتەوە- یەك باشترە • یا ئەو دەم ئەستیرەیەکی روونت نەبوو • دوای ئەستیرەی شانست کوتیو و دوزینەوە • بەلی ئورووپا خوشە بە تایبەتی ناو گەلیکی ئازاد و بەختیار • دوور لە چەوسانەوە ئەمما ئەوەندە لەزەتەی نیە کە بەترس و لەرزەوە نان دەخوی و قسەو باسیکی ئازادی و سەربەخویی بو ئینسانیکی چەوساوەو بەشخوراو دەکەی وە مژدەی بەیانی روون و ئازادی پیشکیش دەکەی •

مام حەمە کەریم بەلی وایە با لە خوشت بگوری بو سوزی تاقە فەردی نالی پشیلە دمی ناگاتە گوشتی دەلی سویرە • نا وا نیە منیش هەر لەو سالانەی کە

١ ـ سەربەست حکومەتی نایە

باسکرا دنیای دەرەوەم بو خوش بوو، ئەمما نەمگوریەوە چونکو دەبی :

گر چرخ بکام ما نگردد کاری بکنیم تا بگردد

بژین ، کول دان قوچاندن سەر دەرباز کردن بو زگ و ژیر زگ هەول دان، خو دەراویشتن و چوون بو دنیای خوشتر و لە دنیای خون بی خەبەر بوون نابیتە نان و ئاوی گەل ۰ مروف نابیتە مروڤیکی تیکوشەر بە هەلاتن ۰ فەلسەفە هەر چەند بناوان و بنجبکی هەبی وە عەمەل نایە هەل دەوەشی ۰ ئەو فەلسەفەیە دەچەسپی کە لە سەری بی شوین بە شوین کوز بە کوز چیا بە چیا بیگیری و بەراوردی لی وەربگری ۰ جا لیرەدا وەنەبی مەبەستم ئەتو بی ۰ ئەگەر هەر تو بی چارەت دی ۰ ئەمما هەر تو نی ۰ پازدە بیست هەزار نان خورو سەربار بای دەدەن و زگیان تیر دەکەن و ژیر زگیان وەك ژیر زەرگی دەرویشەکانی سەیدی زەنبیل وەکار دەخەن و لە هیج ناوەستن ۰ " هەر چی لە پیشم تی کیشم " بوتە گەورەترین فەلسەفە ۰ شەو و روژ و جاربەجار ئەگەر کەوتنەوە سەر شعور دەستیك بە سمیل دا بینن و دەلین دەبی پرولتاریا رزگار بی و ئیران ببیتە بەهەشتی رزگاری و ئازادی وادەکەین و وا بچیت ۰ ئەمما توخوا ئەگەر لینین زیندو بیتەوە چیان پی دەلی ۰ خو ئەگەر پیاویکی خەیالی بین بو دەبی ئاوا روحی لنینی گەورە لە گور دا نارەحەت بکەین ۰ کوا لیتین گوتویەتی سەرکردا - یەتی حیزبی گەلیکی ئازاد نەکراو بچیتە نیو مانگی لەویرا مزگینی ئازادی بە ئەمواجی رادیو یا جەوهەری سەر کاغەز ئەویش دەنگی هەیەو رەنگی نیە بە شەپولی رادیوی بە مورسی تو کە دەلی H - بو - ال ۰۰۰ ئەویش ئەگەر رادیوکە پارازیتی نەکەویتە سەری رزگار بکا ۰ یا رابەرانی پرولتاریا ئەو چینەی کە لەسەر شان و باهوی لە سەر بیرو راویژ دنیابەکی نوی ساز دەکری و گەورەترین جیهان بینی سەدە بەژمار هاتوەو دیت ئاوا لی قەوماو و بی سەرەو بەرە بن۰ ئیمە بەو هەموو سەر قالی خومان غەمی وانیشمان بەسەرەوە بی و ریگای رزگاریان بوّ خوش بکەین ۰

پەردە گورا دنیا لە نەزەر زورانەوە گورا مارکسیزم کەوتە ژیر پیّ جەلابان و ناوەندی چال و دەریای قزلقەلا ۰ رابەرو مابەر تاقەتیان لی برا ، وەك سگەیەکی

قطلب دەستیان کرد بە داماڵین و فریدانی چەکی مارکسیزم و عەمەلەن فروشتیان بە دوژمن • بە جاریك دوژمنیان دەولەمەندو بە هیز کرد • وایان لی کرد ئیتر هیچی دەگەل نەدەکرا • ئیمەش ئەو کورە نەبوین پیاوەتی خومان بە دنیا نیشان بدەین • وەك پیریژنان بەر بوینە ورتە ورت و زکرو تەحلیلەو خو بە قەزا و قەدەر سپاردن • ئەو پیاوە باش نیە یەکی دی باشە ، تا سەرمان بە گومی دا چوو چوار دەست و پی کەوتینە دەست و داوی دوژمنی بی روحم و قەدار • دە لیدە و لیدەو هاو هاوار • ئەوەی جەوهەری هەبوو مارکسیزمی بو گەل چوبوە تاو میشك و خوینیەوە وی کەوت و ماوەو زیانی دیت و سەقەت بوو • ئەوەی عیلمی مارکسیزمی بو سوودی خوی لە گیرفانی نابو ، بیجگە لە ئافەرین چەپوکیکی پی دانەدرا بز بز بە قونە دزە دەهاتەوە مالی خوی بە ریشی پرولتاریا پی دەکەنی • سرت خور پەردە هەلدراوە ، یا بچینە کوبونەوە ، برو بو قزلقەلا • وەرە دەری چەقویەك لە گیرفان دا • ئایا حیزبیکی شورشگیر بیرو باوەریکی بە قسە شورشگیرانە دەبی وابی ؟ پاش وەی دە بەیان دەرکرا لە سالی ۱۳۲۳ کە شرایطی عینی و ذهنی ئامادەیە تازە پەشیمان بینەوە بلین ئامادە نیە • مەگەر شرایط نابی ئەو پیشرەوانە بیخولقینن و دروستی کەن یا هەر دەبی هوردوی سوور بیتەوە جا رزگار بین •

ئامانجم لەو قسانە ئەوەیە نەبادا رابوردوت لە بیر چوبیتە وە بیرت خەمەوە ئیستا شت بخەمە بەر چاو لە سەر ئەوەرو قسە بکەی و بەرنامە داریژی • هەر رابردو دوژمنمان لە بیر چوبووە ، دەممان لە دەمی یەك نا • ئەوە منحرفە ئەوە لای دا سازش کارە ، ئەوە بیرو باوەری سەرمایەداری پەیدا کردوە ، ئەوە ناسیونالیستە ، ئەوە شوڤینیستە ، ئەوە متعصب و نەزانە • بەلی دەورەبەکیش بەوە کوزەرا تا بانگی چەکدارانە درا لەو دیوە بو ئیمە لەو دیو بەرژەوەندیکی باش بوو کە قولی(۱) بە هیزە ئیمە حیزبیکی شورشگیر دەبی ریکخراویکی شورشگیرمان هەبی • لە بەرامبەر ئەو دوژمنە سەر سەختنە کە چوار فیشەکی

---

(۱) قولی ـ مەبەستی رژیمی شایە •

له خو داوه با ئيمەش بيكەينه پينج فيشەك يەكمان لى دەگرى چوار ان بگرين.
دوومان لى دوكوژى دەى لى بكوژين • دەستمان كرد بەو بەزم و هەرايە بەشيوه ـ
يەكى كه بوخومان دەمانزانى فيرى ببوين خويندبومانەوه عەمەلمان كرد • بەره
بەره روحى ميللەتمان زيندو كردەوه • له بەرامبەر قولى و پياوەكانـــــى دا
راوەستاين• له سەر ويستى خەلك حيزبمان نيشان دا • گوى و لوتى فسوسەكانمان
برى ، مەحكەمەمان له ولات دانا بو خائين و فسوس• ترس له حيزب زياتر بـــو
تا قولى • ناچار كشانەوه ئيستا له دەرەوه له زوربەى ناوچەكان شكايـــــەت و
مەحكەمه له دەست قولى هاتوته دەر • هەر پوستەى هەيەتى دوو پوستـــــــى
چەكدارى ئيمەى لەسەره • هەر ناتوانى بيته دەر مەگەر به پارانەوەو خاتـــــرى
عەباس و حسين نەبى • له سەر يەك وايه • وەزعى ناو خوشمان ديارە باشه كــــه
وايه ئەمما ديسان ماومانه• چونكو سەره خەرو پياوى كەلەو لى كەوتو و خو ببن
هەر ماوه كه دەيانەوى وەك رابردو به بى مقصد لى خورن لغاو هەل ناگـــــرن
ئەمما هەرچى دەكەن بو هەر جيگايەك دەرون ، يا وەك كەرى غەريب سەر له هــەر
دەرگايەك دەنين لغاويان بو حازر كراوه• لوشكان داوين ئەمما لەپوزى مباركيان
شكاوه برەم برەم و بگرەو دەركەى جاران نەماوه • ماخوليا بوون و يەكيـــــان
كەوتوه • له حالى دەستەو ئەژنو دانيشتن دان و بەو زوانه يخ دەخون • زەمينەى
هەموو شتمان ئامادەيه ، هەر تەنيا له سەر مەسەلەى ئەو ديو راوەستاويــــــن
لايەكى وه لايەكى كەوى ديله زەرد(١) دەزگاى قولى وەزەلزەله دەخەين• ئـــەو
ترس و هەرايەى هاويشتويەته دلى خەلك به تايبەتى له دەرەوه نايهيلين• بــــه
دريژايى سنوور تەنيومانه ، بەجاريك بەسەرى دا دەروخينين بەلام تا ئـــەو دەم
حەز دەكەين هەموو لايەك بەشداريمان بكەن تا نەتيجه زورتر بى• ئەگەرئەوانيش
نەيكەن ئيمه به ببرو باوەريكى جوان و اصولى كه هەر خومان لەبەر چاو نيـــــه
له جاران جوانتر دبينه مەيدانى عەمەلەوه جا ئەوانى دى هەرچى ئارەزوى هەبى
بابيته سەر حازرى قبولى دەكەين • فيدايى زوره ، ئەمما به نيسبەت ئــــەوەى
دەيكەين بەنا شكورى نەبى زور تەواو نين • ديسان هەر خو كو دەكەينەوه•

---

(١) ديله زەرد ـ مەبەستى رژيمى شايه •

ئەوەی بوو بوو ، دەنا لە سەگ و گورگەکانی قولی تەواوی دەکەین و بە خو - بانیانەوە دەنین • بو ئەو مەتلەبە روژنامەیەکمان بو ناردن لەویدا لەو گوشانـە دراوە جا ئەگەر پیت دەگری بومان بخوینەوە • دەزانم وایەو قسەشت رەواجـە ، لە دوا روژدا شتیکت پی دەکری بومان• ئەمما مام حەمە کەریم ئەگەر شەهید بوین غەمان مەخو مەلی بە خورایی چوو ئیمە دەمانەوی ریگا خوش کەین حیسابمان کردوە لە بەرامبەر هەموو هیزی قولی بەرهەلستمان پی دەکـری و دەتوانین گەورەترین زەربەتی لی بدەین کە لەو دوو هەزارو پینج سەدد سالـە دا وای لی نەدرابی و تەئسیریکی قولی هەبی لە هەموو ولاتی قولی کە بە ئی خوی دەزانی • ئیمە زور نارەحتین دەمانەوی کارو باری ئەو دیو یەکجاری تەواو بی• جا ئیمەش شان بشەکینین باوەریشت هەبی لە عیلمی خومان بە تایبەتی ئەمنی کەللە پر لا نادەین بو عیلم تەجروبە دروست دەکەین هەروا کەشکی نیـە زانایانەو عادلانە بە بی ئەوەی خومان لەبەر چاو بی دیبینە مەیدانەوە •

ئەو قەدەرە چوومە ولاتەکەت دوو شەو لە رادانە مامەوە • ئەگەر وەبیـرت بیتەوە چیروکیکت بو گیرامەوە هەر لەبیرمە• برادەرەکانت لە نەغەدە سلامەتـن سلاوبان پی دەگەیاندی • ئیمە کە چووین بو ئەو ناوچەیە دوو پەل شیست چەکدار بووین جەولەمان کرد ئەو برادەرانەمان لە درەوە دیت ، هاتن بو لامان ، وەزع زۆر زور باشە ئی ناوچەکان بەتایبەتی ناوچەی موکریان و تەواوی سنورەکان تا دیتەوە نیزیکی لای ئیوە • ئەمما ئەگەر نیزیك بیتەوە ئەوەی مقصودە خەبەرت بو دەنیرم • سلاوی برادەرانی ئەوی دەگەینم • زور سلام هەیە بو براژن • بلـی براو مراکانی هەموویان ساخ وسلامەتن • لە پولا قایم ترن لە جـاران زور دلگە رمترسلاویان بوی هەیە • چاوی مندالەکانت نازانم چی وچت هەیە مـاح دەکـەم• دیارە ولامی نامەکەش ئەگەر نارتەوە بە هوی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی لقی کوردستان لە عیراقدا بوّم دەنیریەوە•

سەربەرزیت ئاواتمە ، بە هیوای سەرکەوتن•

برات سولەیمانی موعینی‌یا فایق ئەمین

١ / رەزبەری ١٣٤٤ هەتاوی

به خویندنەوەی نامەی کاك سولەیمان، جارێك و دوو جار حالەتی جۆر بە جۆرم بەسەر دا هات • لە لایەك خۆشحال بووم کە هاورێ و برادەریکی فرە خۆشەویست پاش چەند سال دووری نامەم بۆ دەنووسی •

لە لایەکی تر بەوە نارەحەت بووم کە سولەیمان هەموو رەوەندی دوورکەوتنەوەی منی نەنووسیبو، بەلام گوتبوی (مەیدانت چۆل کرد) •

لە لایەکی تر خەفەتی گەورەم ئەوە بوو کە هومێدیکیان بە من بوو بۆ یارمەتی لە کاتیکا هیچم لە دەست نەدەهات • تەنانەت برادەرانی حیزبی توودە رێگایان نەدام کە روژنامەکەی سولەیمان لە رادیو دا باس بکەم و بیخوێنمەوە •

ئەو شەوە لەگەل کاك حەسەنی قزلجی تا سەعاتی دووازدە دانیشتین و داخ و خەفەتی بێ بەشی و بێ کەسی کوردمان دەخوارد • هاتمە سەر ئەوە کە داوا لە رێبەرایەتی حیزبی توودە بکەم پاسپورتیکم بۆ ساز بکەن و بلیتی تەیارەم بۆ بکرن تا بچمەوە عیراق و لەوێ وە خۆم بگەێنمە برادەران • کاك حەسەن وەك پیاویکی دنیا دیتو لەگەل ئەو بیرەی من یەك نەبوو • دەیگوت مال و مندالت بە هیوای کێ بەجێ دێلی • پراکت لە بیر چۆتەوە پاش دوو مانگان مندالەکانت برسی بوون • کاری وا پەلەی ناوێ •

ئاخرییەکەی خۆم پێ رانەگیرا • ١٩٦٦/١/٢ نامەیەکم بۆ دوکتور رادمنیش سکرتیری حیزبی توودە نووسیو و توزیکیش لە ناوەرۆکی نامەی کاك سولەیمان ئاگادارم کرد • تکام لێ کرد کە پاسپورت و بلێتم بۆ ساز کەن و رێگام بدەن بگەرێمەوە سەرێك لە برادەران بدەم •

هەر لەو کاتەشدا ولامی نامەی کاك سولەیمانم نووسیوەو لە رێگای هاوریانی حیزبی کومونیستی عیراقەوە بۆم نارد • لێرەشدا دەقی وەلامی نامەی کاك سولەیمان بلاو دەکەمەوە •

دەقی وەلامـی نـامـەی کاك سـولـەیمـان

هـاورێ و برای ئازیزم کـاك سـولـەیمـان ·

نـامـەکـەی نـاردت نـامـە بـان چـاوم ـ بـە نـاوت قـەسـەم بـۆتـان نـەمـاوم · سـولـەیمـان گیـان هەر وەك خـەون ببینـم وابـوو · کـە نـامـەکـەتـم وەرگـرت هێشتـا نـەم کـردیـەوە زانیـم نـامـەی تۆیـە · کـە کـردمـەوە و چـاوم بـە دەسـت خـەتـت کـەوت گـەشـامـەوە · ئـاواتیشـم هەر ئـەوە بـوو کـە ئێوە ئـاوابـن · ئێستـا دەمـەوی لـە چـەنـد بـەش دا وەلامـت بـدەمـەوە · بـەر لـەوە کـە دەسـت بـە نـووسیـن بکـەم ، دەمـەوێ هەر بـەو سـونـنـەتـی راستـی و پـاکـی کـە لـە خـۆمـی دا شـك دەبـەم و ویـژدانیشـم بـەو ئـاسـودەیـە ، پێـت بـلێـم نیـازم ئـەوە نیـە بـە نـووسینـی ئـەم وەلامـە دڵـت بێشێنـم · نیـازیشـم ئـەوە نیـە کـە خـۆ رابنێـم · مەبەستیشـم نیـە داخـوا ئێوە گـاڵتـە بـە قسـەکـانـم دەکـەن یـا بـە قسـەو بیـرو بـاوەری هـاورێیـەکـی حیزبـی لـە جـەرەیـان دووری دەزانـن و ئـەگـەر بـە کـار هـات کـەلـکـی لـێ وەر دەگـرن·

هیـوام وایـە کـاتـت بـێ نـامـەکـەم بخوێنیـەوە و سـەرنـجـی بـدەی · بـا نـامـەی هـاورێیـەکیش بـێ وەك تـو دەنـووسـی (مـەیـدانـی چـول کـردبـێ)·

الـف ـ سـولـەیمـان گیـان ! ئـەوانـەی تـو لـە لاپـەری هـەوەل و دوهـەمـی نـامـە جـوانـەکـەت دا بـوو بیـرەوەری نـووسیـوتـن ، هـەمـووم لـە بیـرن و هـەرگیـز لـە بیـرم نـاچـن · نـەك هـەر ئـەوانـە بـەلـکـوو هـەمـوو ئێـوارە و سـبـەینـان ژیـان و وەزعـی رابـردووم لـە گـەل ژیـانـی ئـەو وەرزێرانـەی کـە ئـەوەی قـەرە بـلاغ نـمـونـەیـان بـوو دەخـەمـە بـەر چـاوم · وەزعـی دژوارو نـارەحـەتـی ئێوەشـم دێتـە بـەرچـاو ·بـەر چـاوم تـاریـك دەبـێ و دەلێـم بـا بـچـم گـوێ بـدەمـە رادیـۆ بـزانـم بـەلـکـو بـاسـی کـوردسـتـان بکـات ·

دەنـووسـی " نـانـی وەرزێری قـەرە بـلاغ رەشـت کـاتـەوە " · بـەلام دڵنیـام رەشـم

تاکاتەوە چوونکە نە خەتابارم کە لەوان دوورم ، نە لەبیرم بردونەوە • تەنیـــا وەرزیری قەرە پلاغ نەبوو کە بە قسەی من بەو زستانەی ولاخی سواری قەرە بـــلاغ نەبوو کە بە قسەی من بەو زستانە ولاخی سواری دەدا بە تۆ و برای خۆی دەگـــەڵ دەخستی تا بت گەیێنیتە سەر جادە و دەرباز بیٚ • هەزاران وەرزیٚری کورد چونکـە دەیان زانی من ژیانم بۆ خزمەتی ئەوان تەرخان کراوە ، بە قسەی من خۆیان لـــە ئاور دەخست • بەلام تـــۆ !

براکەم ! وا دیارە چونکە لە لایەك زۆرت کویٚرەوەری دیوە و لە لایەکـــی دیکەشەوە وەك دەنووسی ئێستا چەکدارت لە دەورەن ، شتت لە بیر چۆتەوە • یـا بلیٚم نەت ویٚراوە خۆ لە راستی بدەی • تۆ لە سەرە تاوە هەموو رابردوٚەکانم وەبیٚر دەخەیەوە• بەلام کە گەیشتیە سەر قەرە بلاغ واز لە بیٚرەوەریەکان دیٚنی ودەنووسی : تەنیا تۆ بووی لە مەهاباد خۆت راگرت • نانووسی : دوایە کەوتیە زیندان و سیٚ سال لە بەندیخانە دانمونەی خەبات و خۆ راگریٚ و دلگرمی هاوریٚ یان بووی•

نانووسی : لە زیندانیش دا وچانت نەدا ، سەرت بۆ پولیس و بۆ دەزگای قولـــی دانەنواند • دەیان هاوریٚی باشت لە زیندان ئامادە کرد و بۆ دەرەوەت ناردن•

نانووسی : لە زینداندا بووی ، باب و خیزان و مندالت مرد و پیرە دایکـــت سیٚ سال لە ما لان دەسوراوە و ئەوانە هیچیان ئیرادەی تۆیان کز نەکرد •

کاك سولەیمان نانووسی : کاتیك لە زیندان هاتیە دەر بیٚوچان دریٚژەت بـــە خەبات دا • کاتیك داوایان لیٚ کردی کە لە رادیو مەهاباد دژی گەل و حیزبـــت قسە بکەی نەچوویە ژیٚر بار ، تەسلیم نەبووی ، دایکی نەخۆش و مندالی پیٚنـج مانگەت بەجیٚ هیٚشت و بۆ گەرمین هاتی •

کاتی هاتنت بۆ گەرمین ئەوانەی بە ناوی حیزب لە حەوقەبازی و درۆ و لادان وا نوقم ببوون ، لایان وابوو قارەمانیٚکیان هاتۆتە لا •

کاك سولەیمان نانووسی پاشان پەردە گۆرا :

کاتیکی دیتت کە بە ناوی حیزب ئابروی حیزب و گەلی کورد دەبـــــەن ویٚژدانت قبولی نەکرد و نامەیەکی چەند لاپەرەت بە هۆی قاسمی سولتانبانەوە (کەمال) کە ئەودەم وەزیری دەستە راست بوو ، بۆ هاقا لانی ئەو دیو نـــــارد و

ئەسپاردت بیدەن بە کەچەل (مەبەست غەنی بلوریانە) لەو نامەیەدا وەك تێکۆشەرێکی بەشەرەفی حیزبی راستەقینەی وەزعت نووسیبوو ،بەلام دەستەبەندی نەی هێشت نامەکەت بە کەچەل بگا ، بۆ (حیزب) یان (١) ناردەوە ، تێیان هەڵ کێلای ،

سولەیمان گیان دەمەوێ ئەوانەت وەبیر بێنمەوە هەتا نامەو بیرەوەریەکانت تەکمیل بکرێن ، دەی تانووسی ئەو ژنەی تۆ کە باب و برا و مامی لە هەموو کاتیکا وەك پێشمەرگە وابوون ، ئەو مندالەی کە بە پێنج مانگی لەبەر دەزگای قولی دەربەدەر ببوو ، لە بەغدا برسی دەبوون و گەلێك رۆژ نانی وشکیان نەبوو ،

تانووسی ئەگەر کاتی ناتخواردن مندالەکەت دەچوە دیوی (حیزب)! پێش-خزمەتەکە (مەلاباقی) دەستی دەگرت و وەدەری دەنا ،

تانووسی بەوەش وازیان نەهێنا و شەری ئەعصابیان دەست پێکرد کە گۆیا ژنەکەم سیلی هەیە هاقالان! دەگرنەوە ،

کاك سولەیمان نانووسی : بەوەندەش وازیان نەهێنا . بە هۆی پولیسەوە کەوتنە کار، ئەحمەد توفیق (حیزب) لەگەل ئەو مەکتەبە سیاسیەی کە ئێستا پەلاماری دەدەن کلکیان لێك هالاندو پولیسیان بەدوادا دەگێرا کە بت دۆزنەوە ،

نانووسی پەردەگۆڕا ، ئێمە هەلاتین و هاتین بۆ عیراق ، چونکە کاریان پێمان هەبوو ، لە پێش دا کە بە دەرکراو خۆ دورا و ناویان دەبردین کراین بە وەزیری دەستە چەپ ، بەلام هیچ نەمان گوت ئەو کەریمەی کە هەمووما ن دەیناسین لە کۆێ بەو بۆچی وای لە گەڵ دەکرێ ،

کاك سولەیمان چاوەروان بووم لە نامەکەت دا ئەوانە بنووسی ، ئەوانەشم وەبیر خەیەوە ، جا ئەو دەم دلخۆش دەبووم ، دەمگوت شوکر ئەوە یەکێك پەیدا بوە کە هەموو شتیکی لە بیر ماوە ،

ویژدان وەخەبەر هاتوون ، بەلام بەداخەوە تۆ ئەم واقعیەتت نەنووسیون ، تەنیا دەنووسی " مەیدانت چول کرد " بەلام نانووسی بۆ چێ و سەبەب ح بوو؟

---

(١) حیزب ، مەبەست ئەحمەد توفیقە ،

دەنووسی : " پێت وابوو ژن و منداڵێك بژین لەگەڵ و نەتەوەیەك باشترە" •
کاك سولەیمان تۆ باش دەزانی من جاریك باب و دایك و ژن و منداڵم کـــردە قوربانی گەل و میللەت • ئەوەش پاداشم بوو •
سولەیمان گیان بێجگە لەوە هومانیزمیش بۆ هەموو تێکۆشەرێك پێویستە ، مەسەلە ئەوە نەبوو ژن و منداڵم دەمرن یا دەژین • مەسەلە ئەوە بوو دەبانویست بە دیاری بۆدەزگاری قوڵیم بنێرنەوە • دەستم نەدەگەیشتەوە کوردستانیش •
تۆ ئەوەت نەنووسیوە کە بۆچی ئەحمەد توفیق و سالحی خوارزای مەلامستەفا پولیسیکی عیراق بەدوام دا دەگەران و بمگرن • چم کردبوو ؟
هەر ئەوە نەبوو کە دەمگوت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دەبـــی حیزبیکی پێشکەوتوو ، دژی کۆنە پەرستی و ئیمپریالیزم و دژی بیرو بـــاوەری ئانتی کومونیستی بی ؟
ئەوانەت نەنووسیون • بەلام تۆ باش دەزانی کە من نانی بە ترس و لەرزیشم خواردوە • نەترساوم ، قـەو باسی ئازادیشم بۆ وەرزێرەکان کردوە •
ئەوانە بوون بەشی هەوەلی نامەکەم لە سەر بیرەوەری و رۆژگاری رابــردوو •
ئەوانەم بۆیە نووسین کە نامەکەی تۆ تەکمیل بێ و تۆش لە بیریان نەبەیەوە •
ب ـ دێمە سەر باسی بەشی دووهەمی نامەکەت •
برام دەنووسی : " گر چرخ بکام ما نگردد ـ کاری بکنیم تا بگردد " •
چەندە جێگای هومێد و خوشیە بۆ هەموو کوردێك • لاوەکانی کورد هەر دەبـــێ ئاوا بن • بەلام تۆ لە بارەی خۆتانەوە واتە کورد و کوردستانەوە قسە دەکـەی ، یەك سەر دەست بە رەخنە و مەحکوم کردنی ١٠ ـ ١٥ هەزار هەلاتوو دەکەی • زۆر خۆت بەوانەوە ماندوو دەکەی • لام وایە بێ جێ نابێ کە بلێم :
بە تۆ چی • (لێرە دا مەسەلەیەکی سەیری دیهاتیم لە لایە ، بەلام درێژە) بروام بەوە هەیە کە خوتان ئێستا خاوەن تەجروبەن • لام وایە زیانی نیە کــە تەجروبەی منیشی لێ زیاد بکەن • ئەویش ئەوەیە بە خەلکەوە ماندو مەبن •
مالە محەممەدی دوو ئەوەندەش هەلدەهاتن • کابرا هەلاتوە ، وازی هێناوە ، وای پێ باشە • ئێوە بۆ چی بەمەوە ماندوون ؟ • ئەگەر ئەوان هەڵ نەهاتبـــــان

کوردستان خودموختاری وەردەگرت ؟ بە خەلکەوە ماندوو بوون ، پەلامارداں ، داخوا یارمەتی بە کاری ئێمە دەکا ؟ . لات وانەبێ من دیفاع لە هەلاتووان دەکەم ، لەبەر ئەوە نیە . بەلام لام وایە ئەورۆ هەرکەس دەبێ خەمی خۆی لەبەر بێ . بە تایبەت کورد .

ئەوان ئەوە لە سەر ئاخوری خولا دەلاوەرێن . ڕێبەری پرولتاریان ، پێشقەرە وەلی خەباتن . ئەگەر پارازیت نەبوو دەنگی دوو سێ خۆ بە خیو کەران دێت . وایان پێ باشە ، بە ئێمە چی ؟ ئەوەی لە نووسراوەو چاپەمەنیەکانتان دا بەرچاو دەکەوێ ، لام وایە نەرۆژبەتی ، نەیارمەتی بە کاری ئێوە دەکا .

ئەگەر پێتان بکرێ کەلکیان لێ وەربگرن چەند باشتر دەبێ . خوزیا ئێستا ئێوەش رادیویکی ئاوا بە پارازیتتان همبایە و دەنگی خۆتان بە دنیا ڕاگەیاندبا . چەندباش دەبوو . خۆ کەلك وەرگرتن لەوانە مانای ژێردەستی و تەسلیم بوون نیە . بەلام بە داخەوە وادیارە هێشتا تەئسیری (لوشك هاویشتنی) بێ جێ و نالەبار لە نیوتان دا بە هێزە .

ج - سولەیمان گیان ! پاش حکایەتیکی زۆر کە باسی خەلکە و هەر وەك خۆت دەنووسی : " بە هەموو سەر قالی خۆمان غەمی وانیشمان بە سەرەوەیە " دەنووسی : " ئێستات بخەمە بەر چاو . لە سەر ئەورۆ قسە بکەی و بەرنامە داریژی " .

لە پیش دا دەلیم زۆر سوپاست دەکەم . هەر دەبوو ئاواش بێ و زۆرتریش بۆم بنووسی . بەلام بە داخەوە من لە ئێوە دوورم .

لە دوورەوە هەرچی بلیم ، رەنگە هێشتا لالەوەری ئاواتان لەگەل بێ کە بلێ کابرا خۆی لە ئوروپابەو بە قەولی تو " لە کەیف دا دانیشتوە و قسەش دەکا " . خولا بکەم خۆت لەو لالەوەرانە نەبێ !

بەلام دیسان هەر قسە دەکەم و بیرو رای خۆمتان بۆ دەنووسم . وردە وردە دیمە سەر ئەسلی مەتلەب . ئەوانەی نووسیوتن لە بارەی ئامادەیی و پەرداخیەوە جیگای هومێد و خوشی و سەر بەرز بە . بەلام لە سەر ئەو باوەرەم .

١ـ هەر هەنگاوێك لەو بارەوە بنێن ، باشترە بە پرس و را و پەسەندی سروكی شورش مستەفا بارزانی بێ ٠ لە هەلّ و مەرجێ ئەوروّ دا بزوتنەوە بە بێ پرس و پەسەندی ئەو هەڵەیە ، خوّ سووتاندنە ٠ هیوادارم ئەوەتان بە باشی لێك دابێتەوە ٠ بناخەو بنچینەو دەست بە كار بوون باشترە بە رەزای ئەو بێ٠

٢ـ باسی ئامانج و داخوازێ سیاسی و تاكتیك و ستراتیژی دەكەم ٠

سولەیمان گیان دەمەوی دووپاتەی كەمەوە مەبەستم لەو قسانە ئەوە نیە خوّ رابنێم و خوّ بە زوّر زان و دم راست بزانم ٠ بەلّكو هومید بە ئێوە وەقسەی خستووم ٠ وێ دەچێ ئیوە نامەكەم فرێش بدەن ٠ بەلام دیسان با قسەكانی خەم بكەم ٠ چونكە لە بریاری كونگرەكەتاندا ناوی كەسانی دیكەم چاو پێ كەوت كە بە جاسوس و دزی و دژی حیزب ناسرابوون و دەركرابوون ٠ بەلام شوكر ناوی خوّم چاو پێ نەكەوت ٠ بە داخەوە ئامانج و ستراتیژی و تاكتیكی كونگریتم لە چاپەمەنیەكانی ئێوەدا نەدیوە ٠ ئەوەی زوّر بەر چاو دەكەوێ ، ئامانجەكەتان " هێنانە سەر كاری حكومەتی میللی !! دوكتور مصدق ـ ە " ئەم دروّشمە وێرای لار بوونەوەتان بوّ لایەنگری لە بورژوازی ئیران لە نووسراوەكانتاندا خوّ دەنوێنێ٠ پێویستە بلێم ئەوەندە دروّشمێكی كوّن و هەڵەیە كە هەر نابێ باسی بكرێ٠ بە تایبەت بوّ كورد٠ ئەو مصدیق ـ ەی كە ئێستا ئێوە بوّ هێنانەوە سەر كاری خەبات دەكەن ، كاتێك كە لە سەر حوكم بوو چێ بوّ كورد كرد؟

مە سەلەی میللی لە ئیراندا هێنا گورێ ؟ اعترافی بە كورد كرد ؟ چاپەمەنی كوردی ئازاد كرد ؟ ئەسلەن بورژوازی ئیران بە میللی و بە سەگدبابی‌یەوە قەت كوردی بە نەتەوەیەكی جیاواز زانیوە ؟ ٠ رەنگە ئێوە بلاوكەرەوەكانی هەلاتوەكانی جبهەی میللی كەم بخوێننەوە ٠ سەردەمێك " ئیرانی ئازاد " كە ئورگانی جبهەی میللی یە ، حیزبی تودەی ئیرانی پەلامار دەدا كە بوّ چی دەنووسی " خلقهای ایران " دەبی بنووسی " خلق ایران " بلاو كەرەوەیەكی دیكەیان هاواری دەكرد و دیگوت : " نابێ یارمەتی كوردەكانی عیراق بدری، چونكە بوّ ئیران زەر ەرە پاشان داوای كوردستانی ئیرانیش دەكەن" بە كورتی ئەوەیە ناوە روّكی بیرو باوەرو سیاسەتی جبهەی میللی لەسەر كورد٠

به داخهوه له کونگره میژووییه‌کەتان دا ! وەها بەولایە دا کەوتوون کــــــه جیگای ترس و داخه. ئەو تەعریفەی ئیوه به خۆرایی و بی جێ له " جەبهـــەی ـ میللی و مصدقی کەبیر !! " تان کردوه ، خۆشیان بروا ناکەن که وابن . سەیــر ئەوەیە که ئیوه چاپەمەنی حیزبی دیموکرات بۆ تەعریفی جەبهەی میللی تەرخان دەکەن . بەلام رابەرانی پێشوی حیزبی دیموکرات و یارو یاوەری تــــــەواوی شورشگێرو زەحمەتکیشانی جیهان یەکیتی سوڤیەتی پەلامار دەدەن .

سولەیمان گیان لیرەدایه لەو بەشەی نامەکەت وەك دەگەوم که دەنووســی :
" سەرەخەر و پیاوی کەلەو لێ کەوتوو خۆ بین هەر ماون که دەیانەوی وەك رابردو به بێ مقصد لێ خورن ، لغاو هەل نەگرن ، ئەمما هەرچی دەکەن بۆ هەرجیگایەك دەرۆن یا وەك کەری غەریب سەر له هەر دەرگایەك دەنێن لغاویان بۆ حازر کراوه لوشکان داوێن ، ئەمما لەهۆزی مەبارەکیان شکاوه، ماخولیا بوون، پەکیــــان کەوتوه ، دەستەو ئەژنو دانیشتوون و بەو زوانه بیخ دەخۆن "ئەوانه خــــــۆی جیگای هومیدن. بەلام له وەزعی کونگرەکەتان وا دەردەکەوی که وا نیه .
بەراستی هێشتا بێ لغاو و سەرەرۆ زۆرن . له رابردوو تەجروبەتان وەرنەگرتووە ئەو هەموو زەبرەی له سیاسەت و بەدەنی حیزبی دیموکراتیان داوه . پێ یـــــان بەس نیه ، ئێستاش به ناوی کونگره ئاوا بۆ زەلکاو شۆردەبنەوە که به جاریــك حیزبی دیموکراتی کوردستانی تێدا نوقم دەکەن . تەنانەت دوژمنانی کوردیــش جولانەوەی مەهاباد به نوختە تحول له میژوی خەباتی کورد دا دەزانن . بــەلام ئێوه به بی لەبەر چاو گرتنی وەزع و هەل و مەرجێ ئەودەم ، به بێ لیکولینەوەی وەزعی ئەودەمی ئیران و جیهان ،رێبەرانی حیزبی دیموکرات به قسەی قـــۆر و قولومبه مەحکوم دەکەن . رەخنەیان لێ دەگرن و لەگەل قەدەم خێر بەراوردیـــان دەکەن . هەر بەوەش لغاو ناگیرنەوە، به گژ " مالی گەورەش دا دەچن" . ئــەورو له هەموو نوختەیەکی دنیا گەلەکان به یارمەتی و پشتیوانی ئەوان بۆ رزگـــاری خۆیان رادەپەرن و له یارمەتی هەراوی ئەوان کەلك وەردەگرن. بەلام ئیوه کـــــه دیوار به دیواری ئەوانن و دەتانەوی به خیر له بەرامبەر دەزگای قولی دا راپەرن له مصدق تەعریف دەکەن و رەخنه له یەکیتی سوڤیەتی دەگرن که ئەونـــــــــــده

بێ مانایە تەنیا بەو کەسانە دەگرێ کە بە ناوی حیزب ! هیچ چەپەلیەك نەمـــا نەیکەن. تازە ئەگەر ئەو تیئوریە غەلەتەش قبول بکەین و بلێین وەك ۰۰۰ ی ناو جوگە لە هەموو لایەك دەلەوەڕێن کە لە دنیای ئەورو دا بۆ میللەتانی ژێر دەست مەحالە دیسان رەخنە گرتن لە " مالێ گەورە " قازانجێکی تێدا نیە، دەردیەك دەوا ناکا ، یارمەتی بە ئێمە ناکە . تەنیا دوژمن پێ خۆشحال دەبێ . جا کـــە وابوو ئایا لەو بارەوە ئەگەر بتانەوی لەوێ خۆ بە لایەنگریش تیشان نـــەدەن ، بێ دەنگ بوون باشتر نیە ؟ بەلام بە داخەوە هێشتا تەئسیری لوشك هاویشتن و بێ لغاوبنان لە نێو دا بە قوەتە بۆیە وادەکەونە ئەو بارەوە.

٣ـ ئێوە بۆ ئەو کارە مەزن و گرنگەی کە خەریکن لە سەر خێران دەستی بدەنی پاش هێوا و هومێد بە خۆتان و بە گەلی کورد لە کوردستان ، دەبێ لە مەیـدانـــی ئیران و جیهاندا دوست و دوژمنی خۆتان دیاری بکەن و حسابی یان لەسەربکـەن و لێکی بدەنەوە . من لەسەر ئەو باوەڕەم لە مەیدانی جیهانیدا دوست و باری ـ دەدەری هەموو میللەتیکی ژێر دەست " مالێ گەورەو" کەس و کاری ئەوانن . بە حەق هەموو گەلێك بۆ ئازادی خۆی چاوی لە یارمەتی ئەوانە .

لە مەیدانی ئیرانیش دا بێجگە لە زەحمەتکێشانی ئیران و لەو هەلاتوانـــەی کە ئێوە هەموو سەرو بەندی مەبەستەکان دێننەوە سەر ئەوان ، گەلی کورد دوست و یاریدەدەرێکی دیکەی نیە .

ئەو جوملەیەی تۆ زۆر رجوانە کە دەنووسی : " ئێمە بە بیرو باوەرێکی جوان و ئوسولی کە هەر خۆمان لەبەر چاو نیە لە جاران جوانتر دێینە مەیدانـــــی عەمەلەوە " . ئەوە سیاسەتێکی راستە . بەلام نابێ هەر بەقسە بێ دەبێ بـــە کردەوە ئەو سیاسەتە بە هێز بکەن . رەخنە گرتن و پەلاماردان ، وەك لـــــە کونگرەکەتاندا پێشوو بەرە لا کردوە ، یارمەتێ بە مەسەلە ناکات . باشتـــرە ئەوان رابکێشن کەلکیان لێ وەرگرن . ئەودەم ئەوانیش بەو هەموو ناتـــــەواوی خۆیانەوە ، لە بەرامبەر سیاسەتی راستی ئێوە دا لام وا نیە دووریتان لێ بکەن. بۆ کاری وا گەورە هەرچەندی دوستان زۆر بێ کەمە. لەو بارەوە پترێ لەســـەری ناڕۆم . نە وەك لالەوەرێ واتان لە نێودا ما بێ بلێ ئەوە پیاوی ئەوانە.

بەلام ئەوە بیرو رای خۆمە ، رابردوو هەلویست و کردەوەی منی نیشان داوەو دوا رۆژیش دەری دەخات ٠

٤ـ دیمە سەر باسی ئامانج و تاکتیك و ستراتیژی٠ لام وایە زۆری سەر رۆیشتم و لام داوە ٠ لە نووسراوەکانی ئیوە دا زۆر باسی رووخاندنی رژیم و پەلاماردان و زەبر لی وەشاندن و شتی وا دەکەن ٠ دیارە هیزی ئەوتۆ شك بەرن جیگای شانازییە٠ بەلام نابی تەنیا مەبەست و ئامانجی ئیوە شەرو کوشتن و زەبر لی دان بی ٠ لەوانەیە ئەو هیزەتان هەبی ، بتوانن مست لە لاچەنەی قولی رابگرن٠ بەلام پیویستە داخوازە سیاسی و کومەلایەتییەکانی گەلی کوردیش بیننە گوری ٠ من لەسەر ئەو باوەرەم کە گەلی کورد نابی بۆ ئەوە خۆ بەکوشت بدا ، تالان بکری ، دیهاتی بسوتینری ، ئەوە چییە " قانونی ئەساسی و مەشروتە پیسە " زیندوو دەکریتەوە ٠ یا کۆنە کالیهاری مصدق دیتەوە سەر کار ، یا بورژوازی میللی بە حکومەت دەگا ! یا بیست میلیون فارس و تورك قولی خۆیان بروخینن٠ کورد کە خەبات دەکا دەبی ومدەست هینانی مافی نەتەوایەتی لەبەر چاو بی کە ئەورۆ لە هەموو شت بی بەشە ٠

ئیوە لە رۆژنامەی دواییدا مەسەلەی حکومەتی فیدرالتان هیناوەتە گۆری ئیمەش لە رۆژنامەی کوردستاندا چەند وتارمان لەسەر نووسیوە٠ بەلام ئەوە ستراتیژی کوردە٠ ناکری یەکسەر بۆی باز بدەی ٠ پیویستە هیندی درۆشمی کونکریتی تاکتیکی دنیا پەسەندانە داوا بکرین ٠ لام وایە ئەگەر قولی ئەو هیزە ببینی ، ئەوەندە ئەحمەق نیە خۆ توشی ئەو پەت پەتینە بکا ٠ بە تایبەت وەزعی چەند سالی ئەو دیو تەئسیری هەبووە ٠ پیویستە ئەو درۆشمە تاکتیکییانە بینە گۆری وەك : ناسینی زمانی کوردی ، خویندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان ، رۆژنامەو چاپەمەنی کوردی . ئازادی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، ناسینی کوردستان بە واحدیکی رەسمی . ئازادی گیراوە سیاسیە- کان و ٠٠٠ هتد ٠

ئەوانە ریزە مەبەستیکن تاکتیکی و دنیا پەسەندانە ٠ تەواوی دنیا لەو مافە دیموکراتیانە پشتیوانی دەکا ٠ دەکری هیندی درۆشمی دیموکراسیش بۆ

سەرانسەری ئیرانیش رەگەل ئەو داخوازانە بخرێن • خەڵك لەو مەبەستانە حالی بکرێ • داوای ئەو مافانە بکرێ کە رەشەکانی ئەفریقاش هەستاندوویانە• لە پێش دەست بەکار بووندا پێویستە ئەم داخوازانە بە دنیا رابگەیندرێ • نەك هەر کوت و پر دوو پوست و سەربازخانە پەلامار بدرێن بۆ ئەوە قولی بروخێنی و مصدق بێنەوە !

بە داخەوە هیچ یەك لەو درۆشمانە لە نووسراوەکانتان دا نابینم• پێویستە بە وردی سرنجی هەموو ئالو گۆڕ و سیاسەتی قولی بدەن •

سولەیمان گیان ، هەر چەند تۆ لە منت نەویستبوو بیرو رای خۆم سەبارەت بە وەزعی سیاسی دەرببرم • بەلام من زۆر یا کەم لە وەزعی ولات دەکۆڵمەوە• تا ئێستاش لە بەر نەبوونی ئادریس و نەزانینی شوێنتان نەم دەتوانی هیچتان بۆ بنووسم • ئەوانە بوون نەزەری من لە سەر خەباتی پیاوانەی ئێوە •

د- جاریکی دیکەش لە ناردنی ئەم نامەیە سپاستان دەکەم • زۆر سلاوی برادەران دەگەبنم • سلاو لە باوك و براکانی خێزانم دەکەم • کاك سولەیمان هەرچەند بە قەولی تو " مەیدانمان چۆڵ کردوە " بەلام دیسان لە خزمەت بە نەتەوەکەمان هەدامان نەداوە • لە ناساندنی گەلی کورد لە بلاو کردنەوەی وتارو شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لە دەرکردنی رۆژنامە بە زمانی کوردی لە ئوروپا •

بەلام لە سەر ئەوەشەوە زۆرم پێ خوشتر بوو وە پێم خۆشترە کە ئێستا لە کوردستان بام • لە نێو گەلەکەم لەگەڵ ئێوە قسەی قوڕمان کردبا • بەلام ح بکەم لە بەر بێ پاسپورتی بەسترامەوە• ئەگەر ئێوە لەو بارەوە هیچتان بۆ دەکری زۆرم پێ خۆشە بۆ گەرانەوەم بۆ لای ئێوە اقدام بکەن • تەنیا کۆنە پاسپورتێك دەتوانێ من بگەیێنێتە لای ئێوە • بۆ ئەوەی کە بتوانین رۆژنامەو چاپەمەنیەکانی ئێوە بخوێنینەوە دەست بە کار بوم ، جا نازانم چون دەبێ • ئێوە خوشتان لەو بارەوە اقدام بکەن • چەندە باش دەبێ کە نووسراوەکانی ئێوە بلاو بکرێتەوە نەك هەر زیانی نیە بەلکو قازانجیشە • لە دوایەدا لەو بارەوە بۆتان دەنووسم• ئەگەر ئادریسی دیکەش هەبێ پێوەندیمان زیاتر دەبێ و رەنگە پتر کەڵك وەربگرین •

دەستەکاتنت دەکوشم ، سلاو لە هەموو برادەران سەرکەوتنتان ئاواتە خوازم٠
براتان : کەریم

پاش ئەو نامەیەی من وا دەرکەوت کە کاك سولەیمانی موعینی نامەیەکیشی بۆ حیزبی تودەی ئیران و لە ریگای ئەوانەوە نامەیەکیشی بۆ حیزبی کومونیستی یەکیتی سوڤیەتی ناردوە لە تە ئریخی ١٢ / فەوریەی ١٩٦٦ دوکتور رادمەنیش نامەیەکی بۆ ناردبووم کە وا دەقی نووسراوەکە بە فارسی لیرەدا دینمەوە ٠

" رفیق عزیز حسامی ، پس از عرض سلام نامه‌ء ٦٦/١/٢ شما رسید از اظهار لطف شما متشکرم ٠ درباره‌ء سفر شما به ایران همانطور که باشما قبلا" مذاکره شده‌است موافقت وجود دارد ٠ اشکال کار پیدا کردن جانشین برای شما در رادیو است٠ که تاکنون همواره با اشکالاتی همراه بوده‌است ٠ در باره نامه سلیمان موعینی بوسیله حزب کمونیست عیراق اطلاع داده شد که ما آماده برای ملاقات با اینها هستیم٠ این ملاقات میتواند در عیراق یا در سوریه ویا در لبنان صورت گیرد منتظر پاسخ آنها می‌باشیم ٠ نامه‌ای را که برای حزب کمونیست شوروی فرستاده بودند برای حزب مذبور ارسال شد٠ اگر شما وسیله مستقیمی دارید میتوانید مراتب بالا را بە اطلاع سلیمان موعینی و همراهان ایشان برسانید ٠ در باره‌ء مسائل دیگر چون رفیق اسکندری عازم آنجا هستند خواهشمند است با ایشان مطرح سازید ٠ موفقیت شما را همواره آرزومندم٠
" رام "

ئەنوەر دڵسۆز و دەنگ و باسی تازە

لە هاوینی ئەو ساڵە دا بوو کاك ئەنوەر دڵسۆز لە سوفیا پەیدا بوو. لە فروکەخانەی سوفیا خۆی بە نوێنەری مەلا مستەفا ناساندبوو گوتبوی لە عیراقەوە هاتوم و میوانی کەریمی حیسامی دەبم. پولیس تەلیفونی لێ کردم لە ناو و وەزعی کاك ئەنوەری پرسی . گوتم وبڕای بدەنێ و دیێتە ماڵی من. پولیس وبڕای چەند رۆژی دابویە ، زۆری پێ نەچوو کاك ئەنوەر بە تاکسی گەیشتە بەر دەرکێ . کە وەدەر کەوتم چاوم بە جانتایان کەوت هەستم بەوە کرد کە کاك ئەنوەر بۆی دەرچوە . چەند رۆژ لە ماڵێ ئێمە میوان بوو. بە درێژی باسی وەزعی کوردستانی ئیرانی دەکرد . دەیگوت : مراد ئیریژ هەزار کەسی دەگەڵەو چەند شەرێ کردوون . باسی ئەوەی کرد کە راپەرێوەکانی کوردستانی ئیران لە ناوچەی خانێ پاش شەرێکی توند لەگەڵ هیزەکانی ئیران روو دەکەنە ناوچەی باڵەکان لە کوردستانی ئەو دیو . ئەحمە دحاجی بارزانی لەگەڵ پولێك ژاندارم و پەلێك بارزانی لە گوندی " ئالانی " دەورەیان دەدەن و یەکیان دەکوژن و سێ کەسیشیان دەگرن و دەیان دەنەوە بە عەجەمان . هەر سێ کیان لە خانێ لە دار دەدەن . کاك ئەنوەر دەیگوت : مەلا مستەفا بە تەواوی لەگەڵ شا دەستی تیکەڵ کردوە و دژی جولانەوەیە لە کوردستانی ئیران . دەیگوت شۆرشی کورد لە کوردستانی عیراق تامی نەماوە . بە تەواوی لە بەر دەستی حکومەتی ئیران دایە . هەر بۆیەش بەجێم هێشتوەو دەچم بۆ موسکو.

ئێمە ئەو دەم قسەکانی ئەنوەر دلسوزمان بە دڵ نەبوو . لامان وابوو

مەلا مستەفا سیاسەتێکی سەربەخۆ و نیشتمانی هەیە. ئەنوەر دڵسۆز دەیگوت : ماوەیەکە لە بارەگای بارزانی نیزیکم و ئێوە بە هەڵە چوون.

پاش نامەی دوکتور رادمەنیش ئیرەجی ئیسکەندەری هاتە رادیو مەسەلەی گەرانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ باس کرد. ئیرەج لە وەلام دا گوتی : راستی ئەوەیە کاک حەسەنی قزلجی ناتوانی بە تەنیا رادیو پەیکی ئیران بە شی کوردیەکەی بەرێوە بەرێ کەسیشمان وەگیر ناکەوێ یارمەتی بداو تۆ سەفەر بکەی.

لەگەڵ ئەوەش کە شەر لە کوردستانی عیراق توند بوو. رادیویی دەنگی گەلی عیراق ئورگانی حیزبی کومونیستی عیراق تەواوی بەرنامەکانی خۆی بۆ دەنگ و باسی شەرو دیفاع لە گەلی کورد و بلاو کردنەوەی بەیاننامەکانی شورشی کوردستان تەرخان دەکرد. بەلام رادیو پەیکی ئیران بە هەلکەوت جارو بار باسی شەرێ کوردستانی عیراقی دەکرد. بەلام باسی رووداوەکانی کوردستانی ئیرانی هەر نەدەکرد. زۆربەی رۆژان لە دەستەی نووسەران دا کێشەم ساز دەکرد و داوام دەکرد کە دەبێ باسێ وەزعی کوردستانی ئیران بکەین. حەمیدی سەفەری بەر - پرسی رادیو بەو بیانوە کە لە مەرکەزەوە پێ نەگوتراوە دژی پێشنیاری من دەوەستا و باسێ کوردستانی ئیران نەدەکرا.

ناچار بووم لەو بارەوە نامەیەک بۆ رێبەری حیزبی تودەی ئیران بنووسم و دەقی نووسراوەکەش لێرە دا دێنمەوە.

" رفقای محترم بوروی کمیتەی مرکزی حزب تودەء ایران.

سلامهای مرا بپذیرد. لازم میدانم نظر خود را دربارەء وضع برنامەی کردی رادیو پیک ایران دربارەء اوضاع کردستان عراق باطلاع برسانم.

در این موقع باری دیگر مسئلە کرد در عراق توجە محافل سیاسی جهان را بخود جلب نمودە واخبار مکرر در بارەء شروع جنگ، ارسال نیروهای دولت عراق بە کردستان، تهیە و استعمال گاز در جنگ علیە نیروهای انقلابی کرد تشجیع و تسلیح سواران جاش همەء اینها نشان میدهند کە دولت عراق میخواهد جنگ خانمان سوزی را در کردستان تجدید نماید. پر واضح است جنگ فعلی

ر کردستان جنگ بین دمکراسی و دیکتاتوری بین جبهه دموکراسی و ارتجاع است محت این نظر از تمام مطبوعات و انتشارات و گفتار رهبران حزب کمونیست عراق و رادیوی آنها و مقالات منتشره در روزنامه پراودا به چشم میخورد٠

مدتی استکه رادیوی رفقای عراقی برنامه‌های خود را به مسائلی که در کردستان میگذرد، به عهد شکنی‌های دولت عراق، به توطعه‌های پی در پی علیه خلق ملح دوست کرد در کردستان عراق، به افشاء نقشه‌های مهیلان و ظالمان علیه خلق کرد، به تلاش دولت عراق برای نزدیکی با دولت ایران، به تلاش و تحریکات امپریالیستها و ارتجاع برای تجدید جنگ در کردستان اختصاص داده‌اند ٠ همچنین درباره، وحدت نیروهای ملی در کردستان تبلیغ میکنند٠ برای نمونه کلیه اعلامیه‌های بارزانی و مندرجات روزنامه خمبات ئورگان پارت دموکرات کردستات کردستات در رادیوی صدای مردم عراق پخش میشود٠

ولی در تمام این مدت برنامه‌ی رادیوی پیک ایران نه تنها بزبان فارسی بەلکه بزبان کردی هم در اینمورد بسیار ناچیز بوده است ٠ ممکن است شما بگوئید این مسئله به عراق و به رفقای عراقی مربوط است ٠ ولی بنده مسئله را از جنبه‌های دیگر مطرح میکنم٠

اولا" ، حوادثی که در کردستان عراق میگذرد با وزعی که در آنجا پیش آمده و مرکز تجمع همه، نیروهای مترقی عراق شده‌است از جنبه، داخلی عراق خارج شده و مسئله مربوط به خاور میانه است ٠ زیرا پیروزی و تحقق خواسته‌های انقلابیون کرد که مورد تائید و موافقت حزب کمونیست عراق هم هست ، به معنی پیروزی نیروهای دموکرات در خاور میانه و پایگاه دموکراسی در آن منطقه است ٠

ثانیا" ، از این نظر که ایران جزء کشورهای خاور میانه بشمار میرودو هر تغییر و تبدلی که در اوظاع این منطقه بوجود بباید در وضع‌داخلی ایران بی تاثیر نخواهد بود٠ مسئله کرد در کردستان عراق مستقیما" در کردستان ایران تاثیر خواهد گذاشت و بهم مربوط میباشند٠

ثالثا" ، این پرسش برای من مطرح است ٠ اساسا" به نظر شما جنبش

جنبش خلق کرد در کردستان عراق یك جنبش مترقی است یا خیر ؟ اگر جنبش مترقی است پس چرا نباید بحد لزوم و بطور سریح از آن پشتیبانی کنیم؟
چرا ما از پارتیزانهای آمریکای لاتین گرفته تا قبرس و آفریقا در هر جائی که جرقه‌ای ترکید از آن پشتیبانی میکنیم ولی همینکه مسئله جنبش کردستان عراق پیش میآید کلمات و نظریات از قبیل : (با احتیاط ، بغرنج ،دسیسه پیمان سنتو ، جریانات خاور میانه و ۰۰۰) سبز میشوند جالب این است که اولا" مسئله مترقی بودن جنبش کردستان عراق ، و عادلانه بودن خواسته‌های خلق کرد از نظر حزب کمونیست عراق یك مسئله حل شده است ۰ درثانی پشتیبانی نیروهای مترقی جهان بویژه کشورهای سوسیالیستی از جنبش خلق کرد در کردستان عراق و همچنین اقدامات خصمانه و عهد شکنان و توطعه‌گرانه حکومت فعلی عراق با جنبش کردستان و روش ضد دموکراسی و ضد ملی آن رژیم دیگر ارزشی این قبیل کلمات را از بین برده است۰
با همهٔ این نه رهبری حزب توده ایران و نه دستگاههای تبلیغاتی آن نه تنها وظیفهٔ خود را در برابر جنبش کردستان انجام نداده‌اند ، بلکه قصور هم ورزیده‌اند ۰ آنهم ناشی از نداشتن عزم راسخ و ارادهٔ متین دستگاه رهبری در مقابل حوادث داخلی و خارجی است بویژه در بارهٔ مسئله کرد۰
برای نمونه مدت چهار سال است در همسایگی کشور ما جنگی در گرفته است طرف نظر از اینکه ماهیت جنگ چیست ، ولی جنگی است که مستقیما " روی قسمتی از هم میهنان ما تاثیر میگذارد۰ تابحال صدها نفر از کردهای ایران دوش به دوش برادران خود در عراق جنگیده‌اند۰ در این مدت بعلاوه حزب کمونیست عراق که نظریات خود را صریحا " بیان داشته و عملا" هم اقدام نموده‌است ، این مسئله در جلسات احزاب کمونیست کشورهای عربی و جلسات سازمانهای دموکراتیك و محافل مترقی‌جهان مورد بحث قرار گرفته و اعلامیه‌های متعدد هم در این بارهٔ صادر شده است ولی هنوز از طرف کمیته مرکزی حزب تودهٔ ایران صراحتا " در این بارهٔ اظهار نظری نشده است ۰ تبلیغات حزب در اینمورد نتوانسته روش صریح و قاطعی در پیش گیرد۰

مسئله این نیست که آیا ضروری است برنامه‌های ما مرتبا " در باره‌ء کردستان عراق سخن پراکندگی نماید و یا اینکه خاموش باشد، یا اینکه مانند حزب کمونیست عراق هر روز در این باره گفتار پخش نماید. صحبت بر سر این است که آیا نظر رهبری حزب توده ایران در باره‌ء جنگ کردستان عراق چیست ؟ جهت گیریش در اینمورد چگونه است ؟ اگر این مسئله روشن گردد آنوقت دستگاه تبلیغاتی حزب بآسانی میتواند در وقت لازم گفتار لازم را در این باره پخش نماید.

پیشنهاد میکنم رهبری حزب توده‌ء ایران در باره‌ء مسئله‌ء بدین مهمی صراحتا " نظر خود را ابراز دارد و رهنمودهای لازم هم به رادیو داده شود.

با تقدیم احترام : حامی

چەند نامەی تازە گەیشتوو

پاش ئەوەی کە لە نێو ئەندامانی حیزبی دیموکرات ناکۆکی پەیدا دەبێ کاک سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران ، برادەرانی حیزب ئەوانەی بیر و باوەری پێشکەوتنخوازانەو چەپ و دیموکراتیان دەبێ . کۆ دەبنەوەو "**کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان**" دادەمەزرێنن . دامەزرێنەرانی ئەو کۆمیتەیە بریتی بوون لە : " **حەمەدەمینی سراجی ، سمایلی شەریفزادە ، مەلا ئەحمەدی شلماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە ، مەلا عەولای عەبدوللاهی ناسراو بە سەرباز ، سالاری حەیدەری ، سەنعاری مەمەدی ، سەعید کویستانی ناسراو بە کاوە** " لەو دەمێدا سەناری مەمەدی لە گەڵ هێندیك لە دەورو پشتی خۆی هاتبوە کوردستانی عیراق و لە سیدەکان بنکەیەکی کردبۆوەو پێوەندی لەگەڵ برادەرانی تر گرتبوو لە دامەزرانی کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەشدار بوو .

خەبەرێ دامەزرانێ کۆمیتەی شۆرشگێڕی لە پێشدا بۆم هاتبوو بەلام بە هاتنی نامەی کاك سەعید کوێستانی ئێترلێم روون بۆوە کە لە کوردستانی ئێران جولانەوەیەکی قوڵتر لە کایەدایە .

لەو کاتەدا نامەی کاك سەعید کوێستانیم پێ گەیشت لە ٤٥/٦/١٢ نووسرابوو . ئەوەش دەقی نامەکەیە .

" هاوری بەرێز کاك کەریم حیسامی . لەگەل سلاوی گەرم و گور دەست

دەکوشم و ساخی و سلامەتیت بە ئاوات دەخوازم • بە خۆشی‌یەوە ئەو رۆژانـــــە کۆ بووینەوە بە نێوی " کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستـــــان" شتیکمان پیك هێناو بە سەرکەوتویی یەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا • خــــوا لە " پاراستن " بمانپارێزی زۆر شت هەیە دەبێ بیزانی و بە نامە ناکرێ•
کۆمیتەکەمان لەحەوت کەس لە کورە باشەکا ن پیك هاتوە کە ناکرێ لە بـــــەر نەبوونی ئەمنیەت نێویان بنووسرێ تا بۆخوت دێی و بە تیکرایی چاومان پێـــك دەکەویت • زۆر بە شەخسی تۆ هیواداریین و بە تەواوی لەسەرت ساخ بووینەتەوەو حیسابیت لەسەر دەکەین • لە سەر کاك رەحمانی قاسملو زۆرمان قسە کردوە، بە بلاو کردنەوەی قسەکانی ئەحمەد توفیق کە دەلی ناوبراو گیراوەو دوراوە،هێندیك وەزعی ناوبراو بۆ ئیمە تاریکە• هێواداریین بە تەحقیقاتی زیاتر بە هەموولایە - کمان ئەو مەسەلە روون کەینەوە دیارە نەزەری تۆ بۆ ئێمە لە سەر ناو بــــــراو گرنگە • هێواداریین بێ تعصب لەو بارەوە تەحقیقات بکەی و نەزەری خۆتمـــــان پێ رابگەبنێ ، دوایی بریاری خۆمان دەدەین •
کاکە گیان پەبکەکە بە پەلەیەو راناوەستێ بەلکو زوو بگەرێیەوە لە نیزیك باسی تەواوت لەگەل بکەین و بریارو بەرنامەی کاری خۆمانت لەگەل باس بکەین لە کوتاییدا سەرکەوتنت ئاواتەخوازین ، هیواداریین لە کارەکانمان دا بە پشت ئەستووری رەفیقی وەك تۆ سەرکەوتو بین و هەر وا بە سەرکەوتنی گەلی کـــــورد تەواو بێت •

برای بچوکت : سەعید کویستانی

هێندیك درەنگتر نامەیەكی كاك سولەیمانی موعینی ـ م پێ گەیشت لەگەڵ نامەكە وتاریكی ناردبوو داوای كردبوو كە لە رادیو دا بیخوێنینەوە ۰ هەروەها رەسمێكی سیامەندی كوری ناردبوو، نووسیبوی هیوادارم لە گەڵ كەماڵی كورت لە سەنگەرێك دا بۆ ئازادی كوردستان تێ بكوشن ۰

بێ ئەوەی پرس بە كەس بكەم وتارەكەم بە دەسكاریییەكەوە لە بەشێ كوردی رادیو پەیكی ئێراندا خوێندەوە ۰ ئەوە دەقی نووسراوەكەی لێرەشدا دێنمەوە ۰

پۆلا دەشكێ بەلام ناچەمێ

خەباتی پر لە كۆسپ و تەگەرەی گەلانی ئێران بە ناو گۆمی پر خوێن و سامناك دا بەرەو پێش دەروا ۰ كوششی بەرێن بۆ پێش خستنی كاروانی ئازادی و دیموكراسی ساتێك لە سرەوتن نەكەوتوە ۰ بیری ئازادی لە ژێر چنگی دبووی رەشی ئیستبداد و كۆنە پەرستی مێشكی دەكولێ و بەرەو ئاوات هانی دەدا ۰

ژیانی نابەسامان و چەوت و چەویڵ كۆمەڵی داوەشاندوە و باری هەژاری و چارەرەشی رەنج بەران كە بە هۆی دەسەلاتداراتی "هیئت حاكمە" كە بەسەر خەلكەكانی ئێراندا سەپاوە بە بەر چاودا دێت و دەچێت ۰ داو و تەڵەكەی ئیمپریالیزم هەموو رۆژی هەزاران كوسپ تێك دەدا و سەدان بیر تیژو ماف خورا و دەخاتە بەندو قەرازەوە ۰

وەرگێڕكەیی و خۆ فرۆشیێ حكومەتی شا بە دوژمنی بەشەرییەت بانی درندەی بەدفەری ئەمریكا رۆژ بە رۆژ شوێنەواری ماڵ وێران كەرانەی زیاتر دەردەخا ۰ جیاوازی چینایەتێ و ژیانی برسیەتێ و نەخۆشی و بیكاری سەودای بەرێن بۆتەوە بە ناو ناتوێ سەیر سەیر لە پێشەوە چوونی بەرهەمی نەتەوایەتی و رەنج كێشان بەرگری دەكرێ ۰ لە نێو شەپۆلی پر تەوەژمی ئەو شێوە ژیانە لمناو خەباتی ژیان و مردن دا لە نێوانی بەشخوراوان و داگیركەران دا حەولێكی بەرچاو دەبینرێ كە بێ شك هەموو خەباتكارو تێكوشەرێك دەخاتە ئەو باوەرە زانیستییە كە بە بێ یەكینی و خۆ لێك یەستنی هەموو لایە بە شیوەیەكی

ڕێك و پێك لە قالبێكی بزووتنەوەیەكی گشتیّ دا نەبیّ چاریّ ئەو بارە نالەبارە ناكرێت ٠

دوژمن دەمێكە سنگیّ لیّ بریوینە وە ڕێگای مەیدانداری لیّ گرتووین٠ هەڵویستی توند و تیژ سەركوتانیّ حكومەتیّ فاشیستی تاران لە ڕۆژی كۆدیتای خائینانەی ٢٨ ی مرداد تا بە ئەوروّ بە بیّ پسانەوەو پشودان بە هوّی گرتن و ئازارو تیرەباران و هەزاران فرت و فیڵی سیاسی بە ئاموژگاریّ ئەمپریالیزمی ئەمریكا كردویەو دەیكا ٠ دیسان هەموو كوّرو كوّمەڵێك دەخاتە سەر ئەو باوەرە زانایانە كە بە شێوەی چوّك دادان و بیّ دەنگیّ هیچ گوّیەك لە مەیدان نەچێتەدەر دەبیّ لە تیئوری خەباتی چەكدارانە پەیرەوی بكرێت ٠ لە هەموو سووچوو كەلین و قوژبنێك سەر لە دوژمن بشێوێندرێ و بنكوّڵ بكرێت٠ بە باوەرینەرەتی و راستی " مشروتیەت " لەگەل دوژمن بدوین ٠

لەو لاشەوە چاوگێرانێك بە سەر رابردووی گەلانی دیڵ و ژێر چەپوّك و تیّ-بینی ببڕ كردنەوە لە سەر جولانەوەكانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریكای لاتین بوّ قەلاچوّ كردنی خێرای ئیمپریالیزم و كوّنەپەرستی ئێمە بەسەر ئەو راستیە دا دەخا كە دەست و بردمان سەر كەوتنی تێدایەو دەستە و ئەژنوّ دانیشتن و خوّ بە قەزاو قەدەر سپاردن نەتەنیا ڕوّژ بە ڕوّژ دوژمن بەهێز تر دەكا بەڵكو مێژویەكی رەش و سەرشوّرانە پێك دێنیّ٠

قوّلتر لە هەمووی ئەوانە لەناو جەرگەی ئیمپریالیزم سێنگی ئازادی دادەكوتریّ و گەلێكیّ چوك لە بەرامبەر هەژدیهای حەوت سەری ئەمریكا لە ویتنامی قارەمان قوت كردوّتەوەو ئەو چوّكەی بە ئیستیعماری فەرانسەی دادا ئیمپریالیزمی ئەمریكاش توشی چارەنووسێكی زوّر لەوە شوم تر دەكا ٠

ئێمروّ لە ئیراندا كە ئیمپریالیزمی ئەمریكا بە هوّی حكومەتی چلكاوخوّری شا دەوری ئاغایەتی دەگێریّ و ماوەی هیچ پشودانێكیان بوّ كەس نەهێشتوتەوە هەموو تێكوشەرێكی ئازادیخوازی خستوّتە سەر ئەو باوەرە كە هەموو خەڵكەكا-تی ئیران و كوّرو كوّمەڵێك دەبیّ لە بەرەبەكی زیدی ئیمپریالیستی و كوّنەپەر-ستی یەك بگرن و بە خوّ ئاراستە كردن و هاتنە مەیدانەوە لە دوژمن بدرێت٠

هەر ئەو ئاوات و بەرژەوەندەیە کە بیری تیژی تیکوشەرانی حیزبـــــــی دیموکراتی کوردستان بن کوڵ دەکا تا دیواریکی پۆلایی لە بەرهەڵـــــــت و فیداکاری پیك بینن و بە کردەوە بە دوژمن ســەلمیندری کە بە پیچەوانەی ئـــەو بیرو باوەرە ژاراوی و ئازارو ئەشکەنجەیە دەتواندری گرنگترین بەرهەلـــــت و پایەداری پیك بی ٠

هاوری مەلا مەحمودی ئەحمەد زادە " زەنگەنە " لەو رووکارە گەشانــەی رۆژ بوو کە لە دەمیکەوە چەکی بە دەستەوە گرتبوو خەلاتی مردنی لەبەر خـــۆ کردبوو و مەیداتی لە دوژمن تەنی بوو هیچ کات و سانیك هەدادانی نەبـــوو خەو و خۆراکی لە خۆ حەرام کردبوو، شەو و رۆژ لە پیلانی سەرکەوتن بە ســـەر دوژمن دا بوو٠ لە تەواوی ئەو شەرانەی کە تیدا بەشدار بوو ئەستیرەیەکــــی گەش و روناك بوو لە ریزی تیك بەزیوی پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانــی ئیراندا٠

سیاسەتی چەوساندنەوەی گەل و زۆر لیکردن و پیدادان و راو نان و ئیمــان بە رەوت و ریگای زانایانەی حیزبەکەی کردبوویە قەلایەکی نەرووخ و راوەستاو کە لە کاتی شەردا بەرەنگار بوون لەگەل دوژمنی بە گۆقەندو داوەت دەزانی ٠ لە ناو ئاوالە پیشمەرگەکانیدا قاوە لەو شەرانەی کە بە گژ پیشمەرگە فیداکارو دلسوزەکاندا هاتوون ، کاك مەلا مەحمود وریاتر و نەبەزانە سنگی کردۆتـــە قەلغان ، چاوی نەترساوە ئامبازی دوژمن بوە و راوی ناوە ٠

داخی گرانمان تیری ئەجەل و گوللەی ویل لە رۆژی جومعە ٢١/ رەزبـــەری ١٣٤٦ هەتاوی سەعاتی هەشت سەر لە بەیانی لە شەریك دا بە رابەری کاك مـەلا مەحمود و چەند هەڤالە پیشمەرگەیەك لە گەل هیزی تا لانبەری ژاندارم لە ســـەر جادەی بەیرەم لە چەند کیلو میتری شاری قارەمانی مەهاباد روی دابوو بـــە قۆچی قوربانــی گەلە بەشەرەفەکەی و بەو سویندو پەیمانەی کە دابوی وەفادارما بە پەرۆشەوە ئاواتی سەرکەوتنی بردە ژیر گڵ ٠

تەرمی قارەمانی کورد ئەو جوستە لە کار دەرهاتوە کە لە ژیر باری بەفــر و باران و بەستەلەك و هەلدیر ، لە ژیر پالە پەستۆی باران و کریوە و رنـــــوو

گێژەوی تەرزەی کوێستانان بە سەر شاخ و زەردو ماهی چیابەرزەکانی کوردستان دا لێك هالا و تصرابوو • بەراستی دێمەنیکی دوژمن بەزیوی پەیدا کردبوو، لە پێشی ماشینیکی ئەرتەشی قایم کرا • ماوەی سێ ڕۆژان بۆ تۆقاندنی خەلکی بەشەرەفی کورد لە شاری سابلاخ و خانی و نەغەدە دا گێرایان و سەروا- نیك بە قەولی خۆیان وتاری خەلك ترساندنی بلاو دەکردەوەو دادپەروەری شاهانەو دوستایەتی ئاریامهری بە گەلی کورد نیشان دەدا • بەو خۆ نیشاندانە مەزنە ئەوەی بیر دەخستەوە کە هەتا حکومەتی شای ئاریا قهر ژیانی شاخ و کێویش بە کەس ڕەوا نابینی کە خەلکی کورد ناچارن بۆ پاربێزگاری لە شەرەف و ویژدانی گەلەکەیان ژیانی چۆل پەرستی دوور لە ئاوەدانیان هەلبژاردووە شورەیەکی پولایی نیان لەبەر هەلست پێکەوە ناوە لەشکریان دەباتە سەرو تەرمی بێ گیانیان لەبەر چاوی زیندوان دا دەگێری•

سالی ١٣٤٦ بەرامبەری ١٩٦٧ زاینی لە مێژوی حیزبی دیموکراتی کورد- ستاندا سالی ڕاپەرین و بەرهەلستە دژی ئیمپریالیزم و ئیستیبداد و دیکتاتوریەت • سالێکە کە ناوی زۆر شەهیدمان چوونە مێژوی کورد و کوردستانەوە کە پێویستە ناوی شەهیدانی ئەو سالمان بلاو بکەینەوە •

برایمە سووری محەمەد دەلاوەیی خەلکی ناوچەی خانێ لەو پێشمەرگە نەترس و نەبەزانە بوو کە لە شەری هەندرین لە جەبهەی ئاکۆیان ناوبانگی دەرکردو باشترین فیداکاری نواند• لە بەهاری ئەو سال دا لە شەرێکی کە لە پشتی خانێ دەستی پێ کردو لەشکری پینجی خانێ بە تۆپەوە چوە سەر پینج پێشمەرگەو دەردفەتی نەهێناو چەند جاران هوردووی شایانەیان سەرەوژێر کردەوە بە چەشنیکی لە گیان بردووانە لە گەماروی ئەو هێزە بێ هیزە هاتنە دەر پەنایان بۆ گوندی ئالانە برد • بەرێزی ڕەشاشی کۆنە پولێسێك تەرمی ئەو قارەمانە بێ وینەیە لە خوین دا شتلّ بوو • سەر لە نوی لەشێ بی گیانیان گراندەوە شاری خانێ، نمایشیان پێ داو هاورێ برێندار و بەردەستکراوەکانی خرانە بەر ئازارو ئەشکەنجە•

لە هەولی هاوینی ئەو سالدا لە پەلاماریکی کە هێزی ڕەشی شایانە هێنایە

سەر گوندی دۆلمنی لە ناوچەی پیرانان لە شەریکدا لە نیوان پیشمەرگە و ئـــەو هێزە پێك هات هاوڕێ محەمەد دەرویش ئەحمد تا ژاندەرەی شنۆیە کە یەکیك لـەو پیشمەرگە بە بیرو باوەڕەی حزبمان بوو و لە شەری هەندرین لە جبهەی ئاکویان قارەمانەتی خۆی سوور کرد بوە لە ناز ئاوا شوینی شەر شەهید کرا ئـــــــەو ئازایەتیەی لە شەری هەندرین نواندی توانی لە مەلبەندی خویدا دەری بخا ٠

عبدالە گروێ خەلکی داو داوی و هەل کەواوو چاو سوری ناوچەی سویسنایەتی کە بە تێکوشانی بێ باکانەی نمونەی فیداکاری بوو لە ناو دل و هە نـــــــاوی جوتیارانی کوردستان کە بە خوێنی دل پەروەردەیان کردبوو پێشکێشی حزبیـــان کردبوو لە بۆ سەیەکدا لە نیزیك پاسگای دولەتۆێ بە ناوی جاسوسان نابویانەوە تەنیا وەگیریان خستیو شەهید کـــرا ٠

بیری ئازایەتی و لە خۆ بوردنی کاك وەسمان خەلکی قروچەی لاجـــــــان زەحمەتە لە بیر مان بچێتەوە کە بە دەستی گوڕانی ئالوەتان لە پشتی ئاوەدانی کاولاسی ناوچەی منگوران شەهید کرا ٠

ئەوە تۆماریکی گەشە لە مێژوی خەباتی خوێناوی گەلەکانی ئیران کە لێـــك جیا ناکرێنەوە ٠

ژیانی بە ئاسایش لە ئیراندا هیچ ماناو ناوەروکیکی نەماوە حکومەتـــــــی دار و شکنجە هەوای ئیرانی ژاراوی کردوە. پشوی لە تێکوشەران بریوە ئـــــــەو خەباتکارانە ناچارن بۆ پاریزگاری لە شەرەف و ئینسانیەتیان پر دمنە چـــــەك پەنا بۆ لیرەوار و شاخ و ئەشکەوت بەرن بە ژیانی چەرمەسەری و دەرد و نـاســـور رازین بەلام حکوومەتی سەربەستراوی ئیران دەیەوێ ئەو چەشنە ژیانەش ژیـــــر پێ خا بە هەروژم و کوشتن و برین ئەو دەنگەش خاپور کا بەلام خیالی خـــــاوە نازانی ئەو بریارو و خۆلێك بەستنە بەرهەمی زور و زورداری خۆیەتی بە هەموو هیزی شەیتانی خۆی توانای بێ دەنگ کردن و زال بونی نیەو لە سەر ئەو باوەرەین کە بەرهەمی ئەو سیاسەتە توندو تیژە قین و کوڵ و کۆێ گەل هەلدەستێنیوهەموو گەلەکانی ئیران لەسەر ئەو ئامانجە بەرەیەکی زیدی ئەمپریالیستی و کۆنەپـەر- ستی پێك دێنن و شان بە شانی یەك بۆ دیموکراسی لە ئیراندا تێ دەکوشـــن و

به دهنگێك رادهبن كه ئهو دهنگه دهنگی گهلانی ئازادی ئیرانه ٠

له كۆتاییدا رو دهكهینه ئهو شههیدانه ودهڵێین هاورێیان بهمهرگتان لــه ناو گهلتان تهنیوهتهوه و گۆڕی بهجێ ماوتان هێزی دل و سۆمای چاومانـــــه و باشترین بهڵگهیه كه قهباڵهی كوردهواری پێ مور كراوه ٠

پێشمهرگه و هاورێیانی مهلامحمود و شههیدانكه له پۆلا رهق تروســـــهر- سهخت ترن پهیمانیان داوه رێك تر و به ئیمانتر ههر بهو رێگا پان و بهرینه دا برۆنكه شههیدانمان كوتاویانه تا سهر كهوتنی دوایی ٠

- شورهیی و سهرشۆری بۆ حكومهتی سهر بهستراو دیكتاتوری تاران ٠
- بمرێ ئهمپریالیزمی ئهمریكا دوژمنی خوێن خۆری گهلان ٠
- سهركهوی یهكیهتی و تهبایی گهلی ئیران له پێناوی ئاشتی و ئــــــازادی و دیموكراســی ٠
- سهربهرزی بۆ تیكوشهرانی راستهقینهی ئیران دژی ریژیمی دیكتاتوری ئیران ٠
- شانازی بۆتیكوشهران و پیشمهرگه قارهمانهكانی حزبی دیموكراتـــــــــی كــوردستـــــان ٠
- ســلاو لــه گیانی پاكی شههیدانی ئیـران ٠

هاوریتان ٠ سیامهند
مانگی رهشهمهی ١٣٤٦ ههتاوی

پڵ و پا بۆ گەڕانەوە

لەو سەرو بەندەدا کاک چوکەلی گەوهەریش کە هاوڕێکی تێکۆشەرو دۆستێکی نیزیکم بوو یەك دوو جار نامەی بۆ دەنووسیم داوای دەکرد هەر چۆنێك بێ سەرێك لە کوردستان بدەمەوە ، نامەی برادەران و دەنگ و باسی گەیشتبوو ئاراو قارای لێ هەڵگرتبووم ، بێجگە لەوە کە هاوڕێیانی حیزبی تودە دەرەتانی سەفەرم بۆ پێك بێنن هیچ ڕێگای دیکەم نەبوو ، کاک حەسەنی قزلجیش لەبەر تەنیایی و نەبوونی هاوکارو نەخۆشی خۆی ڕازی نەبوو سەفەر بکەم ،ئاخرەکەی ۱۹٦۷/۱/۲ نامەیەکی دیکەم بۆ دوکتور ڕادمنیش نووسیو بە توندی داوام لێ کرد کە هۆی سەفەرم بۆ پێك بێنن بچمەوە کوردستان و چاوم بە کاک سولەیمان و هاوڕێیانی تر بکەوێ ،

لەم بەینەدا کاک حەممەدەمینی سراجیش نامەیەکی بۆ حیزبی تودە نووسیبو ، برادەرانی حیزبی تودە لە ژێر تەئسیری دەنگ و باسی کوردستان و نامەی سولەیمان و حەممەدەمین هاتبونە سەر ئەو باوەڕە کە خراپ نیە سەرێك لە کوردستان بدەم ،

لە بانەمەری ۱۹٦۷ دا بە تەلیفون پێ یان ڕاگەیاندم کە بچمە ئەڵمان و چاوم بە دوکتورڕادمنیش بکەوێ ،

چەند ڕۆژ لە لایپزیك بووم ، چەند جار لەگەڵ دوکتور ڕادمنیش و ئیرەجی ئیسکەندەری و کامبەخش کۆ بوومەوەو لە سەر وەزعی کوردستان و سەفەر وتو ویژمان کرد ، ئاخرەکەی گوتیان : هاتوینە سەر ئەو باوەڕە کە سەفەربك

بکەی ، هاوڕێیانی کورد ببینیّ و بزانێ وەزعیان چۆنــە ، قەراریکیان لەگــەڵ دابنیّ کە لە عیراق یا لوبنان چاومان بە یەکتر بکەویّ ٠ بەلام ناماناـــــەوی قاسملو لەو سەفەرە ئاگادار بیّ ٠

گوتم ئەم سەفەرەم زۆر پێ خۆشــە ٠ لام وایە کەلکی زۆر دەبیّ ٠ بــــــەلام نازانم بۆچي قاسملو لەم باسە هەلداویّرن ؟ من وای بە باش دەزانم کـــــە قاسملو لەو سەفەرە ئاگادار بیّ و راویّژیشی پیّ بکەن ٠ دوکتور رادمنیـــــش گوتی : لە سەر قاسملو تەجروبەمان هەیە ٠ ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو ، ئێمە ناردبوومانە کوردستان ، بەلام هۆی بنەرەتیّ لیّك پچڕانی حیزبی تودەو حیزبی دیموکرات قاسملو بووە ٠

دیتم لەسەر رۆیشتنی تاویّ ٠ من لە خولام دەویست سەفەرم بۆ هەلکـــــەویّ٠ گوتیان ئیّستا بچۆوە ، پاش چەند رۆژی تر پاسپورتت بۆ ساز دەکەین ، خەبەرت دەدەینیّ و سەفەر بکە ٠

گەڕامەوە بۆ سوفیا مەسەلەی سەفەرم بە کاك حەسەن گوت ٠ کاك حەســـــەن لە لایێك پیّ خۆش بوو سەفەر بکەم ، لە لایەکی تر لەبەر ماندوبوون و تەنیایـــی زۆری بە دڵ نەبوو ٠

گوێم نەدا قسەکانی برادەرانی حیزبی تودە ، نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملـــو ناردو باسی سەفەرو وتو ویّژم بۆ نووسی ٠

رۆژی ٥ ی ئەوریلی ١٩٦٧ کاك حامیدی سەفەری پیّ گوتم : ویزای ئەلمانت بۆ هاتوە کە سەفەر بکەی ٠ چەند رۆژی تر بلیتت بۆ دەگرن خۆت ئامادە بکە٠ هاتمەوە مالیّ و مەسەلەی گەڕانەوەم بۆ کوردستان لەگەڵ خیّزانم هیّنا گۆریّ٠ لە پیّشدا زۆر نارەحەت بوو ٠ بیری لە تەنیایی و بیّ کەسی خۆی دەکردەوە٠ پاشان گوتی : لەو هەلّ و مەرجە دا برادەرانی کوردستان چاوەڕیّتۆن ٠ قەی ناکـــــا سەفەر بکە ٠ بەلکو بتوانن بە هەموو لایەك لە ئیراندا کاریّك بکەن ٠

١٠ ی ئەوریلی ١٩٦٧ کەمالی کوڕم نەخۆش کەوت ، دوکتور یەکسەر ناردی بۆ خەستەخانە ٠ زۆری پیّوە نارەحەت بووین ٠ بە تایبەت کە لەسەر سەفەریـــش بووم دەبوایە بە نەخۆشی بە جیّ بیّلم ٠

رۆژی ١٢ای ئەوریلی ١٩٦٧ کەمالم بە نەخۆشی لە خەستەخانە بەجێ هێشت و بەرەو ئەڵمان سواری فروکە بووم . لە فروکەخانەی برلین چاوەروانم بوون سواری ماشینیان کردم بۆ لایپزیك . پینج رۆژ لە لایپزیك مامەوە، چەند جار لەگەڵ بۆ رۆی سیاسی حیزبی تودە کۆ بوومەوە . لە لایپزیك چاوم بە پۆلای کوری شیخ مارفی بەرزنجی کەوت . داوای لێ کردم کە بە برادەرانی تودە بڵێم بەڵکو لە لایپزیك ئیمکانی خوێندنی بۆ پێك بێنن . من داخوازەکەی ئەوم بەجێ گەیاند ، بەلام بە داخەوە دیار بوو هیچیان نەکردبوو .

رۆژی ١٧ی ئەوریلی ١٩٦٧ لە برلینەوە بەرەو لوبنان سواری فروکە بووم، پاش شەش سەعات لە فروکەخانەی قبرس دابەزیم . ئەو دەم ئەو فروکەخانەی ئێستا نەبوو . لە دەشتێك چەند تەختەو کورسی داندرابوو مەعموری فروکەخانە چاویان لە پاسپورتی خەلك دەکرد چوار کەس بە پەتێك پیلکانی فروکەیان رادەکێشا کە خەلك دابەزن . زگم بە خۆمان سوتا . هەر لەوی کاغەزیکم بۆ کاك حەسەنی قزلجی نووسی . باسی وەزعی فروکەخانەو چارە رەشی کوردم بۆ باس کرد . بووم نووسیبو : قبرس موستەعمەرە بوو . لە سایەی موستەعمەرە بوونی ئێستا دەولەتە . ئەوەش وەزعی فروکەخانەیەتی . بەلام ئێمە چین و لە کوێن ؟

پاش پشوو دانێك فروکە هەستا و لە فروکە خانەی بیروت دابەزی . رۆژی دوایی چوومە بالویزخانەی عیراق و بۆ پازدە رۆژ ویزام وەرگرت . سواری تاکسی بووم چوومە شام . رۆژێك لە دیمشق مامەوە پاشان بە ئوتوبوس بەرەو بەغدا کەوتمە رێ . ئەو دەم ئوتوبوس بە بیابانیکی بێ جادەو ریگادا دەرۆیشت . شەو دایدا بارانەو بەیانی لە قوپێك کە ئاوی بارانێ تیدا وەستابوو ئوتوبوس ئاسیە بوو . چەند ئوتوبوسی دیکەش بە دوای یەك دا کۆ بوونەوە . ریگای چارە ئەوە بوو بە پال پێوەنان ئوتوبوس بێننە دەر .
موسافیرەکان بە تیکرایی دابەزیبوون و پاڵیان پێوە دەنا . کابرایەکی میسری بیجامەیەك لەبەرو کەوشێکی سەرپێیان لە پێ داو خاولیکی بە ملی دادابوو لە قاهیرەوە دەچووە کویت . زیاد لە هەموو کەس لەو لا راوەستابوو یارمەتی

نەدەکرد ٠ کابرایەکی سووری چوە لای و گوتی : تو بۆ نایەی پاڵ پێوە نێــــی و یارمەتیمان بکەی ٠ نازانم کابرای میسری چێ ولام داوە، کابرای ســــــووری دایگژایەو جا وەرە لێدە ٠ ملیان دەبەر ملی یەك ناو لە نێو قوراو دا یەکتریان هەڵدەشیلا ٠ سەیر ئەوە بوو کەس لێکی نەدەکردنەوە ٠ کابرای سووری دەیگــوت: سەی کوری سەی پێت وایە زەمانی وەحدەیە سواری سەرمان بن و ئاغایەتیمان لەسەر بکەن ؟ بە کورتی رۆژی ٢٣ ی مانگی ئەپریلی ١٩٦٧ گەیشتمە بەغــــدا لە حافظ قاضی چوومە هوتیل بەشار ، هوتیلیکی فەقیرانە بە ناوی وسینــــی کەریمی خاوەن مولك خەلکی شنو ژوریکی بە تەنیام گرت ٠ بە یانی چوومــــە دوکانی یوسفی ریزوانی لە بەغدا جەدیدە ٠

یوسف وەك رەوشتی هەمیشەیی بەر لە هەموو شت دەستی کرد بە کــــروزە کروز و لێی قەوماوی و بەیت و باوی پیر یژنانە لە کاتیکدا دوکانی وێنەگــەری هەبوو ژیانیکی باشی بۆ خۆی پێك هێنابوو ٠

گوتم وەختی ئەو حیکایەتانە نیە ٠ یەکیك پەیدا کەین بێنیرینە قـــەلادزە نامەیەك بۆ کاك سولەیمان و سمایل و حەمەدەمین بنووسم ٠ ئاخری یەکــــەی عەبەی کوری حەمە سەر شکاوی رەحمەتیمان دیتەوە٠ حەمە سەر شکاو یەکیــك لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات و کادریکی تێکوشەرو هەلسوری ناوچــــەی شنۆ بوو، لە زەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستان دا ٠ ئەویش لەگــەڵ زۆر کەسی تر رای کردبوو هاتبوە کوردستانی ئەو دیو ٠ لە کەرکوك بە دەستــــی کابرایەکی خۆ فرۆش و خائین شەهید ببوو٠ عەبەی کوری لە سولەیمانی مابــۆوە پاشان هاتبوە بەغدا لە چێشتخانەیەك کاری دەکرد٠ نامەیەکم بۆ کـــــاك سولەیمان و کاك حەمەدەمینی سراجی و کاك سمایلی شەریف زادە نووسی ، داوام لێ کردن بە زووترین کات بێنە بەغدا چاوە روانم ٠

عەبە وەك پیاوان کاغەزی تاقەت کردو کەوتە رێ ٠ پاشان چوومە هوتیــــل سامان کاك رەحمانی چاپی چیم دیتەوە ٠ کاك رەحمان دوست و برادەریکــــی کۆن و گەلێك خۆشەویستی من بوو٠ پیاوێکی جوامیرو دوستیکی بەراستی ٠ پاش رووخانی کوماری دیموکراتی کوردستان لە نەغەدە بە قاچاخی تقەنگــــی

کریبوو لێی‌دە قۆلە کەوتبوو • بارمەتیم دابوو تفەنگەکەم بۆ دەرباز کردبوو •
کاك رەحمان ئەوەی لە بیر نەدەچۆوە • سەردەمێك ماڵی لە زێنوێ شیخی بوو
دوستایەتیەکەمان لە رادە بەدەر پتەو و راستەقینە بوو •

کاك رەحمانم دیتەوە پێم گوت خەبەر بداتە کاك سەعید کویستانی و
چوکەلی گەوهەری کە لەناوچەی حاجی عومەران بوون گیر نەبن بێنە بەغدا •

چەند رۆژ چاوە روانی گەرانەوەی عەبەو وەلامی کاك سولەیمان و سمایلم
دەکرد • رۆژیك لە نێزێك شوربجە تووشی ماموستا توفیق ووردی بووم •
ماموستا ووردیم‌لە کۆنەوە دەناسی • بێ بەخێر هاتن و چاك و خۆشی قوت بوو
گوتی :

ـ ئەوە بۆ هاتویەوە ؟ بۆ هاتویەوە ئێرە ؟ باوکم ئێرە ئەم بە قورەگیراوە جێگای
زانا و دوکتور و نووسەر و ئەدیب و شاعیران نیە • جێگای ئەو کەسانە نەە وەك
خۆم بنووسن و شیعر بلێن •

ـ جا کە وا بوو کاك ووردی نە زانام نە دوکتورم . نە نووسەر و ئەدیبم . نە
وەك تو شیعر دەلێم . جێگای خۆمە •

ووردی دەستی لێ هەڵ نەگرتم • بردمی بۆ دوکانی کابرایەکی فەیلی • لەوی
چایکم خواردەوە دیار بوو کابراش وەك ووردی شاعیر بوو • کابرا هێنایە دەر
شیعریکی خوێندەوە و ماموستا ووردی گوتی ئەمەش وەك خۆم شاعیرە •
مال ئاوایم لێ کردن و چوومەوە هوتیل •

دوای چوار رۆژ کە چوومەوە دوکانی یوسفی ریزوانی کوریکی لاو چاك
لەوێ دانیشتبوو • نەم ناسی • یوسف گوتی :

ـ عەبە هاتۆتەوە ، سمایل و سولیمانی نەدیوەتەوە . توشی ئەمیری قازی بووە
کاغەزەکەی توی داوە بە ئەمیری قازی ، ئەویش نامەیەکی بۆ نووسیوی . ئەوەش
نامەی ئەمیری قازی یە •

یوسف لەگەڵ ئەو قسانە پێ دەکەنی • هەستم کرد ئەو کورە جوان چاکە
دەبێ سمایل بێ •

سمایل پێ کەنی و راست بۆوە گوتی : چێدی خۆم پێ راناگیری • ئامبازم بوو

یەکترمان دە ئامێز گرت ، تاوێك مات بووبین و قسەمان پێ نەدەکرا • پاشان دەستمان پێ کرد • لێم پرسی :

ـ وەبیرت دێ لە مەهاباد لە سەر خوانچە دانیشتبوی لەگەڵ رەحیمی سولتانیان هاتم دەمویست شیش گوریەت لێ بکرم ، گوتت خاڵە کەریمی حیسامی دەناسی ؟

ـ لە بیرمە ، زۆر جار گێڕاومەتەوە • پاشان گوتی عەبە نامەکەی تۆی دابوو بە ئەمیری ئەو بۆ منی نارد • کاك حەمەدەمین و سولەیمان چوون بۆ گەلاڵە • مونتەقیمی قازی لە لایەن شورشەوە گێڕاوە • عەبەم نارد بۆ گەلالەو ناوپردان ، بەلکو بتوانن بێن بۆ ئیرە • دەی جارێ بزانە کاك ئەمیر چی بۆ نووسیوی•

نامەی کاك ئەمیرم وەرگرت و دەستم کرد بە خوێندنەوەی • ئەوەش دەقی نامەکەیە کە ٣ / ٥/ ١٩٦٧ نووسیویە •

" برای بەرێز و خۆشەویست کاك کەریم

پر بە دل بەخێر هاتنەوەتان دەکەم ، هیواداری ساخی و سلامەتیتانم بوی بە گوڵە بەهارە ، بەلام گوڵە بەهارەی شەش سال جارێك • لەو هەموو کێشەو هەرایە دا بە دەیان جار کە باشترین هەل بۆ گەرانەوەتان ئەگەر بۆ جاریکیش بێ دەست دەکەوت • کەچێ هیچ • دەی با لەوانە بەگەرێین ، چونکە ئەو رازو گلەییانە بە نامە ناکرێ ، کە وابوو دیسان دەلێم بەخێر بێیەوە • بێ شك بە قەت دنیایەك لە مزگێنی گەرانەوەتان خوشحال بووم و تەنیا بۆ چاو پێ کەوتنتان بە هەر چەشنێك با دەهاتم • بەلام بە داخێ گەورەو گرانەوە ناکرێ جا هۆ و سەبەبەکەشی ئەگەر لە هەلگری نووسراو بپرسی بە باشی بۆت روون دەبێتەوەو ئیدی پێویست بە لێدوانی بە نامە ناکا •

بلێ بزانم ئێستا چۆنی و چیمان بۆ ئەنجام دەدەی ؟ نامەیەکی سێ چوار کەلیمەیتان ـ بە تۆ و کاك عەبدوللە ـ بۆ نووسیوین • لە جیاتی شتمان بۆ روون کاتەوە ، خۆی بوتە گرێ • چۆن وا دەبێ ؟ باشە بلێین نەت دەزانی برا چوکەی خۆت وا لێرەو لە چاو پێکەوتنی دوست و برادەرانیش بۆت روون

نەبووە کە گەیشتومە ئەو ناوە ، خۆ دەتزانی حەمەدەمین لێرەیەو لەویدا بۆ چی هیچ نەدواوی ٠ بە ناشکوری نەبێ کاکە عەبۆش چی وای لە حال و هەوال پێ نەبوو ٠ لە هەر حال دا بێ هەموو شتیك بە تێکرایی هەولی ئەوەمان دا کە چاومان پێت بکەوێ وبێ ینە لات ، بەلام هەر ئەوە دەکرا کە دەیبینی ٠ ئێستاش لەوانە گەرێین ٠هە ولی ئەوەمان بۆ بدە کە پاسێکمان دەست کەوێ ٠ جارێ با ماوەیەك لە ولاتاندا بخولێ ینەوە٠ئەوسا هەموو شتیك جێ بە جێ دەبێ ٠ ئەوەم هەر بێ گالتەیەو دەبێ پاسمان بۆ جێ بەجێ بکەی ، بە تەواوی پەکی خوێندنەکەمان کەوتوەو دەش زانی " نەزان چی لە دەست نایە " دیارە ئەوروش لە سایەی خواوە یان بلێین لە سایەی تیکوشانەوە تەنیا شێوەن کە پێویستە لە کاتێکی وا عاستەم دا دەستی یاریدەمان بۆ درێژ بکەن ٠ دەکرێ و ناکرێشم قبول نیە ٠ با پێت بلێم ٠ من ئەوە لێرەم و پاش پازدە رۆژی تر پاسێکی شەق و نوێم دەوێ کە قۆ قوێ کەلەبابێ نەبیستبێ ٠ جا پاش مانگیك لە دوای گەیشتنی پاسەکە لەوێ تا خوا حەز بکا دەردی دل دەکەین و خەبەرو هەوالی وات بۆ دەگێرمەوە مەگەر هەر خوا بزانێت ٠

کاکە گیان : نازانم چاوم پێت دەکەوێ یان نا ٠ بەلام وەکی برایەکی باش داوامە لە گەرانەوەت دا سلاو و حورمەتی برایانەم بە کاك رەحمان بگەیینی ٠٠٠ ٠٠٠٠ بەختیاریتان ئاواتە خوازم ٠

برا تان : ئەمیر
سەنگەسەر ١٩٦٧/٥/٣

کاك ئەمیر لە نامەکەیدا باسی برادەرێکی کردبوو کە درۆی دەگەل کردبوو ، نووسیبوی " بەلای منەوە درۆیە ، درۆش هەر درۆیە " نەم ویست لێرە دا ئەو بەشە بنووسمەوە ٠

نامەی کاك ئەمیری قازی لەو کاتەدا کە چاوی روون کردمەوە لە رادە بەدەریش نارەحەتی کردم ٠ جا وەرە برادەرێك ، هاورێ یەك ، دوستێکی خۆشە - ویست ئەو هەموو هیوایەی بە تۆ بێ ، ئاوا بە تێرادیوی داوای شتت لێ بکا ،

تۆش هیچت لە دەست نمیە • بەراستی داخ و خەفەتیکی گەورە بوو •

لە نامەی کاك ئەمیر بۆم دەرکەوت کە ئەو برادەرانەی ناچار لە کوردستانی ئەو دیو مابوونەوەو یا ناچار بوون بگەرێنەوە بۆ کوردستانی ئیران ، دەمێك بووە خەریکی ئەوە بوون ئەگەر بۆیان بکرێ بێنە ئوروپا و لە ولاتێك بخوێنن • چونکە کاك حەممەدەمین و سمایلی شەریف زادە و سالاری حەمیدەریش پێشتر هاتبوونە بەغدا و لە بالوێزخانەی میسر داوای ڤیزاو پاسپورتیان کردبوو کە بۆ خوێندن بچنە ئەو ولاتە ، بەلام سەر نەکەوتبوون •

کاك سمایلی شەریف زادە لەگەڵ خۆی نامەیەکی کاك حەممەدەمینی سراجی هێنابوو • کاك حەممەدەمین نووسیبوی :

" برای هەرە خۆشەویستم کاك کەریم گەیشتنی نامەت و هاتنتان بۆ بەغدا پر بە دڵ ئێمەی شاد کرد • ئەو چەند شەوەی کە دەنگت نەدەهات وتمان چۆتە سەفەر یان رابواردن • بەلام چا بوو هەر سەفەر بوو ئەویش سەفەریکی وا پێویست • برا گیان هێنەری نامە دوینی ٣/٥ گەیوەتە سەنگە سەر • ئێمەش ئەورو لە رێگا دیومانە • زۆرماندووین ئیشی سەیر سەیر هاتوتە گۆرێ کە برامان بۆتان روون ئەکاتەوە • هەر لەبەر ئەو ئیشانەش ئەمن نەمتوانی دەبێ دیان بگەرێمەوە بالەك •

ئەوە برامان کاك سمایل هاتە لاتان ، لە هەر باریکەوە جێگای بروایە و دەتوانی دەگەڵی بدوێی • ئەگەر توانیشت مانەوەت بخەیە دواوە تا رۆژی ١٤ ی مانگ ئەمنیش دێم و پیکەوە دەدوێین • دەنا ئەوە خۆت و ئەوە کاك سمایل• منیش زۆر زۆرم پێ خۆشە بدبینم ئەگەر رێ بکەوی • لە زمانی مەرا لە هەموو برادەران و هاورێیان بپرسە • داخوازی یەکیتی و سەرکەوتنمە •

برات : محمد امین

٤/٥/٧ ١٩٦

وەك پاشان بۆم روون بۆوە کاك حەمەدەمین و سولەیمان دەچنە کەلاوەو دەیانەوێ ئیجازە لە ئیدریس بارزانی وەربگرن کە بێن بۆ بەغدا . لەو کاتەدا مونتەقیمی قازی لە لایەن شورشەوە دەگیرێ . بارەگای بارزانی پێی وادەبێ کە سولەیمانی موعینی مونتەقیمی قازی ناردوتە هەولێر بۆ لای حکومەتی عیراق کە یارمەتیان پێ بکا . سولەیمان ترسی رێ دەکەوێ دەگەرێتەوە بۆ " دەولەتە رەقە " و لەوێ وە روو دەکاتەوە کوێستان . حەمەدەمینیش ئیجازە نادرێ بێ بۆ بەغدا .

من لەگەڵ کاك سمایل رۆژانە لە بەغدا دەسوورا ینەوەو یان دادەنیشتین باسمان دەکرد . هەولی ئەوەم دەدا کە لەو کاتەدا ناکوکی وەلا بنێن و هەموویان یەك بگرنەوە . لانی کەم پێشنیارم کرد کە لەگەڵ سولەیمان و قادر شەریف " هاشمی اقل الطلاب " ببنەوە یەك . کاك سمایل وەك روونالك بیریکی شورشگێری بێ تەجروبە ، تا رادەیەکیش لە ژێر تەئیسری تیئوری مائوی رەحمە - تیدا ئەوانی بە کونە پەرست و بە ناسیونالیست دەزانی و رێك کەوتنی لەگەڵ ئەوان رەد دەکردەوە .

خەبەرم دا قادر شەریف لە سولیمانی یەوە بێتە بەغدا چاوم پێ بکەوێ . پاش دو رۆژ کاك هاشمی اقل الطلاب هاتە بەغدا . پاش بەخێرهاتن و چاك و خوشی و باسی رووداوەکانی ئێستای کوردستان پێشنیارم کرد کە کاتی دووبەرەکی و ناکوکی نیە . رۆژی یەك گرتنەوەیە ، با هەموومان پێکەوە یەك بگرین و دەست بە کار بین . بەلام دیتم سەد رەحمەت لە سمایلی شەریف زادە . کاك هاشم تەواوی برادەرانی دیکەی بە خائین و خۆ فروش دەزانێ . بێجگە لەوە زۆر بە پەلە بوو بگەرێتەوە بۆ سولەیمانی . من کە دەمێك بوو برادەرانم نەدیتبو قادر شەریف ـ یش گیر نەدەبوو گوتم با لانی کەم لەگەڵ سمایلی شەریف زادە شەوێك پێکەوە دایان بنێم و یەکتر ببینن و هەموومان پێکەوە نان بخوێن .

یوسفی رێزوانی کە شارەزا بوو رەستورانیکی خوشی دیتەوەو شێوارەیەك کو بووینەوە دەستمان کرد بە خواردن و خواردنەوەو قسەی خوش . کاتیك تەواو بوین بانگی گارسونم کرد و حیسابەکەم دایە . کاك هاشمی اقل الطلاب گوتی :

" لێ یدە لە دولارەکانی رادمنیشی " تەماشام کرد کابرا گیرەی لە هەولێـــر دەگەرێ هەر بەو شەوە لێك جیا بووینەوەو بە داخەوە یەکترمان نەدیتەوە ٠

من هەر چاوە روانی هاتنـی کاك سولەیمان و حەمەدەمینی بـــووم ٠ رۆژی ١٩٦٧/٥/١٢ نامەیەکی کاك سولەیمانی موعینی ـ م پێ گەیشت ٠

کاك سولەیمان نوسیبوی :

" هاورێی تێکوشەرو لە مێژینەم کاکە شیروان ٠

لە پاش سلاوێکی هاورێیانەو بەتین خەبەرم وەرگرت کە تەشریفتان لە ســـەر لێگیرانەوەو پێشنیاری من لە لایەن هاورێیانی ه ٠ ا ٠ ح ٠ ت ٠ ایـــران هاتوون بۆ بەغدا بەلام بە داخەوە ماوەی مانەوەتان کەم بوو ئێستا بە هــــەر جۆرێك بێ هەلکەوتی سیاسی ئیران وا دەخوازێ کە بە هەر جوریك بێ درێـــژە بە مانەوەتان بدەن ٠ یا زووتر لە ریگاو جوریکی تر دا بگەرێنەوە٠ حەتمــــەن چاوت بە من بکەوێ کە مەسائیلی کوردستان و ئیران بە تایبەتی تاران زۆرە کــە دەبێ بریاری نیهائی بۆ بدەین ٠ ئێستا کە وەزعی حیزب لە چنگی " حیزب "(١) هاتوتە دەر و ریگامان تێ داخستوە هەروەها وەزعمان لەسەر یەك لە ســـەرەوە نا رێك و پیکە و تاقمیك دەخوازن سەر لە نوێ کلکی کێشراوی " حیزب " بـــە چریش بۆی تێکخەنەوە ئەو هەموو فیداکاری و هەتا قوربانی دانی ئێمە بـــێ بەرهەم بێلنەوە ٠ بە سرنج دانە سەر ئەو وەزعە ناو خۆیەی حیزب پێویستـــــە چاومان لەو سنورانە پێك بکەوێ ٠ هەر کات توانیت داخیلی کوردستان بــــێ، دەتوانی بێی بۆلای سونێ لای برایان ئەوانیش دەتوانن بە زوترین کات لە مـــن بگێرنەوە بێم بۆ لات ٠ بۆ ئەو مەبەستە من زۆر زوو پێوەندیان لەگەل دەگـــرم تا وەزعی تۆ بۆ روون بێتەوە ٠ من لە دەورو بەرێ حدود دەمێنمەوە چاوەروانـــی ولامت دەکەمەوە ٠ دلنیا بە وەزع بە مراد دەچێتە پیش ٠ برایەتی قەدیـــــم قایم تر زیندو دەکەینەوە بۆ هەموو لایەك ٠ تۆ پێویست بوو پیوەندیت لەگەل من بە هۆی برایانی فەرعی عیراق گرتبا نەك بەو شیوەیەی کە ئاشکرا بــــێ٠ هەموو جورە ئەشخاسی بێ بەندو باوەر ئوپورتونیست هەستیان پێ کردبا یـــا

(١) حیزب ـ مەبەستی ئەحمەد توفیقە ٠

نامەیان کەو تبا دەست وەك فلان ... کەس کە نوێنەرێ حیزبە ll " ا ـ ت " و جناح راستی حیزبی دیموکراتی کوردستان تقویت دەکاو بەرێوەی دەبا . لــەوەی بەولاوە تکایە پەیوەندی لە رێگای فەرع یا کاك سراجی ئاگادار بێ و بــەس ئەگەر پێویستی بە هاورێیان کرد بۆتان دیاری دەکرێ لە عیراق .
سەربەرزیتان ئاواتمانە .

برات : سولەیمان
١٩٦٧/٥/١٢

هەتا ١٩ی بانەمەرێ ١٩٦٧ لەگەڵ کاك سمایلی شەریف زادە لە بەغـــدا مامەوە . شەو و رۆژ پیکەوە باسمان دەکردو بە خۆشی رامان دەبوارد . من لەسەر ئەوە سوور بووم هەتا دەکرێ لە کوردستانی عیراق بمێننەوە لەگەڵ بارزانـــی تێکی نەدەن . بەلام کاك سمایل لە ژێر تەئسیر نووسراوەکانی دارو دەستـــەی برایم ئەحمەد و مام جەلال کە بەربەرەکانی بارزانیان دەکرد لەو بارەوە لەگـــەڵ من هاو دەنگ نەبوو . دەیگوت دەبێ زوتــر بچینەوە ئەو دیو و دەست بە تەقـەی بکەین .

لەگەڵ سمایل هێندی ناوی رەمزی و بە قەستی مان دانا ، بریار درا کـــە بەناوی " شیروان ، ئاشنا ، سالح ، شنویی ، نامە بۆ من بنووسن . منیش بـــە ناوی " شاسو سەعید ، سیروان " نامە بۆ ئەو بنووسم . لە پوستخانەی قەلادزە برادەرێکی نیشتمانپەروەر هەبوو نامەکانی بە ئەمانەتەوە بەرێ دەکرد .
لەو ماوەیەدا لە بەغدا لەگەڵ هاورێیانی حیزبی کومونیستی عیراق پێوەندیم گرت . هێندی دوست و برادەری کۆنم دۆزینەوە . لە سەر راسپاردەی من کـــاك سەعید کویستانی و چوکەلی گەوهەری هاتنە بەغدا چەند رۆژ پێکەوە بووین . لام وایە بارمەتیەکی زۆر بچوك و برایانەم پێ کردن چەند رەسممان پیکەوە گرت کە وا لەو کتیبەشدا دەبیندرێن . هێندی قەرارو مەدارو نیشانەی رەمزم لەگـەڵ دانان . ئادریسی مالێم دانێ کە نامەم بۆ بنووسن . رام ئەسپارد لە ئیران لەگەڵ هێندی برادەرو دوستی کۆن پێوەند بگرن .
ئەوان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە سولەیمانی موعینی راست ناکاو ئێستـــاش

به فیتێ ئەحمەد توفیق هەڵ دەسووڕێ • باسی نابەسامانی شورش و دەست تێ وەردانی حکومەتی ئیرانیان دەکرد لە کارو باری شورشی عیراقدا •
دەیانگوت ئێمە لە نێو جەرگەی شورش داین • شورشی کورد نەماوە ، ئێستا شای ئیران بەرێوەی دەبا • کوردستانی عیراق بوّتە راوگەی ساواکی و جاسوسەکانی ریژیمی شا •
لەو بارەوە باسیکی زوّرمان کرد • لەسەر ئەو باوەرە بووم کە ئەوان نابێ خوّ لە کارو باری شورشی کوردستانی عیراق هەلقوتینن • کاریان بە گازندەو رەخنە گرتن نەبێ • پیویستە ئەوان خوّیان بپاریزن •

گەرانەوە بۆ سوورىيا

ڕۆژى ١٩ى بانەمەڕى ١٩٦٧ لە بەغداوە گەڕامەوە بۆ شام. چەند ڕۆژ لە دیمشق لە مالە دوکتور جەمیل شەرەف بووم . چاوم بە قەدری جەمیل پاشا کەوت هەروەها لەگەڵ قەدری جانی شاعیر یەکترمان ناسی . برادەریکی دیکەی کوردی دلسۆز و نیشتمانپەروەرم لە مەتاری دیمشق دیتەوە کە پاشان لە سەفەرەکانی دواییدا زۆری یارمەتی دام .

ڕۆژی ٢٣ بانەمەڕ لە شامەوە سواری فروکە بووم بۆ برلین. لە برلین چاوم بە ئیرەجی ئەسکەندەری کەوت پاش باسی سەفەرەکەم پێشنیارم کرد کە حیزبی تودە یارمەتی بەو برادەرانە بکا . ئیرەجی ئەسکەندەری گوتی : لەگەل پێشنیاری تۆ موافیقم . ئەسلەن ئێمە لە بارەی مەسەلەی کوردەوە کەمتەر خەمی مان کردوە . لە کۆبوونەوەی خۆمان دا باسی دەکەم پێویستە یارمەتیان پێ بکری .

ڕۆژی ٢٧ ی بانەمەڕ گەڕامەوە بۆ سوفیا بێجگە لەوەی کە مندالەکان گەلێك شاد و خۆشحال بوون ، کاك حەسەنی قزلجیش لە رادە بەدەر کەیف خۆش بوو . لەگەڵ گیرانەوەی سەفەرو دیتنی برادەران و باوو دۆخی بەغداو کوردستان، کاك حەسەن دەگەشاوەو لەوەش سەری سوور مابوو دەیگوت : چون لەو بەغدایە نەجاتیت بوە و گەراویەوە !.

پاش گەڕانەوەی من لە بەغدا کارەساتەکان زۆر بە گورجی و خێرا روو دەدەن و دێنە پیش . کاتێك سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە بۆ دۆلە رەقە ، ئێتر

لەوی گیّر نابیّ و بەرەو سنووری کوردستانی ئیران مڵ پێوە دەنیّ • بارزانیەکان پەلیکی پێشمەرگە وەدوا دەخەن کە بیگرن ، بەلام نایگەنیّ و دەرباز دەبیّ •

لەو لایەشەوە حەسو میرخان کاك حەمەدەمینی سراجی و هاوالەکانی لە سەنگە سەر دەخاتە ژێر چاوە دیّری و ریّگا نادا لە سەنگەسەر وەدەر کەون و بوّ هیچ کویّ بجوون • کاك حەمەدەمین لەگەڵ هاوریّیانی دەکەونەراو و تەکبیرو لەو ە دەترسن کە بیانگرن و بیاندەنەوە بە حکومەتی ئیران • بە تایبەت کە مونتەقیمی قازیان گرتبوو دابوویانەوە بە ئیران • ئاخرەکەی شەویك کاك حەمەدەمین لەگەڵ سیزدە کەس چەك و شرەو برەی خوّیان دەست دەدەنیّ و بەرەو کویستان تیّی دەتەقیّنن •

بە گویّرەی نامەی کاك سمایلی شەریف زادە کە ۱۹٦۷/٦/۲۲ بوّ منی نووسیوە ئەشیّ روّیشتنی ئەوان دەورو بەریّ ۱۹٦۷/٦/۲۰ بووبیّ •

کاتیّك گەرامەوە بوّ ئوروپا و لەگەڵ ئیرەجی ئەسکەندەری قسەم کرد ، نامەیەکم بوّ کاك سمایلی شەریف زادە نووسیو لە بیّرو رای ریّبەرایەتی حیزبی تودە ئاگادارم کردن • "(کە بە داخەوە لە قسە دەر نەچوو)"

نامەیەکیشم بوّ بوّروّی سیاسی حیزبی تودە نارد و داوام کرد کە کوّبوونەوەیەك بە بەشداری دوکتور قاسملو کاك حەسەنی قزلجی و من پیّك بیّنن تا لەسەر وەزعی کوردستانی ئیران و رووداوەکانی تازەی کوردستان و یارمەتی بە برادەرانی ویّ راویّژ بکەین و هەنگاو باوین •

پاش ماوەیەك نامەی کاك سمایلم پیّ گەیشت • ئەمەش دەقی نامەکەیە •

" کاکە سالح گیان نامەکەتان گەیشت ، زوّر شادی کردین • بە داخەوە نەناردنی قەرزەکەی دوکتوری ئاموزاتان (دوکتور قاسملوە کە خوّی بە جیا نامەی بوّ نووسیبوو) ئیّمەی خستە پەروّشەوە • ئەم هەوالەشم بە هوّی کاکە " خەسرەوە " لە روّژی ۱۹٦۷/٦/۱ پیّ گەیشت و تا رادەیەك بوو بە هوّی کەسادی کارو باری کەسابەتەکەمان• کاکە گیان خوّتان بە باشی ئاگاداری وەزعی کارو کاسبی هەن و بە باشیش ئەزانن ئەگەر بیّت و نە هەڵ و مەرجی لەبار

هەبێ و نەکریار ، وەزعەکە تا رادەیەك ئالوز ئەبێ . لە لایەکی ترەوە خۆتـــان لە دنیای کەسابەت ئاگادارن . هەموو کات تاجری دەولەمەند تێ ئەکوشـــێ بۆ لە ناو بردنی تاجرەکانی ترو بە تایبەتی ئەگەر بێت و تاجریکی فــــرە دەولەمەندو بە هێزی وەك " مچە " لە ئارا دا بێ . وەزع هێندەی تر شپرزەتــر ئەبێ . ئێستاکەش ئێمە ئاوهامان لێ هات . بێ بازاری ، ئالۆزی و زەخت لـــە هەموو لاوە ، هەرەشە لێ کردن ناچاری کردین کە دەرگای ئەم دوکانە تا رادەیەك دابخەین و بێ گوێزبینەوە بۆ شوێنیکی ترو بە تایبەتی ئێستا کە گەرما هارروو. ژاوە خێلەکەمان بار کەین و بەرەو کوێستان کۆچ کەین . ئاشکرایە پاش لێکدا ـ نەوەیەکی دووری تاجرانە ئەم رێگەیەمان بە دوایین رێگەی ژیانی کەسابەتەکەمان زانێ .

کاکە گیان رەنگە ئەم سەفەرەی ئێمە دوور و درێژ بێ رەنگە بشزانێ کە بۆ؟ جا بۆیە داوات لێ ئەکەم هەتا ئاگادارتان نەکەمەوە نامەم بۆ مەنێرە .

سالح گیان ئەگەر دەست بدا ئەوا رەنگە بێمە لاتان . چونکە ئەم سەفــــەرە زۆر پێویستە ، ئەوەش بزانە ئەم سال کوێستان زۆر ساردە و بۆ تواندنەوەی بەفـر پێویستی بە ئاگرو گەرماو رەعد و بەرق هەیە . توخوا لێگەرێ با لە تواندنەوە ی ئەم سەهۆل و بەفرانە ئێمەش بەشێکمان پێوە هەبێ . کاکە گیان دەستەکانـــت بە گەرمی ئەکوشم . گەرمترین سلاو بۆ هاوریکانت . سلاو بۆ دوکتوری ئاموزات چاوەروانی نامەمان بکە . بە هیوای دیتننان .

برات : ئاسو سەعیـــد

١٩٦٧/٦/٢٢

کاك سمایل لەگەڵ ئەم نامەیە دوو نوسراوەی بچوکیشی بۆ مندالەکانی مـــن ناردبوو کە هەروا بە خەتی خۆی بۆ یادرگار لێرەدا چاپیان دەکەم .

پاش ماوەیەك نامەیەکی کاك حەمەدەمینی سراجیم پێ گەیشت کە وەزعەکەی پتر روون کردبۆوە . دەقی نامەی کاك حەمەدەمین لێرەدا چاپ دەکرێ :

برای خۆشەویستم کاك سالح

" ئاواتە خوازم سلامەت و سەربەرز بیت ٠ پتر لە مانگ و نیویکە چاوەروانی نامە یا خەبەریك لە ئیوە یان دوکتور رام ئەکەین ٠ بەلام بەداخەوە هیچ لایەکیان نیە ، تا رادەیەك ئەو بێ هەوالیتان ئیمەی نیگەران کردوە ٠ ئاخر ئاشنا گیان خۆت نازانی لە کاتێ وادا هەر رۆژیك سالیکەو هەر مانگەی دەمیان سال ؟

خۆ من تا ئیستا هەر لەو ماوەیەدا نامەیەکی دوور و دریژیشم بە کاکە شوان دا بۆ ناردووی ، بەلام دەترسم لە ئەم لا و ئەو لا چوون و خۆ گنخاندنی کاکە شوان یان نامەکە نەگا یا زۆر درەنگ بگا ٠ لەهەر حال دا بۆ دڵ نیایی بوون ئەو نامەشم بۆ ناردی ٠

براگیان ، ئەوەی ئەم سال گەرما بەسەرمانی هینا تا ئیستا نەبینراوە،بە ناچاری بارگەو بنەی یەکجاریمان بەرەو کویستانەکاتی خۆمان تێك نا ٠ سەرەرای بەفرو سەرماو سۆلی زۆر دیسان کویستان بۆمان باشتر بوو تا گەرمێن٠

جێگات خالی ، بەفری ئەم سال بە فکری کەس دا نایە کە تەواو بێ ، لە زۆر شوێن تازە هەلزە و بیزا سەر دینە دەر ٠ لە سەرو بەندیگەرانەوەی کویستا - نمان با بە گەورە " مام شەریف " (١) کەوتە برو بیانوو و هەرەشەیەکی زورکە وا بکەم و وابچێ بە چەشنێك ئیستاش تەنانەت بە پیاوەکانی لە کویستانان دەگەڵ مالە قولی (٢) خەریکی نارحەت کردنمانن ٠

کەس چاوە روانی کردەوەی وای لە مام شەریف نەدەکرد کە لە ئاخرو ئوخری عومردا ئاوا ناکۆکی بخاتە ناو تایفەیەك ، تا ئیستا پتر لە سی کەسی ئیمەی گرتوە و داویە تەوە دەست قولی ، هەر ئەو ئاکارە ناشیرنە و ناپیاوانە گەرمێنی لێ تاڵ کردین و بەرچاومان چۆل کرد٠

سەیرە ، کە هاتە سەری چاك و خراپ ناناسێ ، شتی وا دەکا لەوی کە ردین - سپی تایفە یە زور دوورە و ئابروی خۆی پێ دەچێ لە هەموو لایەك٠

---

(١) مام شەریف - مەبەست مەلا مستەفایە٠

(٢) مالە قولی - مەبەستی ئیرانە ٠

من بۆیە ئەوەم نووسی کە ئێوە هەرچۆنێك بە باشی ئەزانن ئامۆژگاری بکەن کە دەست لەو ئاکارە گلاوانە هەلگرێ و ئامۆژگاری کەن بۆ هاتنە خوار لە کەری شمیتان ٠ دمنا هاوکاری ئەو و پیاوەکانی لەگەڵ مالە قولی لە کوێستانەکانی ئێمە دا هەروەها گرتنی کورەکانی ئێمە و دانە دەست قولی هیچ بۆ ئەو ناهێلێتەوە و رەنجی عومری بە بادادەدا ٠ لە نامەکەی کە بە کاکە شوانم دا نووسیوە بە وردی لەو بابەتەوە دواوم ٠ وەزعی ئێمە لەگەڵ بابە گەورە (١) وەك نەقلی ورچەکەو مەلەوانەکەی لێ هاتوە کە دەگێرنەوە : ورچێك بۆ ماسی گرتن لە لێواری چومێك دەگەرا ، لەپر لێوارەکە رووخاو ورچ تێ کەوت ٠ چۆمەکە چۆمی بەهار بوو بە تەوژم ورچی راداو هێنایە خوار ٠ چۆم بەبەر دێیەك دا دەرۆی، چەند کەس لە تەپکێك راوەستابوون چاویان لە چۆمەکە دەکرد، لەپر یەکێك چاوی بە ورچەکە کەوت نەیزانیێ ورچە، بەوانی تری نیشان دا هەموو هاتنە سەر ئەوەی کە پێستە پەنیرە ئاو هێناویەتێ ٠ یەکێك لەوان کە مەلەوانێکی قۆچاخ بوو بە پەلە خۆی رووت کردەوەو گەیشتە سەر پێستە پەنیر بەلام پێستە پەنیر نەبوو ، مام ورچ بوو ، مام ورچ تا چاوی بە مەلەوانەکە کەوت دەستی لە ئەستۆ کردو بەرێ نەداو پیکەوە شۆر بوونەوە ٠ برادەرەکانی مەلەوان قەراخە و قەراخ دەهاتن تا پێستە پەنیری لێ وەرگرن کە دیتیان پێستە پەنیر مەلەوانی بە دووی خۆیدا دەبا ، بانگیان کرد برا وازی لێ بێنە ، وەرەوە قورسە بۆت نایەتە دەر ٠ مەلەوانێ گرفتار لە جوابدا وتی خواتان لێ رازی بێ ، خۆ من لەمێژە دەستم لەو بەرداوە ئەوە ئەوە کە دەست لە من هەڵ ناگری ٠ ئێستاش ئێمە نێزیکە دوو مانگە دەستمان لە مام شەریف بەرداوە ، بەلام ئەو تەنانەت لە کوێستانەکانی باب و باپیریشمان شان بە شانی پیاوەکانی قولی خەریکی لێ گەران و ئازاردانمانە ٠ بەلام تا کەی دەتوانێ وابکا ، بروا ناکەم تەمەنی زالم زۆر بێ ٠ با ئەورۆش قازانجی کاتی هەر دوو لا (مالە قولی و مامشەریف) لەوەدا بێ کە لە گەرمێن و کوێستان دەستی مە ببەستن ، بەلام لە دواییدا

---

(١) بابەگەورە ـ مەبەستی مەلامستەفایە ٠

دەردەکەوێ کە قوڵی کلاوێکی ناوەتە سەر مام شەریف کە هەتا ئەژنۆی گرتـــــوە
دەی لە دوکتوری خۆمان خەبەرێك نیە ؟ لە زمانی ئێمە را لێ بپرسە . خـــۆ لە کاك حەسەن پتر لەحەوت سالە بێخەبەرم . رەنگە هەر لە بیری چووبمـــەوە بەلام من لە بیرم نەکردوە ، گەلێکی لێ دەپرسم .
کاك سالح ، سەرە رای ناکوکی تایفەو دووبەرەکی و هاوکاری مام شەریف و قوڵی کوێستان تا بلێی خۆشە . دەگەڵ سێمانی (مەبەستی سولەیمانی موعینی) بە) بووینەوە یەك ماڵ و تاوڵمان یەکەو چارەنووس یەك . ئەوەش بە هۆی بـــە باش زانین و هان دانی زیاتریٚ ماڵی کاکە شوان بوو . زۆر لە برای چاو کـــــز دەپرسم و چاوی منالەکانت ماچ دەکەم " . هەر شاد بێ .

برات : محەمەد ئەمین ـ ئەحمەد

١٩٦٧/٧/١٨

پاش وەرگرتنی ئەو نامەیە بۆم دەرکەوت کە پاش گەرانەوەی حەمەدەمیـــن و سمایل بۆ کوردستانی ئێران لەگەڵ سولەیمانی موعینی بوونەوە یەك و خەریکـی پەرە پێ دانی کومیتەی شورشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستانن .
لە ئوروپا لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە رۆژنامەی کوردستانمان بلاو دەکـــــردەوە دوکتور قاسملو هەولی دەدا کە " کوردستان" ببێتە ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئێمە بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئوروپا قسە بکەین و رۆژنامە بلاو بکەینەوە . ئەو کارەی کە کاك رەحیمی قازی و کاك عەلی گەلاوێـــژ لە باکو کردبوویانە . دیارە برادەرانی کە لە کوردستان بوون ئەوان خۆیان بـــە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانی و بە کردەوەش هەروا بوو . من لەو بـــارەو ە لە سەرە تاوە لەگەڵ دوکتور قاسملو هاو دەنگ نەبووم.
پاش وەرگرتنی نامەی کاك حەمەدەمین چاوم بە دوکتور رادمنیش کـــەوت . وەزعی کوردستانم بۆ باس کرد . دوکتور رادمنیش گوتی : " تێکوشەرە کوردەکان با رێگای راستی خەبات بدۆزنەوە ، نەخشەی کاری خۆیان بکێشن ، ئێمـــــەش هاوکاریان دەکەین و یارمەتیان دەدەین . لە سەر رۆژنامەی کوردستان گوتی ، ئێمە لامان وایە مەسەلەی کاری تەشکیلاتی کوردستان لە کادری رۆژنامە جیا بکرێتەوە "

۲۸ی ئوتی ۱۹٦۷ نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملو ناردو دەنگ و باسی کوردستانم بۆ نووسی و لە سەر وەزعی رۆژنامەو کاری تەشکیلاتی بیرو رای خۆم راگەیاند ·

لەنامەی دوکتور قاسملو دا نووسیبوم :" لام وایە مەسەلەی تەشکیلاتی کوردستان نابێ بە رۆژنامەکەوە ببەسترێتەوە · دەبێ ئیعتیراف بکەین کە ناکرێ لە دەرەوە پاش سالەها دووری لە ولات بە قسە لە ئوروپاوە رێبەرایەتی گەلی کورد بکرێ · ئەوانەی ئێستا لە بارێکی دیژواردا بە شاخانەوە دەگەڕێن ، حەقیانە کە رێبەرایەتی ئوروپا قبول نەکەن ، ئوسولیش هەر وایە · لام وایە سەبارەت بەم وەزعەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە مەسەلەی سیاسی و تشکیلاتی کوردستان لە دەرەوەی چوارچێوەی رۆژنامەکەدا باس بکرێ· ئەوە بەو مانایە نیە کە رۆژنامەکە بۆ هەمیشە لە کادری تەشکیلاتی و ریکخراوەیی بە دوور بێ · مەبەستم سەرو بەندی ئێستایە · پێم خۆشە بە درێژی نەزەری خۆتم بۆ بنووسی " ·

هەلویستی برادەرانی حیزبی تودە دوکتور قاسملوی نارەحەت کردبوو· لە لایەك ئەو ئەندامی حیزبی تودە بوو ، لە لایەکی ترەوە بروایان پێ نەدەکردو لە سەر وەزعی کوردستانیش راوێژیان پێ نەدەکرد·

دوکتور قاسملو لە تەئریخی ۱۹٦۷/۹/۹ نامەیەکی بۆ من نووسی کە وا دەقی نامەکەی لێرەدا بلاو دەکەمەوە ·

" کاك کەریم رۆژ باش · کاکە گیان نامەکەت و هەروەها مەقالەکان گەیشتن زۆر سپاست دەکەم · دیارە ئەخباری عیراقم زۆر پێ ناخۆش بوو · بەلام نەزەری خۆت نەنووسیبو بۆ چێ مەلا مستەفا وا دەکا · تو کە لەوێ بوی دیارە باشتر دەزانی بۆ چێ ئەو چەند سالە شتی وای نەکردبوو بە جارێك ئاوا دوژمنایەتی دەگەل ئەو کوردە ئیرانیانە دەکا کە لە عیراق بوون · تکا دەکەم نەزەری خۆت لەسەر ئەوە بنووسە ·

دیسان پێم ناخۆش بوو کە کاك حەسەن لە خەستەخانەیە· زۆر سلاوی لێ بکەو

هیوا دارم هەرچیٚ زوتر به ساخ و سەلیمی له خەستەخانه بیێته دەر ٠

له سەر رۆژنامەکە وا دیارە باش له یەکتر حالی نین ئیٚمە ئەو رۆژنامەمان هەر بۆ ئەوە ناوی کە رۆژنامەیەکە و هەیە ٠ مەبەست له دەرهیٚنانی رۆژنامەکە شتیٚکی تر بوو٠ له پاشان زۆر رووداوی وا هاتە پێش کە دەگمیێنی سەروکەکانی تودەو ئیٚمە " دیارە مەبەستم لە پیٚشدا خۆمە " نەزەرمان یەك نیە ٠

دووەم ئەوەیە کە ئەوان هەزار شت دەکەن کە پیٚوەندی بە کورد و کوردستانیش هەیە ، هەر لیٚشمان ناپرسن ٠ تۆ ئەگەر نەزەرت ئەوەیە کە ئەو گیٚرو گرفتانە بە یەکەوە پیٚوەندیان نیە کەیفی خۆتە ، من نەزەرم وا نیە ٠

ئەوە لە مانگی مای ١٩٦٦ قەرارمان داوە شەش مانگ جاریٚك وە ئەگەر نەبوو سالی جاریٚك کۆبوونەوەی گشتی رۆژنامەکە پیٚك بیٚت ٠ ئیٚستا سالیٚك و پینج مانگە کۆبوونەوەکە دیار نییە !

شتیکی تر، ئاخری ئەو مانگە کۆبوونەوەی تەبلیغاتی لە لایپزیك تەشکیل دەبیٚ ٠ لە نووسراوەکانی خۆیاندا باسی رۆژنامە دەکەن ، رۆژنامەکە بە هی خۆیان دەزانن بەلاٚم کەس لە ئیٚمە مانا بانگ ناکەن ٠ ئەگەر لە بیرم نەچووبیٚ خۆت پیٚرارەکە رەخنەت لیٚ گرتبوون ، گوتبویان جاریکی دیکە بانگتان دەکەین من سیٚ هەفتە لە برلین بووم چەند جار خەبەرم بۆ ناردن بەلکو بیانبینم، نەتیجەی نەبوو ٠ بۆ خۆم بۆ طبری تەلیفونم کرد وتی دیٚم بۆ دیتنت ، دیٚسان هەر نەهات ٠ ئیٚمە وامان لیٚ هاتوە کە وەك ئالەتی دەست هەرچی پیٚیان خۆش بوو دەگەلمان بکەن ٠ لە پاشان بۆ چیٚ ؟ جا ئەو هەموو تەقەللایە بۆ چی یە ؟

یا لیٚمان دلنیان " دیسان باسی خۆم دەکەم " ئەو دەم دەبیٚ بە پیاویشمان بزانن ئەگەر وا نیەو لە هەموو جیٚگا بە ناوی ناسیونالیزم ناومان دەبەن هەزار قسەی تریشمان لەسەر دەکەن ، شیٚت نەبووین دلٚی خۆمان بە رۆژنامەیەك خۆش بکەین ٠ ئەویش رۆژنامەیەك کە ناتوانی لە چوارچیوەی بیٚرو باوەری کۆنی سەروکەکان بچیٚتە دەر ٠

ئەو باسە دوورو دریٚژە لە سەر کوردستان لە میٚژە حازرە ٠ بەلاٚم بەراستی نازانم بۆیان بنیٚرم - ئەگەر یەکترمان دیت دەتاندەمیٚ ئیٚوە تەماشای بکەن٠

من پێشنیارم کردوە هەتا ئاخری ئەو مانگە تەشکیل بێ ، کە لە پاشـــان دەرس دەست پێ دەکا بۆ من زەحمەتە بتوانم سەفەر بکەم .

برات : رەحمـــان
١٩٦٧/٩/٩

پاش ئەوە کە راپۆرت و بریارەکانی کونگرەی دووی حیزبی دیموکراتمان پێ گەیشت و دیتمان شتێکی بێ ماناو دووور لە واقعیەت هەر وەها پەلامـــاری پێشەوا ، رێبەرانی حیزبی دیموکرات و یەکیتی سوڤیەتی تێدایە هاتینە ســەر ئەو باوەرە کە شتێکی دوور و درێژ و مەنتقی لەسەر بنووسین . نووسینەکە کاك رەحمان وە ئەستۆی خۆی گرت . هەر چەند وەك لەو نامەیەشدا دەنووســی :
" باسەکەی لە مێژە حازر کردوە"، بەلام ئیستاش نە هیچمان دیتوو نەزانیمان چێ نووسیوە .

لە مانگی سێپتامبری ١٩٦٧ برادەرانی کەلە ناوچەی حاجی عومەران بـــوون خەبەریان دامی کە عەولا غای پشت دەری ئامێر هێزی بالەك ، سوارە سەکـــری ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان گرتوەو داویەتەوە بە حکومەتی ئیران.
لە لایەکی ترەوە نامەم بۆ هات کە عەبدولوەهاب ئوتروشی ئامێر هێزی خەبـــات شەش ئەندامی حیزبی دیموکراتی لە تەوێلە گرتوە. مەلا رەحیمی وردی ناسرا و بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەلبژێراوی کۆنگرەی دوو کاتێـــك ویستویانە بیدەنەوە بە حکومەتی ئیران ئیعتیرازی کردوە ، عەبدولوەهـــــاب ئوتروشی ئەمری کردوە تەقەی لێ بکەن و کوشتویانە . پێنج کەسەکەی دیی بـــە ناوانی ئەسکەندەر عەلی ، محەمەد مۆمنی،تۆفیق مستەفا ، حەبیب ئەبابەکر ، جەعفەر ئەبابەکر تەسلیمی حکومەتی ئیرانی کردونەوە .

ئەو کردەوانە دەنگ و باسی تر کە لە کوردستانەوە دەگەیشت گومانمان لەوە دا نەمابوو کە رێبەرانی شورشی عیراق بۆ رازی کردنی حکومەتی شا ئـــەوە لەگەڵ کوردی ئیران دەکەن و بە جارێك کەوتونە ژێر دەسەلاتی ساواکی ئیـــران.
بەلام لەسەر ئەوەشەوە ئێمە لە رۆژنامەی کوردستاندا پشتیوانیمان لــــــــە مەلا مستەفاو شورشی کورد دەکردو بە توندی بە گژ دارو دەستەی برایم ئەحمەد و

جەلال تالەبانی دا دەهاتین و لەسەرمان دەنوسی ٠

لام وایە لە ئاخر و ئوخری مانگی ئوتی ١٩٦٧ بوو نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجیم پێ گەیشت ٠ نامەیەك بوو بە ریگای هاوریانی حیزبی کومونیستی عیراقدا بۆی ناردبووم ٠ نامەکە زۆر دواکەوتبوو ٠ نامەیەکی دووروو درێژە،بەلام بۆ روون بوونەوەی رووداوەکان وەك تەئریخ دەقی نامەکە بلاو دەکەمەوە :

زۆر خۆشەویستم ئاشنا گیان

" نازانی چەند تاسەی دیتنی تۆ و برادەرانم هەیە ٠ بروا بکە چاو بە چاو کەوتنی ئازیزان روون و گەش دەبێتەوە ٠ سەفەری ئەو دووابیانەت لیکی نیزیك کردبووینەوە٠ بەلام هەر وەك ئاگاداری کەند و کوسپی لای مە بەرگری هاتنی کرد بۆ لاتان ٠ ٠٠٠ هەر لەسەرو بەندی نووسینی ئەم نامەیەدابە پوستە نامەیەکم بۆ ناردی تا تویژیکت لە رووداوەکانی پاش گەرانەوەت بخەمە بەر چاو نازانم هیچت لێ هەلگراندوە یان نە ٠ بەلام بە هۆی کاکە شوان ئەوە ئەو نامەیەم بە درێژی بۆ نووسی تا تۆبرادەران ئاگاداری کار بن ٠

دەبێ کاك سمکو بە وردی لە بەغدا لەگەلتان دوا بێ ٠ کە هەلوێستی مە بەرامبەر بە برادەرانی کوێستانی و هەر وەها شورش چۆن بووە٠ ئێمە شورشمان بە شورشی خۆمان زانیوەو دەیزانین ٠ نە بەو نیازەی کە لە مەلبەندیکی کورد نشین هەلگیرساوە بەلکو لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتاوە دروشمی هێنانە سەرکاری حوکمیکی دیموکراتی لە عیراق و سەلماندنی مافی ئوتونومی بۆ گەلی کورد هەلگرتوە٠ ئەوانەش ئەو داخوازانە نین کە پشتیان نەگیری ٠ بیجگە لەوانەش ئینسانی ئازادیخواز ئازادی هەموو ولاتیکی ژێر دەست بە هێ خۆی دەزانی و هەر ولاتیکی رزگار بووش بە مالە خۆی دەناسێ ٠ سەرەرای هەموو شتیك هەر لە زەمانی شورشی چاردەی تەموزی ١٩٥٨ تەنانەت پێشتر لەوەش بۆ کوردان باو بووە لە هەر لایەك توندیان لێ گرتوون پەنایان بۆ لای تر بردوە، زۆربەی ئەو

ئاوەش ئێوە و برادەرانی پاش ئێوە رشتیان کە عیراق بە پەنا و پەسیویکـــی باش بزانن بۆ لێ قەوماوانی سیاسی • جولانەوە جۆر بە جۆرەکانێ بیرو بـــروا تا کوێ توانیویەتێ ئێوە پیکەوە بلکێنێ یا لیکیان جیا کاتەوە ، ئەوە شتیکـی جیایەو پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە •

ئێمە ئەحمەد و فایق و جەماعەتمان لۆمە دەکرد کە لەپلەی هەوەڵ لە بیـــرو باوەری پیشو لایان داوەو لە پلەی دووهەم دا بە عیراقەوە چەسپاون کە ئیرانیان لە بیر چۆتەوە • لە کاتیکدا بۆ ئێمە تیکوشانی سیاسی و ریکخراوەیی لە ولاتدا مەرجیکی بنەرەتێ و پێویستە • ئەو ناکۆکیانە هەر مان ، ئەحمەد و فایق - یش لیك جیا بوونەوە ، فایق خۆی بە لای چەپ دا هێنا و ئەحمەد یش لای راست •

ئێمە بە هۆی سابقەی زەهنی یەوە بروامان بە فایق نەدەکرد و لیی دوور بوویـن• لە پێوەندی ئەو دووابیانەی مونتەقیمی قازی لە هەولیر بە حکومەتەوە و راکرد- نی فایق ئاگاداری •

هەر پیش ئەو پێوەندییە لە لایە عە بدولوەهاب ئوتروشی ئامیر هیزی خەبات پینج برادەری کادر و ئەندامی حیزبی بە گوێرەی بروسکەی ئیدریس بارزانی بـــۆ عەبدولوەهاب لە لای پینجوین گیران • راکردنی فایق کە هیچ پێوەندیکــــــــی بەوانەوە نەبوو ، کرابە بیانوو بۆ تەحویل دانەوەی ئەوان بە حکومەتی ئیران •
هەر دوا بە دوای ئەوە برادەریکی کومیتەی ناوەندی هەلبژیردراوی کونگـــــرەی دووهەم و لێ پرسراوی لقی چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نیوی مــــەلا رەحیم لەگەڵ کادریکی هەرە باش و پاکی لای بانە کە پتر لە سێ سال بــــــوو دانیشتبوو خەریکی کاسبی بوو گیران و ئەوانیش درانەوە بە ئیران• مونتەقیمی قازی - یش هەر دراوە بە ئیران • دیـان پینج برادەری کادرو پیشمەرگـــــــەی ئیرانیان لە بالەك گرتوو تەحویلیان دانەوە • وای لێ هات جەنجەری شورش بـــێ هیچ حیسابیك چاك و خراپی وەبەر دەداو دەیدانەوە دەست ئیران • تا حەوتویەك لەمەو بەر پتر لە سی کەس پەنا هینی سیاسی کورد بۆ عیراق دراونەوە دەســت ئیران •

لە سەرو بەندی تەحویل دانەوەی مونتەقیم، من و برادەریك بۆ ووتو ویژ لەگەڵ

مەکتەبی سیاسی پارتی و هەر وەها مەکتەبی تەنفیزی چووبووینە لای بالـەك ، پاش دیتن زۆر بە ئاشکرا درکاندیان کە بۆ برادەرانی ئیرانی دانیشتووی عیراق تاقە دوو ریگا هەیە ، یا توانەوە لە ناو شورش دا و دەست لە ئیران هەلگرتن ، یان چوونەوە ئیران و دەست لە عیراق هەلگرتن ، دەنا ئێمە ریگا نادەین کەسیك پەنای بۆ ئێمە هێنابێ بچی لە ئیراندا خەریکی حیزبایەتی بێ . ئێمەش جوابێ ئەو پیشنیارەمان وەدوا خست تا برادەران دەبینین. ئاشکرایە شتێ وا بە مە قبول نەکراوەو ناکرێ . ناچار بەرەبەرە خۆمان کیشاوە نیو ئیران .

شورشیش بە داخوازی ئیران پیش گەرانەوەی ئیمە پتر لە ٢٥٠ پیشمەرگەی لەگەڵ عەشیرەتی مامەشی بەشی عیراق و هەموو کویخا مەنگورەکانی عیراقی لە ئیراندا وەدوای فایق و جەماعەتەکەی خست کە شان بە شانی ژاندارم و جاشـە-کانی ئیرانی و سەرباز و ئەفسەر و مەءمورەکانی سازەانی ئەمنیەت بەدوایدا دیهات و کیوەکان بپشکنن و بە زیندوویی یان بە مردویی بە دیاری بۆ ئیدریس بارزانی بێننەوە . پیشمەرگەی شورش بە پانایی پتر لە پەنجا کیلومیتر بـە درێژایی کێوەکانی نیزیك خانێ تا لای بانە دێ بە دێ گەران و بیجگە لە تـف و لەعنەتی خەڵك چێ تریان دیاری نەهێناوە .

ئەو کردەوە دڵی هەر ئینسانیکی بەشەرەفێ لە ئیران و عیراقدا بریندار کرد کە حکومەتی ئیران سەرەرای ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەرباز و ٢٠ هەزار ژاندارم و هەزاران جاشی بە کرێ گیراو ، بارزانی و پیشمەرگەی قارەمانی کوردستانـی عیراق بەد نیو کا و بیانکاتە دار دەست و قوڵە چوماخ . ئەو کردەوە گـلاوە قسەی ئیدریس بارزانی وەراست گیرا کە لە برادەریکی ئیمە هەرەشەی کردبـوو ، گوتبوی :"هەر کەسی ئیرانی هاتوو چوی ئەو دیـو بکا لاقی ئەپەرینیـن و تەنانەت تا تاران پیشمەرگەی وەدوا دەخەین و دەیگرین و سزای دەدەین". بەلام بۆ ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی بیرو بروا دەزانن ئەو هەلوێستە توند و تیـژە تا ج رادەیەك دەتوانێ کاریگەر بێ ؟ لام وایە هیچ . وەك بوێژیکی فارس دەڵی:

رەسم و رە آزادی یا پیشە نبـاید کرد

یا آنکه ز جان بازی اندیشەنباید کرد

دیــان ئێمه پێش گەرانەوەمان بۆ گێرانەوەی فایق زۆر تێکۆشابین تا وابکەین یان بگەرێتەوە ، یان وا بجوولێتەوە نارەحەتی نه بۆ خۆی و نه بۆ خەلك و نـــه بۆ شورش بخولقێنێ ٠ فایق له سەر راسپاردنی برادەران تا له توانای دابوو خۆی پاراست ٠ دیــان پاش دوو جار دیتنی له لایەن برادەرانمانەوه له ئیران بـــەوه گەیشتبین که له ئەم دبو یا ئەو دیو ئێمه کۆبوونەوەیەك پێك بێنین و بۆ بەرێـــوه بەرێتی و هەلبژاردنی بەرێوه بەران تصمیم بگرین ٠ هەر کاتیك بەرێوه بەرانـــی هەلبژاردراو بریاری گەرانەوەی فایق بدەن با لاشی سور بێ که تەحویلی ئیرانـــی دەدەنەوه چوون بریاری بەرێوه بەری له سەره ، بۆ عیراق بگەرێتەوه٠ بەلام پەلـــه پەلێ شورش له تەحویل دانەوەمان زۆر له برادەرانمانێ خستە فیکری گەرانەوه و تا وای لێ هات بێ حیساب کەس شەوێ رەحمت نەبووکه سبەینی دەیگرن یان نـه٠ ئا لەم کاتەدا ئێمه بریاری چوونەوەی ئا میزی چیا بەرزەکانێ کوردستانی ئیرانمان دا به تێکرایی ٠ کاکه شوان له مێژ بوو داوای یەککرتنەوه دەگەل فایقی لــــێ دەکردین و گەرانەوەی ئیران ٠ تضانمت مەکتەبێ سیاسی پارتیش سوور بوو لەسەر یەکیتی لەگەل فایق (بێ گەرانەوه) ، بەلام ئێمه تا شورش هەلوێستی بەرانبەر به برادەرانێ ئیرانی بێ وەبەر چاو خستنی چاك و خراپ نەگۆری هەر ســــــوور بووین لەسەر کاری جیاوازی خۆمان تا دلنیایی تەواو پەیدا کردن له فایق ٠ ئەمما شا لاوی دەست و پێ بەستن و تەحویل دانەوه ، ئێمەی هێنا سەر دوو ریبیانـــــی دانیشتن و چاوه روانی کوت و زنجیر بوون ، یان چوونەوەو پیوی هەموو چەشنه نارەحەتیەك له خۆ هەلسوون ، ئێمه ریگای دووهەممان هەلبژارد ٠

هەر که گەراینەوەو برادەرانمان گرتەوه کۆبوونەوەیەکمان پێك هێنا بـــــۆ هەلبژاردنی سەرۆکایەتێ و دارشتنی پلاتفورمی کار ٠ بۆ بەرێوەبەرایەتـــــی ۲۱ (بیست و یەك) کەس دیاری کران که لەوانه یەکیان ئێوەن ٠ پاش برێك چەقه چەق هەلوا سرانێ دوکتور (مەبەستی دوکتور قاسملوه) بەسترا وەتەوه بـــــه شاهیدیکی دیکه که له کۆبوونەوەدا نەبوو ، بەلام ئەویش له صدیق ئازەری بیستوه که تا سەرەتای سالی ۱۳٤٥ لەمەر دوکتور فریوی ئەحمەدی خواردوه٠ بەلام لـــەو دەمەوه بۆی دەرکەوتوه که ئەحمەد راست نەبووەو تاوانبار کردنی کاك رەحمـــان

بێ جێ بوە • جا ئەو شاهیدەی ئاخرێ لە سەداو سەد لەگەڵمانەو ئێمەش هەر وەك توانیومانە جەماعەت رازی بکەین کە ناتوانین تا کونگرەی سێهەم لەبەر هەموو لایی نەبوونی کۆبوونەوە بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیش بکەین بەڵکو هێنامانئنە سەر ئەوەی کە بە نێوی " کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان " دەبێ دەست بە کار بێنن • هەر وەها بریاری گشتی درا کە ئورگانی کومیتەی ئینقلابی بە نێوی" تێشك " بێ • دیسان هەروەهاش توانامان هەیە کە دوکتور و هەر برادەرێکی باشی تر بخەینە کۆرمانەوەو کەلکی لێ وەرگرین • (١) چونکی لامان ئاشکرایە بەرێوە بەری هەرچەند لێ زان و پاك و بە کار بێ ، بەو ئەندازەش ئیش باشتر دەچێتە پێش • هەر لەبەر ئەو نوکتەش بریارمان داوە کە لە داهاتوش دا هەر برادەرێکی باشی لێ وەشاوەی پاك بە مەرجێ پاڵ پشتیدەنگی زۆربەی ناوضدیەتێ و ئامادەبی تەواوی خۆی دەتوانی ببێتە ئەندامی بەرێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابی (نەك بیرۆی سیاسی) • جا ئێوە زۆر لە پێشن و حەقی خۆتانیشە • ئێستا وەك مەسەلەی مەشهور " ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان " • بزانین تا کوێ دەرۆین •

---

(١) لێرە دا پێویستە ئاورێك وەسەر کتێبی (جوڵانەوەی میللی کورد) نووسراوەی " کریس کۆچیرا " رۆژنامە نووسی فەرانسەوی بدەین کە بە یارمەتێ دوکتور قاسملو نووسیویەتێ • ناهید بهمن پور ـ یش بەشیکی وەرگێراوەتە سەر زمانی فارسی و کتێبی " جومعە " ش لە ژمارەکانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ دا ئەوە بەشەی چاپ کردوە • لە ئوروپا " انتشارات اسماعیل شریف زادە " لە ژێر ناوی " کوردستان و جەمهوری مەهاباد " لە گەڵ روون کردنەوەیەك چاپی کردوتەوە •

بێجگە لەوە کە " روون کردنەوەکەی انتشارات اسماعیل شەریف زادە راست نیەو هەڵەی تێدایە ، نووسینی کریس کۆچیرا ـ ش لە مەر رووداوەکانی ئەو سەرو بەندەی کوردستانی ئیران چەند ناراستی و هەڵەی تێدایە کە باسیان دەکەین •

١ ـ مەسەلەی خودموختاری جمهوری کوردستان " راستیەکەی ئەوەیە کوماری دیموکراتی کوردستان ناوەکەی " کوماری خودموختاری نەبوو " •

دەی برا ، ئێوە هەر بە جارێك خەبەرتان برا · نە ئەتۆ و نە کاکە " رام "هەر لە کولەکەی تەریشدا باستان نەما · ئێمە زۆر بە هیوای گەرانەوەی تۆ یا هاتنی کاکە " رام " بووین · بەلام بیانووی رووداني شەر لە نیوان دەولەتە عەرەبەکان و ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی نامەعلووم بوو بە کوسپ کە یەکێ یەکتر دیتن ووتووێژمان بخا · ئێمە سەرمان لە ئێشی براەدراني دەرەوە سوور ماوە · بەلێ ئێمرۆ شەو ناکۆکیە کە لە رۆژ هەلاتی ناوەراست لە گۆری دایە ، گرینگترین و پر مەترسی ترین رووداوی پاش شەری عالەمی دووهەمەو بەر دەوام بوونی هەوێنی خەستی شەری گەورەی سێهەم دەبێ · بەلام دەر برینێ هەلوێستی حیزبێك بەرامبەر بەو شتە ئەویش پاش ئەوەی بەرەی کومونیستی لاگرێ لایەك و بەرەی ئیمپریالیستی جێبا لە فەرانسە کە هەلویستیکی خراپی نیە ئەوانی تر لاگرێ لای ترن · ریگا تا رادەیەکی زۆر بۆ حیزبی تودە دەکاتەوە · مەگەر خەونێ خۆش خۆش دیترابێ · دەنا بۆ حیزبیکی وشیار رووداوەکانی خاریج هەرچەند گرنگ و پر مەترسی بن · بەلام دیتسان نابنە هۆی لۆکە لە گوی ئاخنین بەرامبەر بە باری ناو خۆی ولات · ئێمرۆ ئەوەی لە کوردستانی ئیران رادەبرێ لە میژووی خەباتی گەلەکەماندا

بەلکو ئارمی کۆماری کوردستان " حکومەتی میللی کوردستان " بوو کە لە هەموو سەر دەرگای ئیدارەکانی دەولەتێ نووسرابوو · بیجگە لەوە هیچ یەك لە نووسەرانێ بیگانە کە باسێ کارە ساتی سالەکانێ ٤٥ ـ ١٩٤٦ ی کوردستانی ئیران دەکەن ، کوماری دیموکراتی کوردستان " بە خودموختار ناو نابەن " ·

٢ ـ **کریس کۆچیرا** دەنووسێ : " شیخ ئەحمەدی بارزانی پاش هاتنی بۆ ئیران هەتا کۆتایي کوماری مەهاباد لە نیزیك نەغەدە دانیشتو کچی یەکیك لە سەروکەکانی قەرەپەپاخی لە خۆ مارە کرد " ·

ئەوە راست نیە · شیخ ئەحمەد هەرگیز کچی قەرەپەپاخی مارە نەکردو تا ماوەیەکی زۆریش لە گوندی **قونقەلا** نیزیك مەهاباد دادەنیشت نەك لە نیزیك نەغەدە ·

٣ ـ هەوەلین ژمارەی گوڤاری ریگا لە خەزەلوەرێ ١٣٢٧ واتە دیسامبری ١٩٤٨ (نەك

يێنە نەبووە • لە لایەك حكومەت خەریكی خۆ ئامادە كردنێكی بەرینەو رۆژانــە بە فڕۆكەو هێلی كۆپتێر تەنانەت ئاسودەیی لە گەزۆكەرو گەڵ كەرانیش بریــوە و هەر خەریكی گەشفیاتە • پەیتا پەیتا ئاغاو كوێخا و پیاوە خۆ فرۆشەكانی كــە بۆ رەزائیە و مەهاباد و سەردەشت بانگ دەكرین • دەیانلاوێننــــــــــەوەو داوای وەرگرتنی چەكیان لێ دەكەن بۆ لە بەین بردنی چەتەكان !! ئینــانە باشەكانــێ دانیشتووی دێهاتیش جیا لە جنێو و هەرەشەو گورەشەو گرتن لە لایەن میری بەوە چێ تریان وەبەر ناكەوێ • لە لای تریشەوە هەر ئێستا كە بە گوێرەی فەرمانــــی بارزانی ئەو دەستە پێشمەرگانەی خوارەوە كە نیزیكەی ۳۰۰ كەس دەبن لـــــە سنوورەكاندا مۆڵیان خواردوە و چاوەروانــی ئەمرێ سەروكن بۆ لە سەر را خــۆ دە ئیران كوتانەوە : دەستەی **ملازم ئەحمەد** ، دەستەی **مام وسو دزەیی** ، دەستەی **گوركۆی یەزیدی** ، دەستەی عەبدولا ئاكۆ ، دەستەیەك تێكلاو لە بارزانـــــی و جەماعەتی **مەحمودی حەمە رەش** •

ئا لەم كاتە ناسكەدا بە تایبەتی بۆ ئیمە هەر سەعات و دەقیقەیەك قیمەتــــی تەواو نابێ و خافڵ بوون زیانێكی بێ ئەژماری هەیە • هەق نیە لەم هەل ومەرجەدا وەك كەو سەر لە بەفر نێین و ئاگامان لە دەورو بەرمان نەبێ • پێویستە بـــە شوێن رووداوەكاندا بەگەرێین و چاو نەترووكێنین و لە خشە بچینە پێش نەك دوورە پەرێز راوەستین • هەم دێــان لە وەختی وا دا نیزیكی و ئاموژگاری و یارمەتــی

هەوەڵی ساڵی ۱۹٤۸ وەك كوچیرا دەنووسی) لە لایەن غەنی بلوریان و كــاك حەسەنی قزلجی بلاو كرایەوە •

٤ ـ عەبدولرحمانی قاسملو ئەندامی كومیتەی مەهاباد نەبووە (وەك كوچێــــــــرا دەنووسی) ناو براو وەك كادریكی حیزبی تودەی ئیران بۆ هاوكاری لەگــــەڵ حیزبی دیموكرات لە لایەن حیزبی تودەوە ناردرابوە مەهاباد •

كومیتەی مەهاباد بە پێچەوانەی نووسینی " **كریس كوچیرا** " پێنج كەس بوون نەك شەش كەس •

د ـ كونگرەی دووهەمی حیزبی دیموكرات لە سونێ ساڵی ۱۹٦٤ بە پێچەوانــــەی

ماددی و مەعنەوی ئەرکی سەر شانێ هەر تێکۆشەرێکی بەراستی ڕێبازی ئازادی و دیموکراتیمتێ ئێرانە ٠ ئێمە داواتان لێ دەکەین بە زمان، بە قەلەم و بە هەموو چەشنە توانایەکتان شان بە شانمان بوەستن بۆ بەرنگاری دام و دەزگای کۆنە ـ پەرستی ئێران ٠ هەر وەها وشیار کردنەوەی سەرکردایەتێ شۆرشی کوردستانـــی عیراق بە تایبەتی بارزانی لە چەوتێ سیاسەتی تەحویل دانەوەی پەنابـــەرە سیاسیەکانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە حکومەتی ئێران ٠ هەر وەها دەر بڕینێ مەترسێ تەواو کردن لەو هەلوێستە کە بە پێشمەرگە بەشەرەفەکا ـ نی کوردستان دەوری ژاندارم و سەربازو جاشە چلکاو خورەکانی ئێران دەبینن و ئەنجامی ئەو کارە خزانـە ئامێزی گلاوی رۆژئاوا دەبێ روونی کەنەوە کـــە حکومەتی ئێران سەرەرای پتر لە ٢٥٠ تا ٣٠٠ هەزار سەربازو ٣٠ تا ٤٠ هـــەزار ژاندارم و هەزاران جاش نیازی هەرە گەورەی لە کێشانی پێ بارزانی وپیشمەرگە بۆ چارەسەر کردنێ ئەو مەسەلەیە هێنانە خوارێ ناو و ناوبانگی بارزانــــی و شۆرشە کە بە بەکرێ گیراوی ئێرانیان بە کورد و نەتەوەکانی تری ئێران بناسێنی و لە پێش چاوی عالەمیان بخا وەك تا رادەیەکی زۆر لەو پیلانەدا سەر کەوتـــوو ئەو رۆ لە ئێراندا بارزانی پووچاندەوە - تەنیا گرتنە پێشی ڕێگایەکی عاقلانە

" کریس کوچیرا " قازی محەممەدی بە " خەیانەت " تاوانبار نەکردوە ٠ تەنیا هێندێك لە کادرەکانی بە خەیانەت و جاسوسی تاوانبار کردبوو ٠ سەبارەت بە پیشەواو ڕێبەرانێ حیزب و کۆماری مەهاباد " کەم فامی سیاسی و کومەلایەتی بەریوەبەرانی ئەو کاتەی حیزب " ی بە کار هێناوە ٠

٦ـ هەر وەك لە نامەی حەمەدەمینی سیراجی یا " رەوەند " دەر دەکەوی بـــە پێچەوانەی نووسینی " کوچیرا " یەکەم ئەندامانی " کومیتەی ئینقلابـــی یازدە کەس نەبوون ٠ لە پێشدا دامەزرێنەران حەوت کەس بوون ٠ پاش یەکگر ـ تنەوە دەگەڵ سولەیمانی موعینی ٢١ کەس بۆ ڕێبەرایەتی هەلبژیردراون ٠ دووهەم عەبدولرحمانی قاسملو هەر وەك رەوەند دەنووسی هەڵ نەبژیردراوە ٠ بەلکو هەلبژاردنی ئەو بەستراوەتەوەبەشاهێدێبرادەرێك کەلەکۆبوونەوەدانەبوە ٠

دەتوانێ ئەو پەلەیەی لە داوێنی شورش بە تایبەتی بارزانی بشواتەوە٠
براگیان قسە زۆر و ماوە کەم ناچارم چیتر نەنووسم و چاوەروانی هاتنتان بم بۆ دڵی کێوەکانی کوردستانی ئیران یا ناردنی جواب٠ هەر کاریکتان هەبێ کاکە شوان ئامادەیە رای پەرێنێ ٠ ئەگەر هاتیێشن ، ئەوان پێمان رادەگەیێنن دەتان بیننەوە٠ تکایە لە نێوی قەندیل بە هۆی نامەکەتان کە بۆ من و ئەمیرت نووسیبو ، ئەمیریش نامەکەی بە دوو سێ کەس دابوو کە بزانن قەندیل کێ یە ئێستا بێ ئەوە بزانن قەندیل کێ بە گەوتوتە سەر زاران کە قەندیل خەریکی پێوەندییە - چاو بپۆشن و تخی کەن ٠ دەتوانێ بە نێوی " سەهەند" بە کاکە شوان دا هەر کاریکت بوو رای ئەسپێرێ بە ئێمەی رادەگەیێنن ٠ سەرکەوتن هەر بۆ گەلەو رووڕەشی بۆ دوژمنانی گەل ٠

براتان: هەڵۆ
١٩٦٧/٧/١٦

٧- بە پێچەوانەی " کریس کوچیرا " سولەیمانی موعینی کاتێکی گیرا و شەهید کرا لە سەفەری ئوروپا نەدەگەراوە ٠ سولەیمان هاتبوە عیراق چاوی بە هاوری یانی و بە ژن و مندالەکەی بکەوی ٠ حەسو میر خان لە سەنگە سەر دەستی بەسەر داگرتبوون و نەی دەهێشت بروَن ٠

٨- بە پێچەوانەی " کریس کوَچیرا " حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سالی ١٩٧٣ قەت " کمك تسلیحاتی " لە دەولەتی عیراق وەرنەگرتووە و دژی بارزانیش نەچووەتەوە ٠

تەقەللا بۆ گەرانەوەی کوردستان

رۆژی ۱۹٦۷/۹/۲۹ لە نامەیەك دا بە دوکتور رادمنیش ـ م راگەیاند کـــە برادەران گەراونەوە بۆ کوردستانی ئیران و لە کۆبوونەوەیەك دا منیان بـــە ئەندامی ریبەرایەتی هەلبژاردوەو داوایان کردوە کە بگەریمەوە بۆ کوردستـــان ۰ پیشنیار دەکەم کۆ بوونەوەیەك بە بەشداری دوکتور قاسملو و کاك حەسەنـــی قزلجی و من لە گەل بۆ رۆی سیاسی حیزبی تودە پیك بی و ریگا بدەن بـــە یەکجاری بگەریمەوە بۆ کوردستان ۰

شەشی ئوکتوربری ۱۹٦۷ دوکتور رادمنیش بە تەلیفون گوتی : " لـــەو کاتەدا کۆبوونەوەمان بۆ ساز نابی ۰ پیشنیار دەکەم سەفەریکی دیکە بکەی بـــۆ عیراق ، لە گەل برادەرانی کورد پیوەندی بگری و قەرارو مەداریك دابنیی بـــۆ چاوپیکەوتنمان " ۰

رۆژی ۱۱ ی ئوکتوبر پاسپورتیان بۆ ناردم و بریار درا سەفەر بکەم۰رۆژی۱۲ی ئوکتوبر نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملو نووسیو لە وەزعی برادەران ولەگەرانەوەی خۆم بۆ بەغدا ئاگادارم کرد ۰

رۆژی ۱۹٦۷/۱۰/۱٥ چوومە لوبنان و لەویشەوە بەرەو بەغدا کەوتمە ری و رۆژی ۲۰ ی ئوکتوبر گەیشتمە بەغدا ۰ وەك جاران چوومەوە هوتیل بەشار لـــە حافظالقاضی هەر ئەو رۆژە لەگەل هاوری یانی حیزبی کومونیست پیوەندیم گرت و داوام کرد رادیویەکم بۆ بنیرن ۰ ئیوارەیەك کاك عەزیز محەمـــــــەد

تەلیفونی کرد ئەحوالی پرسیم • رۆژی دوابی کاتێك گەرامەوە هوتیل ، رادیـو- یەکیان لە ژوورەکەم دانابوو • ئێواری کاك عەزیز تەلیفونی کرد گوتی : " لام وایە رادیویان بۆ ناردووی گۆیا لەوێ نەبوی لە ژوورەکەیان داناوە " •
گوتم : رادیوکە لێرەیە ، بەلام پەیکی ئیران ناگرێ •
ــ برا دەبوایە پێشتر بلێی تا بە شەریکەکە گوترابا بەو شەرتە دەیکرین کە رادیو پەیکی ئیران بگرێ ئ دەنێرین بۆت بگۆرنەوە •
بەیانی هاتن رادیوکەیان بردو گۆریبوویانەوە رادیویەکی توشیبـــای زۆر باشیان بۆ هێنابووم • ئەم رادیویە تا سالی ١٩٨٤ وەك شتێکی بە نرخ و پیـــروز لە مالی ئێمە دا دەپارێزرا •
هەر وەك جاران گورج نامەیەکم نارد بۆ کوردستان و داوام لە برادەران کـرد کە جێگایەك دیاری بکەن تا بچم چاوم پێ یان بکەوی •
ئێوارەیەك چوومە مالی ماموستا حەمزە عەبدوللە حەلاوە خانی خێزانـی شیخ لەتیفی نەمر لەوێ بوو • قسەمان دەکرد و چایی مان دەخواردەوە • لە پـر **حەلاوە خان** گوتی : " ئەری ماموستا ئەوە پیاوە دەنگە ناخۆشەکەی پەیکـــی ئیران نیە ؟ خۆ وام زانی زۆر سەحمەت گرانە ، کورە خۆ زۆر ئیـك سووکـــە هەموو رۆژی گویمان لە دەنگی نەبێ ئارام ناگرین " • لەوێ حەلاوە خانم ناسی • ژنێکی بەرێز رووناکبیر و لە سالەکانی دواییشدا هاتوو چۆمان هەر هەبوو •
لە مالە ماموستا حەمزە بووم مام جەلال هات • بە گەرمی چاك و خۆشیمان کردو باسمان دامەزراند • مام جەلال گلەیی لێ کردین کە لە رۆژنامـــەی کوردستاندا دژی ئەوان دەنووسین • منیش لەسەر هەلویستی ئەوان سەبارەت بە شورشی کوردستان بیرو رای خۆم راگەیاند • مام جەلال گوتی : " دەبێ بچینـە لای ئیمە پیکەوە نان بخۆین " • شەو چوینە مالەکەی ئەو لە خانویەکی گەورەدا ژیانێکی پێشمەرگەیی هەبوو • قەرەویلێك و چەند پێشمەرگەو خانوی چـــول • پێم خۆش بوو لە ژیانێکی ئاوادا دەژی • مام جەلال گوتی : " خەریکم بچم بــۆ یوکوسلاوی لە کونگرەی کۆمەلەی خوێندکارانی کورد دا بەشدار بم • پێم خۆشە ئێوەش لەگەلم بێن و بەشداری بکەن " •

گوتم : بە داخەوە ناتوانم ، چاوەروانیّ برادەران دەکەم دەمەوی بیانبینم.

رۆژێك بەیانیّ هێشتا لە خەو هەلنەستابووم ماموستا زەبیحی لە هوتیل بەشار وەژوّر کەوت . گوتی : " مام جەلال ئەوە لە فروّکە خانەیە ، سەفەر دەکا بوّ یوکوسلاوی دەیگوت پێیم خوّشە چاوم پیّ بکەوی . هاتووم لە دوات،ئێستا چاوەروانتە " . سواری ماشینی کردم بوّ فروکەخانە. مام جەلال بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم . فوئاد رکابیّ و چەند کەسی تری لە لا بوون ، هاتبوون بەرێی بکەن . بەوانیّ ناساندم وەك تیکوشەرێکی کوردستانی ئیران . پاشان گوتی : " ئەوە فروکە هەیە با سوار بێن بچینە بیّلگراد. پاش دوو رۆژ کونگرە تەواو دەبیّ دەگەرێنەوە ".

دیار بوو من تەمدەتوانیّ ئەو سەفەرە بکەم . بە ناچاری داوای لیّ بووردنم کرد . پاش روّیشتنی مام جەلال لەگەڵ ماموستا زەربیحی هاتمەوە هوتیل . داوام لیّ کرد کە پسولەیەکم بدەنیّ تا بتوانم بچمە سولەیمانی و قەلادزە . ئەو دەمی پسولەی ئەوان وەك وەرەقەی حکومەت وا بوو. ماموستا زەبیحی گوتی :"بە برادەران دەلێم لێت دەگێرمەوە ". ئێستاش نە پسولە هەبوو نە لێ گێرانەوە.

" میواانداری عیزالدین مستەفا "

تازە لە حیزبی کومونیستی عیراقدا دووبەرەکی ساز ببوو. عزیز الحاج جیّا ببوّوەو ریّگای خەیانەتیّ گرتبوە پیّش . بە داخەوە هێندێك لە کادرەکانی حیزبی لەگەلّی چووبوون و دوکتور عیزالدین یش رەگەڵ کەوتبوو . کاك محەمەدی مەلا کەریم پیّی گوتبوو کە من هاتوومە بەغدا و لە هوتیل بەشارم . رۆژێك عیزالدین کوت و پر وەژوّر کەوت . پاش چاك و خوّشی دەستی کرد بە قسە دژی حیزبی کومونیست .

رۆژێکیان کاکە حەمە هات و گوتی : " عیزالدین ژنی هێناوە بوّ نان خواردنی نیوەروّ بانگی کردوی . من دیێم و پیکەوە ئەچین . بەلام باوکم نو زمانت توّزیّ هەلّەیە . نەکەی باسی ژنی جوان و ناحەزی ئورووپا بکەی.

نانی خۆمان ئەخۆین و قسە دەکەین " .

چووینە سەر بانگێشتنەکە . میوانداریێەکی رێك و پێك و نان و خوانێکی کوردانە . بەلام بەداخەوە لە بۆ چوونی مەسەلەکاندا یەك نەبووین و دەمەقەمان بەردەوام بوو .

ئەو ماوەی لە بەغدا بووم خەبەرم دا کاك سەعید کویستانی و مەلا محەممەدی خدری و چوکەلی گەوهەری هاتنە لام . چەند رۆژ پێکەوە بووین . دەنگ و باسی نێو شورش و بارو دۆخی کوردستانی ئیرانیان بۆ باس دەکردم . هەر وەك رابردوو لایان وابوو شورشی کوردستانی عیراق لە ژێر دەسەلات و چاوەدێری حکومەتی شادایە . دەیانگوت نێو شورشی کوردستان پر بووە لە جاسوسی عەجەم وساواك و ئەفسەری ئەرتەشی ئیران .

ئیوارەیەك لەگەڵ مەلا محەممەدی خزری باقلاوامان کری و شەو لە هوتێل خواردمان . نێوە شەو مەلا محەممەد وە هاوار کەوت . هەموو لەشی دەلەرزی . ئارەقەی دەکرد حەجمینی لێ هەلگیرابوو . هەر پێم دەکرا لێباسەکانی لێبگۆرم . بەیانێ زوو بردمە لای دوکتور ، دەرزی لێدا و هێندی دەرمانی بۆ نووسی .خولاو راستان پاش رۆژێك مەلا محەممەد هاتەوە سەرەو خۆ و نەجاتی بوو .

رۆژێك لە حافظ القاضی دەگەرام . چاوم بە کۆمەلە پیاوێك کەوت ، چلکن شان و پێل داکەوتو ، سەرو ریش هاتو ، لەسەرو پۆری چلکن و کلاوی ئارخ چن زانیم کوردی لای خۆمانن . لێیان چوومە پێش و بەخێر هاتنم کردن و گوتم : عەیب نەبێ خەلکی کوین ؟

ـ خەلکی زینوێ شیخین .

ـ ئێوە خەلکی زینوێ نین . لە سەرو کلاو و دیارە کوردی ئیرانن.

یەکیان هەلی دایە گوتی : ئەری تۆ کاك کەریمی حیسامی نێ ؟

ـ نا ... کاك کەریمکی یە ؟

ـ کاکە بەخولای هەوی . هەموو ئیواران گوێمان لە دەنگت نەبێ نانمان پێ ناخورێ .

ـ کەوا بوو یەکترمان ناسیوەتەوە . بەلام پێتان ناخۆش نەبێ لە چلکنی را

وا دیاره دەچنە حەجێ ٠
ـ بابم چت لێ وەشیرین ، بەخولای چاکت ناسیوین ٠
ـ کە وا بوو فەرموون با بچینە هوتێلەکەی من برێك قسە بکەین ٠
چووینە هوتیل و ناردم پینج شەش کیلۆ پرتەقالیان هێنا ٠ خزم کەوتنە سەر دەتکوت قەت پرتەقالیان نەدیوە ٠ باسی کوردستان و باسی هەرای فایق و مراد شیرێژو چەکدارم لێ پرسین ٠ دەیانگوت : " بابم بەخوّلای لە هەموو کوردستان هەن ٠ خەلکیان لەگەلە ٠ عەجەم لێ یان دەترسن ٠ پێ یان دەلێن چەتە ٠ پاشان دەنگ و باسی هێندی برادەری ناسراوم لێ پرسین ٠ بە کورتی دوو سێ سەعات گەلێك بە خۆشیم رابوارد ، دەتکوت لە کوردستانم ٠
تا ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بووم وەلامی برادەران نەهاتەوە ٠ جارێك ویزاکەم درێژ کردبۆوە ، نەم دەتوانێ پتر لە عیراق بم ٠ لەگەل یوسفی ریزوانی قەرارمدانا کە ئەگەر نامەی کاك سولەیمانی موعینی و سمایلی شەریف زادە هاتەوە دەست بە جێ بۆم بنێرێ ٠ رۆژی ١٩٦٧/١١/٢٧ گەرامەوە بۆ سوفیا ٠
پاش گەرانەوە برادەرانی حیزبی تودە داوایان لێ کردم کە لە هەموو بارێکەوە پێشنیار و بیرو رای خۆم بۆیان بنووسم ٠ ئەوەی لە دەفتەری بیرەوەری ـ یەکانم دا ماوە بە کورتی ئەوانەی خوارەوەن کە بێگومان درێژتر بۆم نووسیون:
١ـ بەر لە هەموو شت یارمەتیەکی تەواوی ماددی بە هاورێیانی حیزبی دیموکرات بکرێ ٠
٢ـ رێگا بدەن من و یەك دوو کەسی تر بچینەوە کوردستان و لەگەل کاك سولەیمان و جەماعەت هاوکاری بکەین ٠
٣ـ سێ چوار کەس لەو کەسانەی کە ئەوان دیاری دەکەن بیانهێنن بۆ دەرەوە بۆ ماوەیەکی کەم فێری هێندی شتێ سەرەتایی بن و بگەرێنەوە بۆ ولات ٠
٤ـ لە کوردستانی عیراق ئیمکانی چاپکردن و بلاو بوونەوە هەیە ، کاری چاپەمەـ نی کوردی لەوی دەست پێ بکرێ ٠
٥ـ لە باری تەبلیغاتی بەوە رابەرێنی " کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکرات بە حیزب و کۆرە نێو نەتەوەیی یەکان بناساندرێ ٠ رادیو پەیکی ئیران دەنگ و باسی

راپەڕین و بەیاننامە و نووسراوەکانی ئەوان بە تەواوی بڵاو بکاتەوە ·
٦ـ تێکوشان لە نێو خوێندکارانی کورد لە ئوروپا دەست پێ بکری ،دوکتور قاسملو لەگەڵ کاک محەمەدی موهتەدی دەتوانن ئەو کارە بکەن ·
لە پێشنیارەکاندا نێوەرۆکی کومیتەی ئینقلابی و جولانەوەی کوردستانی ئێرانم روون کردبوو کە : لە جولانەوەی کوردستانی ئێران دا سەروکایەتی بە دەست دەرەبەگ و سەروك عەشیرەتان نیە ، حیزبی دیموکراتی کوردستان یا کومیتەی ئینقلابی بیرو باوەری ئانتی کومونیستی یان نیە ، خەڵك لە کوردستانی ئێران لە ریژیمی شا نارازییەو پشتی جولانەوە دەگرن ·
بە داخەوە رێبەرایەتی حیزبی تودە لە قسە کردن دا لە گەڵ هەموو پێشنیارەکانم موافیق بوو ، بەلام هەموویان هەر لە سەر کاغەز مانەوەو بە کردەوە هیچ هەنگاوێکیان بۆ ناوێژرا ·

نـامـەی کاك سـولـەیمـان و کاك حـەمـەدەمینـی سراجـی

رۆژی ١٥/١٢/١٩٦٧ نامەی ئەو برادەرانەم پێ گەیشت کە هەوڵی مانگـــی دیسامبر نووسیبوویان . ئەمەش دەقێ نامەکەیانە .

" برای زۆر خۆشەویستم کاك کەریم شیروان هیوامان خۆشی و بەختەوەری ئێوە و هەموو برادەرانە ئێمە بە دوای هاتننتان دا بەرەو سولەیمانی هاتین ، بـــەلام بەداخەوە بە هۆی درنگ گەیشتنی نامەکەتان هەروەها ناخۆشی ڕێگا نیزیکـــەی بیست رۆژ پاش ئەو ماوەیەی کە دیاریتان کردبوو گەیشتینە شار . جا ئیستـــا زۆر تاسەی دیداری ئێوەو کاك " رام " مان هەیە . کاك سولەیمانیش لەگەڵمایەو گەلێکی سلاو بۆ هەموولایەکتان هەیە . چاوەڕوانی هاتنتانین بە پەلە بۆ ئێـــرە .

برات : محەمەد ئەمیـن

١/١٢/١٩٦٧

" کاك شێروان گیان لەبەر ئەوە ئێمە لە حەوت خوانی ڕوستەم گوزەراوین و لـــە هەلکەوتێکی زۆر بارێك و ناسك داین لەو دێو و ئەو دێو تکایە ئەگەر بریارتـان دیدارە بە یەکجاری لەگەل کاك " رام " تەشریفتان بێ لە هەر حال زۆر بـــە بێ سەبری چاوەڕوانتان دەکەین بە بوون و نەبوون بە پەلە وەلامەکەمان بـــە عینوانی برادەراندا بۆ رەوانە بکەوە . پێشەکی ئیتر سەربەرزیتان.

برات : سولەیمان

هەر لەو سەرو بەندەدا بوو نامەیەکی دیکەم لە لایەن کاک سەعید کوێستانی-یەوە پێ گەیشت ، دیارە کاغەزەکە زوتر نووسرابوو ، بەلام درەنگ گەیشتە دەستم ،

کاک سەعید دەنووسێ :

برای گەورەمان کاک کەریم ـ شیروان لەگەڵ ڕێز و سلاو هیوادارم هەموو وەختێك سلامەت و سەرکەوتو بێ ، کاکە گیان نامەوی زۆر درێژە بە هەوال بدەم تەنیا کورتەیەك لە بەسەر هاتی ئێستای برادەران و وەزعی ناهەمواری ئێرەت بۆ باس دەکەم ،

هەر وەك لە نامەکانی پێشو دا بە درێژی باسی پێك هاتنی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراوەو ئاگاداری ، لە بەهارێ دا هەڤالمان کاك سەننار بە تەنیایی بریاری دابوو کە بچێتەوە ئیران و دەست پێ بکات ، کاتیك ئەو خەبەرەمان زانی خالەمین و سمکو و سالاریش لە خەلان بوون ، ئێمە بە تیکرایی ئەو چونەوەمان پێ باش نەبوو هیچ بەلکو بە کاریکی هەلەمان داتا ، بە پەلە کاك سالارمان بۆ لای سیدەکان نارد کە سەننار بگێرێتەوە ، بەلام بەداخەوە پاش دوو سێ روژ نامەیەکی سالار هات کە لەوێدا رای گەیاندبوو چوونەوەمان لە مانەوە لە کوردستانی عیراق باشترە ، ئیستد لالی بە ماثو هێنابۆوە کە " دوژمن بەبری کاغەزیەو دەبێ لێدەی " ، ئەوە رووداوی دوو مانگ لەوە پێشە ، بەلام دوێنی ئێواری خەبەرم بۆ هات سالار وا لە مەهاباد لە مالی خۆیانەو کاك سەنناری بە پەلەش ئەوە لە تارانەو هەر دووکیان لە گەل حەوت چەکداری تر خۆیان بە دەستەوە داوە ، جوزئیاتی مەسەلە نازانم کە بۆچی وایان کردوە ،

٢- پێری حەسۆ میرخان مەفرەزەیەکی ناردوە خالەمین و سمکویان لە سونێ را داگیراوە بەرەو قەلادزێ وادیارە ئیرانی بریاردەر رازی نیە برادەرانی ئێمە لە سنور بن ، هەر بۆیەش کاك حەسۆ ئەو کارەی کردوە ، من جاری هەروا لە جیگای خۆمم ، نازانم چم بەسەر دێ ، " پاراستن چوارچاو و گوێچ قولاغ سەری لێ لە سوێ ناوین اللهم محافظ ، کاگە گیان زەحمەتە لە دەستی " پاراستن " رزگاریمان بێت ، باوەر بفەرموو شەو کە دەنوین تا بەیانی دەجار لەخەو

رادەپەرێن پێمان وایە هاتوون بمان پێچنەوە · جگە لە مانەوەو مات بوون هێچ روونا کایێکی دیکەمان نیە نازانین چیکەین · کاکە گیان لەسەر بروایەکی کە هەمانەو قەولێکی بە یەکترمان داوە چاری ناچارێن هەر لە جێگای خۆمان بمێنینەوەو تا ئێستاش پێوەندیمان پێکەوە باشەو جاروبار یەکتر دەبینین · ئاوارەش هەر لەو ناوچەیەو لە نێو خەلکەکەدایە · باوەر بکە ئەو کەمتر لە ئێمە لە خەتەر دایە ·

ئەوانە شتێ تازە بوون کە ئاگادارت دەکەم جا ئەگەر مام و توشی قەزاو قەدەر نەبووم ئەوە کاریکی وا دەکەم لێرە لەگەڵ برادەران تەمر نەژی رابوێرین ·ئەگەر راویان نایین ، یان سەربەنیستیان کردین ئەوە شتێکی ترە · پێم خۆشە ئەوەندەش بزانێ کە وەزعی ئێمە لێرە ح لە باری ژیانەوە ، ح لەباری مەترسیەوە ، واتە رفاندن و لەناو بردن و تەسلیم کردنەوە بە ئیران و گرتن لەو پەری پەرێشانی دایە خوا روحم بکات · سلاوی هەموو لایەك دەگەینم ·

برات : کاوە

پاش ئەوەی کە نامەی کاك سولیمان و کاك حەمەدەمین ـ م پێ گەیشت بە تەلیفون لەگەڵ کامبخش قسەم کردو پێم گوت : برادەران هاتوونە عیراق و نامەیان نووسیوە چاوەروانی دیتنی رێبەرایەتی حیزبی تودەن ·
گوتی : لەگەڵ هاوریان تەگبیر دەکەم و پاشان لێت دەگیرمەوە · رۆژی ۱۹٦۷/۱۲/۱۷ رەفیق کامبخش تەلیفونی کردو گوتی : " وا باشە گیر نەبێ بچیە بەغدا · چاوت بە برادەران بکەوێ ، ئەگەر رادمنیش لەوێ مابوو ئەوەباشە ئەگەر نەمابوو برادەران رابگرە هەتا ئێمە یەکیکمان دێت و چاومان پێ یان دەکەوی· "

رۆژی ۱۹٦۷/۱۲/۲۲ چوومە بێروت · لەوی گیر نەبووم چوومە شام · رۆژی۲۳ی دیسامبر لە شامەوە بە تاکسی بەرەو بەغدا کەوتمە رێ · لە مەفرەق سنووری سوریاو ئوردون لەشکری عیراق هەڵی دابوو · ئەو دەم گویا بۆ شەر لەگەل ئیسرائیل و پشتیوانی لە لەشکری عەرەب ، حکومەتی عیراق لەشکری ناردبوە

ئەو مەڵبەندە ٠ بەلام دەرکەوت عیراق ئەو لەشکرەی بۆ پیلانی دژی سوریـــــا و فەلەستینیەکان ناردوە ٠ کە گەیشتینە راست لەشکری عیراق گروبانیکی عیراقی دەستی هەلیناو لەگەلمان سواری تاکسی بوو ٠ لە ریگا گوتی با قسەیەکـــــی خۆشتان بۆ بگیرمەوە : " ئەش مانگ بوو لە ئوردون بووم نەچووبومەوە مالـــێ ٠ ئیجازەم وەرگرت کە بچمەوە سەریکی مندا لان بدەم ٠ شەش مندالی سەروپیچکەم هەن ٠ مالەکەم لە گوندیکی نیزیك بەغدایە ، سێ کیلو میتر لە بەغدا دوورە ٠ تاقە ژووریکمان هەیە هەمووما ن لەوێدا دەژین ٠ لەبەغدا چوومە دەرمانخانەیــــەك چوارپینج حەبێ خەوم کری ٠ کە گەیشتمەوە دراوسێ و دۆست و ئاشنا پیمـــــەوە هاتن ٠ هەتا درەنگ میوان دانیشتن ٠ پاشان منالەکان لە خۆشی هاتنـــــــەوەی باوکیان نەدەنوستن ٠ چیکەم ، لە خولام دەویست بنوم ٠ ناچار حەبەکانم هینـــا دەرو دە لیمۆنادا تواندمنەوە و دام بە مندا لان خەویان لێ بکەوی ٠ زۆری پـــێ نەچوو مندالّ بەلادا هاتن و خەویان لێ کەوت ٠ مەیدانم بۆ چۆلّ بوو ٠ بەیانـــی کە هەستاین یەك مندالّ جولەی ناکاو هەموویان دەلەی مردوون ٠ بە پەلە ماشینیکم پەیدا کرد بۆ خەستەخانە ٠ دوکتور کە تەماشای کردن گوتی دەرماندا و بوون ٠ راستیەکەم بۆ دوکتور گیراوە ٠ گەلیك پیکەنێ ، هەناوی مندالەکانی شوشتەوە و گەراینەوە بۆ مالێ " ٠ گوتمان ئەو جار چ دەکەی ، دەرمانیان بۆ دەکری ؟

ـ هەر لە ئیستاوە بیر لەوەی دەکەمەوە !

گەیشتمە بەغدا رادمنیش لە بەغدا نەمابوو ٠ خەبەرم دا سولەیمـــــان و حەمەدەمین رۆژی ٢٨ دیسامبر هاتنە بەغدا ٠ هەلکەوتنیکی خۆش و لەبار بـــوو پاش چەند سال دووری بەراستی بۆ هەر سیکمان ئەو چاو پیکەوتنە مایــــەی شادی و گەشانەوە بوو ٠ دەستمان کرد بە قسەو باسی کۆن و نوێ ٠ گوتیان تــۆ ئیستا ئەندامی سەرکردایەتی کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ٠ بریار دراوە هەموو کاریك لەگەلّ تۆ بە ئاگاداری تۆ بکەین ٠ ئیمە هاتوین لـــە پلەی یەکەمدا چاومان بە ریبەرایەتی حیزبی تودە بکەوێ ٠ ئەگەر ئەوان ئامـادە بن دەمانەوێ وەك دوو حیزب هاوکاری بکەین ٠ داوایان لێ دەکەین لەباری مادی و مەعنەوییەوە یارمەتیمان بدەن ٠ ئەگەر دەستمان بەوان رانەگەیشت ، یان ئەوان

ئامادەی هاوکاری نەبوون و یارمەتیان نەدەاین ، کومیتە بریاری داوە لەگەڵ حیزبی بەعس پیوەندی بگرێن و لەگەڵ ئەوان قسە بکەین ٠

پاش ماسیکی زۆر ، شێ کردنەوەی بارو دۆخێ شورشی کوردستان و ناوچــە لەو بیرو باوەرەم پەشیمان کردنەوە کە پێوەندی لەگەڵ بەعس بگرن ٠ گوتـم ئەوەندەی من بزانم و برادەرانی حیزبی تودە لەگەڵ من باسیان کردوە دەیانەوێ هاوکاری بکەن و لێمان نیزیك بنەوە ٠ بێجگە لەوە لەو هەڵ و مەرجەدا پێوەندی لەگەڵ بەعس بە قازانج نیە ٠ باشتر وایە هەوڵ بدەین هەرچۆنێك بێ مەلامستەفا رازی بکەین و یان لانی کەم بێ لایەنی بکەین کە لێمان نەدا ٠پاش گۆرینەوەی بیرو را هاتنە سەر بروای من و بریارمان دا چاومان بە کاك دارا توفیق بکەوی

رۆژی ٣ی ژانویەی ١٩٦٨ چووینە مالی دارا توفیق ٠ پاش هێندی قسەو گورێنەوەی بیرو را بریارمان دا کە کاك دارا بچێتە لای مەلامستەفا و بیدوێنیو هەوڵ بدا کە مەلامستەفا دەست لە دژایەتی ئێمە هەلگرێ ٠

پاشان دەیانویست بچنە بالوێزخانەی چین و گوێیا داوای پێوەندی لەوان بکەن ٠ ئەو دەم بیرو باوەری چەوتی مائوئیستی خوی گەیاندبوە نێو شاخ و داخی کوردستانیش ٠ من بە توندی دژی ئەوە راوەستام ٠ ئەوانیش بەوە رازی بوون کە پێوەندی لە چین لە ئاژاوە بەدەر خێری تێدا نیە ٠ هەر لەوێ نامەیەکیان بۆ برادەران نووسێ کە لەگەڵ لایەنگرانی چینی کە لە ریگای جەلال تالەبانی-یەوە چووبوونە کوردستان پێوەندی نەگرن ٠

بریارمان دا من بگرێمەوە بۆ سوفیا و کاریکی وا بکەم لەگەڵ دوکتور رادمنیش و دوکتور قاسملو بچینەوە بەغدا ، یان پاسپورتیان بۆ ساز کەین ئەوان بێنە ئوروپا ٠ وامان دانا ئەوان بچنەوە سولەیمانی هەتا من خەبەریان دەدەمی لە سولەیمانی بن ٠ رۆژی ١٩٦٨/١/٥ لە بەغداوە گەرامەوە بۆ سوفیا ٠

پێشتر بریار درابوو کە ١٠ی مانگی ژانویەی ١٩٦٨ بۆ لیکولینەوەی وەزعی رۆژنامەی کوردستان لە پراك کۆبونەوەیەك بکەین ٠ قەرار وابوو کاك عەلی گەلاویژ دوکتور سولتانی وەنەمیشی - یش لە سوفیەتەوە بێن ٠ رۆژی ٦٨/١/٩ لەگەڵ کاك حەسەنی قزلجی چووینە پراك ٠ کاك عەلی گەلاویژ و دوکتور

سولتانیش هاتبوون کە لە کارو نووسینێ رۆژنامەدا هاوکاری بکەن ٠ دوکتـــور رادمنیش و کامبخش لە لایەن حیزبی تودەوە کۆبوونەوەیان رێك خستبوو ٠ کـاك عەلی گەلاویژ ئامادە نەبوو هاوکاری بکا٠ ئەوەی من هەستم پێ کرد لـــــەوە نارەحەت بوو کە بۆ چێ ئەو نەکراوە بە سەرنووسەری رۆژنامە و دوکتور قاسملو دیاری کراوە ٠ هێندیکیش لەوە تورە بوو کە لە رادیو پەیکی ئیران لایان بردوە ٠ کۆبوونەوە بە هێندیك بریاری (کە قمت نەهاتنە جێ) کۆتایی پێ هات ٠ بـــۆ ئاویتەی ئەو باسە با باسیکی خۆشێش بگێرینەوە ٠

" من برادەریکی چیك ـ م هەبوو پیکەوە لە مەدرەسەی حیزب بووبـــــــن نیوانمان زۆر خۆش و یەك ماڵ بووین ٠ بەو بۆنەوە بریاری دا شەوێك هەموومان بانگیشتن بکا ٠ لە چیشتخانەیەکی زۆر خۆشی پراك جیگای گرتبوو٠ کچەکەی ئەو دەستە خوشکیکی هەبوو لەگەڵ خۆی هینابوو٠ دوکتور قاسملو کە زۆر حـــەز لە گالتەو مەجلیسی خۆش دەکا بە کچەکەی گوت : ئەو برادەرە واتە کاك عەلـــی گەلاویژ لە سوڤیەتەوە هاتوە ئە تۆش روسی دەزانی میوانی ئێمەیە لەگەلـــــی ببە رفیق ٠ کچ لە لای کاك عەلی دانیشت و دەستیان کرد بە ئاخافتن پاش ماوە-یەك دوکتور قاسملو لە کیژەکەی پرسی : " گەیشتوونە کوێ ، شتیکتان بـــۆ دەکرێ ؟

ــ تازە گەیشتووینە راوە ورچ !

کاك عەلی دەستی پێ کردبوو باسی چیاکانی قەفقازی بۆ دەکرد گۆیا لـــەو چیایانە خەڵك راوە ورچێ دەکا !

توزێك پیکەنین و دانیشتنەکەمان بە خۆشی تەواو بوو ٠

گەڕانەوە بۆ بەغدا

لەو کۆبوونەوەیە دا بڕیار درا کە من بچمەوە عیراق و خەبەر بدەم کاک سولەیمان و حەمەدەمین بێنە بەغدا · پاشان دوکتور رادمنیش و دوکتور قاسملوش بێن · رۆژی ٢٦ ی ژانویەی ١٩٦٨ چوومە بەغدا · خەبەرم دا بە برادەران ئەوانیش هاتن · رۆژی ٢٧ کاک دارا توفیق لە هوتیل هاتە لام · کاک دارا توفیق هاتە لام گوتی : مەلا مستەفا گوتویە ئەوان چوونە کۆشکی سەرکۆمارو لەگەڵ حکومەتی عیراق پێوەندیان گرتوە "·

من لەسەر بڕیاری پێشومان لەسەر ئەوە سور بووم کە ئەو خەبەرەیان بە درۆ گەیاندوێتە مەلامستەفا ، شتی وا نەبووە · کاک دارا قەناعەتی هاتبوو، تەواو بڕوای بە ئێمە دەکرد · بەلام سەرکردایەتی شورشی کوردستان لە ژێر تەئسیری حکومەتی ئێران دا بۆ لێدانی کوردەکانی ئێران لە بیانو دەگەڕا ·

لەگەڵ هاورێیانی حیزبی کومونیستی عیراق پێوەندیم گرت و داوام لێ کردن کە جێگایەکمان بۆ دیاری بکەن کە هەتا کۆبوونەوەمان تەواو دەبێ لەوێ بژین · رۆژی ١٩٦٨/٢/٥ دوکتور رادمنیش هاتە بەغدا و هەر ئەو رۆژە هاتە لای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کە برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراق بۆیان دیاری کردبووین · دوکتور رادمنیش پێشنیاری کرد کە بەیانی لە ئەمبوو نەواز لە رەستورانێك پیکەوە نان بخۆین · رۆژی دوایی سەعاتی دە لە شوێنی دیاری کراو چوار کەسی کۆبووینەوەو دەستمان بە قسان کرد ·

دوکتور رادمنیش گوتی : " پێم خۆشە ئێوە لەسەر بارو دۆخی ولات و کار و تێکۆشانی خۆتان راپۆرتێك بنووسن و پێشنیارتان دیاری بکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە گوێرەی ئەو بتوانین · بریار بدەین " ·

کاك سولەیمان گوتی : " ئێمە راپۆرت نانووسین ، ئێمە لە لایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران پێوەند بگرین و باس بکەین · لەو باس کردنە دا ئێوە وەزعتان بۆ روون دەبێتەوە ،ئێمەش لە بیرو رای ئێوە تێ دەگەین " ·

دوکتور رادمنیش ئێتر لەسەری نەرۆیشت · چاوەروانی دوکتور قاسملو بووین هەتا ئەویش پەیدا بوو · سولەیمان دژی ئەوە بوو کە قاسملو بەشداری بکا · زۆرم هەوڵ دا تا رازیم کرد دوکتور قاسملو بەشدار بێ و سولەیمانیش بەرە و روو بیدوێنی · لەو بەینەدا ئەو برادەرانەی لە زێنوی شیخی بوون ، کاك سەعید کویستانی و مەلا محەممەدی خزری و چوکلی گەوهەری هاتنە بەغدا و لەگەڵ ئەوانیش یەك دوو کۆبوونەوەمان هەبوو · لام وایە جارێکی لەگەڵ دوکتور رادمنیش ـ یش دانیشتین · ئەوانیش لەسەر وەزعی کوردستان و خەبات لە ئێران بیرو رای خۆیان دەربری ·

رۆژی ۱۹٦٨/٣/٩ کۆبوونەوەی رەسمی لە نێوان نوێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەرایەتی حیزبی تودە پێك هات · بەشدار بوەکان برێتی بوون لە سولەیمانی موعینی ، حەمەدەمینی سراجی دوکتور قاسملو ، دوکتور رادمنیش و کەریمی حیسامی · من پێشنیارم کرد کە یوسفی ریزوانی ـش بەشدار بێ · پێشنیاری من بە زۆربەی دەنگ رەدکرایەوە

پێش ئەوەی دەست بە ئاخافتن بکەین کاك سولەیمانی موعینی گوتی : "پێم خۆشە بزانم دەستەی نوێنەرایەتی لە هەر دووك لاوە کێن ·؟ ئەوەندەی پێوەندی بە کۆمیتەی ئینقلابی یەوە هەیە کاك کەریم و کاك حەمەدەمین و من بەشدارین پێم خۆشە دوکتور رادمنیش نوێنەرانی خۆیان بلێ " ·

دوکتور قاسملو روی کردە سولەیمان و گوتی : " کاك سولەیمان باشترە ئێمە لەسەر یەکتر روون ببینەوە · پێم خۆشە بزانم ئێستا بیرو رات لەبارەی

منـەوە چۆنە ؟

کاك سولەیمان گوتی : " پاش دیتنی کاك کەریم لەسەر تۆ هیچم نیە ، بـۆم روون بۆتەوە ئەوەی لەسەر تۆ گوتراوە هەو نەبووە " ،

دوکتور رادمنیش گوتی : " لە لایەن حیزبی تودەی ئیرانەوە من و دوکتـور قاسملو ئەوە لێرە ئامادەین ،

١٠٠

بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بەم جۆرە پەسەند کرا :

١ـ هەڵسەنگاندن و شێ کردنەوەی چوونەوەی سولەیمان و برادەرانی تر بـۆ ئێران و شێوەی کارو تێکۆشانیان ٠

٢ـ مەسەلەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شێوەی زیندوو کردنـەوەی ریکخراوەکانی ئەو حیزبە ٠

٣ـ بەرنامەو کاری سیاسی و نیزامی ٠

٤ـ ویست و داخوازی نوینەرایەتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکـرات و یارمەتی حیزبی تودەی ئیران ٠

پاش چوار رۆژ باس و لیکولینەوەو ئاخافتن بیجگە لە رۆژنامە بەتیکرایی دەنگ لەسەر هەموو مەسەلەیەك ریك کەوتین ٠ مەسەلەی رۆژنامە ئەوە بـوو دوکتور قاسملو دەیویست ئەو رۆژنامەی کوردستان کە ئیمە لە ئوروپا دەرمـان دەکرد ، ببیتە ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ٠ کاك سولەیمـان و حەمەدەمین بە توندی لە دژی ئەوە بوون کە رۆژنامەیەکی لە ئوروپا دەردەچـێ زمانی حالی حیزبی دیموکرات بێ ٠

ئەوەی من ئەو دەم لە دەفتەری بیرەوەریەکانم دا نووسیومن ئەو بریارانـەی خوارەوە بوون ٠

ـ بریار درا کە حیزبی تودەی ئیران حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەسمـی بناسی ٠ بەو شەرتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژیر ریبەرایەتـی مارکسیستەکانی کورد دا بێ ٠

ـ ئەو هیزە چەکدارەی کە ئیستا لە کوردستانی ئیران هەیە رابگیری و بە هیزتـر

بکرێ و بۆ کاری سیاسی و ریکخراوەیی تێ بکۆشێ ٠
ــ بەرنامەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ بەرنامەی حیزبی تودە دژایەتی نەبی ٠
ــ هەر دووك حیزب بە بێ راویژ لەگەڵ یەکتر لە سەر مەسەلەی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و حکومەتێك پێوەندی نەگرن ٠
ــ کاریکی وا نەکرێ کە مەلا مستەفا بەهاروژێندرێ ، هەوڵ بدرێ کە لە بارزانی ومنیژیك کەوین ٠ بۆ ئەو مەبەستە کاك کەریمی حیسامی بچیتە لای مەلامستەفا کە خۆشی رای ئەسپاردوە بچێتە لای (مەلا مستەفا بە کاك دارا توفیق ـ ی گوتبو کە بچمە لای) ٠
ــ حیزبی تودە یارمەتی ماددی و سیاسی و فەنی و مەعنەوی بە حیزبی دیموکرات بکات ٠
ــ دوکتور قاسملو بۆ عاملاندنێ کادری سیاسی بگەرێتەوە کوردستان ٠

من ئەو بریارانەم بە کورتی و بە پەلە لە دەفتەری بیرەوەریەکانم دا یاداشت کردوە ٠ بەلام پاش کۆبوونەوە بریار درا کە دوکتور قاسملو و کاك حەمەدەمین پیکەوە بەیاننامەیەك بنووسن و بیهینن لە کۆبوونەوەی دوایی دا پەسەند بکرێ٠

دەقی بەیاننامەکە بە خەتی کاك حەمەدەمینی سراجی بەم جۆرەیە کە بە فارسی بلاوی دەکەمەوە ٠

" در اوایل ماه فوریه ۱۹٦۸ جلسه مشورتی مرکب از هیئت نمایندگی بیروی حزب توده ایران و کومیته‌ء انقلابی حزب دمکرات کردستان تشکیل شد٠ چند روز ادامه داشت ، پس از تبادل آراء و مذاکرات مفصل در باره‌ء همه‌ء مسائل مورد نظر جلسه بهنتایج زیر رسید :

۱ـ در باره‌ء خط مش سیاسی حزب دمکرات کردستان ٠

نمایندگان کمیته انقلابی حزب دمکرات کردستان در باره‌ء خط مش سیاسی این حزب و جنبش مسلحانه ای که آغاز شده توضیحات مفصلی دادند٠ پس از اظهار نظر شرکت کنندگان جلسه روشن شد که در خطوط اصلی خط مش ساسی حزب دمکرات کردستان و حرب توده‌ء ایران هیچ گونه اختلافی وجود ندارد٠

این خطوط به ترتیب زیر خلاصه میشود :

الف ـ حزب توده‌ء ایران و حزب دمکرات کردستان نهضت خلق کرد را در کرد ـ ستان ایران جزئی از جنبش عمومی خلقهای ایران میدانند ۰ حزب دمکـــرات کردستان مبارزه مشترك همه‌ء خلقهای ایران علیه امپریالیست و رژیم ضـــد دمکراتیك و ضد ملی شاه را هدف اصلی خود میشمارد ۰

ب ـ حزب توده‌ء ایران و حزب دمکرات کردستان نهضت ملی خلق کرد را جـــزء لاینفك نهضت دمکراتیك خلقهای ایران میدانند ۰ برانداختن رژیم ارتجاعـــی شاه و تامین دموکراسی و آزادیهای دمکراتیك و حقوق انسانی برای همـــــه‌ء مردم ایران هدف مشترك هر دو حزب میباشد ۰

ج ـ هر دو حزب با اصل لنینی حق تعیین سرنوشت ملتها بدست خود اعتقــــاد راسخ دارند و بر آنند که خلق کرد مانند خلقهای ایران حق دارد سرنوشت خود را بدست خود تعیین کند شعار ملی حزب دمکرات کردستان ایران عبارت است از تامین حقوق ملی خلق کرد در کردستان ایران در حدود چهارچوب کشور ایران این هدف بشکل اتحاد داوطلبانه‌ء خلقهای ایران در ایجاد دولت واحـــــــد (اتحاد فدراتیو) تجلی خواهد کرد ۰

د ـ هر دو حزب معتقدند که در کردستان ایران دهقانان نیروی عمده‌ء انقلاب را تشکیل میدهد ۰ هیچ جنبشی نمی‌تواند در کردستان پیروز شود مگر اینکه شعـــار واضح و مشخص بنفع دهقانان بدهد ۰ تنها با جلب دهقانان و زحمتکشان دیگـــر کردستان به‌سوی انقلاب است که میتوان آنرا عمیق نمود و جنبش ملی راتبدیـل به یك جنبش وسیع دمکراتیك اجتماعی کرد ۰ برای این هدف باید شعارهـــای صریح مربوط به دهقانان از تقسیم اراضی گرفته تا عدم پرداخت قسط خریـــد و اجاره بهای زمین بسته به شرایط هر محل داده شود ۰

۲ ـ در باره‌ء قیام مسلحانه :

هر دو حزب نظر دادند که نهضت مسلحانه‌ای که هم‌اکنون در کردستان ایران بوجود آمده نتیجه‌ء فشار ارتجاع ایران بخلق کرد و سرکوب هرگونه اظهـــار

وجود برای دفاع از حقوق ملی و دمکراتیك خلقهای ایران است ۰ هر دو حزب این قیام مسلحانه رایك اقدام اجتناب ناپذیر تلقی میکنند و آنرا عمل مثبتی میدانند و از فداکاری رفقائیکه توانسته‌اند مواضع‌جنبش مسلحانه‌را حفظ نمایند تقدیر میکنند۰ با در نظر گرفتن شرایط موجود هدف عبارت استاز حفظ این جنبش مسلحانه تقویت سیاسی و تشکیلاتی آن ۰ پرورش کادرها ، آماده کردن زمینه فکری در بین مردم کردستان ایران و سراسر ایران برای بسط و توسعه‌ء آن به مناطق دیگر کردستان ایران و ایران بطور کلی ، علاوه بر شرایط عینی و انقلابی برای‌این کار ضرورت دارد که سازمانهای حزبی در کردستان احیاء و تقویت شوند ۰ در شهرها نیز هسته‌ها و سازمانهای حزبی بوجود بیایند آنوقت میتوان بتدریج و بدون دستپاچگی مبارزه‌ء مسلحانه را توسعه داد ۰

۲ ـ در باره‌ء شکل سازمانی فعالیت در کردستان :

الف ـ طرفین موافقت کردند که در کردستان ایران به اسم حزب دمکرات کردستان فعالیت شود و سازمانهای این حزب احیاء گردند۰

ب ـ هر دو حزب معتقدند که در چهارچوب کشور ایران باید همه‌ء سازمانهای مارکسیستی در حزب واحد طبقه‌ء کارگر ایران ، حزب توده‌ء ایران گرد آیند۰ حزب دمکرات کردستان باید هم از نظر سازمانی و هم از نظر سیاسی و فکری خود را برای چنین وحدتی آماده کنند ۰ با در نظر گرفتن شرایط و امکانات موجود در کردستان باید در وهله اول رهبری مارکسیستی را در حزب دمکرات کردستان تامین نمود و سپس بتدریج تبدیل به یك حزب مارکسیستی با برنامه‌ء مارکسیستی کرد۰

ج ـ هیئت نمایندگی حزب دمکرات کردستان اظهار داشت که مسئله‌ء وحدت سازمانی حزب سراسری ایران را در نخستین کنفرانس یا کنگره‌ء خود مطرح خواهد کرد و کوشش خواهد نمود که موافقت کنفرانس یا کنگره را برای به تحقق رساندن این وحدت جلب کند ۰

د ـ قرارشد روزنامه‌ء کردستان فعلا" به سبك سابق خود در اروپا به انتشارخود

ادامه دهد .

هـ - تا هنگامیکه وحدت سازمانی عملی نشده ، طرفین موافقت کردند که درباره‌ء همه‌ء اقدامات مهم سیاسی مربوط به جنبش خلق کرد و تماسهائیکه در اینمورد با نیروها و سازمانهای سیاسی چه در داخل و چه در خارج ایران بعمل میآید با همدیگر مشورت کنند و موافقت یکدیگر را برای چنین اقدامات و تماسهائی جلب نمایند .

و - طرفین موافقت کردند شرایطی بوجود بیاورند که رابطه و تماس مرتب و دائمی در بین آنها برقرار گردد .

٤- در باره‌ء خواستهای حزب دمکرات کردستان :

١- هیئت نمایندگی حزب دمکرات کردستان از حزب توده‌ء ایران میخواهد که :

الف - برای تربیت کادرها در کردستان ایران کمک های لازم را بعمل بیاورند . برای تربیت کادرهای حزبی آموزش اصول کار سازمانی و پرورش سیاسی آنان کلاسهائی کوتاه مدت (یک ماه و دو ماه) در کردستان ایران و عراق تشکیل شود .

ب - عده‌ای از رفقای کرد برای تربیت نظامی فنی برای مدت ٣ تا ٤ ماه بخارج اعزام شوند .

ج - از پزشکان عضو حزب توده ایران بویژه جراحان خواسته شود که برای کمک به جنبش مسلحانه خلق کرد به کردستان ایران بروند .

د - هر سال عده‌ای دانشجوی کرد (در حدود ٥ نفر) انتخاب و برای تحصیل به کشورهای سوسیالیستی فرستاده شوند .

٢ - کتاب و نشریات مارکسیستی بزبان فارسی و کردی تهیه و برای کردستان ایران ارسال گردد .

٣ - یک دستگاه ماشین تحریر و پلی کپی تهیه و در اختیار حزب دمکرات کردستان گذاشته شود .

١٧ - برای تهیه‌ء لوازم دیگر در شرایط فعلی ضرورت فوری برای حفظ نهضت

مسلحانه در کردستان ایران دارد از قبیل فشنگ " دستگاه فشنگ پر کـــن " دینامیت و همچنین اسلحه اقدام شود ۰

۷ - رادیو پیك ایران به نهضت مسلحانه، خلق کرد توجه مخصوص مبذول دارد و بویژه در برنامه، کردی خود هدفها و شعارهای این جنبش را پخش کنـــد و خلقهای ایران را توجیه نماید و تبلیغات ارتجاع ایران و امپریالیســـت را خنثی سازد ۰

۷۱ـ علیلحساب یك کمك مالی فوری به حزب دمکرات کردستان ایران بشـــود و برای آینده کمك و مستمری مرتبی در نظر گرفته شود ۰ خواست حزب دمکرات کردستان اینست که حد اکثر کمك باید بعمل آید بطوریکه در وهلـــه اول سروسامانی بوضع کادرهای حرفه‌ای و خانواده‌هایشان به زندانیان و خانواده ـ هایشان همچنین به پیشمرگه ها داد ۰ واضح است که با توسعه جنبش کمـــــك مادی نیز وسعت خواهد یافت " ۰

له بەیاننامەکەدا به دەست خەتی دوکتور قاسملو ئەم برگەیەش نووسراوە :
" هیئت اجرائیه، حزب توده، ایران ؛ رفقای موجود در بغداد متن و روح بیانیه، مشترك فوریه، ۱۹٦۸ را کاملا" تائید میکنند ۰ عقیده دارند که در شرایـــط کنونی این بیانیه، میتواند اساسی برای تعیین روابط دو حزب قرار گیرد " ۰

پاش ئەو بەیاننامەیە دوکتور رادمنیش یارمەتیەکی نەغد وباشی دا بە کـــاك سولەیمان و کاك حەمەدەمین ۰ پاشان لەگەڵ کاك سەعید کویستانی و مـــەلا محەمەدی خزری و کاك چوکەل کۆبوونەوەیەکمان کرد بریارمان دا کە کاك سەعید و مەلا محەمەد لە لای زینوی شیخی بمێننەوەو لە ریگای برادەرانی حیزبـــی کومونیستەوە لەگەڵ جولانەوەی چەکدار لە کوردستانی ئیران پێوەندی رابگرن و منیش لە رووداوەکان ئاگادار بکەن ۰
من پیشنیارم کرد کە نەگەریمەوە بۆ ئوروپا لەگەڵ کاك حەمەدەمیـــن و سولەیمان بچمەوە کوردستان ۰ دوکتور رادمنیش و دوکتورقاسملودژی پێشنیاری

من بوون • دوكتور رادمنيش لەبەر ئەوە كە راديو پەيكى ئيران پەكى دەكەوێ و كاك حەسەنى قزلجى بە تەنيا كارى بۆ ناكرێ • دوكتور قاسملوش دەيگوت نابێ هەر ئاوا ماڵ و منداڵت بە هەوا بەجێ بێلێ • تەجرووبەى چكوسلواكيت هەيە • ئەگەر قەرار بێ بگەرێنەوە بۆ كوردستان دەبێ لەپێشدا وەزعى ژيانى منداڵەكانت روون بێ و دابين بكرێ •

مەسەلەيەكى تر كە لە كۆبوونەوەدا بريارى لەسەر درا ئەوە بوو كە سولەيمان و حەمەدەمين لەو سەفەرەدا نابێ لەگەڵ مائوئيستيە ئيرانيەكان كە هاتبوونە لاى مام جەلال پێوەندى بگرن و يا هاوكاريان بكەن •

پاش تەواو بوونى كۆبوونەوە شەوێك هاورێيانى حيزبى كومونيست كە كاك عەزيز محەمەد ـ يش لە گەڵيان بوو ، هەر لەو ماڵە بە بۆنەى تەواو بوونى كۆبوونەوەى ئێمە دانيشتنيكيان رێك خست و شەوێكى خۆش و دانيشتنيكى برايانەمان بردە سەر • دوكتور قاسملو لەبەر كارى رانستگا پاش كۆبوونەوە گەراوە بۆ پراك • من و دوكتور رادمنيش چاومان بە دارا ـ توفيق كەوت • دوكتور رادمنيش نامەيەكى بۆ مەلامستەفا نووسى و دارا ناردى پاش چەند رۆژ مەلا مستەفا داواى كردبوو كە رادمنيش بچێتە لاى • دەستێك جلى كوردى مان بۆ پەيدا كردو لەگەڵ كاك دارا بەرەو چيا گەوتە رێ • لام وايە پينج رۆژى پێ چوو • لەگەرانەوەدا بێجگە لەوە كە لە چاو پيكەوتنى مەلامستەفا رازى و دلخۆش بوو ، دەتگوت جەبهەى شەرى شكاندوە • بەو زستانە چووبووە شاخى و ژيانى پێشمەرگايەتى ديبوو ، سەرێ سوور مابوو • دەيگوت :

" مەلا مستەفا ـ م دلنيا كردوە كە جولانەوەى كوردستانى ئيران دژى ئەو نيە • ئەويش هەستى بەوە كردوە كە (جەريانيك)لە پشت ئەم جولانەوەبە راوەستاوە "

بەلام بە داخەوە (جەريان) قەت لە پشت جولانەوە رانەوەستا •

مەلا مستەفا بەراستيشى گوتبوو كە منيش بچم بۆ لاى • بە داخەوە لەو سەفەرە دا بۆم نەكرا و ٢٦ ى فوريەى ١٩٦٨ گەرامەوە بۆ سوفيا •

پاش گەرانەوەى ئێمە كاك سولەيمان برادەرێك دەنێرێ بۆ سەنگە سەر كە هەواليكى خێزانێ بزانێ و ئەگەر بكرێ بێهێنێ بۆ سولەيمانى •

بەلام حەسۆ میرخان کابرا دەگرێ و گەلێکی لێ دەدا و ڕێگا نادا ژن و مندالی سولەیمانی موعینی لە سەنگەسەر بێنە دەرێ ٠

بە پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆبوونەوە کە هەتا گەرانەوەیان کەس نەیان بێنێ و پێوەندی لەگەل کەس نەگرن . کە دەچنەوە سولەیمانی کاک حەممەدەمین لەگەل مائوییستە ئیرانیەکانی مام جەلال لە بەکرە جۆ کۆی کردبوونەوە و دەیویست لە کوردستان شورشی پرولتیریان پێ بکا پێوەند دەگرێ و تەنانەت یەکێکیش بە ناوی " کورش لاشایی " کە پاشان چۆوە تاران و بوو بە ساواکی لەگەل خۆی دەباتەوە بۆ کوردستان ٠ بێجگە لەوە مام جەلالیش لە لایەکی دیکەوە هەوڵ دەدا کە ئەوانەی بە ڕوالەت شورشگێڕن و لایەنگری بیرو باوەری مائوییستی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ٠ پێوەندی کاک حەممەدەمین بوو بە هۆی ئەوە کە بلاو بێتەوە سولەیمان و حەممەدەمین لە ڕێگای مام جەلالەوە لە گەل حکومەت پێوەندیان گرتوە ٠

کاک سولەیمان و حەممەدەمین هێشتا نەگەڕابوونەوە بۆ کوردستانی ئیران و هەر لە سولەیمانی بوون ، لە ڕێگای برادەرانی مام جەلال ـ ەوە نامەیەکی سمایلی شەریف زادەم بۆ هات ٠ نامەکە بە جوانی دەرێ دەخا کە سمایل بە بێ ئاگاداری سولەیمان و حەممەدەمین پێوەندی لەگەل مائوییستەکانی بەکرە جۆ گرتوە ٠ ئەمەش دەقی نامەی شەهید کاک سمایلی شەریف زادە یە ٠

" ئاشنا گیان ـ دەستەکانت بە گەرمی ئەگوشم بە تین ترین سلاوی شورشگیرەکان وەر بگرە ٠ ماوەیەکی زۆرە لیک بێ خەبەرێن ٠ ئێستا کە وا دەرفەتمان بۆ پێک هات ئەم نامەیەم بۆ نووسی ٠ ئاشنا گیان هەرکە لە بەغا گەرامەوە وەزع شێوا بوو ٠ لەسەر بڕیاری برادەران لەگەرمێن بارمان کردو بەرەو کوێستان کۆچمان کرد ڕۆژێک پێش کوچ کردنمان لە گەرمێن ڕا نامەیەکم هەر بە ناو و نیشانی ئەم نامەیە بۆ بەرێ کردی و تیا ڕوونم کردبۆوە کە بۆ چی بەرەو کوێستان بار ئەکەین ٠ کورتیەکەو کوردیەکەی ئەمەیە کە مچە بە تەواوی کەوتۆتە ناوەشی ئیران و ئاغاکەی ٠ لەمەدا هیچ شکمان نەماوە هەر بە

دەستوورو لە سەر داخوازی ئیران بوو کە دەستی کرد بە گرتن و تەحویل دانەوەی هەموو لایەنی و پان و بەرینی برادەران ٠ جا نازانم ئێوە بیرو راتان چی یە ؟ بە داخەوە ئەو جناحەی " کاکە شوان " کە پشتی مچە ئەگرێ بە تەواوی لە سەر مەسەلە روون نین ٠ تێ بینی : " لەم ئاخریە دا کاکە شوان ئینشقاقی تێ کەوتوە و بوّتە دوو جناح " بەلاّم هەلویستی جەماعەتی " مام " بەرانبەر بە ئێمە زوّر باشەو بە ئاشکرایی و بە راشکاوی پشتیوانی خوّیان لە ئاست ئێمەوە دەر دەبرن ٠ (١)

ئاشنا گیان هەر کە هاتینەوە بریارمان دا لەسەر هاتنەوەی توّ ٠ وابزانم برادەر " م " لە لایەن ئێمەوە ئێوەی ئاگادار کردوە ٠ ئێوەش ئەبێ لەم بارەوە ئیقدام بکەن ٠ ئەو روّ توّفانیکی بە تەوژمی شورشگیرانە سەرانسەری ولاتەکەمانی داگرتوەو کوّمەلانی خەلکی هاتونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ریگەی رزگاری دەست دانە چەك و وەشاخان کەوتنە ٠ نەك هەر بوّ نەتەوەی ئێمە بەلکو ریگەی رزگاریّ هەموو نەتەوەیەکی ژێر دەست و چەوساوەکان هەر ریگەی راپەرینی چەکدارانەی کوّمەلانی زەحمەتکیش واتە " شەری پارتیزانی یە " کە لە پیشا ئەبێ لە دیهاتەوە دەست پێ بکریّ و کوّمەلانی هەراوی جوتیرە تیکوشەرەکان هان بدا بوّ خەباتی چەکدارانە ٠

لەم بارەیەوە نامەیەکم بوّ " بیرو " نووسیوە بە زمانی فارسی جا ئەگەر پیّ یان گوتی بزانە نامەی منەو بیرو رای خوّم بوّ دەر خستوون جا نازانم وەلام و هەلویستیان چوّن ئەبێ ٠ حکومەت کەوتوّتە توند و تیژیەوە ٠ لە لایەك خەلکی سوێند و تەلاق ئەدا کە نان نەدەن بە پیشمەرگەکان و بارمەتیان نەدەن و لە لایەکیش بە شیوەی ئەمریکایی یان بە هیلی کوّپتیر تەعقیبی برادەران ئەکەن٠

---

(١) ئەوە لە کاتیکدا کاك سمایل ئەوە دەنووسی کە لە بەغدا چەند جار بە ماموستا زەبیحی و جەماعەتی مام جەلالم گوت کە پولەیەکم بوّ ساز کەن پێ بچمە کوردستان و چاوم بەوان بکەوی٠ بەلاّم ئێستاش جوابیان نەداوەتەوە٠

له هەر لاوە جاش دروست ئەکاو خۆ قایم ئەکا . پوستەکان لەسەر سنــــــــور نەفەراتیان زۆر ئەکاو دەیەوی هەر پاسگایەك هێلّی کۆپتیریکی لی بێ . هێنــدی هەوالّ هەن کە وا دەر ئەخەن حکومەت بە نیازە لەسەرە بەهار دا لە لایــــــەك زمانی کوردی و لیباسی کوردی یاساخ بکاو زمانی فارسی و لیباسی پەهلــەوی بخاتە کایەوە ، لە لایەکی ترەوە دەست بکا بە گرتن و تەبعید کردنی نیشتمـان پەروەران . دەنگی خۆتان بەرز کەنەوەو رای گەینن و خەلکی روون کەنەوە .

ئاشنا گیان ـ ئەوەتان بخەمە بەر چاو کە لە سەرە بەهار دا تفەنگچیە کانی " مچە " بۆ تەعقیبی ئێمە ئەهاتنە دیوی کوێستان و ئێستاکەش ئــــــــەم مەسەلەیەمان هەر لەبەر چاوە کە لە دوا رۆژ دا ئەگونجی لێ مان نەگـــــــرێ و ئەمەش بە کرێ گیراوی ئەم کابرایە دەر ئەخا .

کاکە گیان قەرار وا بوو کە " کۆمەلە " یەك لە خوێندکارەکانی خــۆمان پێك بێنن جا نازانم هەول و تەقەلاتان چێ لی هاتۆتەوەو بە کوێ گەیشتوە . بــۆ هاورێ " ژیان " (١) یشم دوو پاتە کردۆتەوە . هەولی بۆ بدەن . لە ناردنـــــی نامە ، رۆژنامە ، گوڤار ، کتیب ، رامەوەستەو دەنگ و باسیشمان بۆ بنووسە . دیـسان لە قولایی دلەوە سلاوی گەرم . شلێر و کەمال ماچ ئەکەم . ئەحوالـــــی خوشکە خەجیجە ئەپرسم .

براتان : سیـــــــروان
ری بەندانی ٤٦

(١) مەبەست کاك محەمەدی موهتەدی یە .

ڕووداوەکانی تازە

پاش ئەوە کە کاک حەمە دەمین و سولەیمانی موعینی ماوەیەك لە سولەیمانی گیر دەبن ، حەمەدەمین دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و سولەیمان لەسەر هێنانەوەی خێزانی لە سولەیمانی دەمێنیتەوە • جاریکی دیکەش برادەرێك دەنێرێ بۆ سەنگە سەر بەلکو خێزانی بێنن ، ئەو جارەی حەسۆ میر خان کابرا دەگرێ و تەنانەت ئەو پارەشی لێ دەستێنێ کە سولەیمان بۆ خێزانی ناردبوو • کاك سولەیمان دێتە سەر ئەو باوەرە کە نامەیەك بۆ کاك ئیدریس بارزانی بنووسی • نوسخەیەکیشی لەو نامەیە دەگەڵ وێنەیەکی سیامەندی کوری بۆ من ناردبوو بۆ سوڤیا ، کە وا دەقی نامەکەی بلاو دەکەینەوە •

نامەی سولەیمانی موعینی بۆ ئیدریس بارزانی

" بەرێز کاك ئیدریس بارزانی :

پێشەکی سلاوێکی شورشگێرانە لە هەموو لایەك • ئەوەی سورەو باوكـت لە رابردوو دا شارەزایە ، خەبات و کوڵ نەدان و رەنج و ئازار و ئەشکەنجەو دەربەدەری و تال و سوێری و شەو نخونی و چیاو چوڵ و ئێمان بە بیرو باوەرو بە گەڵ ، لە وەمەیدانی کردەوەو شورش و کارزاری ژیان دا وای قال کردووم و تواندوومیەوە کە لە کوردایەتی و حیزبایەتی و دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و ناحەز بەولاوە حەز لە هیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بە پەرۆش نەبم • لە ماوەی بیست سال خەباتی بێ وچان وزێندان و

دەربەدەریم بە تەئسیری خاو و خێزان و برادەرانم ئەوەندەم توانا پەیدا کرد لە ژیانم دا ئەوەندە دڵی خۆم رازی بکەم دەزگیرانێك پەیدا بکەم ٠ پاش مۆخالێفەتێکی زۆری داگیر کەری کوردستان بە پەلە گوێستمەوەو بەرهەمی ژیانی تایبەتی کوڕیکم بێ بەلام دوژمن وچانی پێ نەدام کەوتمە زیندان ٠ سێ ساڵ ئەو ژنە چاوە روانی ئازادی منی کرد ٠ پاش ئازاد بوونم ئەو بەرهەمە پێك هات ، چاوم پێ نەکەوت دوور خرامەوە پاشان رام کرد بۆ کوردستانی عیراق لە ماوەی چاردە ساڵ ژن و مێردایەتیدا لە پێناوی بیرو باوەڕو ئازادی گەلی کورد تەنیا سێ مانگ چاوی بە من کەوت منی عەودالی کوردستان تا پار چاوم نە بە خێزان و نە بە مندالم کەوتوە ٠ تازە گەیشتبوە ئێرە ، دوو مانگ بوو لە ناو جەرگەی دوژمن و داگیر کەر دا خۆی گەیاندبوە ولاتی ئازاد کراو و کوردستانی ئازاد کە مێردەکەی چاردەسالان هەوڵی بۆ داوە و بەردی بناغەی بۆ داناوە ، زۆر شاد و بەختەوەر بوو ٠ بەلام کاتی بیستی برادەری مێردەکەی بە بێ تاوان گیران و هەلات هەلاتیان وێ کەوت و مێردەکەی ماوەی خوا حافیزی نەبوو ، بە بێ ئێمکان لە دەریای غەریبایەتیدا کەس ناناسێ بە جێ ماوەو لە پاشان تالان کراو سوکایەتی بەسەر هات ، مات وحەیران و گێژ ماوە ٠ تەنیا گریان و قوڕ پێوان ئەیتوانی دڵخۆشی بداتەوە ٠ لەو ولاتە کە کەس ناناسێ رای کردو هاتە سەنگە سەرو لەوی بە دەست بەستراوی مایەوە ٠ کاتێك ئێمە جوتیاریکی هەژارمان نارد کە پارەیەکی پێ بگەیێنێ ، کاك حەسۆ گرتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئیرانی داوە ٠ ئێستاش کە ئێستایە لە ژێر دارو ئازاردان دا شەو و رۆژ دەکاتەوە ٠ شەش مندال و دایکی پیرو خێزانی برسیەتی هەرەشەیان لێ دەکا ٠ ئەوەی کورد پەروەران فریای نەخەن نی یانە بێخۆن ٠ ویستمان لە قەلادزە بێ هەتا بتوانین پێ رابگەین ٠ بە هۆی دۆستانی کورد پەروەر هەولمان دا بەلام لە لایەن حەسۆوە هەموو جەریمە کران و پارەیان لێ ئەستێنرا ٠ تا ناچار بە هۆی باوەر پێ کراوێك وەزعی خۆمان و خاو و خێزانمان هێنا گۆڕێ و لێتان دلنیا بووین ٠ کەسێکمان بە ناوی محەمەد مەنکور بە نهێنی راسپارد ٠ بەلام کاك حەسۆ ئەویشی گرت و لە بەندیخانە دا

ئەوەندەی ئازار داوە لە پیاوەتی کەوتوەو ئیستاش هەر نەخۆشەو ئەنالێنێ . ناچار سەر لە نوێ پێمان راگەیاندن بەڕێزتان و باوکت وەعدەی تەواتان دا کە ئەو ژنە رزگارەو ئێمە کارمان پێ نەداوە . موافەقەتتان کرد کە رای گوێژین . پاش دڵنیایی تەواو کە بە حەسۆ راگەیەندراوە . نامەیەکی دۆستانەم بۆ حەسۆ نووسیو و بۆم روون کردەوە کە ئەو ژن و منالە یا خۆی بۆم بنێریت یا تەحویلی راسپاردەی بدات . تکام لێ کرد کە ئەو نامەیە بە نهێنی بمێنێتەوەو قضیەکە ئاشکرا نەبێ . لە وەلام دا بۆی نووسیوم نۆ بە قسەی جلەو بلە هەستاوی پیاوی وانی نامەکەشی لە رۆژی جێژن دا کە هەموو کەس سەنگە سەرو پێشمەرگە لەوێ بوون خۆیندوویەتەوە و کابرای ئازار داوەو پاش پشکنین و هەرەشە کە نەچێتە لای منداڵەکانی من بەڕێی کردۆتەوە . هەر وەکی نووسیومە لە پێناوی شەرەفی نەتەوەکەمدا ژن و منداڵم مەبەست نیە هەر ئاوام . بەلام لەبەر ئەوەوە کوردی ئیران دەزانێ لە پێناوی کوردایەتیدا ئەو ژنە رەنجی داوەو رەنج بە خەسار بووە . منیش پێی قەرزدارم . هەر بۆیە لێی ئەپرسمەوەو پێوەماندووم . لام وایە هێچ قانون و عورفێکی دواکەوتوانەو عەشیرەتی و یا قانونی زۆردار و داگیرکەریش هێندە لە ژنان ناپرسێ و پێوەی ماندوو نیە . عجبا بۆ ئێوە بۆتە مشکلەیەك و خەلکی ئیران و عیراق پێ وابێ کە دەستی بەسەر داگیراوەو بەر دەست و دەست بەسەرە . کوردێکی ئیران و کەس و کارم توانای نەبێ لەو ژن و منداڵە بەندی بە بپرسێتەوەو ئەوانیش ترس و وەحشەتێکیان لێ بنیشێ کە لە داگیرکەر وا نەترسابن و ئەم حالە بە مردن و سووکایەتی بزانن .

لەو لایەشەوە حەسۆ میرخان لەبەر ئەوە نەکا ئەو ژن و منداڵە بە شەو راگا . ئالتون و جل و بەرگی وەك بارمتە لێ بگێڕێتەوە و تەحویلی سەید رەسولی بدا و چوار دەوری لە جاسوس و خەبەر چین بتەنێ . ئاخر نابێ بزانێن ئێمە چێ مان کردوە ؟ ئەگەر گوێیا ئێمەش تاوانبارێن ئەو ژن و منداڵە غەریب و بێ گوناحە چێ یان کردوە ؟ من ئەگەر سوح و خەیانەتێکم لە خۆدا شك بردبا . ئەو ژن و منداڵەم نەدە هێنا و یان ئەگەر هێنام دەرفەتێ ئەوەم هەبوو بۆ هەر شوێنێکی ئارەزووم هەبا رام گوێستبا . ئەوەش هەر دەلیلی راستی و

کورد پەروەری ئێمەیە ٠

برا گیان ئەوەی گوێ بیس بوی لە شوێنی باوەر پێ کراوی خۆمان بۆمـــان هاتوە لە سابلاغ قاوە گۆیا سازمانی ئەمنیەت هەوڵ دەدا کە ئەو ژنە لـــە دەستی ئێوە وەربگرێ و بە فیل بێ باتەوەو تۆڵەی رابردووی منیش لەو ژنـــە خاکسارە بکاتەوە ٠ ئەوە من لە هەموو لایەکەوە ژیانی خێزانم لە مەترسی دایەو هەرەشە لە ویژدانم ئەکاو پیلانی دوژمن چاوەروانیم دەکا ٠ هەرچەندە لەپێناوی ئەڤین بە رێگاو خەباتم دا ئەویش هەر شانازی یە بۆ من بەدەستی دوژمن نـەك کورد ٠

جا من سەر دەر ناهێنم لەو کارەی کە بۆ ژنێك و دوو منال لە گۆرێ دایـە٠ هەر ئەوەندەم تکام هەیە هەر وەکی لە دوو لاوە وەعدەتان داوە کە رزگاری بکـەن ئەوە بە قەولی خۆتان وەفا بکەن . نامەیەك بنووسن وەلامم بدەنەوە تا کەسێکی بە دوا دا بنێرم بە بێ دەنگی لە شوێنێکی بێ سەرو سەداو لە دەستێکی ئەمیـن دا بێ ٠ حەسۆ ش ئاگادار بکەن چێ تر سیاسەتم لەگەڵ نەکا . کوردانـــەو مەردانە بێنە پێش ٠ چونکە من حەز ناکەم دلی کورد پەروەران لە ئێران و عیراق لەوە زیاتر متاثر بێت و چیرۆکی لێ درووست بکەن و دووژمن و نەیارو ناحەز پێ شاد بن ٠ وەك نمونە بە ناوی ئاکارێك بێخەنە روو خۆی پێ کێف بـدەن و لەو لایەشەوە ویجدانم قبول ناکا بۆ ژنێك چێ تر کوردی هەزار بخەمە مەترسـی لێدان و تەحویل دانەوە ٠ پاش ناهومید بوون لەو مەحاوەلەیەو نووسینـــی ئەو نامەیە ئەگەر وەلامێکی راستم دەست کەوت ئەوا بۆی ئەنێرم . ئەگەر بـێ وەلام مامەوە پەیمان ئەدەم واز لەو ژنە بێنم ئیتر لێی نەپرسمەوە بۆ ئەبـەد و چێ تر پێوە ماندو نەبم ٠ هەر رووداوێك لە ناردنەوە بۆ ئێران و تەسلیم بـە دووژمن بە لایەك مەسئولییەتەکەی ئەخرێتە سەر شانی ئێوە ٠ جا خـۆتان و شەرەفی کوردایەتیتان بەرامبەر بە ژن و دوو مندالی ئێخسیر و بێ تاوان ٠

لە ئاخریدا ئەبێ ببورێ کـە هیچ کەسمان شك نەبرد دۆستێکی مطمئـن و دلسۆز بێ بەرانبەرتان کە ئەو نامە بە نهێنی بدا بە ئێوە ئەو برادەرانە نەبـێ کە حەولمان داو وەسیلەمان پێکەوەنا ٠چاوەروانی وەلامتان ئەکەم بەحورمەتەوە٠

١٩٦٨/٤/١٥ فایق ئەمین

بەشوێن ڕووداوەکاندا

پاش ئەوە کە ماوەیەکی زۆر کاک سولەیمان لە سولەیمانی دەمێنێتەوە بۆ ئەوە کە خێزانی لە چنگ حەسۆ ڕزگار بکا. خۆشی دەکەوێتە داوی قالە تەگەرانی و سەری تێدا دەچێ. قالە تەگەرانی کابرایەك بوو لە ناوچەی بانە دەستی لە قاچاقچیەتی و دەستبری خەڵك دا کرابۆوە. لە لایەك لەگەڵ ساواك و حکومەتی ئێران هاوکاری دەکرد، هەر لەو کاتەشدا هاوکاری بەشی پاراستنی دەزگای شۆرشی کوردستان بوو. لە گەڵ حکومەتی عیراقیش پێوەندی هەبوو.

کاك سولەیمان پێشتر لە ڕێگای ئەحمەد تۆفیقەوە قالە تەگەرانی دەناسی و دەیەوێ بە هۆی ئەوەوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی ئێران.

هەر چەند ئەم هاوڕێیانەی کە سولەیمان و حەمەدەمینیان لە شاری سولەیمانی ڕاگرتبوو. وە پاراستبوویانن، پێ دەڵێن کە قالە تەگەرانی جێگای بڕوا نیە و کابرایەکی گومان لێ کراوە. بەڵام کاك سولەیمان گوێ نادانێ و بڕیار دەدا لە گەڵ قالە تەگەرانی بگەڕێنەوە.

پێشتر خەبەری گەڕانەوەی خۆی بۆ برادەران دەنێرێ. کاك سمایلی شەریف ـ زادە لەگەڵ هێندێك پێشمەرگە بۆ پێشوازی لە کاك سولەیمان بەرەو سنووری عیراق دێن. بەڵام بە داخەوە نەك هەر سولەیمان وەرناگرێتەوەو بە دیداری یەکتر شاد نابن، خۆشی بە هۆی خۆفرۆشی گوێخا شەریف ـەوە دەکەوێنە داو و لەگەڵ پێنج هاوڕێ تر شەهید دەبن.

ئەوەی لە بارەی پیلانی ڕێبەرایەتی شۆرشی کوردستانی عیراق بۆ گرتنی

سولەیمانی موعینی زانراوە تا ئیستا هەر ئەوەیە کە قالە تەگەرانی **سولەیمان و خەلیل شەوباشی** سواری ماشین کردوەو بردوویە سووک و هاسان داویە بە **صدیق ئەفەندی** • ئەویش گورج سولەیمانی پیچاوەتەوەو بردوویە بۆ **بارەگای بارزانی** • ئیتر پاش چەند رۆژ ژاندارمری ئیران **تەرمی سولەیمانی** بە شارەکانی کوردستاندا گیراوە • تەرمی خەلیل شەوباشیش تا ئیستا بی سەرو شوین ماوەتەوە •

هەرچەند دەزگای " پاراستن " و " بارەگای بارزانی " هەولیان دا کە جنایەتەکەیان سەرپۆش بکەن و وای نیشان بدەن کە گۆیا سولەیمان لە شەر لەگەڵ ژاندارمەدا کوژراوە ، بەڵام زۆر زوو بۆ هەموو کەس روون بۆوە کە سولەیمانی موعینی راستەو خۆ بە فەرمانی بارەگای بارزانی کوژراوە •

رۆژی ۱۹٦۸/۵/۲۹ هاوریەکی بە نرخ و دۆستیکی خۆشەویستم بە ناوی " جوامیر " یان " حاجی نوری قادر " نامەیەکی بە پەلە بۆ ناردبووم کە ۱۹٦۸/٦/۹ بە دەستم گەیشت ئەوەش دەقی نامەی کاک **جوامیرە** •

" برای خۆشەویست و بەریزم کاک کەریم رۆژتان باش • دەستەکانت ئەگوشم هەوالی دایکی کەمال ئەپرسم ، چاوەکانی کەمال و شلیر ماچ ئەکەم • زۆر بە پەرۆشەوە ئەحوالی کاک سەعید (۱) ئەپرسم •

گیانەکەم ئەگەر هەوالی بابی سیامەند(۲) ئەپرسی ئەوا بە دڵیکی پر لە داخ و ناسۆرەوە ، بە قوڵپی گریانەوە کە نیشانەی خەمباری بە نەک لاوازی ئەڵیم کە ئیستا لە ژیان دا نەماوە و نبزیکەی ۱۵ رۆژە کوچی دوایی کردوە •

پاش ئەوەی لەو سەری مانگەدا لای ئیمە گەرایەوە صیحتی زۆر باش بوو • بەلام کە گەیشتە ئەو دیوی شار تووشی نەخۆشی بوو • ناردیان بۆ خەستەخانە لەوی بە دەستی ئەو دوکتورە تاوانبارەی کە ژنەکەی راگرتبوو ، شریقەی لی

---

(۱) مەبەست کاک حەسەنی قزلجی یە •

(۲) مەبەست کاک سولەیمانی موعینی یە •

دراو ناجیح نەبوو گیانی سپاردوو لەو نەخۆشی یە دەرباز نەبوو. ئینجـــــــا
درایەوە بۆ مەهاباد . لەوی بە داخەوە ئەلێن کە سێ ڕۆژ بە مردوویی لە مزگەوت
مایەوە تا ئەو خەلکە چاوی پێ بکەوێت و دوّعای لەسەر بخوێنن و تەنبێ بـــــن
پاش ئەوە لە لایەن خزم و کەس و کارو هەمووانەوە زۆر بۆی دلگیر بوون بەخاك
سپێررا . بەلام براکەی پێشان گەرایەوە بۆ مالی خۆیان بە ساغ و سلامەتــــــی.
ڕۆلێکی باش یاری ئەکات و صیحتی زۆر باشە . یعنی کاك حەمەمین کە ئەویــش
زۆر سلامتان لێ ئەکات و لە دەمێکەوە نەم دیوە بەلام ئەزانم کە وەزعـــــی زۆر
باشەو ئەحوالتان ئەپرسی . بێگومان بە مردنی بابی سیامەند زۆر دلتەنگە .

برای خۆشەویست و بەرێزم بەم نیزیکانە نامەیەکی دوور و درێژو چەنـــــد
دیاریەکت بۆ ئەنێرم . هەر چەند ئەم نامەیەم بێگومان زۆر دلگیرتان ئەکات .

ئەبێ ئەوەش بزانێ لەم باسەی بۆم کردن کێ خەتا بارە . هەر ئەوەبە کـــــە
خۆت زۆر باش دەزانێ بۆ خزمەتی کوێستان ئەوەی کرد کە بێگومان نابێ چــاو
پۆشی لێ بکرێت و ئەبێ ریسوا بکرێت . دیارە ئەوەش خۆتان دەیزانن .

برای خۆشەویست بابی کەمال گیانەکەم بەم نیزیکانە بە درێژی بەسەرهاتـــی
دلسووتێنی برا خۆشەویستەکەی خۆت بۆ دەنووسم کە پیاسەو گفتگۆی جارانمان
پێکەوە لە بەغدا بۆ بیرەوەری وە چوتە کۆرێ یادگارەوە ....

ئێتر لە کۆتابیدا سەر لە نوێ دەستەکانتان ئەگوشم ئومید ئەکـــــــەم
کا مجەتان لە یاد نەچێ کە ئەو کارە ناپەسەندەو کۆسپە گرانەی تووش کردین و
مەرەزەکەی خواردین بێ ئەوە کە وەفاو بەقای بۆ بەلێنی خۆی بێت و بەو کـــارە
گەورەترین سوودی بە حەمەهەتیو(۱) گەیاند . چاوەڕوانی نامەی ئاینـــــدەم
بکەن کە بەم نیزیکانە بۆتان ئەنێرم . هیوادارم بەم نیزیکانە هەوالتان ببیسم .

برای دلسوزتان: مکتب الحاج نوری قادر
١٩٦٨/٥/٢٩

---

(۱) مەبەست ڕێژیمی شایە .

پاش ئەوەی نامەکەم بە دەست گەیشت بە تەلیفون لە گەڵ دوکتور رادمنیش قسەم کرد و داوام لێ کرد کە ریگا بدەن بگەرێمەوە بۆ کوردستان . من بە بێ ئیجازە و یارمەتی ئەوان سەفەرم پێ نەدەکرا نە ویزای سەفەریان دەدامێ نە بلیتی فروکەم بۆ دەکردرا نە پاسپۆرتم هەبوو دوکتور رادمنیش گوتی ئێمە لەسەر سەفەری تۆ موافقین ، بەلام هاوری قزلجی دەڵێ بە تەنیا ناتوانم کاری رادیۆ بەرێوە بەرم . راوەستە تا بیریکی لێ بکەینەوە .

رۆژی ۱۹٦۸/٦/۲٤ نامەیەکی بە پەلەی **یوسفی ریزوانی و چوکەلێ گەوهەری** ـ م پێ گەیشت . هەر ئەوەندەیان نووسیبوو : " سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی نەماون و لە ژیان دا نین " .

۲٦ ژوئینی ۱۹٦۸ نامەیەکی کاک محەممەدی موهتەدی ـ م بۆ هات کە هەر داخ و حەسرەت و خەفەتی لێ دەباری . کاک محەممەد نووسیبووی :

" برای بەرێز کاک کەریم رۆژ باش .

ماوەیەکی زۆرە لێتان بێ خەبەرم . چاوەروان بووم کە لە بابەتی وەزعی ولاتی را ئاگادارم دەکەی . چونکە ئێوە تەماستان هەیەو هاتوو چوتان هەیە . کە دیتم بێ دەنگن قەرارم دانا بوو کە پاش خەلاس بوونی ئیمتیحانات نامەیەکی زۆر دوور و درێژتان بۆ بنووسم و هەرچۆنێك بێ بۆ قسەو باس بێم بۆ لاتان بۆ بولغارستان . بەلام وەك دەبینن ئەوا پێش تەواو بوونی ئیمتیحانات و لە جەنگەی دەرس خوێندن دا نامەتان دەنێرمە خزمەت ، ئەویش بە دڵێکی زۆر تەنگ و پەرۆشەوە بە ئەعسابێکی شلەقاو و تێك چوون.

کاکە گیان خۆلا بکەم راست نەبێ ، بەلام ئەوە هەر ئەلعان نامەیەکی مستەفا نورانی ـ م وەرگرت کە دەڵێ : گۆیا نامەیەکی بۆ هاتوە کە دەولەت جاشێکی زۆری لە عەشایر ساز کردوە. سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی و مراد شیرێژ و ئەحمەدی عەلی عەجەم و چەند برادەری شەرکەری دیکەش کوژراون .

گۆیا موسافیرێکیش هاتوەو دەڵێ کە بە چاوی خۆی مەیتی سێ کەسی دیوە کە

له مەهاباد هەلاوەسرابوون . ئەگەر ئەوە راست بێ بەراستی زەرەریکــــی زۆر قورس و گەورەو خەمێکی زۆر قول و ناخۆشە بۆ هەموو لایەکی .

برا گیان رەنگە نەزانێ چەندە نارەحەت و بە پەلەم دەستم بۆ هیچ کاریـــك ناچێ ، ناتوانم دەرسیش بخوێنم - زۆرم تکایە بە خێرایی لە وەزع وەك دەزانــن ئاگادارم کەن . ئەگەر هیچ خەبەرتان نیە هەر نامە بنووسە قەیدی نیە ،چـــاوە روانم . پاش خەلاس بوونی ئیمتیحان نامەیەکی درێژتان دەنێرمە خزمەتـــی، سەریشتان هەر لێ دەدەم . بۆ کاك حەسەن بە قەت دنیایەك عەرزی سلاو و دەست ماچ کردنم هەیە . سلاو بۆخوشکەخەجیج و چاوی مندالەکان ماچ دەکەم .

براتـ : محەمـــــەد

١٥/٦/١٩٦٨

من دوو رۆژ پێشتر نامەم بۆ کاك محەمەد نووسیبو ، لە وەزع ئاگـــــادارم کردبوو . بەلام پێش ئەوەی نامەکەی منی پێ بگا ، ئەو بە پەلە نامەی بۆ مـــن ناردبوو .

هەوەلی ژوئیەی ٦٨ نامەیەکی دیکەم بۆ دوکتور رادمنیش نووسی خەبـــەری کوشتنی مراد شێرێژو چەند پێشمەرگەیەکی دیکەم بۆ نارد . لە نامەکـــــەدا نووسیبوم : " ئاخر ئێوە بەیاننامەیەکی هاوبەشیتان لەگەڵ ئەو برادەرانــــە نووسیوە . ئێستا ئەگەر یارمەتیشیان پێ ناکەن ؛ لانی کەم دەنگ و باســــی ئەم کوشتارەو ئەم جینایەتە با لە رادیو دا بلاو کەینەوە ".

سەرەتای مانگی ژوئیەی ١٩٦٨ نامەیەکی مەلا محەمەدی خزری م بۆ هـــات کە پاش بیست رۆژ بە دەستم گەیشتبوو . ئەوەش دەقی نامەی " پیرۆت " مــــەلا محەمەدی خزری .

" هاوری بەرێز کاك شیروان. پێشەکی گەرمترین سلاوی شورشگێرانــــەت پێشکەش ئەکەم و هێوا دارم ساخ و سەرکەوتو بــێ . هاوری خۆشەویــستم . لاموایە هەوالی ئەو کارە سانە نالەبارەت نەزانیوە کە لە لایەن بە قەولی قادر شەریـف ضحاك ـ ی قەرنی بیستەمەوە بۆ سەر گیانی لەشی کادرە خەباتکەرەکانــــــی

حیزبی دیموکراتی کوردستان · ئێستا که ئەو نامەیە دەنووسم سەعـــات سێ و نیوی پاش نیوەڕۆیە له دەرگەڵەم ·

چونیەتی کارەسات :

١ـ له ١٩٦٨/٥/١٠ لە گوندی ئازادی هەوالی گیرانی هاوڕێی شەهیـــد سولەیمانی موعینی هات · بەلام بۆمان روون نەبوو له ٥/١٣ لەگەل هـــاوڕێ تیکان (١) چوین بۆ گەلالە · لەوێ چاومان بە ئەمیری قازی کەوت . له پاش چاك و خۆشی کردن ئەمیر گوتی : " دیارە هەوالی فایق ئەفەندیتان هەیە " ·

منیش گوتم نا · گوتی : " بەلێ لە سیتەك نێزیك سولەیمانی . صدیـــق ئەفەندی گرتوویەتی و بروسکەی کردوە بۆ مەکتەبی تەنفیزی و سیاسی و بارزانی کە فایقـم گرتوە · من بە چاوی خۆم بروسکەکەم دیوەو لەو رۆژانەدا بە خزمتتـان دەگا " ·

ئەوەندەی گوت و بە پەلە گوتی خوا حافیز دەبێ بڕۆم بەلام دێمەوە · ئیتـر من و هاوڕێ تیکان زۆر شێواین · بەلام چار چی یە ؟

٢ـ وا بوو لە رۆژی ١٩٦٨/٥/٢١ لە زێتوی هەوالی لە دار بەستنی جنـــازەی هاوڕێی شەهیدی ریگای ئازادیمان بیست ·

٣ـ له پاشان کەوتینە پرسین و تەحقیقات کە چۆن شەهید کراوە و چۆن تەسلیـــم بە حکومەتی کۆنە پەرست و خوێن مژو هەژار گوژ کراوەتەوە · وەکو زانیمـــان شەوی ٦٨/٥/٢٠ هاوڕێی سەر بەرز و بەشەرەف لە دیگمان له مالی بارزانـــی کوتلە باران کراوە هەر ئەو شەوەش ئاگاداری هاتوو چۆی ترومبیلەکان بووین له ئیران بۆ خوارێ و گەرانەوەیان · وابوو هاوڕێی دلێر بە شەهیدی جەنازەکەیـــان تەسلیمی حکومەت کردوە ·

٤ـ حکومەت چی کرد ؟ هەر ئەو شەوە جەلادەکانی ئەرتەشی پوشالی شـا لـــە حدودی پوستی تەمەر چیان ، تەرمی هاوڕێ فایق بە هیلی کۆپتێر دەبەن بـۆ لای سەردەشت · رۆژی ٥/٢١ سەعاتی ٩ دەیگێرنەوە بۆ خانێ · کاتی هیلی کۆپتێر

---

(١) مەبەست سەعید کویستانی یە ·

دەگاتە سەر خانیّ دەست دەكا بە هەراو فرو فیّشالّی ناجوامیّرانە بە میكرۆفون بەم جورە : دەلیّ كە جەنابی سەروان ۰۰۰ (ئەو سەرواتەی هەتا ئیّستا لە نـاو ئەرتەش دا وجودی نیە و لە دایك نەبوە) لە شەریّكی چەند سەعاتەدا لە گوندیّكی نیّزیك سەردەشت لە گەلّ خائین سولەیمانی موعینی و چەند نەفەر چەتە پیّـك هەلپرژان ۰ لـە ئەنجامدا سولەیمانی موعینی كوژراو هاوریّكانی رایان كـرد تەنانەت نەیانتوانیوە چەكەكەشی لیّ بكەنەوە ۰ تەرمەكەی هاوریّی شەهیـد كراومان چۆنیان رازاندبوّوە ؟ بەم جورە : كلاشینكۆفیان لەگەل دوو رەخـت فیّشەك و دووربیّن و رادیۆ خستبویانـە ملـی . لە بنكەی حاجی عمران (سنوری ئیران) گەوجانە وەكو وشتری ناو بەمۆ خۆیان چاو دەنوقینن پیّ یان وابـە ئیتر كەس نایان بینیّ ۰

٥ـ لە پاشان حكومەتی دیكتاتۆر و خوێن مژ لە خانیّ دەیكەن بە شایی و دەهول و زورنا لیّدان بۆ ئەوە كە یەكی لە موبارزانی ریّگای ئازادی كوژراوە خوێنیـان خواردۆتەوە ۰

٦ـ لە دوایی رۆژی ٥/٢٢ بە هیّلی كوپتیّر تەرمەكەی هەلدەگرن و دەیبەنەوە بـۆ مەهاباد بۆ ئەوەی بیگیّرن بە ناو كوچەو خەیاباناندا . لەویّوە بۆ شارەكانـی تەوریّز و مەراغەو سنەو كرماشان ۰ بەلام كاتی دەنگی هیّلی كۆپتیّر لە سـەر ئاسمانی شاری مەهاباد دیّ و هەوالی هیّنانەوەی تەرمی برای خۆیان دەبیستـن كە بە گولّلەی كوردیّكی خائین بە حقوقی هەر ئینسانیّك بە تاییەت گەلی كـورد شەهید كراوە . خەلكی مەهاباد ، مەهابادی قارەمان ، ئەو مەهابادەی رۆلانـی وەك قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی ۰۰۰ پەروەردە كردوە . بـە تیكرایی دووكانان تەختە دەكەن و روو دەكەنە خیابان و ئاگری توڕەیی و غـەزەب بەرامبەر حكومەتی دیكتاتوری لە نیّو چاوانیان دیار دەگاو بە ئاشكرا بـە حكومەت رادەگەیّنن كە ئەگەر بیّت و هەر جورە تەوهین و بیّ حورمەتیەك بـە تەرمی براكەمان سولەیمانی موعینی بكریّ قبول ناكەین هەتا ئیّمەش وەكـو ویمان لی نەیە كاتیّك حكومەت دەزانیّ ریّسەكەی بوّتەوە خوری و هەمـوو نەخشەو پیلانەكانی خۆی و بارەگای بارزانی بە تەواوی كەشف بوە . ناچـار

رەئیسی سازمانی ئەمنیەت ئیجازە وەردەگرێ لە خەلکی مەهاباد و روو دەکاتە خەلك و دەلێ : " ئەی دانیشتوانی شاری مەهاباد راستی ئەوەیە سولەیمانی موعینی ئێمە نەمانکوشتوە. لە لایەن کەسیکەوە کوژراوە کە ئێوە بە سەرۆك و پشتیوانی گەلی کوردتان دەزانێ و جارەها تەزاهوراتتان لەسەر دەکرد. هەر بەدەستی ئەو سەرۆکە شەریفە کوژراوە. بە مردویی تەسلیمی ئێمەی کردۆتەوە. ئەگەر ئێمە بمان گرتبا نەمان دەکوشت، چونکە حکومەت عادلەو بەزەیی هەیە. یان حکومی زۆری دەدا یان پاش ماوەیەك دەی بەخشی. ئێستا ش بزانن کە دەولەت هیچ خراپەی نەکردوە، وەرن تەرمی خۆتان وەربگرنەوەو بیبنێژن. "

زۆر بە حورمەتەوە خەلکی شاری مەهاباد، مەهابادی قارەمان بە پیرو گەنجەوە، بە ژن و مندالەوە روو دەکەنە تەرمەکەو زۆر بە تەشریفاوەتەوە دەی هێننەوە. بۆ بەیانی تەواوی شاری مەهاباد بە مەدرەسەیی و ئیداری و تەنانەت زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی نێزیك شار هاتبوون بۆ تەشریعی جەنازەی رۆلە بەشەرەف و سەربەرزی شەهیدی ریگای ئازادی گەلی کورد و گەلانی ئیران کاك سولەیمانی موعینی. بە پێی هەوالی گەیشتوو لە شاری مەهاباد تا سێ رۆژ پاش ناشتنی هاوری فایق دووکان و بازار بە باشی نەبوە.

ئایا بە شەهید کردنی هاوری فایق بارزانی وازی هێنا؟ بەلێ، لە پاش چەند رۆژ تێ پەر بوون بە سەر شەهید کرانی فایق ئەمین دا، هاورێ تیکان ژن و مندالی نەخۆش بوون بردبوونی بۆ هەولیرو من چووبووم بۆ رەواندز بۆ دەفتەر نفوس. لە سەعاتی یەکی پاش نیوەرۆ رۆژی ۱۹٦٨/٥/٢٨ کە گەیشتمەوە ئازادی، لە لایەن پولیسەکانی سەر وە سازمانی ئەمنی ئیران" سەعید مصیفی" یەوە گیرام و بێ ئەوەی بزانم بۆ چێ گیراوم بردیانم بۆ بەندیخانەی خەلان. ئێستا تیکان نەگەرابۆوە. بەلێ من گیرام و زۆر بە بێ حورمەتی خستیانمە ژورەوەو گیرانم شتیکی ئیعتیادی نەبوو. هەر هێندەم هەست پێ کرد کە دەیانەوێ بە دەست بەستویی تەسلیمی حکومەتی ئیرانم بکەنەوە. هاتو وچۆ و وتوویژ لەگەل من قەدەغە بوو، بۆ بەیانی خیزانم بە گریان و چۆنیکی بوو ریگایان دا چاوم پێ بکەوێ. پرسیاری تیکانم لێ کرد کە هاتۆتەوە یان نە؟

گوتی : ئێوارێ هاتۆتەوە . بەلام پولیێسی سەعید محیفی فەوری گەیشتونە سەریان ٠ دەرگا داخرابوو. داوای تیکانیان کردوە ٠ لە پاشان تیکانیش بە دەرگای پشتەوە دا رای کردوەو بەر دەستیان نەکەوتوە ٠ پێم گوت هەر زوو بە هاورێیانی حیزبی شیوعی راگەیێنێت کە وا من گیراوم و چاریکم بکەن ٠ هەروەها کاغەزیکم بۆ هەژار نووسی کە دەبێ بۆ منیان گرتبێ ؟ ح خەیانەتێکم کردوە ؟ برایانی حیزبی شیوعی زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵ و تەقەلایان دا و بە هەموو جیگایەکیان راگەیاند کە ئەوە ئەندامێکی تری حیزبی دیموکراتیان گرتووەو دەیانەوێ تەسلیمی حکومەتی ئیرانی بکەنەوە ٠ هەر وەها لە لایەن لیژنەی هەریمی کوردستان و حیزبی شیوعی یەوە نامەیکیان نووسی بۆ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی کە بۆ دەبێ ئەو کارە نارەوایە کە لە هیچ قانونیکی ئینسانی و دووەلی دا نیە لەگەڵ ئینسانیکی مبارزی ریگای ئازادی بکرێ٠گۆیا مەلا محەمەدی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان گرتوە٠ ئەوە دۆستی ئێمەیە چۆن ئەبێ بە حکومەتی ئیرانی تەسلیم بکەنەوە ٠

لە پاش مانەوەی چەند رۆژ لە بەندیخانەی خەلان تەقەلای برایانی حیزبی شیوعی گەیشتە ئەو جیگایە کە هەر جوریک بێ من بەر دەن ٠ رۆژی ۱۹٦۸/٥/۳۱ حاکمی تەحقیقی ئیستیخبارات حەمەی عەزە دۆم هات بۆ تەحقیقات ٠ لەپیش ئەوەی شتم لێ بپرسێ وای زانی منیش هەر وەك ئەو بە ئوسولی ئینسانی شارەزا نیێم ٠ داوای وەی لێ کردم کە من هەرچی دەزانم پێی بلێم ئەویش من تەشویق بکا ٠ بەلێ پاش چەند سەعات وتو ویژ کە ناتوانم هەمووتان بە وردی بۆ بنووسم تا چاو پێکەوتن . داوای هاوکاری بوونی ئیستیخباراتی لێ کردم٠ من وتم هەموو ژیانی خۆم بۆ خزمەتی ئینسان تەرخان کردوە بە تایبەتی گەلی کورد٠ هەر وەها گوتم رابردوی من نیشان ئەدا کە من جگە خزمەتکاریکی گەلی کورد شتێکی تر نیێم و دیسان تاگو هەم بە نەوعی ئینسان خزمەت کردن بە وەزیفەیەکی ویژدانی دەزانم ، خاصە گەلی کوردی دواکەوتومان ٠ بەرامبەر بزووتنەوەی علیە مصالحی کورد لە هیچ فیداکاریێك دریغی ناکەم ٠

بەلام ئایا دەبویست خزمەتی کورد بکەم ؟ نەخیر وەکو دەر کەوت ئەری

طرزورویەی پولیسی دەکردم و دەمویست خەیانەت بە رێباز بکەم و بەرهەمی ئەو خزمەتەی ئەو دەیویست بەربەرەکانی نەوع دۆستان بکەم و بە هەر نرخێك بێ هاوڕێی بەشەرەف و خۆشەویستی خۆم کاك تیکان و گزینك تەسلیمی دەزگای فاسیدی سازمانی ئەمنیەت " کە ناوبراویان کردوە بە وەکیلی خۆیان " بکەم.

بەلێ ئەوەیە کردەوەکانی ئەوان . هاوڕێ تیکان هێشتا مەعلوم نیە لە کوێیە و ئەمن هەر لە لایەن برایانی حیزبی شیوعیم و نیازم وایە بڕۆم بۆ بەغدا . هەوالی برایانی ئەو دیو نیە هەر هێندە دەزانم کە لەبەندیخانە هاتمە دەرێ ئەو ڕۆژەبوو کە زانیم لە خانێ تەرمی مراد شیرێژو هاوڕێ یەکی تربان کە لەشەر دا شەهید کراون لە دار بەستون . چاوەروانیتان ئەکەین . زۆر زوو هاتنت بۆ ئێرە پێویستە بە هەر جورێك بێ بێی بۆ ئێرە بەلام مندالەکانم هەر لە ئازادین . ئێتر چێ دیت سەر نایەشینم . چاوەروانی تۆ یا نامەتان دەکەم . هەر خۆش بی .

هاوریتان : پیروت

١٩٦٨/٦/١٠

هاوڕێ جوامێر کە ئەو نامەیەی بۆ ناردبووم نووسیبوی : " هاوڕێی بەرێز ئەوە ئەم نامەیەم بۆ ناردن . هێوادارم ئەهمیەت بدەن بەم مەسەلەیەو پشت گوێ نەخرێت " . بەلام بە داخەوە ئێمە لە ئوروپا لە سەر مەسەلەکە نەروێشتین. هەرچەند دەمانزانی کە سولەیمان بە ئاشکرا بە دەستی شورشی عیراق کوژراوەو ئەوەی لە کوردستانی عیراق هەیە ، ئێتر بە قسەی ساواك و حکومەتی ئێران بەرێوە دەچێ ، بەلام دیسان لایەنگریمان لێ دەکرد . تەنانەت جارێك رەخنەشمان لێ نەگرت . حیزبی تودە کە پاشان لە سالی ٧٤ دا شورشی کوردستانی بە خائین دادەنا ، لە بەرانبەر جینایەتەکانی سالی ٦٧ - ٦٨ لە گەل تیکوشەرانی کوردی ئێران ، دەمی هەل نەپچڕاو ڕێگای نەدا کە لە رادیو پەیکی ئێران دا باسی بکەین . جەماعەتی مەکتەبی سیاسی کۆنیش کە دژی مەلامستەفا پالیان بە حکومەتی عیراق دابوو ، ئەوانیش بە هیج جور باسی کوشتنی سولەیمانی موعینی یان نەکرد . تەنیا ڕۆژنامەی (طریق الشعب)

ئورگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی عیراق کوشتنی سولەیمانی موعینی بە توندی مەحکوم کردبوو . لە ئوروپاش کاک محەمەدی موهتەدی بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی چکوسلواکیا لە بەیاننامەیەکدا ئەم تاوان و کردەوە ناحەزەی شورشی کوردستانی عیراقی بە توندی مەحکوم کردبوو .

هاوینی ١٩٦٨ فیستیوالی لاوانی جیهانی لە سوفیا پێ تەختی بولغارستان بەسترا . دوکتور قاسملو کاک محەمەدی موهتەدی رەگەڵ دەستەی لاوانی حیزبی تودەی ئیران خستبوو ناردبوویە سوفیا بۆ بەشداری لە فیستیوال .

٢٧ ژوئیەی ١٩٦٨ کاک محەمەد گەیشتە سوفیا بەلام خولا هەڵ ناگرێ ئەو چەند رۆژەی لەوێ بوو نە کاری بە فیستیوال بوو نە بە کورد چاک بوو چەند رۆژێک سەیری فیستیوالی کردو هیچی تر . تەنانەت رۆژێک قەرار بوو لە کۆبوونەوەیەکی دا لە سەر مەسەلەی کورد قسە بکا . هێندێک نووسراوەی لەو بارەوە لە من وەرگرت ، بەلام دیار بوو هەر نووسراوەکەی وەرگرتبوو هیچی دیکە .

کاک نوری شاویسی رەحمەتی وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە فیستیوال دا بەشدار بوو . بریار وابوو رۆژی کردنەوەی فیستیوال پاش تەواو بوونی ئاهەنگەکە بێنەوە مالی ئێمە . مندالەکانی من (کەمال و شلیر) جلی زۆر جوانی کوردیان دەبەر کردبوو ، برا کوردەکانی کوردستانی عیراق لە گەڵ خۆیان بردبوون بۆ فیستیوال . کاتێک دەستەی لاوانی کورد گەیشتنە مەیدانی فیستیوال و کەمال و شلیریان بە جلی کوردی یەوە وەپێش خۆ دابوو ، ئیتر تەواوی وێنەگر و رۆژنامە نووس رژانە سەریان و دەستیان کرد بە وێنە گرتن و بە جارێک سەرەنجی خەلکی راکێشا .

کاتێک گەراینەوە مال هێشتا جلەکانیان نەگۆری بوو ، کاک نوری شاویس و کاک جەوهەری برای و کاک محەمەدی موهتەدی'برادەرێکی دیکەش هاتبوونە مالێ . کاک نوری گوتی : " باوکم کوردەکە شانسی هەیە ، بەختی ئێمە لەم کاتەدا عائیلەیەک لە سولەیمانیەوە هاتۆتە سوفیا . منالەکانی بەجلی کوردی یەوە سەرنجی ئەم جەماهێرەیان راکیشابوو . هەزار وێنەیان لێ گرتن.

جوانترین وەفدی ئەم فیستیواڵە بوون "٠ من هیچم نەگوت ٠ بانگی منداڵەکانم کرد کە لە ژوری خۆیان بوون بێن بەخێرهاتنی میوانان بکەن ٠ کاتێك هەر بەو جلی کوردی یەوە هاتنە ژورێ کاك نوری واقی ور ما و حەبەسا گوتی : " ئەوە چێ یە کاك کەریم " ؟

ـ ئەوە منداڵەکانی سولەیمانین کە نۆ دیتونن و باسی یان دەکەی ٠

هەستا هەر دووکیی ماچ کردن ٠ کاك محەمەدی موهتەدی وەك لە دەرفەت بگەرێ تا مەسەلەکە باس بکا گوتی : " ئاخر برا کورد عیراقیەکان لایان وایە هەر ئەوان کوردن ، بۆیە ئاوا بۆ خزمەت بە شا کوردی ئیران دەکوژن "٠

کاك نوری گوتی : " لام وایە کەس ئەو کارەی پێ باش نەبوە ٠ بەلام هیچ ناکرێ ٠ با مەسەلەکە قوڵتر نەبێ "٠

کاك محەمەد گوتی : " جا لەوە قوڵتر ٠ مەسەلەکە زۆر قوڵ بوە ٠ ئێستا لە ئیران مەلا مستەفا بە " شا پەسەند " دەناسرێ ٠

کاك نوری تورە بوو گوتی : " تحدی لەو کەسە دەکەم باسی مەلامستەفا بکا "٠

کاك محەمەد گوتی : " کاك نوری تورە بوونی ناوێ ، ئێوە دەمانکوژن و نابێ باسیش بکەین ٠ شای ئیرانیش هەر ئەوەمان لەگەل دەکا ٠ بۆ ئێمە فەرقی شای ئیران و مەلا مستەفا چێ یە ؟ "

من نەم هێشت باسەکە درێژە بکێشێ ، باسەکەمان گۆری ٠

لــــه كـــــوردستـانــــی ئیـــــــران

پاش شەهید بوونی سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی و مراد ئیریز و هاوریکانیان و گرتنی مەلا ئاوارە ، کاك حەمەدەمینی سراجی بۆ ئـــەوەی گۆیا بێ لە عیراق یا لە دەرەوە بۆ پەیدا کردنی یارمەتیەك چەنگە کرێکـــی بکا ، برادەرانی خۆی بەجێ دێلێ و دەگەرێتەوە بۆ عیراق • لەوێ بە تێلگراف داوای چاو پێ کەوتن لە دوکتور رادمنیش دەکا • هەر لەو کاتەشدا دوکتـــــور قاسملو لە لایەن ریکخراوی حیزبی تودەوە لە پراك دەچێتە ئالمان • رادمنیش داوای لێ دەکا کە بچێتە بەغدا و چاوی بە حەمەدەمین بکەوێ • پاش گەرانـــەوە رۆژی٢٦/٦٨ بە کاك محەمەدی موهتەدی دا نامەیەکی بۆ نوسیبوم ، ئــــەوەش دەقی نامەکەیە •

" کاك کەریم رۆژ باش دوو مانگ لەمەو بەر کە نامە توند و تیژەکەی ـــوم وەرگرت جوابم بۆ نووسیبوی بەلام جوابەکەم نەنارد • ئێستاش هەر جوابەکـــــە ماوە بەلام تازە نای نێرم •

دوو هەفتە لەمەو بەر رادمنیش لە لایپزیك داوای لێ کردم " لە تـــــەرەف سازمانی حیزبی چکوسلوفاکیەوە چووبووم بۆ ئەوی " کە سەریکی عیراق بدەم چونکە کاك حەمەدەمین تیلگرافیکی ناردبوو داوای مولاقاتی کردبوو • منـــیش مەجبور بووم هەموو بەرنامەی مانگی ژوئیە تێك دەم و سەفەر بکەم • سەفەرەکەش وا بە پەلە بوو کە نەمتوانی تەماست لەگەڵ بگرم• دوو رۆژ پێش رۆیشتـــــن تەلیفونم کردو هەتا نیوە شەویش چاوەروان بووم بەلام جواب نەبوو •

چووم و کاك حەمەدەمین ـ م دیت ، زۆر سلاوت لێ دەکا ، هەر وەهـا داراو خەسرەو و کاك یوسف زۆر سلاویان هەیە ، کاك حەمزە لە بەغدا نەبوو ، کەسی تریشم نەدیت .

کاك محەممەد تەفسیلاتەکەت بۆ دەگێڕێتەوە ، بەلام منیش بە کورتی هێندێ شتت بۆ دەنووسم .

١ـ سولەیمان بە دەستی پێشمەرگەی مەلامستەفا کوژراوە ، مەلامستەفا دەڵێ خەریك بووە راکا کوشتوویانە ! ئەوەش دەڵێ کە گۆیا دیان تەماسی گرتووە دەگەڵ حکومەتی عیراق و لە قەسری جەمهوری دیویانە ! دیارە ئەوە هەمووی بەهانەیە ، نامەی دوایی سولەیمان ماوە کە بۆ براکەی عبدوللە نووسیویەتی و لە نامەکە را دیارە کە ئەو رێبیەی کە ئێمە بۆمان داناوە قبولی کردوە .

٢ـ سمایلی شەریف زادەش زۆر قارەمانانە کوژراوە ، ئەویش هەر بە داخەوە لەو دراوە لە لایەن کابرایەك بە ناوی کویخا شەریفەوە ، هەر وەها مراد شیریـژ کوژراوە ، مەلا ئاوارەش خۆی تەحویل داوە (١) .

٣ـ وەزعی هاوری یانمان باشە ، خەلك زۆر پشتیوانیانە ، بەلام جاش زۆر بووە نیزیکەی ١٢٠٠ کەس جاشی حکومەتن ، سەعید گویستانیش چوە خۆی تەحویل داوە ، مەلا کەش(مەبەست مەلا محەممەدی خزری یە) چۆتە لای پیاوانی مەلا مستەفا و هەموو شتیکی ئیعتراف کردوە ، کاك چوکەلیان زۆر ئازار داوە بەلام هەر لە جیگای خۆیەتی .

٤ ـ پاش موناقشەیەکی دوور و درێژ لەگەل کاك حەمەدەمین و یوسف ، هاتینە سەر ئەوە کە ئەنانەت ئەگەر دەستەی جەلال یا دەولەتی عیراق هەمووشتیکیشمان بۆ بکەن دیان پێوەندی دەگەل ئەوان زۆر خەتەرە چونکە مەلامستەفا بیزانی لەو لاوە پەلامارمان دەدا ، دیارە هاوری یانمان زۆر پێ ویستیان بە پارەو چەك هەیە. جا تا ح رادەیەك کاك رام بۆیان جێ بەجێ دەکا نازانم.

---

(١) پێویستە ئەوەی روون کەینەوە : مەلا ئاوارە بە دەعوی حەمدن سەلـك ـ ی خەلکی دیوالان دەچێ لەگەلّ ژاندارمە وتو ویژ بکا . بەلام ئەوی دەکێـری. پێشمەرگەکانی کە لەگەلی دەبن کاتیك خەبەر دەزانن کە گیراوە،دەوری گوندی

٥- من زووتر گەرامەوە لە وەختی کۆدیتا دە لە بەغدا بووم بۆ ئەوە پێش ئەوەی کاك رام سەفەر بکا ببینم ٠ بەلام ویزای ئالمانیان بۆ نەناردبووم ئەورۆش خەریك بووم کە دێسان هەر سەفەر بکەم بەلکو کامبخش ببینم بەلام دێسان ویزا نەهاتوە ٠ بە رام - م گوت رۆژێك راوەستێ هەتا من بتوانم بیبینم و مەسەلەکە زۆر موهیمە بەلام حازرنەبوو ٠

٦- بە کورتی هاوڕێ بانمان زۆر پێداویستیان بە کۆمەك هەیە ٠ جا من هاتمە سەر ئەوە کە ئەو کومیسیونەی دایان ناوە بۆ چێ باشە ؟ خۆ شوکر ئەش مانگە چاومان بە یەکتر نەکەوتوە ٠ بە داخەوە رادمنیش - م نەدی دەنا مەسەلەکەم دەگەڵ حەل دەکرد ٠ ئێستا پێشنیارم ئەوەیە کە من پاش ٢٠ ئوت کە رادمنیش گەرایەوە دەچم بۆ لایپزیك ٠ ئێوەش کارێکی وا بکەن کە بێنە ئەوی ئەگەر کاك حەسەنیش نەتوانێ تۆ هەر وەرە ٠ بە نەزەری من دەبێ کەمێك توندو تیژ بێن لەگەلیان ٠

٧- لەسەر رۆژنامەکە کاك حەمەدەمین گوتی : قەراربان ئەوەیە کە رۆژنامەکە دەتوانێ بیرو باوەری حیزبی دیموکراتی کوردستان بلاو بکاتەوە بە بێ ئەوەی ناوی لەسەر بێ ٠ چونکە خۆیان دەیانەوی رۆژنامەی ئورگان لە کوردستان بلاو بکەنەوە ٠

دیوالان دەدەن و دەست دەکەن بە تەقەو بریار دەدەن کە نەهێلن ژاندارم بێ بەن مەلا ئاوارەی رەحمەتی خەبەریان دەداتێ کە تەقەی مەکەن ئێمە خەریکی وتو وێژین٠ کاتیکی پێشمەرگەکان بروا ناکەن و تەقە درێژە پێ دەدەن دوو نامەیان بۆ دەنووسێ ، ئەوەش دەقی نامەکانە :

" برایان دیسان دووپاتی دەکەمەوە تۆ خوا بۆ خاتری خودا بۆ خاتری وێژدانتان تەقە مەکەن ، ئێمە لە ناو دەچین ٠ ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بەتەقە کردن بدەن حەتمەن ئێمە لە ناو دەچین و دەکوژرین ٠ براتان : "جەمال" نامەی دووهەم : " برایان کاوە ، میرزا باپیر ، میرزا کەریم ، میرزا رەشید و باقی برایانی دیکە ٠ دووبارە پێ تان رادەگەینم وێژدانتان هەبێ . شەرفسان

٨ـ قەراریان داوە کە تۆ ئەگەر موافیق بی بگەڕێیەوە بۆ کوردستان و منیش جاری قسەکەریان بم لەدەرەوە · پێم وایە باری گرێنگ هەر ئەوانەن · جاری هەر خۆشی و سەرکەوتنی ئێوەم ئاواتە ·

برات : ڕەحمـــــان
١٩٦٨/٧/٢٦

هەبێت بۆ خاتر خودا چیدی تەقە مەکەن گورە ئێمە تا ئێستا زۆر زۆر باشین ڕەنگە بڵێن ئەوە خەتی مەلا ئاوارە نیە · لەبەر ئەوەی زور نارەحەتم بە تەقـــە کردنتان بۆیە جوانم بۆ نانوسرێت · نیشانەمان ئەوەیە کە نەهێنی شەوترادیمان شورش بوو · لەو لای مالان توشتان بووین ، قەرەنی بە توندی کاك ڕەحمانـــی دەنگ دا · ئەی هاوار بۆ وا دەکەن بۆ بە فیرۆ ئێمە لە دەست دەدەن · هـــەر بمێنینەوە باشترە · ئەگەر بۆمەتانە تەقە ڕاگرن · ئەگەر مەبەستیشتان لە نــاو چوونی ئێمەیە ئەوە ئارەزوی خۆتانە · ئەوە ئاخرین نامەیە کە بۆتان دەنووسم ·

" جــەمــال "

ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێران
لە ئەورووپا

لە ئوروپا بە یارمەتی خوێندکارە کوردەکانی کوردستانی ئێران ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێرانمان پێك هێنابوو ، بریار وابوو شازدەی مانگی ئوت لە شاری مونیخ کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوە یە پێك بێت ٠ بەلام دوکتور قاسملو بۆی نووسیبوم کە "٢١ و ٢٢ ی مانگی سیپتامبر کۆبوونەوەی ڕێکخراو پێك بێ ٠ پێم خۆشە پێش کۆبوونەوە سەرێکی لایپزیك بدەین و لەگەل برادەرانی تودە قسە بکەین ٠ تا ئێستا ویزایان بۆ نەناردبووم ٠ دەجار زیاتر چوومە سەفارەتی ئالمان کەم کەم ئێدی گالتەم پێ دەکەن ٠ ئەگەر تەماست هەیە پێیان بلێ ویزام بۆ بنێرن ٠ من تەماسم لەگەلیان نیە" ٠

من پاش نامەی دوکتور قاسملو یەك دوو جار بە تەلیفون داوام لە رادمنیش کرد کە کۆ بینەوەو سەبارەت بەو قەرار و مەدارەی کە لە بەغدا بەستومانە بریار بدەین ٠ ڕۆژی ١٩٦٨/٩/١٤ لەگەل کاك حەسەنی قزلجی چووینە ئالمانی دیموکراتی ، دوکتور قاسملوش هات ٠ کۆبوونەوەیەکمان لەگەل دوکتور رادمنیش و کامبخش ، ئیرەجی ئیسکەندەری پێك هێنا ٠ بەرنامەی کاری کۆبوونەوە بریتی بوو لە لێ کۆلینەوەی نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی و دیاری کردنی ڕێبازی دوایی ٠

پاش خوێندنەوەی نامەی کاك حەمەدەمین و قسەکانی دوکتور قاسملو کە تازە لە لای حەمەدەمین گەرابۆوە ، هاتینە سەر ئەو باوەرە کە لە هەل و مەرجی

ئێستادا درێژە پێ دانی شەرو جولانەوەی چەکداری بە قازانج نیە. وباشترە کە هاورێیانی کوردستانی ئێران کارێکی وا بکەن کە بتوانن لە کوردستانی عیراق خۆ بگرنەوەو کاری تەشکیلاتی بکەن . هەر وەها لەگەڵ مەلا مستەفا پێوەند بگرین و رازی بکەین کە دەستیان لێ نەدا . پاش ئەو کارە جا ئەو دەم باسی ئەوە بکرێ کە چۆن یارمەتیان پێ بکرێ . بریار درا کە بۆ ئەو مەبەستە من سەفەری بەغدا بکەم .

زۆر ئاشکرا بوو کە رێبەرایەتی حیزبی تودە لەسەر مەسەلەی کوردستان ناتوانێ بریار بداو نایەوێ یارمەتیشیان پێ بکا . بە قەولی کاک حەسەنی قزلجی : " ئەو نووسین و بیرەو بەرە و کۆ بوونەوە هەمووی راوی سەر کاغەزەو هیچی تر ".

پاش ئەو کۆبوونەوەیە ئێمە بۆ سوفیا گەراینەوە . ئەو دەنگ و باسانەی لە کوردستان دەگەیشتن هەموویان باسی شکان و ناخۆشی و بێ یارو یارمەتی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران بوو . کاک حەمەدەمینی سراجیش بە هیوای پێوەندی گرتن لەگەڵ حیزبی تودەو بە جێ گەیاندنی ئەو قەول و قەرارەی کە لەگەڵ رادمنیش کردبوومان و بە هیوای گەرانەوەی من و دوکتور قاسملو چەکدارەکانی بەجێ هێشتبوو هاتبوە بەغدا هەموو رۆژێ نامەیەکی دەنووسیو داوای گەرانەوەی ئێمەی دەکرد . ئەوەی پێوەندی بەمنەوە هەبوو ، من کارمەندی رادیوی حیزبی تودە بووم . بە بێ یارمەتی ئەوان بە بێ رێگا دانی ئەوان نەمدەتوانی سەفەر بکەم . پیاو حەق بلێ ئەوان دەیانگوت ئەگەر کەسێکی تر بۆ رادیو پەیدا بێ . ئێمە رێگای گەرانەوەت ناگرین . بەلام بە داخەوە بۆ حیزبی چینی کرێکاری سەرانسەری ئێران دەنگە کوردیێک قات بوو وەگیر نەدەکەوت . کاک حەسەنی قزلجیش نەخۆش بوو دەیگوت بە تەنیا ناتوانم کار بکەم . من بەو جورە دەقوڵە کەوتبووم .

دوکتور قاسملوش کە لە کۆبوونەوەی مانگی فوریەی ٦٨ ی بەغدا بریار درابوو بۆ عاملاندنی کادری سیاسی بچێتەوە کوردستانی عیراق . بەو سەفەری دوایەی هەر وەك لەو نامەیەیدا کە بۆ منی نووسیبو لە جیاتی چوونەوە

خۆی کردبوو بە " قسە کەریان لە دەرەوە " ٠
کاك حەمەدەمینی سراجی هەر پاش گەرانەوەی دوکتور قاسملو ٦٨ /٧/٢٤ نامەیەکی بۆ من ناردبوو کە وا دەقی نامەکە لێرەدا دەنووسمەوە :

" برای زۆر خۆشەویستم کاك کەریم ٠ هیوا دارم تەمەنت درێژتر بێ بۆ پتر خزمەت کردن ٠ نیزیکەی ٢٠ رۆژ لەمەو بەر لە نامەیەکدا کە بۆ محەمەدم نووسیبو رام گەیاندبوو کە بە زویی نامەیەکیش بۆ ئێوە ئەنووسم ٠ لەبەر پێویستی هاتنی هەر سێك (١) لا ٠ پاشان بەرقیەیەکمان کرد کە پێویستە بۆ دیتنی دایکی برادەرمان کە نەخۆشە هەر سێ لا بگەرێنەوە ٠ بەلام چۆن بوە کە تەنیا یەکێکتان گەراوەتەوە ٠ ئەمە شتێکە ئەبێ ئێوە باشتری بزانن٠
تەنانەت برادەری گەرابۆوەش " مەبەستی دوکتور قاسملوە " ٠ دەلێ: کە بۆ ئیشێکی تر چووبوومە لایان ٠ ئەویش (٢) وتویەتی : " داوایان کردووم خۆشم ئیشم هەیە ٠ حیسامیش لەبەر نەساخی قزلجی ناتوانی سەفەر بکا .
ئیستا نازانم کێ بنێرم "٠ برادەریشمان (مەبەستی دوکتور قاسملوە) وتویەتی مادام کەس نیە من ئەچم و هاتوە ٠ جا لەبەر ئەم چاوەروانی کردنە نەکرا نامە بنووسم تا ئیستا کە وا بۆت ئەنووسم ٠ دەی قەیدی ناکا شێخ سلامەت بێ (هەوالی ماموستا مەلا حەسەن چۆنە ؟ لە زمان هەمووان را دنیایەکی سلاو بگەیێنە ٠

برا گیان دوا کەوتنی رۆژنامەکە جێگای داخە ٠ وا دیارە تەگەرە لە لایەن برادەرمانەوەیە کە قسەکانی پێشوی دووپاتە ئەکاتەوە ٠ دەی برا زۆر لەمەر تۆوە دواوین ٠ خزمەکان زۆریان پێ خۆشە کە خوێندنت تەواو کردوە بگەرێیەوە ناویان باشترە ٠ جا چۆنت بۆ ئەلوێ ئەوە خۆت باشتر ئەزانی بەلام لە هەر حال دا جێگات زۆر زۆر خالی یە ٠ کاك کەریم گیان چاوی کەمال و شلێر ماچ ئەکەم زۆر سلاوی براژنم و برادەران هەموویان ئەگەیێنم ٠ ئیتر هەر بژیت

برات : ئەحمەد حەسەن مینە
١٩٦٨/٧/٢٤

١ـ مەبەست دوکتور رادمنیش و دوکتور- قاسملو و منە٠
٢ـ مەبەست دوکتور رادمنیش ـە ٠

به گوێرەی پێشنیاری دوکتور قاسملو کۆبوونەوەی رووناکبیرانی کوردی ئیرانی ۲۱ و ۲۲ ی مانگی سیپتامبر لە مونیخ پێك دەهات . منیش دەبوایە بەشدار بم . رۆژی ۲۰ ی مانگ لە لایپزیکەوە سواری قەتار بووم بۆ مونیخ. کاتیکی چووبوومە ئالمان لە فروکەخانەی سوفیاو برلین نەم هێشتبوو مۆری رۆیشتن و هاتن لە پاسپورتەکەم بدەن . لە ئالمان ویزای چوون و هاتنەوەیان دامێ .

لای بەیانی بوو گەیشتمە سەر سنوری ئالمانی رۆژئاوا . پولیسی ئالمانی رۆژ هەلات هاتە سەرو تەماشای پاسپۆرتەکەی کرد . توزیکی هەلگێرو وەرگێر کرد چوّوە خواری و پاش تاوێك هاتەوە سەری و گوتی : جانتات هەلگرەو وەرە.

چار نەبوو . لەگەل پولیسی ئالمانی رۆژ هەلات هیچ ناکرێ لە ئالمانی زیاتر هیچ زمانیکی دیکە نازانن . ئەگەر بشزانن قسەی پێ ناکەن . ناچار هاتمە خوار . خانوێك بەرامبەر بە پاسگای پولیس لەوێ قوت ببۆوە . دوو نیو تەختی رەق و تەقی تێدا بوون ، دەرگایان کردەوەو لەوێیان کردم . دانیشتم و چاوەروانی بەسەرهاتی دوایە بووم . زۆری پێ نەچوو دەرگا کراوە ژنیکی جوان و لە باریان بە دوو جانتاوە دەژوورێ کرد . ژن لەوێ دانیشتوو بە ئینگلیزی پرسی خەلکی کوێی ؟

ــ ئیرانیم بەلام لە بولغارستانەوە دێم .

ــ بولغاری دەزانی ؟ ی

ــ بەلێ دەزانم .

ــ تۆ لە کوێ وە دێی و بۆ چێ دایان بەزاندووی ؟

ــ لە ئەسل دا یوگوسلاویم .

ــ کە وا بوو با بە یوگوسلاوی قسە بکەین . چونکە ئینگلیزیەکەی من تەواو نیە. ببە یوگوسلاوی و بولغاری دەستمان کرد بە ئاخافتن و زۆر باش تیك دەگەیشتین .

گوتی : لە کانادا شوم کردوە . خوشکم لە لایپزیکەو هاتووم بچم بۆ لایپزیك . هەر وام زانی وەك ولاتانی رۆژ ئاوا بێ ویزا دەتوانم بچم . ئێستا دەلێن دەبێ

تیلگراف بکەین بۆ وەزارەتی دەرەوە ئەگەر وەلامیان داوە و ریگایـــان دا دەتوانی بروّی • خانم دەیگوت ئالمانی زوّر باش دەزانم بەلام " گوّوەریـــش سربسکی ، گوّوەریش ڤ سیلیم سوویتیّ " واتە : ئەگەر یوگوسلاوی بزانـــی لە هەموو دنیا قسە دەکەی •

گوتم : ئەوە شانسی منە دایانبەزاندووی • ئیّستا من ئالمانی نازانم ، نازانم بوّ چیّ دایانبەزاندووم بابچین پیّ یان بلیّی ، با لە خوّم بکەم •

ــ بەو شەوە لیّ یان گەریّ • زوّر بە پەلەی ؟ جاریّ با شەرابیّك بخویّنەوە • یوگوسلاوی بزانی لە هەموو دنیا دەتوانی قسە بکەی •

خانم جانتای کردەوە ، بوّتلە شەرابیکی هیّنا دەرو هیّندی گوشتی قوتوی هیّناو گوتی : سەری بکەوە • سەرمایە ، با گەرم دابیّن •

گوتم : تازە هەر ناپرسم بوّ رایان گرتوم • خولا بکا وا زوو ولامی تـــوّش نەیەتەوە •

دەستمان کرد بە شراب خواردنەوە ، خانم راستی دەکرد گەرم داهاتین • زوّری پیّ نەچوو بانگیان کرد ، کە گەراوە لیّم پرسیّ :

ــ بوّ چیّ بانگیان کردی ؟

ــ نازانی ؟ بوّ چیّ ژن بانگ دەکەن ؟

بە کورتی تا سەعات ٨ ی بەیانی لەگەلّ خانم لەو ژوورەدا بە شەراب خوّمـــان گەرم کردەوە • منیش ڤودکام پیّ بوو هیّنامە دەرو دەستمان پیّ کرد •

بەیانی گوتم وەرە ئەوانەم بوّ تیّ بگەیەنە بوّ چیّ منیان راگرتوە • خانـــم نەی دەویّست • دەیگوت : هەتا لیّرەم نابیّ بروّی • ئاخرەکەی چووینە ســـەر پولیس • دەیانگوت : بوّ پاسپوّرتەکەت موّری هاتنە ژووری ئالمانی پیّوە نیّـــە بەلام ویّزای چوون و هاتنەوەی ئالمانت هەیە • بە هەزار حال تیّم گەیاندن کـــە بوّ خوّم نەم ویستوە موّری لیّ بدەن • جاریکی دیکە دەژووریان کردینەوە • خانم ئەم جارە نەك هەر بە زمانی یوگوسلاوی دەنازی زمانی ئالمانیشی لیّ زیـــاد کردبوو • هەر تاویّك نا تاویّك دەیگوت :

ــ ئەگەر من نەهاتبام چت دەکرد ؟

ـ ئەو بە تەنیا لەم ژوورەدا رەق هەڵدەهاتم ·
نیزیك سەعات یازدە بوو بانگیان کردم پاسپۆرتەکەیان وێ دامەوە گوتیان ئێستا قەتار دەگاتێ سوار بەو برۆ ·
ئەم جار ژنەکە دەیگوت مەرۆ بە تەنیا بەجێم مەهێلە ·
ـ ئێستا رۆژە هاتوو چۆ زۆر دەبێ · بە تەنیاش بێ قەی ناکا من دەبێ بڕۆم بەلام لام وایە ئەو شەوەم لەگەڵ تۆ لە بیر ناچێ · قەتار هات خوا حافیزیم لە خانمی کانادایی کردو بە دەست راوەشاندن لێك جیا بووینەوە ·
دوو رۆژ لە مونیخ لە سەر تێکۆشان و رێکخراوی رووناکبیرانی کوردی ئێران قەو باسمان بوو · ئەم رێکخراوەیە تا ماوەیەك بۆ لە قاو دانی جینایەتی رێژیمی شا سەبارەت بە کوشتاری ئازادیخوازانی کورد لە کوردستانی ئێران · دەرکردنی هێندی بەیان و نووسراوە لەسەر مەسەلەی کورد و وەلام دانەوەی نووسینە چەوتەکانی چاپەمەنی ئێرانیەکان دەوریکی باشی هەبوو ·
لە کۆبوونەوەی رێکخراو دا کە هەموویان خوێندکارو گەنج و دۆست و ناسیاوی یەکتر بوون قسەی خۆشیش دەکران · چەند کەس لە خوێندکارە کوردەکانی ئێرانی کە هاتبوونە ئوروپا بۆ ئەوەی کە بە شورشگیر بناسرێن رەگەڵ تاقم و دەستەی ماثویستە ئێرانیەکان کەوتبوون و زۆر بە مەسەلەی کوردەوە ماندوو نەبوون · یەکێك لەوانە کاك مستەفای نورانی کە شورشگێرێکی زۆر تۆخ بوو هەر کە باسی کورد و کوردستان دەکرا دەیگوت : " رفقای ئازربایجانی " بە کورتی سەد جار رفقای ئازربایجانی دووپات دەکردەوە · کاك محەمەدی موهتەدی لێ وەدەنگ هات و گوتی : " هەتیو ئەوە چ رفقا . رفقایەکتە دەیلێ عەجەمی مەراغە و برایەوە " ·
دیارە کوتانی حیزبی تودەش و دلسوزی بۆ خەلکی لێقەوماوی چکوسلواکی هەمیشە مەزەی قسەو باسە خۆشەکان بوو · دوکتور حەسەنی شەتەوی بە دوکتور قاسملوی گوت : " ئەو هەموو قسانەی لەسەر چکوسلاواکیا دەیکەی ، بیانکە بە کتێبێك لە ئالمانی ٥٠ هەزار مارکت دەدەنێ " · دوکتور گوتی قەت شتی وا ناکەم · شەتەوی گوتی :" زۆر سەبرە تۆ بە خۆرایی زمانت راناوەستی بەلام بە پارە نایکەی " ·!

رۆژی ۲۳ ی سیپتامبری ۱۹٦۸ گەرامەوە بۆ سوفیا کە هاتمەوە نامەیەکی کاك عەلی گەلاویژم بۆ هاتبوو کە لە ۳ ی مانگی سیپتامبر دا نووسیبوی ۰ ئەمەش دەقی نامەکەیە ۰

" برای بەریز و خۆشەویستم کاك کەریم گیان ۰ هەموو کاتیکی خۆت و مال و مندالت باش هیوادارم سلامەت و بە کەیف بی و بە مال و مندالەوە رۆژگاریکی خۆش رابویری ۰ ئیمە هەموو سلامەتین دوو سێ رۆژ لەمەو بەر لە حەسانەوەی هاوین گەراینەوە ۰ ئەو سال و پار یەکجار ماندوو ببووم حەسانەوەی ئەم هاوینە تەواو زیندوی کردوومەوە ۰ بە بیستنی خەبەری کوژرانی برادەرەکان دلم زۆر سووتا ۰ بەراستی تا کەی ئەبێ هەر بمان کوژن و بمان گوژن ؟ بەو جورەی رەوتی کارەکان نیشان ئەدا ئەم خوین ریژی یە بەم زوانە کۆتایی نایە. ئیتر ئەوە جیایە بە واتەی حافظ :" دستی از غیب بیرون آیدو کاری بکند" ۰

لەو بریارانەی دراو خۆت ئاگات لێیە ئەسەریك دیار نیە ۰ منسوبیەتی حیزبی و سیاسی رۆژنامەکە دیاری نەکراو لەبەر ئەوەش رۆژنامەکە طبعا هەروا لە حالی تعطیل دایە ۰ هیچ شتیکی تریش نەکراوە ۰ ممکینە کراوەو من ئاگام لێ نیە ۰ بە هەر حال وا نابێ رەنگە دەرفەت و ئیمکان کەم بێ و نەزەری من درووست نەبێ ۰ بە هەر حال هیوادارم هەنگاوی عەمەلی دابنرێ ۰

برات : گەلاویژ

۱۹٦۸/۹/۳

ریبەرایەتی حیزبی تودەی ئیران لەو سەرو بەندەدا سەندو بەلگەیەکی بەناوی " طرح تحلیلی اوضاع ایران و ارزیابی ها " بلاو کردبوۆوەو کەلالەکەی بۆ رادیو پەیکی ئیران ناردبوو۰ لە دەستەی نووسەرانی رادیو دا باسیکی زۆری لەسەر کرا و بریارەکانی دەستەی نووسەران بۆ ریبەرایەتی حیزبی تودە ناردراوە ۰ بەلام لەبەر ئەوەی من لە زۆر مەسەلەدا بیرو راو بۆ چوونم لەگەل دەستەی نووسەرانی رادیو یەکی ئەدەگرتەوەو نەشم دەتوانی لە ئاست کەم و کوری

ئەم گەلالەیە وەك گەسێکی سیاسی بێ دەنگ بم . ناچار لە ١٩٦٨/٩/١٢ نامە-یەکم بۆ کومیتەی ناوەندی حیزبی تودە نارد کە هەر وا لێرە بە فارسی بـــلاوی دەکەمەوە ٠

" بورووی کومیتەی مرکزی حزب توده ایران ٠

ضمن سلام ٠ طرح تحلیلی که طبق رهنمودهای پلنوم١٢ از جمع بندهای گذشتـــه آماده شده‌است میتوان گفت که قسمتهای تحلیلی اوضاع ایران و ارزیابیهـــا همان تکرار مکراتی است که بارها در مقالات و طرح و تزها و شعارهـــای کمیتەی مرکزی گفته شده است ٠ باضافه بخش ٣ و ٤ که سرشار از یاس و عـــدم تحرك و پاسیفی و انواع دلایل شکستیگی و ناامیدی و دست روی دست گذاشتـن است ٠

به نظر من نواقصات و نارسائیها که در طرح حاضر موجود است بیشتـر از سیاست و خط مشی رهبری حزب ناشی است ٠ باینکه در جلسه رادیو درباره‌ٔ طرح مذبور بحثهائی شده و اصلاحاتی هم پیشنهاد شده است ، ولی چون نظـــر من در باره‌ٔ پاره‌ٔ مسائل بانظر رفقا مخالف است لازم میدانم موختصـــری از نظریات خود را بیان دارم ٠

١ـ در بخش اول " تحلیلی از وضع رژیم " سالهاست در مقالات و تزهـــا رهنمودهای حزب همین تجزیه و تحلیل بعمل آمده‌است ٠ تبلیغات حزب بطـور کلی روی همین تجزیه و تحلیل ها و افشاءگریها دور زده است٠ باینکه در این بخش هم جنبه‌های نارسا بچشم میخورد٠

٢ـ در صفحه ٩ " حزب ما خواستار حل مسئله بسود اکثریت دهقانان ٠٠٠ بحق این سیاست را (سیاست ارضی‌شاه) مورد انتقاد خلاق قرار داده‌است "٠و در صفحه ١١ " در مقابل حزب ما از لحاظ دادن شعارهای مناسب و یافتن اشکـال متناسب بسیج معنوی و تشکل دهقانان را مطرح میکند"٠ باید گفت که حـــزب هنوز برنامه‌ٔ صحیحی مسئله ارضی را نداشته و شعار بسیج معنوی و مناسب را هم نداده است ٠ اغلب شعارها که درباره‌ٔ مسئله ارضی در رادیو داده میشوند-رفیق نویسنده به ابتکار خودش شعارهارا انتخاب مینماید که گاها طبـــق

نظریات طرح موجود شعارها ماجراجوئی و بلواگری هستند . سردرگمی در شعار ارضی حزب کاملا" بچشم میخورد .

۳ـ در صفحه ۱۲ از این جمله " حزب ما برژیم کنونی یک رشته اعتراضات اصولی را دارد " نمیتوانم اظهار تاسف نکنم . ازپلنوم یازدهم تا پلنوم دوازدهم قریب ۳ سال میگذرد ، جالب است رهبری حزب از " برجستگی راه قهر آمیز انقلاب " از اینکه " نیروهای اپوزیسیون دیگر هم از حزب ما بنتیجه انقلاب در ایران رسیده‌اند " از کلمات و جملات نظیر " برچیدن بساط رژیم کودتا " یکدفعه با برگشت عجیبی به " یک رشته اعتراضات اصولی " رسیده است ! در حالیکه در وضع سیاسی و اجتماعی ایران ، در سیاست داخلی ایران بسود دمکراسی هیچ تغییری حاصل نشده‌است .

باید گفت آن اعتراضات که رهبری حزب طبقهٔ کارگر ایران برژیم دارد بعضی از نویسندگان ایرانی در داخل ایران در بارهٔ رژیم ابراز میدارند. ولی چون آنها در زیر چنگال رژیم هستند و مانند رهبری حزب تودهٔ در اروپا در امنیت بسر نمی برند ، ممکن است با این صراحت اعتراضاتشانرا بیان ندارند .

٤ـ در بخش دوم " وضع مردم و ناخرسندی شدید " صفحهٔ ١٦ ، با وجود عدم رضائیت در سراپای جامعه و با وجود کلیه شرایط دشوار و ناخرسندی صحبت از " نبودن وضع انفجاری یا انقلابی در ایران " میشود. و پس از نشان دادن سد عظیم در راه انقلاب و جنبش اظهار امیدواری میشود که " وضع بدین منوال نخواهد بود و دوران اعتلای نهضت در آیندهٔ دور یا نزدیک به ناگزیر خواهد رسید " . در سراپای این جملات یاس و نا امیدی بچشم میخورد . این دوران اعتلاء نهضت کی و چطور خواهد رسید ؟ یک حزب انقلابی مارکسیستی باید در راه اعتلاء نهضت بکوشد آنرا بوجود بیاورد . تسریعش کند یا اینکه منتظر حوادث باشد و ۳ سال یکبار طرح تحلیلی را منتشر نماید ؟

۵ـ صفحهٔ ۲۳ وضع انقلابی و راه انقلاب . در اینجا نخست پرسش در بارهٔ وضع انقلابی در ایران و جهت یابی راه انقلاب ایران مطرح شده‌است.

ولی بجای جواب باین سوال کنتکرت یعنی درباره، وضع ایران بجواب "دعاوی ماجراجویانه در باره، وضع همه، جهان " پرداخته است ۰ و بعد از تشریح نظریات ماجراجویانه مینویسد " گذشت زمان صحت موضعگیری حزب ما را تاکنون ثابت کرده و در آینده بیش از پیش ثابت خواهد کرد" ۰

میتوان پرسید مگر تزهای پلنوم یازده، حزب در باره، " برجستگی راه قهرآمیز انقلاب برچیدن رژیم کودتا " و آن حرارت انقلابی ، پخش کتاب چگوارا و غیره تا مدت موضعگیری حزب نبود ؟ در اینجا این توهم بوجود میآید که آنموقع در داخل کمیته، مرکزی چند نفر درست یا نادرست دم از انقلاب زده‌اند و برای اینکه بقیه، هم از آنها عقب نمانند تصمیم انقلابی گرفته‌اند ۰ بعدا " که طرف را کنار زده و آب از آسیاب افتاده . دیگر از "راه برجستگی انقلاب قهرآمیز و برچیدن بساط رژیم " یکمرتبه به " اعتراضات اصولی " اکتفاء نمودند ۰ در باره، وضع انقلابی که بگفته، لنین اتکاء شده ، آیا رهبری حزب در شرایط فعلی که حد اکثر نارضایت مردم موجود است برای تسریع انقلاب . تهییج نیروهای انقلابی و تدارک عمل انقلاب . و کوشش برای سرنگون کردن رژیم فعلی چه نقشه، و فعالیتی را دارا میباشد ؟ یا اینکه بعلت نبودن " شرایط عینی و ذهنی چشم به رحمت ایزدی دوخته و فعلا" به " اعتراضات اصولی " اکتفاء مینماید ؟ و هرگونه اشکال مبارزه را ولواینکه بمنظور دفاع باشد " بلواگری ، ماجراجوئی و چپ نمائی" محسوب مینماید؟۰ رهبری حزب از شعار " جمهوری دمکراتیک " ۳ سال قبل به حکومت "مشروطه دمکراتیک " رسیده است ۰ آیا رهبری حزب میخواهد از شاه‌و گردانندگان رژیم حکومت " مشروطه دمکراتیک بسازد یا اینکه رژیم فعلی باید سرنگون شود ؟

۶ـ صفحه، ۲۵ هدفهای تاکتیکی و استراتیژیکی ۰

متاسفانه از همان ستون اول یاس . ناامیدی . عدم تحرک و منتظر شدن شرایط عینی و ذهنی فوق العاده بچشم میخورد ۰ تا جائیکه پائین تر سرنوشت مبارزه را بسیر حوادث و جریان تاریخ میسپارد و مینویسد " تاریخ نشان

نشان خواهد داد که این مبارزه تا کی بطول خواهد انجامید "۰

پائین تر در انتقاد از عناصر راست نوشته شده : " بامر بسیج انقلابی توده‌ها ، افشاء رژیم ضد ملی و ضد دمکراتیک ، با لا نگه داشتن سطح هیجان انقلابی جامعه توجه ندارند "۰ ولی آیا رهبری حزب توده‌ٔ ایران در امر بسیج انقلابی توده‌ها و با لا نگه داشتن سطح هیجان انقلابی جامعه چه اقدامی را کرده است ؟

۷ـ در باره وظائف مبرم سیاسی :

هیچ‌کدام از این شعارها وضائف تازه‌ای را نشان نمیدهند سالهاست مردم ایران تکرار مکرر این‌حرفها را از رادیو میشنوند بدون پشتیبانه سازمانی و اقدام انقلابی امید بتحقق این‌خواستها تنها خودرا راضی نگه داشتن و دلخوش کردن است ۰

۸ـ خوب است لطف فرموده اید درست در موقعی که در کردستان ایران جنبش مسلحانه برپا است و آزادیخواهان کرد در راه تحقق هدف انقلابی و آزادی بدست دژخیمان از پا در میآیند یك سطر از صفحه ۲٦ طرح تحلیلی را به برنامه مارکسیستی لینینیستی حزب طبقهٔ کارگر در بارهٔ حل مسئله ملی اختصاص داده‌اید۰ ولی آنهم آنقدر گنگ‌نارسا و آب بردار است که بهتر بود هیچی نمیگفتید و یکدفعه خود را از شر این مسئله راحت میکردید۰ باید پرسید : این خلقها کدامند ؟ تامین حقوق فرهنگی یعنی چی ؟ نظر مارکسیستها در اینباره چیست ؟ اداره مختارانه امور خویش چیست و غیره ؟

۹ـ وظائف مبرم تشکیلاتی :

این قسمت تا آخر نگفتنش برای‌نهضت بمراتب مفیدتر بود۰ بعلاوه اینکه پولیس خوب میتواند از آن استفاده کند و به متد مبارزه حزب پی ببرد۰ یاس و نومیدی بحدی این صفحات را پر کرده است جای تاسف میباشد ۰ درخاتمه بنظر من آنچه از فحوای مطالب طرح تحلیلی بنظر میرسد عبارت است از : یاس عدم تحرك انقلابی ، سپردن سرنوشت نهضت بسیر تاریخ ، تکرار مطالب دائمی با خذف مفاد انقلابی به بهانه تجزیه و تحلیل علمی و شرایط عینی و

ذهنی . امیدوار بودن به جریان خود بخودی و با لاخره مهارت زیاد در تهیه، طرح و سرهم بندی جملات و پرسش و پاسخ مثبت و منفی . بطور کلی در روح برخورد بمسئله، مبارزه، فعلی در ایران جنبه، یاس و پاسیفیستی کامل بچشم میخورد .

با تقدیم احترام : حامی

۱۹٦۸/۹/۱۳

دیمان بەرەو بەغدا

پاش گەرانەوەم بۆ سوفیا دوکتور رادمنیش تەلیفونی بۆ کردمو گوتی :
" حەممەدەمین نامەی نووسیوە . داوای کردوە کە چاوی بە من بکەوی . تکایە تۆ سەفەریك بکە بزانە وەزع چۆنەو حەممەدەمین چی دەوێ " .
رۆژی ۹ ی مانگی ئۆکتوبری ۱۹٦۸ بەرەو بەغدا کەوتمە رێ و رۆژی ۱۱ ی ئۆکتوبر گەیشتمە بەغدا . لە هوتیل آراس بە ناوی موهەندیس سەعید خەلکی سولەیمانی ژوریکم گرت . پاشان چوومە دوکانی یوسفی رێزوانی لە جێگاو شوێنی کاك حەممەدەمینم پرسی . یوسف گوتی : " لێرەیە بەلام نازانم لەکوێیە . هێندێك شەو دێتە مالی ئێمە . بەلام جێگای خۆی بەمنیش نەگوتوە و نازانم لە کوێ دەژی " . زۆرم پێ سەیر بوو قەرارم لەگەل دانا کە ئەگەر چوە مالی وان بۆ هوتیل تەلیفونم بۆ بکا . پاش دوو رۆژ حەممەدەمینم دیتەوە . ئەو ماوەیە کە هاتبوە بەغدا هاورێیانی حیزبی کومونیست لە مالێکیان دانابو . لەگەل هیچ کەس پێوەندی نەبوو . تەنانەت بۆ رۆژنامە کرینیش نەدەهاتە دەر هێندیك کتیبی مارکسیستی بە عەرەبی لە لای خۆی دانابوو موتا لای دەکرد .
ئەوانە وەدەر دەکەوت بە پێ یان بە لا رێ دا دەچوە مالی یوسفی رێزوانی . ئەگەر یوسف خەبەریکی لە دوکان وەگیر کەوتبا بۆی دەگێراوە . یان ئەگەر لە قەلا دزەوە هاورێیانی حیزبی کومونیست خەبەریکیان بۆ هێنابایە دەنا سێ مانگ بوو لە وەزعی کوردستانی ئیران بێ خەبەر مابۆوە . لەو ماوەیەداچاوی لەوە بوو کە حیزبی تودە یارمەتی پێ بکا . لە قسەکانی وا دەر کەوت کاتیك زستانێ گەراوەتەوە بۆ ئەو دیو بە برادەرانی گوتوە کە لە بارەی چەك و

پێداویستی دیکەوە یارمەتیمان پێ دەکرێ ٠ هەر بەو هیوایەش پاش شەهید بوونی سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی دەگەڕێتەوە عیراق و لەبەغدا لەم خانوە خۆی مەلاس کردبوو٠ کاتێك حەمەدەمینم دیتەوە نامەیەکی رادمنیشم دایە کە نەمزانی چیّ بۆ نووسیبوو پاشان کەوتینە وتو وێژ ٠ پێیم گوت : " تۆ ئێستا وەك سەرکردەی ئەم جولانەوەیە ناسراوی مانەوەت لە بەغدا کاریکی جوان نیە ٠ بریاری کۆبوونەوەی لایپزیکم پێ گوت کە لەسەر راپۆرتی دوکتور قاسملو گیرا بوو ٠ ئەوەش بریتی بوو لە : راگرتنی خەباتی چەکدارانە. کیشانەوەی برادەران بۆ کوردستانی عیراق . هەوڵدان بۆ رازی کردنیمەلامستەفا کە دەستیان لی نەداو کۆ کردنەوەیان لە ناوچەیەك ٠ پاشان پێشنیارم کرد کە پیکەوە بچینەوە کوردستان و بچینەوە نێو برادەران و بە گوێرەی وەزعی ئەوی و بیرو رای برادەران بریار بدەین ٠

کاك حەمەدەمین بە هیچ جور نەهاتە ژێر باری گەرانەوە بۆ کوردستان ٠ دەیگوت : " هیچ ریگای پێوەندی لەگەڵ برادەران نیە ٠ ناتوانین بچینەوە کوردستان ٠ برادەرانیش بروا بە مەلامستەفا ناکەن و هیچیان نایەنەوە بۆ کوردستانی عیراق ٠ من بۆ خۆشم مادام یەکیتی سوڤینی بە مەلامستەفا نەسپیری بروای پێ ناکەم "٠ ئێمە لەو ئاخافتن و دمە تەقە دا بووین کە خەبەریان هێنا مەلا ئاوارەو هاورێ کانی لە سەردەشت ئیعدام کراون ٠ من ئەو شەوە تا رۆ ژ خەوم لی نەکەوت ٠ تا لای نیوە شەو لەسەر چوونەوە بۆ کوردستان لەگەڵ حەمەدەمین کیشەم بوو بەلام ملی رانەکیشا ٠ شەهید بووسی برادەرانی ، نەبوونی هیچ یارمەتی و کۆمەکیك بە جاریك تاساندبوی ٠ رۆژی دوایی پێشنیارم کرد با لەسەر وەزعی کوردستان و کوشتاری خەڵك و پەلاماری ژاندارم و جاش و ئەرتەش بۆ سەر گەلی کورد بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیاننامە ـ یەك بلاو بکەینەوە ٠ کاك حەمەدەمین ئەوەشی بە دڵ نەبوو دەیگوت :

" یەکەم چۆن ئێمە دەتوانین بە ناوی حیزب بەیان دەرکەین ٠ دووهەم ئەوەدەم لە رانەبە خەڵك بزانێ ئەمن لیرەم "٠ من پێم چەقاند لەسەر بلاو کردنەوەی بەیاننامە ٠ هەر ئەو رۆژە بە کوردی بەیاننامەیەکم نووسی کاك حەمەدەمین

کردی بە فارسی و پاشان بۆیان کردین بە عەرەبی · چوومە لای هاوڕێ یانی حیزبی کومونیست بە ڕۆنیۆ بەیاننامەکەیان بۆ ڕاکێشاین · نوسخەیەکمان دا بە ڕۆژنامەی " الثورە " ئۆرگانی حیزبی بەعسی عیراق · نوسخەیەکیشمان دا بە جەماعەتی جەلال تالەبانی و داوامان لێ کردن کە چاپی بکەن · ئەوەدەم ئەوان لە بەغدا ڕۆژنامەی " النور " یان بلاو دەکردەوە · بەلام ئێستاو ئێستاش نە بلاویان کردەوە نە هێچیان لەسەر کوشتنی برادەرانی ئێمە نووسی ·

پاشان چوومە لای کاك دارا توفیق و لە بارەی گەڕانەوەی برادەرانمان بۆ کوردستانی عیراق قسەم لەگەل کرد · هاتینە سەر ئەو بریارە کە نامەیەك بۆ مەلا مستەفا بنووسم و کاك دارا بیبا و وەلامیش بێنیتەوە · لەگەل کاك حەمەدەمین باسم کردو گوتم نامەیەك بۆ مەلامستەفا دەنووسم· کاك حەمەدەمین دژی ئەوە بوو کە نامە بۆ مەلامستەفا بنووسم · پاش ئەوەی من پێم چەقاندو نامەکەم نووسی ، کاك حەمەدەمین خۆی ماندوو کرد نامەکەی لە دەفتەری خۆی دا نووسیەوەو لە لای خۆی ڕای گرت · منیش ڕو نوسی نامەکەم هێشتەوە ئێستا ئەوە دەقی نامەکە کە ڕۆژی ١٩٦٨/١٠/٢٩ بۆ مەلامستەفای بارزانی م نووسیوە لەم لاپەرەدا دەینووسمەوە ·

" بۆ سەرۆکی بەرێز مستەفا بارزانی ·

پاش سلاو و ئیحترامیکی زۆر و هیواداری سەربەرزی و سەرکەوتنتان ،لەبەر ئەوە کە هاتن بۆ لای ئێوەو لە نیزیکەوە پێشکیش کردنی دەردی دل و داخوازی یەکان کوسپیکی گەورەیەو هەروا بۆ ئێمە بە هاسانی دەست نادا . پاش ئاخافتن و تەگبیر لەگەل کاك دارا توفیق بریارم دا ئەم نامەت بۆ بنووسم ·

من لە سەفەرەکانی پێشوشم دا زۆر بە ئاوات بووم کە بتوانم بێمە خزمەت و پاش سالەها دووری و دەربەدەری چاوم بە دیتنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و پیشمەرگەو سەرۆکی شۆرش ڕوون بێتەوە · بەلام بەداخەوە بۆم هەل نەکەوت ·

پێویست بە گوتن نیە کە مەبەستی هاتن و ڕاسپاردن و نووسینی ئێمە و

ئەو چەند کوردە ئیرانیانەی کە مەجبور بە دەربەدەری و دووری لە نیشتمان بووین ، بێجگە لە خزمەت بە نیشتمان و بە شورشی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئێوە شتێکی تر نیە · ئێمە کە نەمانتوانیوە بە کردەوە لە ناو ریزی شورش دابین و لە نێزیکەوە خزمەت بکەین ، لانی کەم لە دەرەوەی ولات ئەوەی لە توانامان دا بووبێ بۆ پشتیوانی و دیعایە بۆ شورش و لایەنگری لە هەلوێست و سیاسەتی سەرۆك درێغی مان نەکردوە ·

وەك دەزانی ئێمە لە کوردستانی ئیران رابوردوویەکی تێکوشان و خەباتمان هەبوە · هەر بۆیەش دەربەدەری هەندەرانین · دیارە ئەوە خۆی بەسە کە ناتوانین و نەمانتوانیوە لە ئاست وەزعی کوردستانی ئیران بێ لایەن و بێ عەلاقە بین و لەگەڵ ئەم هاوا لانەی لە کوردستانی ئیران خەباتیان کردوە وخەبات دەکەن پێوەندیمان نەبێ · بەلام پێوەندی و عەلاقەو تەقەلای ئێمەو برادەرانی کوردستانی ئیرانیش لەسەر ئەم بناخەو رێبازە بوە کە لە کات و هەلو مەرجی ئەورۆی کوردستاندا هەموو تێکوشانێك پێویستە تەرخان بکرێ بۆ خزمەت بە شورشی کوردستانی عیراق · ئێمە لامان وابوە ، ئێستاش لامان وایە ئەرك و وەزیفەی هەموو کوردێکی بەشەرەف ئەوەیە کە بۆ بە هێز کردنی شورش و پشتیوانی لە سەرۆکی شورش تێ بکۆشێ · ئێمە لە هەموو کاتێکدا بە نووسین و بە کردەوە لە سیاسەتی ئێوە پشتێوانیمان کردوە · لامان وابووە تەنیا ئەم سیاسەت و رێبازە لە وەزعی ئەمرۆی کوردستاندا دەتوانێ شورش و دەستکەوتە - کانی بپارێزێ · من چەند جاری دیکەش لەو بارەوە لەگەڵ کاك دارا و برادەرانی دیکە قسەم کردوە ·

لام وایە برادەرانی ئێمەو لاوە خوێندکارەکانی کورد کە لە کوردستانی ئیرانەوە هاتبوونە ناو شورش ، ئەوانیش هەر ئەو مەبەستەیان هەبووە وتەنیا بۆ خزمەت بە شورش هاتبون · بەلام بەداخەوە نەك هەر ئێمکانی خزمەت، تەنانەت رێگای مانەوەشیان لە ناوچەی ئازادکراوی کوردستاندا نەدرایە ،بەلکو بە کوشتن و دەر کردن و دانەوە بە حکومەتی ئیران پاداشیان درایەوە · من نامەوێ لێرەدا شەخسی سەرۆك تاوانبار بکەم ، بەلام ناشتوانم ئەوەش

وەبیر نەخەمەوە کە زۆر کەسی ناپاك و لا رێ خۆیان خزاندۆتە نێو شـــــورش و توانیویانە خۆ لە کاربەدەستە موخلیـەکانی شورش نێزیك کەنەوە • وە بـــــە هۆی راپۆرت و خەبەری بە درۆ نیازە گلاوەکانیان ئەنجام بدەن و ئینـــانــــــە موخلیس و خزمەتگوزارەکانی شورش بسلەمێننەوەو توشی زەحمەت و بێزاریـان بکـــەن •

من نامەوێ لەو بارەوە لەمەر وەزعی ناو خۆی شورش لە سەر کوردستـــــان قسە بکەم • بەلام ئەو کارەی لە گەڵ برادەرانی کورد دی ئیران کراوەو زۆر لــــە برادەرانی ئێمە بە نا حەق لە لایەن شورشەوە کە دەبوو پەناو داشداری هەمــوو کوردیکی موخلیس بێ ، کوژراون و دراونەوە بە ئیران • من نالیم تەواوی ئـــەو کەسانە بێ خەتا بوون بەلام ئینـــانی بێ خەتاو موخلیس و خزمەتکاری شورشیش زۆر بوون • من دەزانم لە ناو هەموو جولانەوەیەك دا کەم و کورێ دەبێ • نامەوێ لەم بارەوە ریگا بە سەروکی شورش نیشان بدەم ، ئاشکرایە هەر سیاسەت و هــەر کردەوەیەکی بە قازانجی شورش بێ پشتیوانی لی دەکەین • هەر بۆیەش بۆ ئێمــە جیگای داخە هێندی کەس لە ناو شورش دا کاری ئەوتۆ دەکەن کە فرێ بە ئاگـاری شورشەوە نیەو دەبێتە هۆی نارەزایی و بێزاری خەڵك لە شورش • بۆ ئێمـــــــە چەندە جیگای داخە کە دەبینین لە کوردستانی ئیران زۆربەی خەڵك کە پشتیوانی شورش بوون و کوردستانی عیراقیان بە هیواو ئاواتی رزگاری زانیبوە ، ئێستـــا تورەو نارازین • لام وایە کە ئەمانە بێ تەئسیر نین و لە کارو بارو بەردەوامـــی شورش دان •

ئەو برادەرانەی کە کور دستانی ئازادکراویان لێ وەتەنگ هات و مەجبـــور بوون روو بکەنەوە چیاو کەژەکانی کوردستانی ئیران ، هەرگیز بە تەمای ئـــەوە نەبوون کە کاریك بکەن بە زەرەرو زیانی شورش بێ و دژی قازانجی شـــــورش بجولینەوە • من لە خۆوە بۆ پاکانە ئەم قسانە ناکەم • تەواوی نامەو بەڵگەکانی ئەم برادەرانە دەری دەخەن کە مەبەستیان ئەوە نەبوە دژی شورش کار بکەن و یـــا لەگەڵ دوژمنانی شورش دۆستایەتی بکەن و پێوەندیان هەبێ • هەر ئەوەنـــــدە بەسە لە زستانی رابردوو دا برادەرانی حیزبی ئێمە کە هاتبـــوون چاویان بــــە

ئێمە بکەوی ، بۆ ئەوەی دووژمنانی شورش نەتوانن بیاندۆزنەوە ماوەی سێ مانگ لە ژوری نەهاتنە دەر · لە تەواوی ووتو ویژو قەرارو مەدارماندا هەموومان لەسەر ئەو باوەرە بووین کە نابێ هیچ کاریکی دژی شورش لە کوردستانی ئیران بکرێ·
ئێمە بروامان بەوە هەیە ، وە بۆ قازانج و مەسلەحەتی کاتی ئەو بریارەمان نەداوە · بە داخەوە ئێمە نەمانتوانی ئەو دەم بێنە لات و تەواوی رازو نیازی خۆمان لەگەڵ سەروکی شورش باس بکەین · لە سەر داخوازی خۆت (رام)(١) کە خۆت دەتناسی هاتە لات · دەمەوێ لێرەدا ئەوەش روون کەمەوە هاتنی "رام" بۆ لای ئێوە ، یا پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو بەو مانایا نەبوو ، وە نێیە کە ئێمە لە کوردستانی ئیران بۆ حیزبی توده کاردەکەین یا ریکخراوەی ئەوین · بە هیچ جور وا نیە بەلام برادەرانی ئێمە لێیان قەومابوو ، شورشی کورد کە دەبوایە جیگای هومێدو پەنای کوردە لێ قەوماوەکان بێ سنووری لێ گرتبوون و راوی نابوون · ئەوانیش لە سەر بیرو باوەریکی راستی کوردایەتی نەیاندەویست لەگەڵ دووژمنانی شورش پێوەندی بگرن · لەم ناوەدا لە هەموو ریکخراوەیەك باشتر هەر حیزبی توده بوو کە ئێمە پیوەندی لەگەڵ بگرین · سیاسەتی حیزبی توده بۆ ئێمە روون بوو · وەك حیزبیکی کومونیست مافی میللەتی کوردی بە رەسمی دەناسی ، لە بەرامبەر هەموو دووژمنیکیش دا پشتیوانی لە شورش و لە سەروك کردوە ·

بەلام بە داخەوە هاتنی ئەویش فایدەی نەبوو · راپۆرتی بە درۆ کە دەدرێ بە ئێوە دیارە کاری خۆیان دەکەن · لێرەدا دەمەوێ مەسەلەی فایق (١) وەبیر بێنمەوە · من پاکانە بۆ رابردووی فایق ناکەم · بەلام لەو کاتەوە کە لەگەڵ ئێمە پێوەندی گرتوە ، فایق بە هیچ جور لەگەڵ دووژمنانی شورش پێوەندیی نەبووە · راپۆرت بە ئێوە دراوە کە فایق چۆتە لای دووژمنانی شورش، لێرەدایە کە دەر دەکەوێ دەستی ئەوتۆ خۆی خزاندۆتە ناو شورش و خۆی نیزیك

---

(١) مەبەست دوکتور رادمەنیش ـە ·

(٢) مەبەست سولەیمانی موعینی یە ·

کردوتەوە کە جەنابت بروای پێ دەکا هەرچەندە بە درۆش بێ . دووژمن توانیویە لەم ڕێگایەوە لە ناو شورش بۆ خراپ کردنی سومعەی شورش کار بکات . ئەم راپۆرتەی کە بە درۆ بە مەبەستی خراپ بە ئێوە دراوەو دەدرێ . بوو بە هــۆی کوشتنی فایق و دووا بە دووای ئەو کوشتنی زۆر لە برادەرانمان لە ئیراندا . لە کور دستانی ئیران بوو بە هۆی کوشتارو ئیعدامی دەیان کوردی زەحمەتکیـش و تێکوشەرو بێ سەرپەرشتی دەیان خاو و خێزان .

من چاریکی دیکەش بە راشکاوی عەرزت دەکەم برادەرانی ئێمە بۆیـــە نەچووبوونەوە کوردستانی ئیران کە شەر بکەن . ئێمە باش دەزانین تا مەسەلەی شورشی کوردستانی عیراق سەرتەکەوێ . نابێ لە هیچ بەشێکی دیکەی کوردستان هەرا ساز بکرێ . ئێمە باش دەزانین هەموو کوردیکی بەشەرەف لە هەر شوێنــێ بێ ، پێویستە خزمەت بە شورش بکا . بەلام هەر وەك گوتم ئەم برایانەی ئێمە لێیان قەومابوو ، تووشی ئەم کوژران و بەلایە هاتن . من لام وابە ئێــوە وەك سەرۆك و باوکی هەموو کوردێك جێگەی خۆیەتی بۆ ئەم رۆلانە دڵت بسووتــێ و بێ گومان هەر واشە .

ئێمە زۆرمان تەقەلا دەدا کە نەهێڵێن دەستی دووژمنانی شورش بکەوێتـــە ناو کوردستانی ئیران و لەوێ دژی شورش کار بکەن . بەلام بە داخەوە سیاسەتی ئێوە لە ئاست برادەرانی ئێمە بۆتە هۆی ئەوە کە دووژمنانی شورش بتوانـــن دەست بگەیێننە ئەو دیو . ئێمە کە مۆخلیس و دۆستی شورشین ڕێگامان نیێــە کە بچینە ناوچەی شورش ، ڕێگامان نیە لەگەل هاوالانی خۆمان پێوەندی بگرین و هاتوو چۆیان بکەین تا نەهێلین لە داوی دووژمنانی شورش بکەون . ئێمـــە تەئمینمان نیە کە ئەو برادەرانە بانگ بکەینەوە بۆ ناوچەی شورش و ئێـــوە لە شوێنێك دایان بنێن . وای لێ هاتوە دووژمن بە هێلی کوپتیر هاتوو چۆ دەکا پارەو چەك بۆ ئەو دیو دەنێرێ. بەلام ئێمە کە هەمیشە پشتیوانی شورش بووین ناتوانین بە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا برۆین کە دەماندەنەوە بـــە ئیران یان دەمانکوژن . گوناهمان هەر ئەوەندەیە کە پشتیوانی لە ئێوە دەکەین. وەزعێکی وا هاتۆتە پێش ئەو برادەرانەی ئێمە کە بەراستی زۆر شنسای باش و

خاوێن و موخلیسیان لە ناو دایە ناچار بن ڕەگەڵ ئاژاوەچیەتی دووژمنانـــی شورش بکەون ٠

خوّت باش دەزانی کەسێك کە ناچار بوو ، حکومەتی ئیران هێرشی بــــوّ هێنا ، لە لایەن شورشی کوردەوە تەئمینی نەبوو ، سنووری لێ گیرا ، چـــارە و عیلاجی نامینی پاڵ وە دووژمن ئەدا ٠ ئێمەو هاوا لانی ئێمە لە کوردستانـــــی ئیران تا ئەمروّ هەولمان داوە کە ئەم کارە روو نەدا ، هەولمان داوە کە دیعایەی دووژمن لە ئاست شورش تەئسیر نەکاتە سەر کوردەکانی ئەودیو ٠ بەلام بەداخەوە موقفی شورش لە ئاست ئەم برادەرە موخلیس و نیشتمانپەروەرانەوە نەگـــوّراوەو هەرعینادوو زەحمت و رقە بەرِیە ٠

لە سەر ئەم روون کردنەوەیەو پاش ئەم کوشتارو هێرشەی حکومەتی ئیـــــران ئێمە بریارمان دا جاریکی دیکەش موراجەعە بە ئێوە بکەین ، وەزع و مەسەلەکە لەگەڵ ئێوە باس بکەین و وەك سەروّك و رابەریکی کورد کە بەراستـــــــــــی مەسئولیەتیکی گەورەت لە ئەستوّیە چارەی مەسەلەکە لە توّ بخوازین ٠

ئێمە لەسەر ئەو باوەرەین وە داوا لە ئێوە دەکەین کە ریگا بدەی ئــــــەم برادەرانەی کە ئێستا لە کوێستانن بوّ مەنطیقەی شورش بگەرێنەوەو لە شوێنیکـــی کە بوّ خوّت بوّیان دیاری دەکەی دانیشن ٠ ژیان و بەرێ چوونیان لە لایـــــەن شورشەوە تەئمین بکرێ ٠ بوّ ئەم مەبەستە ریگا بدرێ بە ئێمە هەر کەسیکی خوّت پیێت باشەو بروای پێ دەگەی لە ناوچەی شورشەوە پێوەند لەگەڵ برادەران بگـــرێ و ئیقناعیان بکا بوّ ناوچەی شورش بگەرێنەوە ٠ وەك خوّت دەزانی لەم ماوەیە دا برادەرانی ئێمە لە لایەن کاربەدەستانی شورشەوە زوّریان غەدر لێ کـــــراوە ، کوژراون ، دراونەوە بە ئیران و ئەم کارە بوّتە هوّی بێ بروایی و بەدگوّمانی ٠جا بوّیە تکا دەکەین کە خوّت شەخسەن لەم بارەوە دەخالەت بکەی و لەسەر وەعـــدە و قەولی توّ ئیتمینان و دلنیایی پەیدا دەبێ ٠ ئەگەر پێوبستە و ئێوە بەپێوستـــی دەزانن هەرکەسیکی توّ پیێت باش بێ بێتە خزمەتت و لەو بارەوە قسەت لەگـــەڵ دەکا ٠

من جاریکی دیکەش دووپاتەی دەکەمەوە کە تەواوی ئەم تەقەلاو تیکوّشانـــەی

ئێمە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بەڵکو بتوانین ئێمەش بە نۆرەی خۆمان خزمەت بە شۆرش بکەین و نەهێلین کوردەکانی ئیران ببنە ئالەت و دار دەستی دووژمنانی شۆرش و دژی شۆرش کەلکیان لێ وەربگیرێ . بۆ ئەنجامی ئەم مەبەستە داوای کۆمەگ و پشتیوانی لە ئێوە دەکەین . چاوە ڕووانی وەلام دەکەم.

کەریمی حیسامی
١٩٦٨/١٠/٢٩

ئەم نامەیە بێجگە لە شێوەی ڕێنووس و ڕێزمانەوە کە تەواو نیە . کاکلی هەلوێست و بیرو باوەری ئێمە سەبارەت بە شۆرشی کوردستانی عیراق دەردەخا . ڕووداوەکان نیشانیان دا ئێمەو زۆر هێزی دیکەش لە زۆر بارەوە بە هەڵە چووبووین . حکومەتی ئیران دەستی خستبوە نێو شۆرشی کوردستانی عیراق و لە زۆر بارەوە . وە لە زۆر ناوچان بە کەیفی خۆی هەڵی دەسووراند.
پاش دوو ڕۆژ کاک دارا توفیق گەراوە بۆ بەعدا . بە داخەوە مەلامستەفا قبولی نەکردبوو کە چەکدارەکانی کوردستانی ئیران بێنەوە کوردستانی عیراق و لە ناوچەی شۆرش دانیشن .

لە لای دیکەوە چ باس بوو

پاش کۆنگرەی دووی حیزبی دیموکراتی کوردستان نێوان ناخۆشی لە نێو ئەندامانی حیزب دا پەیدا دەبێ • کۆمەڵێك لەوانە وەك لە لاپەرەکانی پێشودا باسکرا دەکەونە ژێر فشارو راونان و گرتنی شورشی کوردستانی عیراق ، ناچار دەبن بگەرێنەوە بۆ کویستان و بۆ پارێزگاری خۆیان چەك دەست بدەنی • کۆمەڵەکەی دیکە لە نێو شورش دەمێننەوە • پاش ماوەیەك ئەحمەد توفیق کە بە سکرتێری حیزب ناسرابوو. لە لایەن شورشەوە دوور دەخرێتەوە بۆ ناوچەی بادیان • کاك ئەمیری قازی برادەرانی دیکە لە خۆ کۆ دەکاتەوەو بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناهێلێ بلاوەی بکەن • پاش ئەوەی کە هێندێك لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن عبدالوهاب ئوتریشی یەوە دەگیرێن ودەدرێنەوە بە ئیران . نیزیکە سی (٣٠) کەس لە ئەندامانی حیزب نامەیەك بۆ سەرۆك بارزانی دەنووسن کە وا لێرەدا دەی هێنینەوە •

" سەرۆك مستەفا بارزانی زۆر بە حورمەت : ٢/٦ /١٩٦٧

بە رێز و حورمەتەوە . بی شك ئاگادارن سێ مانگ لەمەو بەر جەماعەتێکی پێنج کەسی لە برادەرانی ئیمە بە ناوی ١ـ ئەسکەندەر عەلی ٢ـ محەمەدموئمین ٣ـ توفیق مستەفا ٤ـ حەبیب ابابەکر ٥ـ جافر ابابەکر • لە لایەن عبدالوهاب ئوتریشی فەرماندەی هیزی حەبانەوە دەسگیر کران و لە بیارە خرانە زێندانەوە• ئەو دەس درێژییە بە شیوەیەکی گشتی لە ناو ئێمەدا بوو بە هۆی نارەحەتی و

به شارەزاییەکی کە لەو بارەوە لە رابردوودا بەرچاو بوو، بۆ روون بوونەوە لە سەر بناوانی سەبەبی ئەو دەست درێژییە هەر وەها شکایەت لە عبدالوهاب ئوتریشی موراجەعەی مەکتەبی تەنفیزی کرا ، بە پێی هەوالێکی کە لەو بارەوە پێمام گەیشت گۆیا دەبێ لە لایەن مەکتەبی تەنفیزییەوە چەندجار بەبروسکە ئەمری بەردان یان رەوانە کردنیان بۆ ناوچەی گەلالە درابێ . جا لە کاتێکدا کە ئێمە چاوە روانی بەر بوون و ناردنیانمان دەکرد بە داخی گەورەوە خەبەری تەسلیم کردنەوەی ناوبراوان بە حکومەتی ئێرانمان پی گەیشت . فەرماندەی هێزی خەبات پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەیعەسکەری و گەرانەوەی بە ئێراندا بە گەیشتنەوەی ناوچەی بیارە ، بە سەیارەی شورش ، بە پێشمەرگەی کوردەوە ، وەك دیارییەك پێش کێشی مەرزەبانی حکومەتی کردن لە نوسود . وە هەر بە دوای تەسلیم کردنەوەی ئەو برادەرانەدا کە ناومان لەسەرەوە هێنا شالاوی تری دەست پێ کردوەو هەوالی کومیتەی ناوەندی حیزبمان میرزا ئەحمەد - کە بۆمان روون نیە هەر بە تەنێیە یان نە - بە شێوەی زێندانی لە سورە دزێ را خواستویەتە مەروێ و لەوێرا رەوانەی بیارەی کردوە کە نازانین چی بەسەر هێناوە . تەنانەت کاتی رەوانە کردنی لە مەروێ را بۆ بیارە ئیجازەی پێ نەدراوە چاوی بە مال و منداڵیشی بکەوێ . ئێمە جیا لەوەی کە بە سەر سوورمانەوە هەلویستی کوردفرۆشانەی عبدالوهاب ئوتریشی مان وەرگرت ئەو کردەوانە بە شتێکی دوور لە ئینسانیەت و پیاوەتی و خوو و رەوشتی لەمێژینەی کورد دەزانین . لە جێ یەك کە قانونی جەنگەلێش کە پەنای ئینسانی سیاسیدا لە تەسلیم کردنەوەی بە دووژمن خۆ دەپاریزی . شورشی کورد لە کوردستانی عیراق کە شورشێکی حەق خوازانەو ئینسانییەو بێ شك ئێمەش هەر وای دەناسین و ناسیومانە ، سەرەرای ئەوەش کە بە پێی پێرەوی پارتی دیموکراتی کوردستان ، کوردستانی عیراق پەنا و مالی هەموو کوردێکی لێقەوماوە کە بە هۆی جولانەوەی سیاسی تەرکە وەتەن بێت . عبدالوهاب ئوتریشی لە پەنای قازانج و مەنافیعی خۆیدا بە نێوی بەرژەوەندی و مەسلەحەت برادەرانمان دەکاتە دیاری و پێشکێشی دوژمن مانی دەکاتەوە .

ئێمه باوەرمان بەوە هەیە ژیانی سیاسی ئەورۆی ئێمە ژیانیکی تایبەتی‌یەو سیاسەتی دەستەبازی و تەفرەقەمان بە سەر داسەپاوەو بی شك لە زروف و حالی ئەورۆی خۆماندا ناتوانین کەسیك یا کەسانیك بەر پرس و مەسئولی کردەوەمان بە تیکرایي بناسین و هەر کەس لێ پرسراوی کردەوەی شەخسی و فەردی خۆیەتی بە چاکەو خراپە ٠ لەگەل ئەوەشدا شورش بە خاوەن مەسلەحەت و خاوەن دەسەلات دەزانین بۆ هەموو چەشنە لیکولینەو سزادانیکمان - بە پیێ حەق و عەدالەت - لە کاتیکدا کردەوەی دژی مەسالحی شورش لە هەر یەك لە ئێمە روو بدات ٠

ئێمە باوەرمان بەوە هەیە کە مەنافیع و مەسالحی شورش لەسەرەوەی هەموو مەنافیع و مەسالحیکی ترەو بەو پەری هێزمانەوە مەسلەحەتمان پاراستوەو دەشی پاریزین و هەر لەسەرەتای شورشەوە تا ئێستا خۆمان بە خاوەن خزمەت بۆ شورش زانیوەو دەزانین ٠ کە وابوو هۆ و سەبەبی موعامەلە و سەودا پێکردنمان لە لایەن عبدالوهاب ئوتریشی یەوە چیە ؟ لە حالیکدا ئینسانین و سەر و بزن نین ٠

جیێ خۆیەتی لیرەدا ئەو مەسەلە گرینگە بخەینە بەر چاو کە تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان بەو شیوە نالەبارو ناحەزە جیا لەوەی شتیکی غەیرە ئینسانی‌یە کورد لە کوردستانی ئیران دەخاتە مەترسی‌یەوە ٠

ئێمە کە لە خوارەوە ناومان هاتوە بە نیوی پەنابەرانی سیاسی کورد لە کوردستانی ئیران لەگەل دەربرینی تورەیي و نارەزایي توند لەسەر ئەو کردەوە نالەبارانە بە چەشنی خوارەوە داخوازیمان پیشکیش دەکەین :

١- داوامانە فەرمانەدەیي شورش وەك خاوەن مافی سیاسی لە دەستی زولم وتەعەدی عبدالوهاب ئوتریشی و نمونەکانی پاریزگاریمان بکات و بە شیوەی ئینسانی موعامەلەمان لەگەل بکرێ و تەئمینی ژیانی سیاسیمان لەپەنا شورش داهەبێ ٠

٢- داوامانە حیساب لە عبدالوهاب ئوتریشی بکیشری و بۆمان روون بکریتەوە هۆ و سەبەبێ تەسلیم کردنەوەی برادەرانمان لە لایەن ناوبرایەوە چی‌یە ؟

٣- داوا مانە فەرماندەیي شورش میرزا ئەحمەد و ئەو کەسانەی لەگەلی دان و لەم دواییانەدا لە لایەن عبدالوهابەوە رەوانەی بیارە کراون بەزووترین کات

بەر لەوەی سەودای دووهەمیان پێ بکات بە سلامەتی بگێردرێنەوە نێو مـــال و منداڵیان و لە حالێکدا حیساب لێ کێشان لە گۆری دا هەبێ لە ناوچەی گەلالە لێکۆڵینەوەو پرسیاریان لەگەڵ دا بکرێ.
٤ـ بۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس دەرکەوێ شورش هەر لەسەر بنج و بناوانی خۆیەتی و ماف و ژیانی ئینسانی و سیاسی بەربێزو حورمەتەوە چاو لێ دەکا ، جێ بەجـــێ کردنی داواکانمان بە پەلەو بە زوویی داوخوازین .
وێنە بۆ : مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرێز .
وینە بۆ : مەکتەبی تەنفیزی بەرێز .

سی (٣٠) ئیمزا

ئەو دەستەی لێ قەوماو و هەلاتوو کە کاك ئەمیری قازی کۆی کردبوونـــەوە و بە ناوی حیزبی دیموکرات کاریان دەکرد ، جارو بار لەسەر کردەوەکانـــــــی کاربەدەستانی شورشی کوردستانی عیراق و هەر وەها لە ئاست سیاسەتــــــی کوشت و بر و کردەوەی شەیتانانەی حکومەتی ئیران سەبارەت بە شورشـــــــی کوردستانی عیراق نامەیان بۆ سەرۆك بارزانی نووسیوەو سەرۆکایەتی شورشـــــی کوردستانی عیراقیان وریا کردۆتەوە .
لە کاتیکدا کە حکومەتی خوێن ڕێژی ئیران کوردستانی پەلاماردا و لە هەمـوو ناوچەگانی کوردستانی ئیران دەستی کرد بە گرتن و دوور خستنەوەو کوشتـــاری نیشتمانپەروەرانی کورد . ئەم دەستەیە بە ناوی کومیتەی ناوەندی حیزبــــــــی دیموکراتی کوردستان نامەیەکیان بۆ سەرۆك بارزانی نووسیوە کە وا ئیمە دەقی نامەکە لیرەدا بلاو دەکەینەوە :
" ســـەرۆك بارزانی زۆر موحتـەرەم : ١٩٦٨/١٠/٢١
بـە حورمـەتـەوە :
وەکو ئاگادارن پەلاماری حکومەتی ئیران مەلبەندی کوردەواری لــــــــــە کوردستانی ئیران جاریکی تر بە پان و بەرینی گرتۆتەوەو لێدان و حەبس و کوشت و بڕی کوردی بێ دیفاع و بێ دەسەلات لە ولاتەکەماندا بە شیوەی توندـــــــرو

بێ ڕەحمانەتر لە هەموو پەلامارێکی ڕابردوو دیسان دەستی پێ کردۆتەوە.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە هەر لە زووەوە بە پێی حاڵ و وەزعێکی کە لە کوردستانی ئێراندا پێك هاتبوو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەمان دەکردو بە تێکرار قیادەی شۆڕشمان ئاگادار کردوە ئەو پەلامارە بە شتێکی مدبر و بە نەخشە دەزانین کە دەزگای حاکمەی ئێران لەسەر ئەساسی " لە ئاوی لیخن ماسی گرتن" پێوە هەستاوە . هێرشی نوێ حکومەت پاش گەڕانەوەی سپهبد ئویسی لەسەردانی مەهاباد بۆ تاران دەستی پێ کرد . سپهبد ئویسی فەرماندەی گشتی ژاندارمری ئێران بۆ هەڵسەنگاندن و شارەزایی زیاتر دەوری ٢٥ ڕۆژ لەمەو بەر خۆی گەیاندە مەهاباد و بە زۆر پیاوە خاوەن نفوزەکانی موکریاتی لە تالاری فەرهەنگی مەهاباد کۆ کردەوە . ناوبراو لە نوتق و خیتابەیەکی هەرەشاوی کە بە(بۆنەوە کردی بە ئاشکرا نیازی دەزگای حاکمەی دەربڕی. تەنانەت بە سەراحەت و بێ پەردە ڕای گەیاند کە " کورد عامە خائین بە شاهنشا و تەواویەتی ئەرزی ئێرانە بۆیە حەق و مافی ژیانی نیە . من هەر لە ئێستاوە ئەمر لە ڕاوەستاندنی هەموو پرۆژەیەکی ئاوەدانی و ئیسلاحاتی لە ناوچەکانی کورد نشین دەدەم" .

پێنج ڕۆژ پاش گەڕانەوەی فەرماندەی ژاندارمری بۆ تاران شالاوی ژاندارم ناوچەکانی کوردەواری داگرت و لێدان و گرتن و کوشتن بە شێوەی گشتی و لەسەر ئەسلی " بێ باوەری و بێ ئیعتیمادی بە کورد " چاك و خراپ ، پیر و جحیل درایە بەر قونداخی تفەنگ و زیندانەکانیان لێ ئاخندرا تەنانەت ژنیش بێ بەش نەمانەوە . تا ئێستا بێجگە لە نێزیکەی ١٢٠ کوردیك کە خۆیان گەیاندۆتە کوردستانی ڕزگارکراو هەروەها بێجگە لەوانەی کە لە ترسی تعذیب و کوشتن بە چیاوەن ، زیاتر لە هەزار کەس تەنیا لە ناوچەی موکریان لە چینە جۆر بە جۆرەکانی کورد بە تایبەتی چین و تەبەقەی مەلاو عولەمای دینی بە نیکرایی خراونەتە ژێر داری شکنجە و حەبس کە جیا لە مەلامستەفای پەسوی کە لە ژێر داردا پشتی شکاوەو مردوە چارەنووسیان بۆ ئێمە ڕوون و معلوم نیە.

هێرشی بێشەرمانەی حکومەتی ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەك کە بە بێ ترس و خوف بە بێ هیچ لێپرسین و مەحکەمەیەك کورد وەکو بەرخ سەر دەبڕێ.

نمونەی ئاشکرای ئەو حالە حەسەن خورخورەیی گەورکان کە بە رۆژی روون لەبەر چاوی سەتان کوردی مەهابادی کە بە زۆری لیدان و گۆیا بۆ ئەوەی عیبرت گرتو بن بۆ مەیدانی رەمی راکیشکراون لە " بازاری حەیوانان " گوللەباران کرا .

شالاوی دوایی حکومەتی ئیران ترس و ئیرهابیکی ئەوتۆی خستۆتە کوردستانەوە هیچ کوردیك هیوا و هومیدی ژیانی ناسەرسەنگەکەی پیشوشی پێ نەماوە . ئیمە کە بە ئەو پەری پەرۆشەوە و دەس لە سەر دەستی بێ دەسەلاتی دەروانینە حالی پەشیو و مەینەت باری ئەوروۆی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئیران ، ئەو پەلامارە درندانەیە تەنیا هەر بە نیازی کوشتنی ئیحساسات وحەفە کردنی هەستی نەتەوایەتی و تواندنەوەی گەلی کورد بە مەبەستی بەرگری هەمیشەیی لە جولانەوەی رزگاریخوازی مسۆگەری دوارۆژی کورد لە کوردستانی ئیران نازانین . بەلکو بە شتیکی مدبر و تاکتیکیکی مەنفوری دەناسین کە رووی ژەهراوی راستەو خۆ لە شورشی پیرۆزو حەق خوازانەی گەلەگەمان و سەرکردایەتی بە دلسۆزەکەیەتی کە هەر لە زووەوە جی و ریی بۆ خۆش کراوەو دەزگای دیعایەو تەبلیغاتی حکومەتی ئیران بە هەرچی توانا وە زورنای بۆ لیدەدا . ئەو هەول و تەقەلایەی دووژمنی فیل باز شتیکی شاردراوە نیەو دەست و پیوەندەکانی لە مێژە بە ئەرکەوە هەستاون و دەهۆلی بۆ دەکوتن کە گۆیا :
شورشی حەوت سالەی گەلە قارەمانەکەمان لە کوردستانی عیراق ئەنگوستیلەی قامکی دەزگای حاکمەی تاران و کوتەکی پولابینە بۆ هەموو چەشنە سەربزیوی و جولانەوەیەکی رزگاریخوازی لە کوردستانی ئیران هەر کات و زەمان کە حکومەتی ئیران بە پیویست و لازم بزانی . روون و ئاشکرایە ئەو سیاسەتە گلاوە دەیانەوی دل و دەروونی لیپاو لیپ لە هەستو باوەری بەتین و بەهیزی کورد لە کوردستانی ئیران بەرامبەر بە شورشە پیرۆزەکەمان ساردکەنەوەو لە لای ترەوە شورشمان هەلقولاو و گەشەی دەروونی گەلە چەوساوەکەمانە شورشیکی حەق خوازانەو نەتەوایەتی یە ، بەشتیکی ساز کراو بۆ ریژە مەبەست و مەسالحیکی تایبەتی و شەخسی بناسینن .

نمونەی ئاشکرای ئەو دیعایانەی کاربەدەستانی ئیران فەرمایشی (سەرتیپ صیادیان رئیسی سازمانی ئەمنیەتی رەزائیەیە کە لە سەرەتای هێرشەکەی دوواییدا بێ پەردە بلاوی کردۆتەوەو ئەفەرموێ ((" آن یاغی سابق اکنون در اختیار ماست انشاءالله روزی میرسد که به استانداری کرکوک منصوبش کنیم"
پەلاماری درندانەی دوایی کاربەدەستانی ئیران بۆ مەلبەندی کوردەواری لە کاتیکدا دەستی پێ کرد کە هەرچی لە باخەل و گیرفانیان دا هەبوو لەو دیعایە ژەهراویانە بلاویان کردبوو،و جێیان بۆ هێرشەکەیان بەلای خۆیانەوە رێك و پێك کردبوو ٠
ئێمە لەگەڵ باوەری توند وقولمان بە شورش و پاریزگاری لە مەصالحی لەسەر ئەو باوەرەین ئەو پەلامارە بە پێی حیساب و شارەزایی بۆ چەند مەبەستی تایبەتی هاتوە ٠
یەکەم - لێدانی کورد لە کوردستانی ئیران و کۆتایی پێ هینان بە هەر جولانەوە و سەربزیویەك بۆ هەمیشە یان لانی کەم بۆ ماوەیەکی درێژو تولانی ٠
دووهەم - لێدانی ضمنی شورش بە شێوەی فێل بازانە کە پیشەو کردەوەی خاص و لە مێژینەی دەزگای حاکمەی ئیرانە ٠ حال خالی نیە لە کاتیکی وا ناسك دا کە ئەو شالاوە عەبیرە ئینسانیە لە پەنا گوێی شورشی حەوت سالەو چەسپاوی کوردستانی عیراق هاتۆتە سەر ناوچەکانی کوردەواری لە کوردستانی ئیران قیادەی شورش یا نیسبەت بەو پەلامارو شالاوە بێ لایەن و هەست دەمینیتەوە یا حالەتیکی ئیعتیرازو رووی گرژ دەنوێنی ٠ لە رچاو کردنی شیوەی یەکەم سەرکەوتنی سیاسەتی دیعایەی کاربەدەستانی ئیران لە دژی شورشەکەمان و سەرکردایەتی‌یە دلسۆزەکەی بەرچاوەو گرتنی شیوەی دووهەم لێدانی مەسلەحەتی شورش ٠
سێ هەم - بێ شك لە حالەتیکی هوجومی وە کورد لە کوردستانی ئیران ح جێ و پەناگایەك غەیری شورش و کوردستانی رزگارکراو شك نابا رووی تێ بکاو خۆی لە دارو قەمچی ژاندارم بشارێتەوە ٠ پاش ماوەیەك داوای تەسلیم کردنەوەی ئەوانە لە شەخسی سەرۆك دەست پێ دەکا ٠ لێرەشدا حال خالی نیە یا تەسلیم

دەکرێنەوە کە لەو حالەدا شامانج و مەبەستی پیسی حکومەتی ئێران کە لیـــدان و سوك کردنی شەخسیەتی شەخسی سەروك بارزانیە لە دەرەوە و لە ناو خۆدا یــان لە تەسلیم کردنەوە خۆ دەبویری کە لەو سورمتەدا برو بیانو بۆ خو لە مەسالیحی شورش دزینەوە دێتە گۆری . جا لە پلەیەکی وا ئاستەم و بارێك داو لەحالەتیك دا کە گەلی چەوساوەمان لە کوردستانی ئێران توشی ئەو پەلامارە بێشەرمانەیە هاتوەو بە پانەوە کەوتۆتە ژێر دارو قەمچی ژاندارمی کاربەدەستانی ئێـــــران ، وەك مەسئول و بەر پرس لە چارەنووسی گەلی کورد بە گشتی لە جەنابتان چـارە دەخوازین و داوامانە بە ئەو پەری تواناوە بۆ نەجات دانی هاو ولاتیەکانمـــان لە کوشتو برو زیندان و شکنجەی دەزگای عداری حاکمەی ئێران تی بکوشن .

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی
کوردستانـــــــــــی ئێران
" جیگای مــور "

برادەرانی حیزبی دیموکرات لەم نامەیەدا جوان بۆ مەسەلەکە چـــوون و لیکیان داوەتەوە . حکومەتی ئێران لەو کاتەدا کە دەیویست جوولانەوەی کـورد لە کوردستانی ئێران سەرکوت بکا ، هەر لەو کاتەش دەیویست شەخسیەتـــــی بارزانی بێنێتە خوار و لەبەر چاوی خەلك سووکی بکا . بەلام سەروکایەتـــــی شورشی کوردستانی عیراق وەها نەکەوتبوە ژێر حکومەتی ئێران کە هەستـــــی نەتەوایەتی تێدا مابێ و گوێ بداتە ئەم نووسراووهاوارە .

ئەمە نامەیەکی دیکەیە ، کە بۆ بارزانیان نووسیوە . لەو نامەیە بەجوانـی دەردەکەوێ کە حەسۆمیرخان سەنەدو بەلگەو نووسراوەو دارو نەداری حیزبــــی بردوەو تا لانی کردون . ئەوانیش چوونە لای بارزانی ، ئەویش وەعدەو بەلێنی پێ داون کە بیان دەنەوە . بەلام درۆیان لەگەل کردوون و نەدراونەوە .

ئەمەش دەقی نامەکەیە •

بو سەروك بارزانی زور محترم

" بە حورمەتەوە : ١٩٦٨/١١/٨

لە سەرنامەمان بە برواری ١٩٦٨/٨/١ بو جنابتان و وەعدەو وەعیدیکی مساعد کە بە نیوی سەروکایەتی شورش لە ولامدا بو بووژانەوەمان وەرمانگرتەوە. ئەگەرچی تا ئیستە هیچ بەندیك لە داواکانمان نەهاتوتە دی . بو وەرگرتنەوەی اسناد و مدارکی حیزبی مان مراجعەی حسو میرخان فەرماندەی هیزی کاوەمان کرد کە دو سالە ناوبراو دەستی بەسەر داگرتوە و بی هیچ هەق و صلاحیەتیك لە لای خوی راگیری کردوە•

پاش ماوەیەك خو بواردن لە تەسلیم کردنەوەیان بە نوسراو ئاگاداری کردین کە گویا دەبی سوتین رابن ؟

ئیمە لەگەل ئەو معترسیە کە اسنادو اوراقی حیزبی مان معاملەی پی کرابی بەسەر سورمانەوە دەروانینە ئەو کردەوانە کە بە نیوی دەسەلاتی شورش لەگەلمان کراوە و دەکری و لیمان رون نیە هوو سەبەبی هاندەر بو ئەم چەشنە معامەلانە لە چ پیناویك دایە•

ئیمە هەرچی کردمان نیویکمان بو تاوانی دوایی گەون کردنی اسنادو اوراقە و مدارکی بیست و سی سالەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بیت بو نەدوزراوەو نازانین لەگەل کام اصل و مبداء و قانونیکی کوردایەتی دەگونجی ؟

بو ئاگاداری بە پیویستمان زانی بەو هویە وە بە جنابتان رابگەینین•

کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

" جیگای مور "

وینە بو : مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان•

ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران تەنیا هاواریان

نەبردۆتە بەر سەرۆکی شورش ، بەلکو (مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان) یشیان ئاگادار کردوە ، بەلام لە پارتی دیموکرات و لە شورشی کوردستانی عیراق دا ، " مەکتەبی سیاسی و کومیتەی ناوەندی و حیزب" هەر ناویان هەبوو بە بێ نێوەرۆك و دەستەلات .

نەك هەر ئەوە، لەو کاتە دا کە ریژیمی شا کوردستانی ئیرانی پەلامار داوە لە جەلدیان سێدارەی بۆ نیشتمانپەروەرانی کورد هەلخستوە و گەلیکیش دەربەدەر بوون و کوردستانی بە رۆالەت ئازادکراویان بە پەناو پشتیوانی خۆ زانیوە و پەنایان هێناوەتە بەر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە سەروکایەتیەکەی لە نێو شورش بوە و ماوەی هەشت سال هەموو هەول و تەقەلا و تیکوشانی یارمەتی بوە بە شورشی کوردستان و بە بارزانی ، وەك لەم لیستە دەردەکەوی لە تەواوی ناوچەکان بە گوێرەی فەرمانیکی گشتی ئامیر هێزەکانی پیشمەرگە چەکیان کردوون و چەکەکانیان لێ هەستاندوون .

دیسان ریزی چەکەکانیان لەگەل نامەیەك بۆ " جەنابی سەروك بارزانی ناردوە بەلام بێ جواب ماوەتەوە. تەنانەت پاش سالی حەفتاش کەهەموو دەستەکان یەکیان گرتەوە و کونفرانسی سێ پیك هات ، مەسەلەی ئەم چەکانە هەر لە گۆری دا بوو، بەلام ئێستا و ئێستاش هەرخوران .

لیستەی چەکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن شورشەوە وەرگیراوە.

" جەنابی سەروك بارزانی بۆ ئاگاداری . "

ژمارە	چونیەتی چەك "تفەنگ"	بە کێ بوە	دەمانچە	ژمارە فیشەك	تێبینی
١	سمینوف	اسکندر هەورامی	کەمالی	رون نیە	لەهیزبی خەبات "عبدوالوهاب"
٢	برنوی وەسەت	توفعە هەورامی	—	"	" "
٣	پێنج تیری ئەستیرە نیشانی روسی	محەمەدمومن "	—	"	" "
٤	—	میرزا ئەحمەد	چاردەخۆر	"	" "
٥	—	حبیب هەورامی	لامای گەورە	"	" "
٦	١١خوری ئنگلیسی	علی پیران	—	"	لقی ٤ی پ.د.ك
٧	" " "	محەمەدمیرزاعەولا	—	"	" " "
٨	رەشاش برین	صالح رەشاش	—	"	هیزی کاوە "حەسو میرخان"
٩	" "	ریبوار	—	"	" " "
١٠	عقد ٢ "هاوەن"	—	—	"	" " "
١١	هولندەی دوخان	قەیماس	—	"	" " "
١٢	برنوی درێژ	قادر لاجانی	—	"	" " "
١٣	" "	محەمەد مەنگور	—	"	" " "
١٤	١١خوری شەوافی	عبدولله نانوا	—	"	" " "
١٥	" "	سالارعبدالرحمن	—	"	" " "
١٦	کەلاشنی کوف	کاوە	—	"	" " "
١٧	شەش تفەنگی جوربەجور	بەشەرکەی لە جەماعەتی کاوە	—	"	" " "

ژماره	چونیەتی چەك "تفەنگ"	بە کێ بوە	دەمانچە	ژمارەی فیشەك	تێبینی
١٨	برنوی درێژ	کریم نەستانی	—	١٥٠	هێزی کاوە "حەسومیرخان"
١٩	" "	احمد نەستانی	—	١٥٠	" " "
٢٠	٥خوری انگلیزی	رەسوی مامەرەش	—	١٠٠	" " "
٢١	" "	خدر گەورك	—	رون نیە	" " "
٢٢	برنوی وسط	سیمان	—	" "	" " "
٢٣	١١خوری شەوافی	عبداللە مامسعید	—	" "	هێزی بالەك ،عبداللەئاغای شیدەری ،
٢٤	١١خوری انگلیزی	مونتەقیم قازی	—	" "	" " "
٢٥	هولندەی دوخان	احمد بارام	—	" "	" " "
٢٦	برنوی درێژ	مراد رسول	—	" "	" " "
٢٧	١١خوری انگلیزی	فقی رسول	—	" "	" " "
٢٨	شترلینك	حاصل	—	" "	" " "
٢٩	٥خوری انگلیزی	صالح لاجانی	لامای گەورە	" "	بەتالیونی بیتوین ، علی شعبان،
٣٠	هولندەی دوخان	عمر حەسەن	چاردەخور	" "	" " "
٣١	١١خوری انگلیزی	حمە سور	—	" "	" " "
٣٢	برنوی وسط	عبداللە بایز	چاردەخور	" "	" " "
٣٣	کەلاشنی کوف	عەزیز ئەحمەد	" "	" "	" " "
٣٤	برنوی درێژ	محەمەدئەمین رسول	—	" "	" " "
٣٥	" "	شێخە اسماعیل	—	" "	" " "
٣٦	" "	توفیق حاجی سکر	—	" "	" " "
٣٧	" "	سلیمان کەرتەن	چاردەخور	" "	" " "
٣٨	" "	عبداللە	—	" "	" " "
٣٩	برنوی درێژ	برایم کریم	چاردەخور	" "	" " "

ژماره	چونیەتی چەك "تفەنگ"	بە كێ بوە	دەمانچە	ژمارەی فیشەك	تێبینی
٤٠	برنوی درێژ	نوری	—	١٥٠	هیزی دەشتیهەولیر ،فارسباوە،
٤١	برنزی درێژ	پیرە باب	—	٢٦٠	" " "
٤٢	رەش شاش	قرنی	—	٢٦٠	" " "
٤٣	١١خوریانگلیزی	رەشید	—	١٠٠	" " "
٤٤	" "	سیمان	—	١٠٠	" " "
٤٥	تەبارە شكین	وەهاب	—	١٠٠	" " "
٤٦	١١خوریانگلیزی	جلال	—	١٠٠	" " "
٤٧	" "	مراد	—	١٥٠	" " "
٤٨	یایلی	میرزاصدیق	—	١٠٠	" " "
٤٩	برنو خور	میرزا حسین	—	١٠٠	" " "
٥٠	برنوی درێژ	مەلا بایز	—	١٥٠	" " "
٥١	برنوی درێژ	محەممدشەلمان	—	رون نیە	" " "
٥٢	برنو خور	فتاح	—	" "	" " "
٥٣	برنو وسط	سیف الله	—	" "	" " "
٥٤	" "	عثمان	—	" "	" " "
٥٥	سمینوف	خدر بایز	—	" "	" " "
٥٦	٥ خوریانگلیزی	خلە قەزا	—	" "	" " "
٥٧	حەوت تفەنگی جور بە جور	هی جەماعەتی سلیمانکەرقەشان	رون نیە	" "	" " "
٥٨	هولندەیدوخان	كەریم رەشاش	—	" "	بە تاقیبونی بیترین ، علیشعبان،
٥٩	١١خوریانگلیزی	میرزا لطیف	—	١٠٠	هیزی كیاوە ،حەسومیرخانز،
٦٠	ام ١ ئەمریكی	حسن دیوا لانی	—	رون نیە	لیژنە ناوچەی قەلادزە
٦١	تەیارە شكین	عبدالله "	—	" "	" " "

ژماره	چونیەتی چەك "تفەنگ"	بە كێ بوە	دەمانچە	ژمارەی فیشەك	تێبینی
٦٢	بدل برنو	خدری میری	—	رون نیە	لیژنەی ناوچەی قەلادزە
٦٣	٥ خوری روسی	خدری میری هیناویەتی	—	" "	" " "
٦٤	ئیستر لینك	قادر علی	—	" "	" " "

هەموو بە تیكرایی لە تفەنگ و دەمانچە و فیشەك ئەمەی كە بۆمان روونە بە چەشنی خوارەوەیە ٠

تفەنگ	دەمانچە	فیشەك
٦٣ " شەست و سێ"	٨ " هەشت "	٢١٢٠ "دووهەزاروسەدوبیست"

كومیتەی ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستان
١٩٦٩/٢/١٨
" جیگای مور "

نێوەرۆکی ئەم نامانە تا رادەیەکی زۆر روونا کی دەخەنە سەر هەڵوێستی شورشی کوردستانی عیراق ، لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستاندا • هەروەها لە مێژوی ژیانی کوردەواریدا چەند شت نیشان دەدەن:
یەکەم ـ دڵسوزی و فیداکاری کوردەکانی ئیران ، بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە جولانەوەی کوردستانی عیراق •
دووهەم ـ خۆ فرۆشی هێندی ئامیر هیزو کاربەدەستی بەرزی جولانەوەی کوردستانی عیراق و لە ژیر پێ نانی هەستی نەتەوایەتی و تەقەلابۆ قازانجی شەخسی •
سێهەم ـ بێ دەسەلاتی کوردەکانی ئیران و بە هەڵە چوونیان • لە جیاتی ئەوەی کە لەم هەل و مەرجە کەلك وەربگرن و یەکیتی خۆیان بپارێزن و خەریك بن لە کوردستانی ئیراندا رێکخراوەی حیزبی خۆیان بە هێز بکەن و میللەتی خۆیان وشیار بکەنەوە ، هاتن لە کوردستانی عیراق توشی دووبەرەکی بوون و یا توشیان کردن و دەستە دەستە بوون • هەموو توانای خۆیان بۆ یارمەتی بە شورشی کوردستانی عیراق تەرخان کرد • ئەوانیش لە جیاتی یارمەتیدانیان بۆ بە هێز بوونی جولانەوە لە کوردستانی ئیران ، دەستیان خستنە ناوودابر دابریان کردن و پاشانیش بە گرتن و کوشتن پاداشیان دانەوە •
بەراستی برا کوردەکانی کوردستانی عیراق ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان خستە نێو کوردەکانی بە شەکانی تری کوردستانیش • ئەوە نەك هەر لە سالەکانی شورشی کوردستانی عیراق دا ، بەلکو زیان و ئاکامی ئەو دووبەرەکی یە لە رۆژو سالەکانی دوایشدا لە نێو گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان رەنگی دایەوە • لەم لێقەومان و دەربەدەریەدا پاش کوژرانی سمایلی شەریف زادە و سولەیمانی موعینی و هاورێکانیان چەکدارەکانی تر سەریان لێ شیوابوو پەرەوازەی کوردستانی عیراق بوون • هێندیکیان وەك دەستەی سالح لاجانی کەوتنە بەر دەستی شورشی کوردستانی عیراق و تەسلیمی ئیران کرانەوەو لە جەلدیان گوللە باران کران • هێندیکیشیان توشی دەستەی جەلال تالەبانی بوون کە هێشتا بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و

مەکتەبی سیاسی کاریان دەکرد ، ئەوانیش لەم دەربەدەرانە دەستەبەکیان بۆلای خۆ راکیشاو " لیژنەیان " بۆ دانان و پێیان راگەیاندبوون کە : " بە بێ ئاگاداری ئەوان لەم دێو و لەو دێو هیچ کارێکی نائاسایی نەکەن" هەروەها " ئەو ئیشانەی راستەو خۆ لە لایەن مەکتەبی سیاسیەوە پێیان ئەسپێردرێ جێبە جێ بکەن " لەم رێنوێنی و رێك و پێك کردنەو گرتنەوەدا ، ئەوانیش لەشەری دژی شورشی کوردستان دوو کەسیان لێ بە کوشت دان .

ئەمەش نامەی " پارتی دیموکراتی کوردستان - مەکتەبی سیاسی"یە بۆ پینج کەس لە کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران .

پارتی دیموکراتی کوردستان	ژمارە : ٦٩٤
مەکتەبی سیاسی	رۆژی : ١٩٦٩/١٢/٣١

بۆ برایانی بەرێز :

١- مەلا قادر　　　　٢- مەلا کاوە

٣- فتحاللە هەورامی　　　　٤- مەلا بایز

٥- مەلا عبداللە

سلاوێکی شورشگێرانە :

پاش ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ هەڤالان مەلا قادرو ، کاوەو مەلا عبداللە کردمان و دوای لێکدانەوەو ورد بوونەوە لە ئەوزاعی ئێستای خۆتان (هەڤالانی چەکداری حیزبی دیموکراتی کوردستان) و تەبیعەتی خەباتکردنتان و پێویستی بوژاندنەوەی حیزب لەو دێو ئەم بریارانەمان دا :

١-لیژنەیەك لە هەر پێنجتان پێك دێت بە ناوی"لیژنەی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان".

٢- یەکێك لەناو خۆتان بۆ لێپرسراوی لیژنەکە هەڵبژێرن و ئاگادارمان بکەن.

٣- ئیش کردن و هەڵسوراندنی کارو فرمانەکانتان بەم جورە ئەبێ :

الف) ئەو براچەکدارانەی ئەودێو رێك ئەخەن کەحالی حازر بەبەکەوەن.

ب) هەول ئەدەن پێوەندی بە خەلکی ئەو دیوەوە ئەکەن بۆ دۆزینەوەو پەیداکردنی

ئەندام و لایەنگرو دۆست بە نیازی بوژاندنەوەی حیزب لە ولاتدا ٠
ح) وەکو ئاشکرایە بە شێوەیەکی گشتی خەباتی رزگاری هێنەری گەلانی ئازادیخوا یەك زنجیرەی بە یەکەوە بەستراوە ، بە تایبەتی خەباتی گەلی کورد لە ئی ئەو گەلانە جیا ناکرێتەوە کە حالی حازر بە یەکەوە لە چوارچێوەی یەك نیزامی حوکمدا ئەژین ٠ بۆیە هەوڵدان بۆ یەکخستنی خەباتی گەلی کورد لەو دیو لەگەڵ خەباتی گەلانی تری ئیران کاریکی سوودبەخش و پێویستە ٠لەبەر هەموو ئەوانەی سەرەوە پێویستە هەول بدەن پێوەندی لەگەڵ هەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی ئەو دیودا پەیدا بکەن ٠
د) بە بێ ئاگاداری ئێمە نابێ هیچ کاریکی نائاسایي - ح لەم دیو و ح لەو دیو - لەخۆنانەوە بکەن ٠
ح)ئەبێ بە گیانێکی برایانەو رەوەشتیکی خەبات کەرانە کە لە ریکخراوی حیزبیکی شورشگیری وەکو حیزبی دیموکراتی کوردستان بوەشێتەوە - بە یەکەوە بژین و ئیش بکەن ٠ وە ئەگەر خوانەخواستە خیلافیك لەنێوانتاندا یان ئیختیلافیك لە (وجهات النظر) دا رووی دا ئەوە مەسەلەکە وەکو هەیە ئەیهێننە لای مەکتەبی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەو بریار لە سەردانی ٠
و) ئەو ئیشانەی راستەوخۆ لە لایەن مەکتەبی سیاسیەوە پێتان ئەسپێردرێ جێ بە جێ ئەکەن ٠
ز) ئەو برایانەی چەکدارن و لە ناو هێزی پیشمەرگەی کوردستانداان وەکو پێشمەرگە پێوەندیان بە فەرمانەدەی هێزی ئەو شوێنەوە ئەبێت کە تێدا ئەژین ٠ وە لە هەموو حقوق و واجیباتیکدا لە پیشمەرگە جیا ناکرینەوە٠

ئیتر بۆ پیشەوە بەرەو سەرکەوتن و زال بوون بەسەر دووژمنانی کوردستاندا ٠

م٠ س

" جیگای مور "

تێ بینی : بۆ پیوەندی کردن بە مەکتەبی سیاسیەوە پاشان هەڤالێکتان بۆ دەست نیشان دەکەین ٠

مالّه (مەکتەبی سیاسی) ئاوا بێ ، دیّسان باش بوو نەی گرتبوون و چەکی نەکردبوون و بۆ یەکێتی و زیندوو کردنەوەی ریکخراوەکانی حیزبی رێنوێنیشی کردبوون · بەلام تاقم و دەستەی زرە شورشگێری ئیرانی کە هەر کەسە بە هەوایەك سەمای دەکرد راست و چەپ بەیاننامەیان بلاو دەکردەوەو بۆ سمایلی شەریف زادەو جولانەوەی کورد ! قور یان دەپێوا ، بێ ئەوەی لەباری مادی و مەعنەوییەوە بە قەت دەنکە جۆیەك یارمەتی بدەن·

وا دیارە مێژو دووپات دەبێتەوە لەو دەمەدا کە ئەم بیرەوەریانە بۆ ژێر چاپ ئامادە دەکرێن ، دیّسان حیزبی دیموکرات دووبەرەکی تێ پەیدا بووەو جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئیران بەرەو لاوازترین گێرو گرفتی نالەبارتر دەروا · دیّسان حیزب و ریکخراوی جور بە جۆری وەك موجاهید و رای کارگر و ئەقەلیەت و حیزبی کومونیست و تاقم و دەستەی دیکە گۆیا بە ناوی دلسۆزی بۆ جولانەوەی کورد کەوتوونەتە چالاکی و قولتر کردنی دووبەرەکی و ناکۆکی و لە خۆشی لەت بوونی حیزبی دیموکرات شایی دەگێرن · بەلام لە ئاست بۆمباراتی کیمیاوی شاری هەلەبجە لە کوردستان و قر کردنی پێنج هەزار کەس لە لایەن رێژیمی بەعسی عیراقەوە قوڕو قەپ دەکەن و دەنگیان لەبەر نایەتە دەر · (رەنگە لەبەر سەربەخۆیی و ئیستیقلالی فیکرو بریارو کردەوە بێ) ! !

گەرانەوە بۆ ئوروپا

پاش گەرانەوەی کاك دارا توفیق لە لایەن مەلا مستەفاوە، رۆژی ١٩٦٨/١٠/٢٣ چووینە لای هاورێیانی حیزبی کومونیست و لەگەل ئەوان مەسەلەکەمان باس کرد. لەسەر ئەو باوەرە بوون کە : " درێژە پێ دانی جولانەوەی چەکداری لەو هەل و مەرجەدا کە مەلامستەفا سنوری لێ گرتوون و لە هیچ لایەکەوە یارمەتیان پێ ناکرێ ، کارێکی راست نیەو خۆ بە کوشت دانە. ئێمەش بەداخەوە دەرەتانی ئەوەمان نیە کە یارمەتی بکەین " کاك کەریم ئەحمەد گوتی : کاتی خۆی بە فایقمان گوت کاتی راپەرینی چەکدار نیەو مەلامستەفا لێتان دەدا. فایق گوتی هیچ عیلاجمان نیە و ناتوانین لە نێو شورش بمێنینەوە.

لە بارەی شەهید بوونی سولەیمانی موعینی. یەوە رۆژنامەی **طريق الشعب** ئورگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستیی عیراق لە ژمارەی تەموزی ١٩٦٨ خۆیدا لە ژێر ناو نیشانی " ئەوەی دەکرێ بە قازانجی کێیە ؟ " خەبەری کوشتنی کاك سولەیمانی بلاو کردبۆوەو نووسیبوی : " کوشتنی تیکوشەری شورشگێری ئیرانی بێزاری و تورەیی دژی ئەم کارە و بەرێوەبەرانی ئەوتاوانە بەرز کردۆتەوە . حیزبی کومونیستی عیراق ئەم کارە ساتە داخ دارە بە توندی مەحکوم دەکاو سەرەخۆشی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە تەواوی خەباتگێرانی دژی حکومەتی شای بە کرێ گیراوی ئیمپریالیزم دەکاو کارەساتی کوشتنی فایقی تیکوشەر بۆ ئاگاداری کۆمەلانی خەلك بلاو دەکاتەوە.

بیگومان ناوی شەهید فایق لە لاپەری میژوی شورشگیرانی ئیراندا تومارده‌کری"
من جاریکی دیکەش لە گەل کاك حەمەدەمین مەسەلەی گەرانەوە بۆ کوردستان ـ م هێنا گۆری و هەولیکی زۆرم دا پیکەوە بچینەوە بۆ کوردستانی ئیران • فایدەی نەبوو کاك حەمەدەمین نەهاتە ردایە • ناچار رۆژی ١٠ مانگی نوامبر بە ئوتوبوس بەرەو شام کەوتمە رێ • لە شام چاوم بە قەدری جەمیل پاشا کەوت • هەرچەند پیر بوو زۆر بە خۆشی و بە گەرمی پێشوازی لیّ کردم•
گوتی : زۆرم پێ خۆشە یەکیك لە پاشماوەکانی کۆماری مەهاباد دێتە لام•
پاش قاوە خواردنەوە بەیاننامەیەکم بە زمانی عەرەبی دایەو نەختێك باسی بارو دۆخی کوردستانمان کردو مال ئاوایم لێ کرد• پاشان قەدریجانی رەحمەتی و محەمەد زولفو ـ م دیت و چەند بەیاننامەیەکم لەبارەی وەزعی کوردستانەوە دانێ• لەویوە چوومە لوبنان و لە بیروت چاوم بە ماموستا بلند حمیدەری و کاك مستەفا جاف کەوت • شەو لە مالی کاك مستەفا جاف دانیشتین باسەکەمان لەسەر وەزعی شورشی کوردستان و رووداوەکانی ئەودەمی کوردستانی ئیران بوو•
رۆژی ١٥/١١/١٩٦٨ هاتمەوە سوفیا • کاك محەممەدی موهتەدی بەیاننامەی کومەلەی خویندکارانی کورد لقی چکوسلو -اکیا بۆ ناردبووم ، لەسەر کوشتنی سولەیمانی موعینی زۆر بە توندی وەدەنگ هاتبوو تاوانبارەکانی مەحکوم کردبو•
رۆژی دوایی لەگەل دوکتور رادمنیش پێوەندیم گرت و داوام لێ کرد کە بەیاننامەی حیزبی دیموکرات لەمەر کارەساتی کوژراوەکانی کورد لە رادیو بخوینرێتەوە• هەر وەها تەواوی دەنگ و باسی کوردستانی ئیران و ، جینایەتەکانی ریژیمی شاو کوشت و کوشتاری کوردەکان لە رادیو پەیکی ئیران بخوینرێتەوە • بێجگە لەوە پێشنیارم کرد کە حیزبی تودەی ئیران نامەیەك بۆ حیزبە کومونیستەکانی جیهان بنووسی و داوای پشتیوانی و لە قاو دانی جینایەتی ریژیمی شا بکات •
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران لە مانگی نوامبری ١٩٦٨ دانامەیەکی بۆ گشت حیزب و ریکخراوە دیموکراتیەکانی جیهان نووسیبوو ،داوای لێ

کردن کە بۆ پێشگرتن لە کوشتاری دیموکراتەکانی کورد و جینایەتی حکومەتی ئێران لە کوردستان دەنگی بێزاری بەرز کەمەوە ۰

لە نامەی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێراندا گوترابوو : " حکومەتی دژی نیشتمانی و دژی دیموکراتیکی ئێران بۆ ترساندن و پێشگرتن لە خەباتی گەلی کورد کە بۆ وەدەست هێنانی مافی خۆی خەبات دەکا ، دەستی بە کوشتارو پەلاماریکی هەراو کردوە ۰ زیاتر لە ۱۲ هەزار ژاندارم و لە شکرێك لە هێزە چەکدارەکانی بە بیانووی پر و پوچ لە سەرانسەری کوردستان دەستیان بە گرتن و کوشتاری نیشتمانپەروەرانی کورد کردوە ۰ لە ماوەی دوو مانگی دواییدا دەیان کەس لە ئازادیخوازانی کورد بە بێ موحاکمە لە شارەکانی جیاوازی کوردستان ئیعدام کراون ۰ لە بەرامبەر ئەم جینایەتەدا ناتوانین بێ دەنگ بین۰ کومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لە ئێوەو لە تەواوی ریکخراوە دیموکراتی و ئازادیخوازەکانی دنیا داوا دەکا کە لە دژی ئەم کردەوە غەیرە ئینسانییەی حکومەتی ئێران ئیعتیراز بگرن ۰ بۆ رزگاری گیراوە سیاسیەکانی کورد و ئازربایجانی و تەواوی گیراوە سیاسیەکانی ئێران تێ بکوشن " ۰

وه دەنگ هاتنی حیزب و هێزه ئازادیخوازەكانی دنیا لەسەر گەلی كورد

پاش بلاو بوونەوەی نامەی كومیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران له لایەن حیزب و ریكخراوه دیموكراتەكانی دنیا دەنگی بیزاری دژی جینایەتی ریژیمی ئیران له كوردستان بەرز بۆوه ٠

رۆژنامەی " نیپ ـ سابات چاك " ئورگانی كومیتەی ناوەندی حیزبی سوسیالیستی كریكاری مەجارستان له ژماره ٢٢ی مانگی نوامبر ١٩٦٨ دا له ژیر ناو و نیشانی (ئیعتیراز دژی لافاوی كوشت و بڕ له ئیراندا) نووسیبووی:

" جاریكی دیكەش هێزەكانی چەپ كەوتوونه بەر پەلاماری ریژیم٠ پتر له ١٢ هەزار ژاندارم و قەوجیكی لەشكر به كوردستانی ئیران وەر بوون و بۆ سەركوت كردنی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی كورد دەستیان به كوشتار كردوه٠ تەنانەت كاربەدەستانی دەولەتی خۆشیان ئیعتیراف دەكەن كه له ماوەی دوو مانگدا ، دە ها كەسیان له دیموكراتەكانی كورد له شارەكانی جیاوازی كوردستان گولله باران كردوه ٠ پتر له ٢٠٠ كەسی دیكه له نیشتمانپەروەرانی كورد چارەنووسیكی رەش و تالّ چاوەنواریانه ٠ ئیمەش لەگەلّ تەواوی ئەو كەسانەی كه له ئاست گرتن و كوشتنی نیشتمانپەروەرانی ئیرانی ئیعتیراز دەكەن ، دەنگی خۆمان بەرز دەكەینەوه و داوا دەكەین نیشتمان پەروەرەكانی كوردو تەواوی گیراوه سیاسیەكانی ئیران ئازاد بكرین ٠

رۆژنامەی فەرانسەوی لۆمۆند له ژماره ١٦ ی نوامبری ١٩٦٨ دا نووسیبووی:

" هێندی لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد گیراون • لە دادگای نهێنی دا ، بە بێ ئەوەی ئیجازەی دیفاع و قسە کردنیان بدرێتێ ، مەحکوم و گوللە باران کراون" •
ڕێکخراوی خوێندکارانی ئێرانی لە شاری مونیخ لە گەل **یەکێتی خوێندکارانی سوسیالیست** لە ئالمانی ڕۆژئاوا ، لە بەیاننامەیەکدا دژی گرتن و کوشتنی ئازادیخوازانی کورد و دانانی دادگای سەحرایی لە کوردستان دەنگی ڕەخنەو بێزاریان بەرز کردبوّوە " •
ڕۆژنامەی مۆرنینگ ستار ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئینگلستان لە ژمارە ٦ی مانگی دیسامبری ١٩٦٨ دا نووسیبووی :
" دەولەتی ئێران دژی گەلی کورد دەستی داوەتە پەلامارێکی هەراو • بۆ ئەو پەلامارە ١٢ هەزار ژاندارم و فەوجێکی نیزامی خستوّتە کار • ژمارەیەکی زۆری لە نیشتمانپەروەرانی کورد گرتوەو دەیان کەسی لێ ئیعدام کردوون" •
ڕۆژنامەی ناوبراو داوای کردبوو دژی کردەوەی غەیرە ئینسانی حکومەتی ئێران ئیعتیراز بگرن و ئازادی گیراوە سیاسیەکان داوا بکەن " •
ڕۆژنامەی سوسیالیست لیدر چاپی گلاسکۆ ، لە ژمارەی ٣ی نوامبری ١٩٦٨ دا پاش لێکۆلینەوەی وەزعی ئێران لە مەر کوشتاری ئازادیخوازانی کورد نووسیبووی : " لە بەهاری ڕابردوودا سمایلی شەریف زادە لە گەل چەند نیشتمانپەروەری کورد لە بانە بە دەستی سەربازەکانی ڕیژیمی ئێران کوژراوە • لە مەر کوژرانی ئەوانە تەنانەت تاقە وشەیەکیش لە چاپەمەنی ژێر سانسور دا بلاو نەکراوەتەوە • ٢٢ی مانگی سیپتامبر هێندیکی تر لە ئازادیخوازانی کورد بە بوختانی پوچەلی " ڕێ گرێ " لە دادگای نیزامی دا مەحکوم و گوللە باران کراون • ئێمەی سوسیالیست نابێ هاوپەیوەندی خوّمان لەگەل خەباتی خەلکی ئێران بۆ ئازادی لەبەر چاو نەگرێن" •
گوّڤاری ئاشتی و سوسیالیزم ئۆرگانی تیئوریکی حیزبە کومونیست و کرێکارانی دنیا ، لە ژمارە یەکی سالی ١٩٦٩ دا نووسیبووی:
" لافاوێکی تازەی ئیعدامی کوشت و برو گرتنی دیموکراتەکانی ئێرانی گەوتوّتە ڕێ • تەنیا لەم چەند مانگی دووایی‌دا دەها کوردی دیموکرات ئیعدام

كراون • دەزگا رەسمیەکانی ئیران بە ئانقەست خەبەری گرتن و ئیعدامەکـــان بلاو ناکەنەوە • لە کوردستان دەیان کەس گوللە باران کراون • حکومەتی ئیران نیشتمانپەروەرانی کورد بە چەتەو ریگری تاوانبار دەکا ، بەلام لە راستیـــدا ئازادیخوازانی کورد لە سەر ئەوە گوللە باران دەکرین کە داوای دیموکراســـی بۆ ئیران و لە ماف و مەسلەحەتی گەلی کورد دیفاع دەکەن و دژی ئیمپریالیــزم تێ دەکۆشن " •

رۆژنامەی ال سیگلو ئورگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی شیلی لە ژمارە ۲۷ ی نوامبری ۱۹٦۸ دا نووسیبووی : " ئێمە لەمەر ئیران شارەزایی یەکـــی زۆرمان نیە • ئەوەندە نەبێ دەزانین ئەم ولاتە یەکێك لە کانگا مەزنەکانـــی نەوتە لە دنیادا • مولوپونەکانی ئەمریکای شیمالی دەستیان کێشاوەتە نـــاو لەوێ سوود و قازانجێکی ئەفسانەیی وەدەس دێنن • ئەو مونوپولانە بۆ قازانجـی خۆیان و بەستنەوەی ئیران ، حکومەتێکی کۆنەپەرستیان بەسەر ئەم ولاتـــە دا سەپاندووە • ئەرکی ئەو حکومەتە سەرکوت کردنی دیموکرات و نیشتمانپەروە - کانە • لە ئیراندا موخالیفەکان ئیجازەی هیچ شتێکیان نیە • هەرکەس زمانـــی بۆ رەخنە گرتن بگەرێ ، دەیخەنە بەندیخانەوە • گرتن و نەفی کردن کمیوەتــــە رادەیەکی ئەو تۆ کە زەحمەتە باوەر بکرێ • زوڵم و زۆری ریژیمی ئیران بـــەوە نابرێتەوە • لەم دووایییەدا کوشت و بری خۆیان لە سەر کوردەکان توندو تیژتـر کردوە • کوردەکان کەوتوونەتە بەر هەموو جورە زەبرو زەنگێکی حکومەتـــــی نیوە فاشیستی ئیرانەوە • حکومەتی ئیران دەیەوێ ئەو فەرهەنگەی کە بـــــۆ کوردەکان بێگانەیە بەسەریاندا بسەپێنێ ، وە وەك کەمایەتیەکی میللـــــی لە ناویان بەرێ • وەلامی کوردەکان بۆ ئەو بێ عەدالەتیە خەباتیکی بێ وچانــە کە بۆ پاراستنی میللیەت و دیفاع لە ژیانی خۆیان دەیکەن • هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئیران خەریکی پەلاماردان و کوشتاری کوردەکانن شارەکانـــــی کوردستان کەوتوونەتە بەر پەلاماری قشون و ژاندارمەکان کە لە لایـــــەن حکومەتی ناوەندییەوە بە کوردستان وەرکراون • تەنیا لە ماوەی دوو سێ مانگی دووایی‌دا دەیان کەس لە دێموکراتەکانی کورد کەوتوونە بەر ئازارو جەزرەبـەی

وەحشیانەو کوژراون ۰ کوشتاری وەحشیانە درێژەی هەیە ۰ هەر کەس موخالیفی ڕێژیم بێ دەکەوێتە بەندیخانەوە ۰ لەوانەش خراپتر ئەوەیە کە حکومەتی ئێران هەوڵ ئەدا کوردەکان لەناو بەرێ۰ وادێتە بەر چاو کە ڕەوتی سیاسی حکومەتی ئێران فەوتاندنی کوردەکانە ۰ بە جۆرێکی ئەوتۆ کە شوێنەواری نەتەوایەتی کوردەکان نەمێنێ ، یا ژیانیان بە تەواوی تێك بچێ ۰ نابێ ئەو جینایەتە بێ دەنگەی لێ بکرێ. پێویستە لەقاو بدرێ۰"

ڕۆژنامەی ئونیتا ئۆرگانی ناوەندی حیزبی کومونیستی ئیتالیا ، **ڕۆژنامەی ئاوانتی ئۆرگانی حیزبی سوسیالیستی ئیتالیا** ، **ڕۆژنامەی ناسیون چاپی ئیتالیا** . خۆ پیشاندانی خوێندکارە ئێرانیەکانی دانیشتووی ئیتالیایان دژی جینایەتی ڕیژیم لە کوردستان بلاو کردبۆوە

ڕۆژنامەی ایل پارتیتۆ چاپی ئیتالیا لە ژمارەی ۲۸ی ژوئینی ۱۹٦۹ دا نووسیبووی : " کوردستانناوچەیەکی ئێران سالی ۱۹٦۸ بە هۆی ڕاپەرینی وەرزیرانەوە ۲۲ کەسی لێ ئیعدام کرا ۰ سەر لە نوێ کەوتۆتەوە بەر پەلاماری فاشیستی ۵۰ کەس لە زەحمەتکیش و ڕووناکبیرانی کورد بە تاوانی تیکوشانی شۆرشگێری گوللە باران کراون ۰ پاش کوشتن تەرمی ئەوانیان لە مەیدانی شارەکان بە خەلك نیشان داوە ۰ ئاشکرایە کە وەك هەمیشە کوشت و بڕوفشاری کۆنە پەرستەکان بێجگە لە پەرە گرتنی جولانەوەی ڕزگاریخوازی و نیزیك بوونەوەی ڕۆژی ئازادی نەتیجەیەکی تری نابێ ۰"

ڕۆژنامەی ئونیتا لە ژمارەی ۲٦ی مانگی ئوکتۆبری ۱۹٦۸ دانووسیبووی : " خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئێرانی دانیشتوی ئیتالیا لەگەل خۆ پیشاندانی لاوانی ئێرانی لە شارەکانی پاریس ، لەندەن ، نیویورك ، کۆلن و بۆن دەست پێ کراوە ، ویستوویانە بیرو ڕای گشتی جیهان لە کوشتارو جینایەتەکانی ڕێژیم ئاگادار بکەن ۰ خوێندکارە ئێرانیەکان پەردەیان لەسەر ئیعدام و گوللە-بارانی نیشتمانپەروەرانی کورد لاداوە۰

ئێمە لە ئاست ئیعدام و گوللە باران و گرتنی نیشتمانپەروەرانی کوردی ئێرانی ئیعتیراز دەکەین ۰"

ڕۆژنامەی تەریق الشعب ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمونیستی عیراق لە ژمارەی هەوەڵی نوامبری ١٩٦٨ دا لە ژێر سەرخەتی (ئیعتیرازی ح • ك • ع • لە ئاست کردەوەی ڕەشە کوژی و زەبرو زەنگی حکومەتی شاهنشاهی ئیران دژی میللەتی تێکوشەری کورد) نووسیبووی : " ڕیژیمی شا لە شارەکانی خانێ ، شنۆ ، مەهاباد ، جەلدیان ، دەستە دەستە نیشتمانپەروەرانی کورد ئیعدام دەکا • بە گوێرەی دەنگ و باسی گەیشتوو لە ئیرانەوە ، حکومەتی شا لە شارو دێهاتی کوردستان ڕەشە کوژی و گرتن و ڕاونانی ئازادیخوازانی کوردی دەست پێ کردوە • ماڵی خەڵك دەپشکنن ، خەڵکی بێتاوان دەگرن ، بەم جۆرە دەیانەوێ نیشتمانپەروەرانی کورد کە دژی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی حکومەتی ئیران بەربەرەکانی دەکەن، سەرکوت بکاو بیان ترسێنێ • حیزبی کومونیستی عیراق دژی جینایەتەکانی شا لە سەرانسەری ئیران بە توندی ئیعتیراز دەکا • "

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ئۆرگانی کومیتەی ئیقلیمی کوردستان - حیزبی کومونیستی عیراق ، لە ژمارە ٥ی نوامبری ١٩٦٨ دا نووسیبووی : "تاوان و کوشت و بری تاقمەی حاکمەی ئیران بەسەروکایەتی شا لە دژی هەموو گەلانی ئیران ، بە تایبەت دژی گەلی کوردی چەوسینراوەو بێ بەش لە ئازادی لە هیچ کەس وون نیە • دەربەدەر کردنی هەزاران کەس بە تاوانی تێکوشانی سیاسی و بێ بەش کردنیان لە پشوو دان لە هەوای نیشتماندا ، بلاو کردنەوەی ڕایەلکەی مەترسی داری پولیسی ، ڕاونانی نیشتمانپەروەران ، بێ بەش کردنی گەلانی غەیرە فارس لە مافی نەتەوایەتی و نەخوێندن بە زمانی زگماك، ئەمانەن خاسیەت و کردەوەکانی ڕێژیمی ئیران • "

ڕۆژنامەی ناوبراو پاش بلاو کردنەوەی ناوی هێندی لە شەهیدەکانی کورد نووسیبووی : " بەڵێ ئەمانەیان شەهید کرد ، بەلام داخوا گرتن و کوشتنی تێکوشەران دەتوانێ کاروانی خەباتی گەل و میللەتان بوەستێنێ ؟ داخوا ئەم جۆرە کردەوانە دەبن بە هۆی ڕزگاربوونی زالم و زۆردارەکان و ئەوانەی خوێنی گەل دەمژن ؟ بێگومان ناتوانێ • سلاو لە گیانی پاکی شەهیدەکانی

ریگای ئازادی کوردستان "٠

رۆژنامەی ئالای کریکاران بلاو کراوەی **کومیتەی مەحەلی حیزبی کومونیستی عیراق** لە سولەیمانی ، لە ژمارە ٤ ی مانگی نوامبری خۆیدا بە ناو و نیشانی (**زولمی نەتەوایەتی لە کوردەکانی ئیران**) نووسیبووی :

" لە هەموو جیگایەك باس هەر باسی تاوان و جینایەتی سازمانی ئەمنیەتی ئیرانە لە کوردستانی ئیران ٠ گرتن ، ئازاردان ، هەلاوەسین ، سوتاندنی **خانووی وەرزیرەکان** ، کارو پیشەی رۆژانەیە ٠ بۆ چی ؟ چونکە کوردەکان لە پیناوی سەرەتایی ترین مافی ئینسانی دا خەبات دەکەن "٠

بلاوکەرەوەی **پەیمان ئورگانی دیفاعی (کونفیدراسیونی جیهانی خویندکاراتی ئیرانی)** لە ژمارە ١٢ی خۆیدا نووسیبووی : " ریژیمی دژیگەلی شا ، سەرە رای ئەوە کە ئیدعای سەقام گرتوویی دەکا ، لە هەموو جورە نواندن و پیشاندانیکی ئیرادەی خەلك دەترسێ ٠ لە راپەرینی چەکدارانەی خەلکی کوردستان ترسی ری نیشتوە ٠ هێزیکی چەکداری لە رادە بەدەری بۆ ئەو ناوچەیە ناردوە ٠ کوردستان و بەشێکی ئازربایجان کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی ٠ ریژیمی شا دەیەوێ بە هوروژمی عەسکەری خەباتی گەلی کورد سەرکوت بکا ٠ هەر لەو کاتەشدا هەول دەدا کە نەهیلێ خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد لە دنیا دەنگ بداتەوە ٠ مەعمورەکانی ساواك و ئەرتەشی لە بانەمەری ١٩٦٨ دا ١٢ کەسیان لە تێکوشەرانی کورد شەهید کرد٠ بۆ ترساندنی خەلك تەرمی کوژراوەکانیان بە شارەکاندا دەگیراو بە خەلکیان نیشان دەدا ٠ کوشتاری وەحشیانەو شێوەی فاشیستی ریژیم ئیرادەی خەلکی کوردستانی تیك نەشکاند ٠ لەو کاتەوە جەلادەکانی خەلکی ئیران بە درندەیی یەکی پترەوە ئەم ناوچەیەیان پەلامار دا ، جینایەتیان کرد٠ بیچمی راستەقینەی خۆیان نیشان دا ٠ مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت پتر لە هەزار کەسی خەلکی کوردستانیان گرتوە ٠ دەیان کەس لە ئازادیخوازانی کورد لە دادگای سەحرایی دا موحاکمەو ئیعدام کراون ٠ زۆر کەسیان لە مالی خۆیاندا کوشتوە ٠ بە گویرەی راپۆرتی " **کاوالیری** " پاریزەری ئیتالیایی

ئەنجومەنی حقوق زانانی دیموکرات ، حەفتا کەسیان لە کوردستان کوشتـــوە• مەعمورەکانی سازمانی ئەمنیەت مالی خەلکیان ئاگر تێ بەرداوە• زۆر لـــە ئازادیخوازانی خەلکی ئەم ناوچەیە رایان کردوەو دەرد بەدەر بوون• خەلکـــی کوردستان لە سەرو مالی خۆیان ئەمین نین "•

بلاو کراوەی " خەبەرنامە " سەر بە جەبهەی میللی لە ژمارەی مانگـــی بەفرانباری ١٩٦٨ دا نووسیبووی : " خەباتی گەلی کورد لە ژێر پەردەی بـــێ دەنگی دەزگای تەبلیغاتی رۆژ ئاوادا درێژەی هەیە • لە کوردستانی ئێـــران خەلك دژی زولم و زۆر راپەریون • بە پێی نووسراوەی رۆژنامەکانی سەربـــە حکومەتی ئێران تا ئێستا دەیان کەس کوژراون • تەرمی کوژراوەکانیان بـــە شارەکانی سەقز و بانەو بۆکان و مەهاباد دا گێراوە • لافاوی سەربازو چـــەك بۆ کوردستان وەرێ کەوتوە • رۆژنامەکانی ئێران خەباتگێرەکان (بە دزو چەتە) ناو دەبەن • لەشکری ئێران سەرانسەری کوردستانی داگرتوە • شێوەی جینایەت و کوشت و بڕی لەشکری ئەمریکا لە ویتنام لە گەل خەلکی بێ بەشی کوردستـان بەکار دەهێنرێ • دیهاتی کوردستان لە زەوی و لە هەوا بە ئاگر وێران کراون•"

سناتۆر وەکیل " جان کوئین تۆ " سەرۆکی شورای کومونیستەکانـــی شارەوانی شاری وینیز لە ئیتالیا لە نامەیەکدا بۆ بالوێزی ئێران لـــە رۆم نووسیبووی : " لە لایەن شورای کومونیستەکانی شاری وینیـــز ـ ەوە نیگەرانی و ئیعتیرازی خۆم لە ئاست هەلوێستی دەولەتی ئێران سەبارەت بـــە نیشتمانپەروەران و گیراوە سیاسیەکان و ئازادیخوازانی کورد کە هەموویـــان مەحکومی دەولەتی ناوەندین رادەگەێنم • دەمانەوێ خەبەری راست لەمـــەر چارەنووسی گیراوەکان بلاو بکرێتەوە • دەمانەوێ دادگای عادی و گشتـــی بە دیار پارێزەرانی نێو نەتەوایەتی‌یەوە دابمەزرێت "•

جولانەوەی تازەی کومونیستی ئیران لە رێ بەندانی ۱۹٦۹ دا ، بەیاننامـەیەکی بلاو کردبۆوە لەوێدا گوترابوو : " ئێستا چەند مانگە کوشتارو رەشـەکوژی لە کوردستان حەشر دەکا . ژاندارمەکان ، سەربازان ، کۆماندۆکـان ، گروهی زەربەت ، چریکی بە کرێ گیراو لە دێهاتی کوردستان دەستیان کـردوە بە کوشتارو تالان . دەستە دەستە نیشتمانپەروەرانی کورد بۆ بەندیخانـە و ئازارگا و تەبعیدگاو مەیدانەکانی ئیعدام دەنێرن . تەنیا لە ماوەی پێنـج مانگی رابردوو دا لە مەهاباد ، بۆکان ، سەردەشت ، شنۆ نەغەدە ، خانـێ ، بانە ، پاوە ، کرمانشان ، رەوانسەرو سنەو دێهاتی دەورو بەر پتر لە سێهەزار کەس گیراوە . هەر لەو ماوەیەدا سەدان کەس بۆ ناوچەکانی ئاو و هەوا ناخۆش بۆ لای کرمان و رۆخەکانی خوارو دوور خراونەوە. زۆر لە تێکۆشەرەکان لەژێـر ئازارو جەزرەبەدا شەهید کراون . تەرمی گوژراوەکان بە شارەکاندا دەگێـرن. ئێمە داوا لە خەلکی ئیران دەکەین کە لە خەباتی ئێستای کوردستان پشتیوانـی بکەن . "

رۆژنامەی شعلەی جنوب ئورگانی تشکیلاتی خوزستانی حیزبی تـودەی ئیران لە ژمارەی مانگی بەفرانباری ۱۹٦۸ دا نووسیبووی : " لە مـاوەی دوو مانگدا ۲٦ کەس لە برا کوردە ئازادیخوازەکانی ئیران کە لە کوردستان بـە ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر ناسراون گوللە باران کراون . تەرمی شـەو قارەمانانەیان بە شارەکانی کوردستاندا گێراوە تا خەلك چاو ترسێن بکەن . رێگای هەموو چەشنە ئیعتیرازو بەربەرەکانیەك ببەستن . سەرەرای ئەم کوشتارە بێ شەرمانەیە ، قولە چوماغەکانی حکومەتی خائینی شا وازیان نەهێنـاوە دەستیان کردوە بە گرتنی بە کۆمەلی زۆر لە برا کوردەکانمان . بەندیخانەکانی تەورێز ، ورمێ ، مەهاباد ، خانی لە رۆلە نەبەزو نیشتمانپەروەرەکانـی ولاتەکەمان پر کراوە . مەرگ و جینایەت باڵی رەشی بەسەر دوو ناوچـەی سەربەرزی ولاتەکەماندا کێشاوە . ئەم شەمە کوێرەکانی ژاندارم و قازاخ کە بـە بۆنی خوێن سەرخۆش دەبن ، لە سەر وێرانەکانی بەشەی گرینگی ولاتەکەمـان هەڵدەپەرن . هاونیشتمانان ! لە یادی دڵـووتێنی پارچە جگەرەکانـدا ،

له فرمێسكی به خوڕێ باوكه پیرەكان و ئافرەته بێوه ژنەكان و بێ كەس و لێ قەوماوەكانی ئەم برا شەهیدانه مان بیر بكەنەوە ۰ موری بێ دەنگی لە دەم و زاران بكەنەوە ۰ له كارگاو كارخانه ، له مەدرەسەو زانستگا ، له دێهات و له شار له هەر جێگایەك هەن ، دەنگی رەخنەو ئیعتیرازی خۆتان بەرز كەنەوە له گیانی ئەو نێكوشەرانەی كه بۆ سەربەخۆیی و ئازادی و لاتەكەمان كەوتونەتە كونه رەشی بەندیخانەوە دیفاع بكەن لەم قارەمانانەی كه بۆ سەلماندنی حەق و مافی نەتەوایەتی خۆیان ، بۆ ئازادی زمانی زگماكی خۆیان خەباتیان كردوە و گیانی خۆیان له پێناو ناوە بە چاكە یاد بكەن ۰ نابێ دەستەو ئەژنۆ دابنیشین و له ئاست ئەو جینایەتانە بێ دەنگ بێن ۰ سلاو له گیانی پاكی سولەیمانی موعینی ، شەریف زادە ، مەلا ئاوارەو تەواوی ئەو شەهیدانەی كه له رووداوەكانی ئەم دووایییەدا گیانی خۆیان له رێگای ئازادی و گەلەكانی ئیراندا بەخت كردوە ۰ سلاوی گەرم بۆ گیراوە قارەمانەكانی كوردستان و ئازربایجان و هەموو گیراوە سیاسیەكانی ئیران ۰

مانگنامەی مەردوم ئورگانی ناوەندی حیزبی تودەی ئیران له ژمارەی مانگی نوامبری ۱۹٦۸ دا نووسیبووی :

" داگیر كردنی نیزامی كوردستان ، پەلاماری بێ رەحمانە بۆ سەر نیشتمان - پەروەرانی كورد ئیعدام و گولله بارانی دەیان ئازادیخوازی كورد یەكێك لە وەحشیانەترین كردەوەی ریژیم بوو لەم دووایی یانەدا ۰ ریژیمی شا بە خۆرایی هەوڵی دەدا ، تا ناوەروكی سیاسی كوشتاری ئەم دووایییەی كوردستان له بیر و رای خەلك بشارێتەوە و ئەو نیشتمانپەروەرانەی كه گیانیان له رێگای نیشتماندا بەخت كردوە به درۆ به " ئاژاوه چی و چەتە " دابنێ ۰ بەلام كێ بڕوای بەم درۆیانه كرد ۰ لافاوی رەخنەو ئیعتیراز كه پاش ئەم كوشتارە بە تایبەتی له دەرەوەی ولات كەوته رێ ، جاریكی دیكەش بیچمی قێلاوی ریژیمی شای به دنیا نیشاندا ۰ "

رۆژنامە كوردستان كه له ئوروپا بلاو دەكرایەوە له ژمارەی ۲۲ ئوتی ۱۹٦۹ دا له ژیر ناو و نیشانی (**پەلاماری خوێناوی ریژیمی شا** " نووسیبووی :

" ڕێژیمی شا بە شێوەیەکی فاشیستی لەگەل گەلی کورد دەجوڵێتەوە . کامە نیشتمانپەروەرو ئازادیخواز بێ ، گێ داوای مافی خوراوی گەلی کورد بکا بەشی زیندان و سێدارەیە . تەرمی بێ گیان و بە خوێن شەلالی لاوانی کورد بەسەر شەقامەکان دا دەگێڕن . زیندانەکانی ورمێ ، تەوریز خورەماوا ، قزل قەلا ، قەسری قەجەر لە کوردە نیشتمانپەروەرەکان پڕ کراون . دادگای تایبەتی نیزامی دەستە دەستە تێکوشەرانی کورد بەرەو مردن دەنێرێ . هیچ دایکێکی کورد لە ترسی هێرشی شەوانەی سەربازو سازمانی ئەمنیەت خەوی لە چاو ناکەوێ . کوردستان کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی و زیندانێکی گەورە بۆ چوار میلیۆن گەلی کورد . کوشتاری ئازادیخوازانی کورد و بە کارهێنانی شێوەی فاشیستی ناتوانێ گەلی کورد چاوترسێن بکاو کۆری خەباتی پێ چۆل بکا . خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی نەتەوایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمێکی دیموکراتی لە ئێراندا ، خەباتێکی عادلانەو پیرۆزە . هەموو گەلانی ئێرانیو هێزە پێشکەوتوەکانی دنیا لەو خەباتە پشتیوانی دەکەن ."

ڕێکخراوی ڕووناکبیرانی کوردی ئێرانی لە دەرەوە لە بایاننامەیەکدا نووسیبووی :

" جینایەتەکانی ڕێژیمی دیکتاتۆری شا لە کوردستان درێژەی هەیە . بە دەستوری شا ڕۆلە بەشەرەفەکانی گەلی کورد بە ناوی (ئەشرار) لە کوردستان ئیعدام دەکەن . دەدگای زەمانی شەر لە کوردستان دانراوە . تێکوشەرانی گەلی کورد کە لە ئازادی و شەرەفی ئینسانی خۆیان دیفاع دەکەن ، وەك سەردەمی سەدەکانی ناوەراست بۆ ژێر داری ئیعدام دەنێرن ، یا بە گوللەی ژاندارمەکان دەکوژرێن . تاوانی ئەو کەسانەی کە بە دەستی جەلادەکانی ڕێژیمی شا دەکوژرێن تەنیا ئەوەیە کە بۆ خەلکی ئێران ئازادیان دەوێ و لە پێناوی وەدەست هێنانی دەسەلاتی میللی دا خەبات دەکەن . بۆ گەلی زەحمەتکێشی کوردستان داوای نان و زانیاری و لەش ساخی دەکەن . دەیانەوێ مندالەکانیان بە زمانی زگماك بخوێنن . زیاتر لە هەزار کەس لە ئازادیخوازانی کورد بۆ بەندیخانەکان ناردراون دەیان کەسیان لە

ئازادیخوازانی کورد به ئیعدام مەحکوم کرد ٠ بەندیخانەکانی ئازربایجـــان و تاران و شارەکانی خواروی ئیران لە ئازادیخوازانی کورد پر کراون ٠ "
بەیاننامەکە پاش ئەوەی کە ناوی ٤٨ کەسی لە شەهیدانی کورد بــــــلاو کردبۆوە داوای لە بیرو رای دیموکراتی دنیا کردبوو کە لە دژی جینایەتەکانــــی ریژیم لە کوردستان دەنگی خۆیان بەرز کەنەوە ٠٥
ئیمە لە رادیۆ پەیکی ئیراندا تەواوی ئەو بەیاننامەو نووسراوەی رەخنـــەو ئیعتیرازی حیزب و ریکخراوەکانمان بلاو دەکردەوە ٠

پاش دوو رۆژ نامەیەکم بۆ کاك عەلی گەلاویژو دوکتور سولتانی وەتەمیشی نووسی ٠ داوام لێ کردن کە وەدەنگ بین ٠ هاواریك بکەن شتیك بنووسن ٠بەلام بەداخەوە لەولاوە کەس دەنگی لەبەر نەهاتە دەر ٠ کاك عەلی گەلاویژ لە وەلامی نامەی من دا بۆی نووسیبووم :
" برای خۆشەویستم کاك کەریم گیان چەند رۆژ لەمەو بەر نامەکەت گەیشـــت٠ لە لایەکەوە زۆر شاد بووم بەوەی کە خەبەری سلامەتی تۆ و مندالەکانتی تێـــدا بوو. لە لایەکیترەوە خەبەری تێك شکان و کوژران و گیرانی کوردەکان لــــــە حمد بەدەر پەرۆشی کردم ٠ یەکجار زۆر دلم تەنگ بوو بەوەی کە نووسیبووت . زیانیکی وا لە خەباتی گەلەکەمان دراوە کە بە دەسالیش جێی پر نابێتــــەوە٠ کاکە گیان ئەمن لە سووچیکی دوورکەوتووی ئەو ولاتە دانیشتووم و خەریکـــــی کاری عیلمیم ٠ خەریکی شتێکم کە ئەسلەن بۆ ئەوە لە کوردستان وەدەرنەکوتبوم٠ پێشمەرگەی لە کوێ ئەکادیمی و کاری زانستی لە کوێ ؟ ٠ بەلام چارە نــــووس ئەمەی هێناوەتە سەر رێگام ٠ ئێوە کە لە ناوەندی کارەکان نیزیکن و لەجەریانی بەسەرهاتەکان ئاگادارن دەبێ ئیتیلاعاتیکی زۆرتان بێ و بۆ چـــــــارەی مەسەلەکە ریگایەك و پێشنیاریك بە سەرۆکایەتی خۆتان رابگەیێنن٠ بەراستـــی من لەم وەزعە زۆر قەلسم ٠ زستانی رابردوو بۆچی ئیمەیان کۆ کردەوە ؟ نەتیجەکەی کوا ؟ بۆ چی هیچ ناکەن ؟ ئەم پرسیارانەو دەها پرسیاری تـــــر لە مێشکما خول ئەخوات و بۆ هیچیان وەلام نادۆزمەوە ٠ کاکە گیان ئێوە کـــە لەوێن حەرەکەتیك بکەن و شتێك بلێن ٠ ئەگینا ئیمە لەم ریگا دوورەوەچمــــان

پێ دەکرێت ؟ مەخصوصا وەزعی بەندەی خۆت کە خۆت بە باشی لێی ئاگاداری.
بە بۆنەی جێژنی مەزنی ئوکتوبر پیرۆزبایت لێ دەکەم . ئاواتم وایە کە دەستی بە زەبری ڕێگای لینین ئەم گەلەی سەگ و گورگە لە سەر کوردستان ڕاو نێ. ماچت دەکەم .

برات : عەلی گەلاوێژ
١٩٦٨/١١/٣ باکۆ

لەم بەینەدا هەر خەبەرێکی لە سەر کوردستان پێمان گەیشتبا لە ڕادیۆ پەیکی ئیران بلاومان دەکردەوە . وتارمان دەنوسی . ئیعتیرازو ڕەخنەی ڕێکخراو و حیزبە پێشکەوتوخوازەکانی جیهانمان لەو بارەوە بلاو دەکردەوە.
ڕۆژی ١٩٦٩/٢/١ دوکتور ڕادمنش و دوکتور قاسملو هاتنە سوفیا . دوکتور ڕادمنیش لەو ماوەیەدا چووبوە عیراق و چاوی بە کاك حەمەدەمینی سیراجی کەوتبوو . پاش گەرانەوەی کاك حەمەدەمین نامەیەکیشی بۆ نووسیبوو .
دوکتور ڕادمنیش دوکتور قاسملوشی لەگەل خۆی هێنابوو بۆ سوفیا کە لەگەل من و کاك حەسەنی قزلجی باسی وەزعەکە بکەین و ڕێگایەك بدۆزینەوە . ڕۆژی ٢ی فوریە لە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی دا لەسەر وەزعی کوردستان و سەفەری دوکتور ردامنیش و نامەی کاك حەمەدەمین باس دەست پێ کرا . دوکتور ڕادمنیش باسی چاو پی کەوتنی حەمەدەمینی کردو گوتی : " هەرچەندی هەولم لەگەل داوە کە لە عیراق بمێنیتەوە. قبولی نەکردوەو نایەوی لە عیراق بمینیتەوە . ئەسلەن روحییەی تیك چووە . پاشان نامەی کاك حەمەدەمین خویندرایەوە. لە نامەی خۆیدا پێشنیاری کردبوو کە حەمەی حاجی سەعید و محەمەدی موطەلیبی بچنە عیراق و لەگەل یوسفی ریزوانی کاری کوردستان بکەن . خۆشی بێتە ئوروپا بخوێنێ . کۆبوونەوە بە هەلویستی کاك حەمەدەمین داخ و پەرۆشی دەر بری و بریار درا کە من بچمەوە عیراق و لەوێوە خەریکی کاری کوردستان بم . لە بریارەکەدا گوترابوو پاش چەند مانگ دوکتور قاسملوش بگەرێتەوە . حەمەدەمینیش بێتە سوفیا لە ڕادیو پەیکی ئیران کار بکا .

له سەر رۆژنامەی کوردستان بریاردرا هەر وەك پێشوو بلاو بکرێتەوە ٠

من ئامادەیی خۆم بۆ گەرانەوەی کوردستان راگەیاندو گوتم لە عیراق گیر نابم یەکسەر دەچمە کوردستانی ئیران و ئەو برادەرانەی ماون کۆیان دەکەمەوە ٠ بریار درا کە پاسپۆرتێك بۆ کاك حەمەدەمین ساز بکرێ و بیتە دەرێ ٠ رۆژی دوایی دوکتور رادمنیش گوتی کاك حەسەنی قزلجی گوتویە من بە تەنیا کاری رادیوم پێ ناکرێ ، کەریم نابێ سەفەر بکا هەتا یەکی دی نەیەتە جێگای ئەو ٠ بەم پێیە سەفەری تۆ جاری پەکی دەکەوێ ٠

رۆژی ١٩٦٩/٢/٥ نامەیەکم بۆ کاك حەمەدەمین نووسی کە وێنەی خۆی بنێری تا پاسپۆرتی بۆ ساز بکەین ٠ لەو ماوەیەدا ئیتر لە کاك حەمەدەمین بێخەبەر بووم ٠ رۆژی ٢٢ی ئەیلولی ١٩٦٩ دوکتور رادمنیش نامەیەکی بۆ نووسیبوم لەویدا گوتبوی پاسپورتی حەمەدەمین م داوە بە دوکتور قاسملو کە بۆی بنێرێ ٠ هەر وەها نامە بۆ کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولغارستان نووسراوە کە حەمەدەمین بۆ خوێندن و بۆ کار کردن لە رادیۆدا قبول بکەن ٠ تۆش سەفەر بکەی ٠ پاسپۆرتی حەمەدەمین ئەگەر بتوانی لەگەل خۆت بێ بەی ٠

لەو ماوەیەدا پاسپورتی حەمەدەمین دەقۆلە کەوت ٠ دوکتور قاسملو دابووی بە برادەرێکی عیراقی کە بیدا بە حەمەدەمین٠ ئەو برادەرە نەیتوانیبوو پاسپورتەکە بگەینێ ، حەمەدەمینیش زۆر بە تورەیی پەیتا پەیتا نامەی دەنووسی ٠

رۆژی ١٤ ی مانگی مای دوکتور رادمنیش بە تەلیفۆن گوتی حەمەدەمین تیلگرافی کردوە کە بچم بۆ بەغدا ٠ من پێم ناکرێ ئەو سەفەرە بکەم٠ تکایە تۆ بۆ چەند رۆژێك بچۆ بزانە چی دەوێ ٠ لە بەر نەساخی کاك حەسەنی قزلجی سەفەرەکەم وەدوا کەوت ٠ رۆژی ٢٩ی مانگی مای کەوتمە رێ و رۆژی ٣١ی مانگ گەیشتمە بەغداو کاك حەمەدەمین م دیتەوە ٠ دەستی کرد بە گلەیی بە تایبەتی لە دوکتور قاسملو٠ دەیگوت : " لیرە زاری جەوالی بۆ کردوینەوە و بەلام هیچ ٠ پاسپۆرتەکەشیان داوە بەو ئیستا بێ شوێنە "٠

نۆزێك هێنامەوە سەر خۆ. گوتم وەك پیاوان لەم خۆشاررەوەكینە وەرە دەرێ تۆ رێبەرایەتی جولامەوەت لە ئەستۆ بوە . خۆت بناسێنە دەست لەم نامە نووسین و تیلگرافانە هەڵگرە • چووینە لای هاوری یانی حیزبی كومونیست و من ئەم داخوازانەم هێنا گۆری :
١ـ دەرەتانی چاپكردنی رۆژنامەیەكی مانگانەمان بۆ پیك بێنن•
٢ـ جێگایەك بۆ من لەبەر چاو بگرن كە بتوانم بە شێوەی نهێنی تێدا بژیم•
٣ـ بۆ ناردنی حەمەدەمین بۆ دەرەوە یارمەتیمان بدەن •
سەرادەران گوتیان بە مەكتەبی سیاسی رادەگەینین و پاشان وەلامتدەدەینەوە لەو ماوەیەدا خەبەرمان زانی كە چەكدارەكانی كوردستانی ئیران پاش سەفەری حەمەدەمین و ئیعدامی مەلا ئاوارە ناچار بوون بگەرێنەوە بۆ كوردستانی عیراق • دەستەگالح لاجانی، حەوت كەس دەچنە مەلبەندی شورش • لەوی دەگیرێن و دەدرێنەوە بە حكومەتی ئیران و لە جەلدیان ئیعدام دەكرین•ئەوانی دیكە دێنە لای مام جەلال لە بەكرە جوی رایان دەگرێ و لە هەموو باریكەوە بە باشی یارمەتیان دەدا •
ئەوانەی هاتبوونە بەكرە جوی چەند جار هاتبوونە بەغدا ویستبویان حەمەدەمین ببیننەوە . بەلام خۆی پێ نیشان نەدابوون • من چوكەلی گەوهەری م نارد بۆ سولەیمانی كە چاوی پێ یان بكەوێ و كاریكی وا بكات چەند كەسیان بێنە بەغدا بیانبینم• چوكەل كاوەو مەلا سمایلی دیبوو ئەوانیش ١٩٦٩/٧/٧. نامەیەكیان بۆ حەمەدەمین نووسیبوو گلەیی یان لیكردبوو كە بۆ چی خۆی لێ شاردووینەوەو خۆمان نیشان نادا •كاك حەمەدەمین دژی ئەوە بووكە منیش بیانبینم • كومیتەیەكمان لە حەمەدەمینی سراجی و چوكەلی گەوهەری ویوسفی ریزوانی دامەزراند كە پیوەندی لەگەل چەكدارەكانی بەكرە جۆ بكرن ونەهێلن بلاوەی بكەن و توشی شەریش نەبن لەگەل شورشی كوردستان • بریارمان دائەو كومیتەیە كار بكا هەتا بە یەكجاری من دەگەرێمەوە•
رۆژی ١٩٦٩/٧/٧ گەرامەوە بۆ سوفیا و پاش چەند رۆژ ئەو نامەیەم بۆ رێبەرایەتی حیزبی تودەی ئیران نووسی :

" هیئت دبیران حزب توده ایران

ضمن تقدیم عرض سلام، رفقا باید این اصل را از نظر دور ندارند ،که توجه به جنبش کرد مسئله ضروری است. مسئله بسیار بغرنج است. درست است که فعلا جنبش درکردستان ایران سرکوب شده است، ولی این بدین معنی نیست که مسئله در کردستان حدت خود را از دست داده است . گروههای زیادی هریه‌کی برای هدفهای معینی چشم به کردستان دوخته‌اند بطوریکه مشاهده میشود کسانیکه دیروزبنوشتن کلمه " خلقهای ایران" اعتراض میکردتند امروز برای جنبش مسلحانه کردستان اشك تمساح میریزند . شست نفر از رفقای مسلح ما پیش جلال طالبانی رفته و بعید نیست در گام گروه " توفانی یا توده انقلابی" بیافتند . همه این جریان ما را وا میدارد که توجه بیشتری به قضیه کردستان معطوف داریم . ولی متاسفانه کار رفقای کمیته مرکزی در این مورد هم مانند سایر کارهایش عبارت است از سستی ، عدم قاطعیت ، تصمیم نه‌گرفتن و با لاخره روشن نبودن خط مشی است .

مدت یکسال است مسئله رفیق محمد امین حل نشده‌است . رفیق محمد امین به کلی مایوس و رنجیده خاطر شده‌است. از نحوه کار شما اینطور بر میآید که نمیخواهید در انجام این مسئله قاطعیت بخرج دهید. گویا رفقای بلغاری برای تحصیل محمد امین مدارك تحصیلی خواسته‌اند. کسی نبوده و یا اگر بوده نخواسته‌است به رفقای بلغاری بگوید کسی که از میدان جنگ و کشتارگاه رژیم ایران جانش بسلامت بدر برده باشد مدارك تحصیلی را از کجا بیاورد. آیا این رفقای که حالا درجه دکتورا گرفته و به رهبری طبقه کارگر ایران هم رسیده‌اند دارای مدارك تحصیلی بوده‌اند؟ این شیوه بروکراسی و حل نه‌کردن مسائل معلوم نیست چه عواقبی را به بار خواهد آورد.

در باره کمك نه‌کردن به رفقا ، رفقای ما به این عقیده رسیده‌اند که حزب توده ایران به مظنه روز نان میخورند . موقعیکه جنبش در حال اعتلا است و سازمان و افراد مسلح موجود میباشند ، به تکاپو میآ افتند وعده و وعیدمیدهند ، اعلامیه مشترك مینویسند، بعدا " که عده‌ای کشته شدند،

جنبش سرکوب شد نوعی دیگر رفتار میکنند • قول و قرارها را به دست فراموشی میسپارند • پیشنهاد میکنم در باره، مسئله کردستان تصمیمات جدی و قاطعی اتخاذ نمائید •

۱۹٦۹/۷/۱٤

پاش ئەو نامەیە ۱۷ی مانگی ژوئیە احسان طبری هاتە سوفیا لەگەل کاك حەسەنی قزلجی گلەیی مان لیّ کرد لە و لامدا هەر وەك خسوسیاتی ئەو بوو گوتی حەقتانە ئێمە لە سەر مەسەلەی میللی ساخ نەبووینەوە • ئەو ساوەی کە لەوێ بوو لە سەر مەسەلەی کوردو جینایەتی ریژیم لە کوردستان سێ وتاری نووسی کە لە رادیۆ بلاو کرانەوە •

من ئیتر لە حەمەدەمین و لە دوکتور رادمنیش بێ خەبەر بووم تا رۆژی ۱۹٦۹/۹/۱۵دوکتور قاسملو نامەیەکی بۆ نووسیم و دەلێ : " چاوم بە (رام) کەوتوە ، دەلێ هەمووتان ناسیونالیستن • بۆچی لە بەغدا کومیتەتان دامەزراندوە ؟ دەبێ وەزعی خۆتان روون کەنەوە یانی دەس لە حیزبی دیموکرات هەل بگرن ، قەرارە پاش گەرانەوەی لەسەفەر چاوی بە تۆ و بە کاك حەسەن یش بکەوێ " •

لەو بەینەدا کاك حەمەدەمین چەند نامەی بۆ نوسیم لە هەمووی هەر هاواری پاسپۆرت و گلەیی و مانەوەی لە بەغدا بوو • لە نامەیەکی دواییدا کاك حەمەدەمین نووسیبووی : " کە چاوم بە "دوکتور جەلال " (کورش لاشایی) " تودەی ئینقلابی " کەوتوەو هاتۆتە لام • بەلام بەلێنی هیچم پێ نەداوە، چاوە روانم بزانم بیرورای ئێوە چیە ؟ "

رۆژی ۱۹٦۹/۱۲/۱۸ نامەیەکی دوورو درێژم بۆ حەمەدەمین نارد کە وا هێندی بەشی لێرەدا دەنووسمەوە :

" برای بەرێزم کاك فاتیح (ئەو دەم حەمەدەمین ناوی فاتیح بوو) نامەی۱۱/۲۹م پێ گەیشت • نووسیوتە لەمەر ئیشی ئەو برادەرانە' من کە لەوێ بووم لەوبارەوە قسەمان زۆر کرد ، گەمانتوانی ریگایەك بدۆزینەوە

لام وایە ئەگەر لەوی بمێننەوەو رەگەل شەرزەـە لای عیراق دژی مەلامستەفا
نەکەون زۆر باشە ٠ ئەگەر تێ وەربدرێن دیارە زۆر جێگای داخە ٠ بەلام وادیارە
نەك هەر نەپارێزراون بەلکو توشیان تێ وەرداوە ٠ تۆ ماوەی دوو سال خۆت لە
ژوورێك دا مەلاس دابوو خۆت لەوە دەپاراست کە توشی ئەو بەزمە نەبی ٠ خۆ
ئەگەر ویستبایت لەگەڵ دوکتور جەلال(کورشی لاشایی) وتوو وێژ بکەی ئیتر
دوو سال خۆ مات کردنت بۆ چی بوو؟ خۆ زۆر باشتر بوو بچی میوانی خاوەن
مالەکە بی(مەبەست حکومەتی عیراقە) ئەو دەم دژی ئەوە بووی ، دەتگوت
ئەوان پرس بە دەستەی جەلال دەکەن ٠ ئێستا تۆ چووی لەگەل نوکەری نوکەران
وتو ویژت کردوە ٠ نازانم ئەوان چیان پێ دەکرێ لە جنێودان و بێحەیایی
زیاتر ؟ لەگەل هێندی بەرەلا قسەت کردوە کە کاریان هەر جنێو دان بە حیزبی
شیوعی و یەکیتی سوقیتی و خەلکی دیکەیە ٠ نە هیچیان کردوە نە هیچیان
پێ دەکرێ ٠

خۆت دەزانی من هەمیشە دژی پێوەندی و هاوکاری لەگەڵ ئەم تاقمە ئیرانیە
بووم کە خۆیان هاویشتۆتە ئامیزی مام جەلال و لە ژێر سیبەری ئەودا لاقی
خەلك دەگرن ٠ لام وایە ئەوانە نە ئێستاو نە لە دوا رۆژدا لە ئیراندا گول
ناکەن ٠ هەر ئەو رێگایەیان لەبەرە کە تاقمی عەزیز الحاج گرتیە بەر ٠

رەنگە بلێی لەم وەزعەدا تەکلیف چیە ؟ بەلای منەوە بۆ ئینسانی سیاسی
ئەو مەسەلانە دێنە پێش ٠ سیاسیەك دەبێ زۆر دوورترو قولتر بیر بکاتەوە ٠
پێوەندی لەگەڵ تاقمی ئیرانی کە لە ئامیزی مام جەلال دان ، یانی دووری لە
حیزبی کومونیستی عیراق کە بە قازانجی جولانەوەی رزگاریخوازی ئێمە نیە ٠
پێوەندی لەگەل ئەوانە بۆ دابین کردنی چەند هەڤالێك ، یانی چوونە نێو
زەلکاوی ئوپورتونیستی تا ملان٠ تازە بۆ چی دەبێ هەر کەسیکی راست بووە
سەودامان پێ بکاو بە دووبەیاننامەی‌خوێری چاومان بنوسینین ٠ سیاسەت قوڵت
و شکانی تێدایە ٠ کەسیك سەر دەکەوێ کە نەپۆشەکێ و بای رەگوێ یان نەکەوی٠
بە کورتی من لەگەڵ پێوەندی و وتوو ویژ لەگەل ئەو تاقمە موخالیفم کاك
حەسەن ـ یش موخالیفە ٠ بەلام ئەو زۆری پێ خۆشە خۆت سەربەست و سەربەخۆ

ویڕای پێوەندی لەگەڵ حیزبی کۆمونیست کار بکەی ·
لەسەر وەزعی خۆم: داوام کردوە کە ڕێگام بدەن بگەڕێمەوە· کاکە گیان
بە قسە لە دوورەوە خەبات خۆشە · ئێستا من لە ئوروپام و لە شینەیی‌دا ئەو
قسانە دەکەم و دەنووسم · زەحمەتم لەبەر نیە ، بەلام ئەگەر بە کردەوە کارێک
بکەم ئەو دەم دەزانم وایە ·
کاک رەحیم (۱) نایەوێ ئیعتیراف بکا کە ئێمە لێرە هیچمان لە دەس نایە·
ئاخر ئەو لای خۆی قسەکەری رەسمی ئێوەیە ! من نامەم بۆ نووسی و داوام لێ
کرد کە هەر دووکمان بگەڕێنەوە · وەلامی نەدامەوە · من بە بێ ڕێکادان و
بارمەتی حیزبی تودە ناتوانم سەفەر بکەم · وەزعەکەمان ئاوایە ، هەتا خۆ
دەگرێن ڕێگای دیکەمان نیە · لە بیرت نەچێ بە بۆنەی ۲ی ڕێبەندانەوە بەیانێک
دەر بکەی "·

ڕێبەرایەتی حیزبی تودە نەک هەر بۆ بارمەتی برادەران و بەجێ گەیاندنی
قەول و قەرارەکانیان هەنگاویان نەهاویشت ،بەلکو کەوتبوونە پەلپ و بیانووش·
ڕۆژێک لە پڕ نامەیەکیان بۆ رادیۆ ناردبوو کە گۆیا بەشی کوردی پەیکی
ئیران حکومەتی عیراقی پەلامار داوە، لە کاتێکدا سرف درۆ بوو· کاک
حەسەنی قزلجی گوتی : " ئەوە سەرەتای پەلپ و بیانوە · پیاو ئەگەر بە
دەستی خۆی پەت بکاتە ملی خۆی ئاوا دەبێ · کاک عەلی گەلاوێژ- یشیان بەو
بیانوە دەر کرد گۆیا مەلامستەفا رقی لێیەتی "
گوتم : بە جەهەندەم لە خولام دەوێ لێرە دەرم بکەن و نەجاتیم بێ بچمەوە
نێو برادەران · لەو بەینەدا مەسەلەکی گرینگ ببوو بە پاسپۆرتی حەمەدەمین·
رۆژ نەبوو نامە نەنووسی کە پاسپۆرت چی لێ هات · پاسپۆرت بە دەست
برادەری عیراقیەوە دە قۆلە کەوتبوو، برادەرانی چەکدار تووشی بەکرە جۆ
ببوون و جەماعەتی تودەی ئینقلابی کەوتبوونە ناویان ·

---

(۱) مەبەست دوکتور قاسملو وە·

له ولامی نامەگانی کاك حەمەدەمین دا نامەیەکم بۆ نووسیبوە کە روونوبیی لە لای خۆم ماوەو بە داخەوە تەریخی لە سەر نیە . لیرە دا کورتەی نامەکە دەنووسمەوە :

".... بە کورتی وەك کەلاکی کەوتوو هەر کەس دەیەوی بۆ لای خۆی رامان بکیشی . نازانم چمان بە سەر دێ . هەر وەك زۆر جار پێم گوتوی دووپاتی دەکەمەوە ئیمە ئەوانەی لە ئوروپاین (با هەر خۆم بلیم بەلکو خەلکی تر بە قسە لە من پیاو تر بن) لە کەلاکیش خراپترین . هەتا لە ئاست باری ژیان و جولانەوە دەستمان لە ژێر باری خەلك دا بێ ترو تۆپ بە کار نایە ، هیچمان لە دەست نایە . لەم رۆژانە لای کاك حەسەن بووم. پاش ئەوەی کە هیچ رووناکیمان نەدەدی پەنام بردە بەر خودا دەپارامەوە یا مندالەکانم بکوژی سەلت بمەوە یا نەجاتم بێ و ریگای ژیانی مندالەکانم بۆ بکاتەوە .

ئێوە شوکر وا نەکەوتوونە ژێر بار . راستە وەزعی ژیانتان باش نیە، بەلام ژێر دەست نین . خودا ئەوەی ئیمە بە نسیب یوسفی ریزوانی بکا بیتە ئوروپا و ببیتە ژێر دەست . ئێوە دەتوانن بە لارە لاریش بێ ئا لای ئەم جولانەوە شورشگیرییە بەرز رابگرن . تێ بکوشن هەر چۆنێك بێ لەگەل دیوی خۆمان پێوەند رابگرن با لەگەل تاقە کەسیکیش بێ . ئەگەر بتوانن لە سەر سنوور فەقی برایم بدۆزنەوە، جارو بار خەبەریکتان بکەوێتە بەر دەست . رەنگە ئەم کارە دژوار بی. بەلام دەکرێ . پێویستە تۆ لەم وەزعەی دوو سال پێش بێبە دەری . ئەم گورانەی بەکرە جۆ وریا بکەیەوە . تازە لە خەباتی چەکدار کەوتووین . دەبێ بۆلای عاملاندن و سازماندان بچین . لینین دەلی : **"پێویستە بە سەر تەواوی شکلەکانی خەبات دا زال بین و بتوانین لە هەموو دەرفەتێك کەلك وەرگرین"** .

هەول دان بۆ رۆژنامەیەکی مانگانە یەکی لە ئەرکە گرینگەکانی رۆژە...".

کاك حەمەدەمینی سیراجی لە ئوورووپا

پاش نامە نووسین و هەول و تەقەلایەکی زۆر ، کاك حەمەدەمین پاسپۆرتەکەی کەوتە دەست • دوکتور رادمنیش چووبووە بەغدا حەمەدەمینی ناردبوو بۆ سوفیا • قەولی پێ دابوو کە لە یەکێك لە ولاتەکانی سوسیالیستی بخوێنێ• کاك حەمەدەمین تەلیفونی بۆ من کرد کە ۱۵/۲/۱۹۷۰ دەگاتە سوفیا • لەولاشەوە دوکتور رادمنیش خەبەری دابوو بە جەوانشیر نوێنەری حیزب و ئەندامی دەفتەری سیاسی کە وا حەمەدەمین دێ بۆ سوفیا • بەلام ئەو کابرایە کە دەیزانی ئەو مەسەلە پێوەندی بە منەوە هەیە و دوو سالە لە هاتوو چوودام بە منی نەگوتبوو کە حەمەدەمین بۆ سوفیا دێ •رۆژی ۱۵ی فوریە چوومە فرۆکەخانەی سوفیا کە دیتم بەهرامی دانش ئەندامی حیزبی تودەو کارمەندی رادیۆ لە فرۆکەخانەیە • پاش سلاو و ئەحوال پرسی لێم پرسی چۆنە هاتووی؟ گوتی : برادەرێك لە ئوورووپارا دێ دەیبەم بۆ هوتێلی حیزب منیش گوتم زۆر باشە برادەرێك لە بەغداوە دێ پێکەوە دەگەرێینەوە • کابرا واقی ورما گوتی : چۆنت زانیوە یەکیك لە بەغداوە دێ ؟ پێکەنیم گوتم : زۆر سەیرە ئەوە دوو سالە لە هاتوو چۆی بەغدادا نیم ؟ ئەی چۆن نازانم برادەرێکی من دێ کە ئەندامی حیزبی دێموکراتە •

ـ عجیب چرا اینطور بمن نگفتە بودند •

ـ کارهای شما همەاش اینطور است •

زۆری پێ نەچوو فرۆکە گەیشت و کاك حەمەدەمین بە جانتایەکی زلەوە گەیشتە سۆفیا • یەکترمان ماچ کردو کابرا لەوی حەبەسابوو •

ئاخری پێم گوت ئەو برادەرە تودەییەو لەبەر تۆ هاتوە • بە رفیق دانش م گوت : لەگەل ئێمە دێ یەوە یاچاوەروانی موسافیری ئوروپا دەبی • گوتی :
ــ آقای حسامی مارا مسخره کردەاید •

بە کورتی گەراینەوە بۆ سوفیاو لە هوتیلی حیزب جێگایان بۆ کاك حەمەدەمین راگرتبوو • چەند رۆژێك لە سوفیا بوو لە سەر قەول و قەراری دوکتور رادمنیش دەبوایە بچێتە لایپزیك • بەلام لە پر رێبەرایەتی حیزبی تودە پێیان گوت ئەگەر بۆ خۆی دەچێ وەك توریست کەیفی خۆیەتی دەنا ئێمە میوانی ناکەین • ئەو سەرو بەندە بوو کە کومیتەی مەرکەزی حیزبی تودە خۆیان خۆش کردبوو کە دوکتور رادمنیش وەلا بنێن • ئەو کەسەی کاتی خەباتی چەکدارانە ئەو هەموو هەول و تەقە لایەیان بۆ بینینی دەدا ، ئێستا لەسەر ئەوەشەوە کە سکرتیری حیزب ناردبووی ، رێگایان نەدەدا بچێتە لایپزیك• من داوام لێ کردن کە بلیتی فرۆکە بۆ دوکتور قاسملو بکرن بێتە بولغاریا و چاومان پێك بکەوی ، ئەو پێشنیارەشیان رەد کردەوە • دوکتور قاسملو بە خەرجی خۆی هاتە سوفیا • چوارنەفەری من و دوکتور قاسملو و کاك حەسەنی قزلجی و حەمەدەمین لە مالی ئێمە دوو رۆژ دانیشتین و لە وەزعی رۆژمان کۆلیەوە • هاتینە سەر ئەو بریارە کە کاك حەمەدەمین بۆ بەغدا بگەرێتەوە • پاشان دوکتور قاسملوش بچێتە بەغداو لەگەل حیزبی بەعس کە پاش یازدەی ئازار بوو پێوەندی بگرێ • پاشان منیش بگرێمەوە •

رۆژی ۲۰ی مارسی ۱۹۷۰ کاك حەمەدەمین زۆر بە نابەدلی و بە توورەیی گەراوە بۆ بەغدا • پاش ماوەیەك دوکتور قاسملوش دەچێتە عیراق و لەوی لەگەل حەمەدەمین و یوسفی رێزوانی دەچێتە لای مەلامستەفا • لە گەرانەوەدا ۱۵ / ٤ / ۱۹۷۰ نامەیەکی بۆ نووسیم لە نامەکەدا دەلی :

" برای خۆشەویستم کاك کەریم رۆژ باش •

دوێنێ لە عیراق گەرامەوە • هەموو دۆستو برادەر سلاوت لێ دەکەن•هەروەها سلاویان هەیە بۆ کاك حەسەن •

۱ـ لە بەغدا دوو جار دەگەل رادمنیش دانیشتین • ئێمە نەزەرمان ئەوەبوو

که ئەو پێك هاتنەی فوریەی ١٩٦٨ دا بەینی ئێمەو ئەوان لە بەغدا ئیمزاکـــراوە ئیعتیباری هەیە . بەلام رەفتاری زۆر نالەبارو بێ مانا بوو. لە پێشدا گوتـــی: بۆ هاتوی ؟ لە پاشان گوتی مەچنە لای مەلامستەفا ، ئەگەر هەر دەچن تەنیـــــا پیرۆزبایی پێ بلێن باسی شتی تر مەکەن . ئاخر جاریش کە دیمان گوتی :

" خەرجی سەفەر تۆ نادەم . چونکە بە بێ ئیجازەی ئێمە هاتوی . وە درکانـــدی کە کاغەزێکی نووسیوە بۆ بۆرۆ کە " ئەگەر هێندی شەرت هەیە " جێ بەجێیان نەکەم حەقم نیە سەفەر بکەم !" منیش زۆر تورە بووم پێم گوت : ئەو رەفتـاره جێگای داخەو دڵنیام پەشیمان دەبیەوە . "

پاشان دوکتور قاسملو لە بارەی چوونی بۆلای مەلامستەفاو دیتنی مەکتەبی سیاسی پارتی نووسیبووی : " ئەوە کە مەلامستەفا موافەقەتی کردوە کـــوردە ئیرانیەکانی لای جەلال تالەبانی بێنەوە ناوچەی شورش . لە نامەکەیــــــدا باسی ئەوەی کردبوو کە هەتا کۆنگرە یان کونفرانس کومیتەیەکی کاتی بــــۆ رێك و پێك کردنی کارو باری حیزبی دیموکرات لەوکەسانە پێك بێ .

(ئەمیری قازی ـ هیمن ـ حەسەنی رەستگار ـ عەولای حەیاکی ـ حەمەدەمینـــی سیراجی ـ یوسفی رێزوانی ـ کەریمی حیسامی ـ عبدالرحمن قاسملو) ئەرکـــی دانانی بەرنامەی حیزب بە من و بە دوکتور قاسملو ئەسپێردرابوو.

لەو ماوەیەدا لەرێبەرایەتی حیزبی تودەدا ئالو گۆر پێك هات. دوکتـــور رادمنیش ـ یان لابردو ئیرەجی ئیسکەندەری بە سکرتیری حیزب هەلبژێردرا .

٣٠ی سیپتامبری ١٩٧٠ دوکتور قاسملو هاتە سوفیا . لە سەر مەسەلەی دانانی بەرنامەی حیزبی دیموکرات و رێبازی حەبات و گەرانەوەمان بۆ عیراق قسەمان کرد. رۆژی ١٢ی ئوکتوبری ١٩٧٠ بۆرۆی تازەی حیزبی تودەی ئیران داوای کردبو کاك حەسەنی قزلجی و ئەمن و دوکتور قاسملو بچینە ئالمان . رۆژی١٥/١٠/٧٠ لەگەل ئیرەجی ئەسکەندەری کە سکرتیری یەکەمی حیزبی تودە بوو وە کامبخش ئەندامی بۆرۆ کۆبوونەوەمان هەبوو . دوکتور قاسملو باسی سەفەری خـــۆی کرد بۆ بەغدا . پاشان ئێمە باسی رێبازو بەرنامەی حیزبی دیموکراتمان کـرد. رفیق ئەسکەندەری گوتی : هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە کۆ دەبێتـــــەوە و

بەیانی باسی لەسەر دەکەین .

ڕۆژی ١٦/١٠/١٩٧٠ بەیانێ ئیرەجی ئیسکەندەری و کامبەخش لە لایەن هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودەوە لەگەڵ ئێمە سێ کەس (کاک حەسەنی قزلجی ، دوکتور قاسملو و من) کۆ بوونەوە . ئیرەجی ئیسکەندەری گوتی :

"هەیئەتی دەبیرانی حیزب لە کۆبوونەوەی خۆیدا لە سەر پێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات ئەو بڕیارانەی داوە .

١- هاوالانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێ بکۆشن کە حیزبی دیموکرات لە جەریانی دژی کۆمونیستی و دژی سوڤیێتی بە دوور بێ .

٢- سیاسەت و ڕەوتی دژی حیزبی تودەی ئیران نەگرێتە پێش .

٣- لەگەڵ مەلامستەفا ـ ی بارزانی پێوەندی باشی هەبێ .

٤- حیزبی دیموکرات خۆی بە بەشێك لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی سەرانسەری ئیران بزانێ .

٥- پاش پێك هێنانی ڕێکخراوەیەکی ئەوتۆ ، حیزبی تودەی ئیران ئەم حیزبە بە ڕەسمی دەناسێ و بە هەموو تواناوە پشتیوانی لێ دەکات ."

دوکتور قاسملو گوتی : " حیزبی دیموکرات بێجگە لەو ڕێبازە، ڕێبازی دیکەی نیە ".

دەقی ئەم بڕیارانە وەك بڕیاری هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودەی ئیران بە خەتی کاك حەسەنی قزلجی نووسرایەوە . هەموومان واتە(ئیرەجی ئیسکەندەری کامبەخش ، حەسەنی قزلجی ، دوکتور قاسملو و کەریمی حیسامی) ئیمزامان کرد. بڕیار وابوو نوسخەیەك لەم بڕیارانە لە لای من بمێنێتەوە . ڕەفیق ئیرەج گوتی : " فۆتۆ کۆپی دەکەین و بۆت دەنێرم ".

جارێکی تر کە ڕەفیق ئیرەج م دیتەوە داوای فۆتۆکۆپی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی ١٦ ی ئوکتوبرم لێ کرد ، لە وڵامدا گوتی : " دەزانی نوسخە ئیمزا کراوەکە وون بوە ، بەلام بڕیارەکان یادداشت کراون"!!.

١٩٧٠/١١/٢٢ نامەیەکم بۆ هەیئەتی دەبیرانی حیزبی تودە نووسی و داوام کرد کە زوتر بگەڕێمەوە بۆ عیراق .

پاش کۆبوونەوەی ئەڵمان لەگەڵ برادەرانی حیزبی توده ، ئیتر دوکتـــــور قاسملو گیر نابێ و دەگەرێتەوە بۆ عیراق · ١٩٧٠/١٢/٤ نامەیەکی بـــــۆ نووسیبووم ، لەوێدا دەڵێ :

" هەر وەك لە نامەی پێشوودا نووسیبوومە ، تۆ خەبەریان بدەیي و وەرە بۆ ئێرە· ئەوان مەجبور دەبن یەکێك بۆ رادیۆ بێنن · دیارە هەرچی زیاتر ئیـرار بکـــەی کە کارەکەت بۆ جێ بەجێ بکەن باشترە · ریگا ئەوەیە خۆت بە تەلیفون دەگـــەڵ ئیرەج قـــە بکەی · بە نامە مەسەلەکە بەم زوانە جێ بە جێ نابێ · ئێمــــــە وەزعمان باشە · ئەگەر لێرە بای دەتوانی بارمەتیمان بکەی · چونکە ئـــــەوە ی نیمانە پیاوی بە کارو کادێرە · ئەگەر کارەکانت جێ بە جێ کرد لە ســـــەر بلیت گیر مەبە · خەبەرمان بدەیە بلیتت بۆ حەوالە دەکەین · برادەران هەمـــوو سلاویان هەیە · جاری هەر بژی "·

رۆژی ١٩٧٠/١٢/١٣ دوکتور قاسملو لە بەغداوە نامەیەکی دیکەی بـــــۆ ناردم و ئەم جارە دەنووسێ :

" برا گیان زۆر پێ ویستە کە گیر نەبێ هەرچێ زووتر خۆت بگەێنییە بەغـــدا· چونکە بەراستی کارمان زۆرە · وەزعیکی وەها تایبەتیش هاتۆتە پێش کـــــە پیویستە تۆ لیرە بی و مەسئولیەتی کاری تەشکیلاتی بخەیە سەر شانی خۆت· چاوەروانی نامەو هاتنتین "·

من چاوە روانی و لامی برادەرانی تودە بووم· ١٩٧٠/١٢/٢٥ جەوانشیـــر کە بەرپرسی رادیۆ ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو گوتی : برادەرانی بولغـــاری دەپێشدا رازی نەبوون منداڵەکانت لیرە بمێننەوە· پاشان گوتوویانە دەبـــــێ حیزبی تودە نامە بنووسێ· بەلام حیزبی تودە کەی ئەو نامەیە دەنووسێ مەعلوم نیە ·

بەم جورە لەبەر چارە سەر نەکردنی وەزعی منداڵەکانم گەرانەوەم بۆ عیراق وەدوا کەوت · برادەرانی لە بەغدا بوون بە تایبەت دوکتور قاسملو، کـــــاك حەمەدەمین ـ ی سیراجی پەیتا پەیتا نامەیان دەنووسی داوای گەرانەوەیــــان دەکرد · رۆژی ١٩٧١/١/٢٨ جەوانشیر لە پلینۆمی حیزبی تودە گەرایەوە گوتی :

" رێبەرایەتی حیزب لە سەر ئەو باوەرەیە کە تۆ نابێ بچیەوە بۆ بەغدا ".

گوتم : من ئەندامی حیزبی تودە نیم ، پاشان ئێمە لە بەلگەیەکی ئیمزاکراودا لەگەڵ هەیئەتی دەبیران ریك کەوتووین کە حیزبی دیموکراتی کوردستان زیندو بکەینەوە .

جەوانشیر گوتی : " چونکە تۆ لە رادیۆی ئێمەدا کارت کردوە بە تودەیی ناسراوی، ئێمە دژی گەرانەوەی تۆین بۆ عیراق . ئەگەر خۆشت دەگەرێ یەوە ئازادی . بەلام ئێمە بە حیزبی کومونیستی بولغارو حیزبی کومونیستی عیراق رادەگەێنین کە هیچ پێوەندیت لەگەڵ ئێمە نیە . لە بارەی ماڵ و منداڵی تۆش ئێمە هیچ ئیقدام ناکەین . ئیتر خۆت دەزانی . "

قسەکانی جەوانشیرم لەگەڵ کاك حەسەنی قزلجی هێنا گۆرێ. کاك حەسەن گوتی : " چارە نووسی خۆت و منداڵەکان ، خوێندنی منداڵەکان لە گۆرێدایە توشی ئیحساسات مەبە ، پاشان قسەی لێ دەکەین ".

گەرامەوە ماڵ باسەکەم بۆ دایکی کەماڵ گێراوە. زۆر نارەحەت بوو ،دەستی کرد بە گریان و گوتی : " ئەو برادەرانە ئەوەندە نامەت بۆ دەنووسن بروایان بە تۆیە لە چیاکانەوە هیوایان بە تۆ بوو بچیەوە لایان . ئێستاش گوێ مەدەیە بگەرێوە لای ئەوان ، ئێمە بەجێ بێلە و هەرچی دەبێ با ببێ."

منداڵەکان گوێ یان لە قسەو باسی ئێمە بوو هاتنە پێشێ و پرسیان : " بۆ ناهێلن سەفەر بکەی؟ ئەگەر سەفەر بکەی بۆ دەرت دەکەن. شلیر جاروبار هێشتا بە زمانی چەکی قسەی دەکرد گوتی : " تاکلێ نێتی چێستۆ " واتە (ئەوە شەرافەتمەندانە نیە).

شەوی ٣٠ی ژانویەی ١٩٧١ کاك حەسەنی قزلجی هاتە ماڵمان پاش قسە و باس گوتی : " ئەو مەسەلەیە نیگەرانی ناوێ لە هیچ کوێ رووناکایی نیە ، چار چیە ؟ پارەتان نیە کارو شوغلیکتان لە دەست نایە چ دەکەن ؟ لە بەغدا کەم مابوو لە برسان بمرن ، کەس هەبوو ئاوریکتان وێ بدا ؟ خۆت نارەحەت مەکە"

گوتم : خۆم نامەیەك بۆ حیزبی کومونیستی بولغارستان دەنووسم و دەگەرێمەوە ".

حیزانم گریاو گوتی : " کاك حەسەن تاگەی بۆ ژیان سەر شۆڕ بین و لـــــە خەلکی خۆمان دوور بین . باشترە بگەڕێینەوەو ئێمەش هیچمان لێ نایە ".

کاك حەسەن گوتی : " فایدەی نیە بە بێ حیزبی تودە بولغارەکان هیـــــچ ناکەن .

ئەو شەوە بە نارەحەتی لەگەڵ کاك حەسەن لێك جیا بووینەوە . نامەیەکـــی دیکەم بۆ ئیرەجی ئێسکەندەری نووسی و ئاخری مانگی مارسی ١٩٧١ بـــــۆ زیندوو کردنەوەو رێك و پێك کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـــــران لەگەڵ ئەو برادەرانەی لە عیراق بوون . بەرەو بەغدا بە فڕۆکە کەوتمە رێ.

لە فڕۆکەخانەی بەغدا لەگەڵ پێشوازی گەرمی کۆمەڵێك لە دۆست و برادەرانـــی حیزبی بەرەو روو بووم .

هیوا دارم خوێنەری بەڕێز لە بەرگی چوارەمی بیرەوەریەکانمدا لەگـــەڵ تیکۆشانم لە حیزبی دیموکرات دا و کارەسات و رووداوەکانی نێو حیـــزبـــی دیموکراتی کوردستانی ئێران شارەزا بێ .

* * *

" رەسم و بەلگەنامەکان "

نامەی سولەیمانی موعینی بۆ کەریمی حیسامی :

[illegible]

... سەرهەموو دنیایەکی نوێ سازدەکرێ لە [illegible]

[illegible] بەخۆش بکەین .

بیر دەکرا دونیا [illegible] مارکسیزم [illegible]

[illegible]

دانا بوون [illegible]

[illegible]

[illegible] لە دەوری خۆمان لە بەرچاو
ی دەستیەوە بیانەوە
ئەو وەختەی دەرەچوینە ولات گەیشت [illegible] دڵمان [illegible]
ئەگەر [illegible] بێتەوە [illegible] بگرێتەوە هەر
لە بیرم برادەرەکانت [illegible] سلامەتی سلاوتان
پێ دەگەیەنن [illegible]
[illegible] کاربوون [illegible] مان کرد بە [illegible] برادەرانی
لە دەرەوە دەست هاتن بولامان [illegible]
ی نامەکان [illegible] وتوویانە
سنورەکان تا دەتوانە دە نزیکی لای ئێوە . ئێمە
ئەگەر نزیک بێتەوە ئەوەی مقصودە خبرت
بۆ دەنێرم سلاوی برادەرانی ئێوە دەگەیەنم
زۆر سلاوم هەیە بۆ برادەرانی [illegible] برادەرەکانی هەموویان

[illegible] سلامەتی [illegible] تەمامترین لە جاران زۆر دڵ
[illegible] سلاوتان [illegible] هەیە چاوی
منداڵەکانت نازانم چی وەسیەت هەیە ماچیان دەکەم
دوایە ولامی نامەکەش ئەگەر ناردتەوە
بە هۆی هاوڕێیانی حزبی شیوعی لقی کوردستان
لە عیراقدا بوم دەنێریە یا [illegible]
[illegible] ئاوایە [illegible]
[illegible] برات سلێمان [illegible]

[illegible] ١٩٤٤ [illegible]

[illegible]

دوژمنت لچی وانەبێ لوی دەلوێ
گورە گورد خەنجەرەکەی بو دەسوێ
سیامەند لەپشتی رەشاش دامەزراوە
بە سپیلەی چاو سیروی گرتوە

بەڵگەی ژمارە ٢

